# ڕۆمانی
# مەلا غەریب

**نووسینی: جەلیل محەمەد شەریف**

**کەرکووک**

**٢٠١٤**



**ناوی کتێب: ڕۆمانی مەلا غەریب**

**بابەت: ڕۆمان**

**ناوی نووسەر: جەلیل محەمەد شەریف**

**دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید بابان**

**چاپخانە: کارۆ**

**تیراژ: (٥٠٠)دانە**

**چاپ: چاپی یەکەم**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٤ – کەرکوک**

**ژمارەی سپاردن: بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، کتێبخانەی گشتی کەرکووک ژمارە (١٧ )ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.**

گۆڕەپانەکە سەر بەو بەنزینخانەیەی تەکیەوە بوو، حەشاماتێك لەو گۆڕەپانەدا جمەیان دەهات، دەتگوت دەریاچەیەکە و شەپۆل دەدات، هۆی شەپۆلدانەکەیشی ئەوە بوو بە بەردەوامی خەڵکانی لێوە دەردەچوون لەهەمان کاتدا خەڵکانی تر دەرژانە ناویەوە، هاتوچۆکەران زۆربەیان یان بوڵتڵێکیان بەباوەش هەڵگرتبوو یان بە زەویدا پەلکێشین دەکردن، کەسانی تریش هەبوون بەتایبەتی منداڵ یان ئافرەت یان پیرەمێرد، بوتڵەکانیان لەسەر تەنیشت دابوو بەزەویدا و بە پێلەقە پاڵیان پێوە دەنا، بوتڵەکان دەسووڕان و غلۆر دەبوونەوە، وەکو بوونەوەرێ کە بیەوێ خۆی لە پێی ئەو کەسانە دووربخاتەوە، بەڵام هەر دوو هەنگاو جارێ ڕادەوەستان، پێلەقەکان یەکسەر دەگەیشتنەوە سەریان.



غەڵبەغەڵبوو هاتوو هاوار سەری مرۆڤیان کاس دەکرد کەس گوێی لە کەس نەبوو، هەرکەسە و هەوڵی ئەوەی دەدا بووتڵە بەتاڵێك دانا و یەکێکی پڕ وەرگرێ.

دەنگی لەیەکدانی بوتلەکان تێکەڵ بەو هاتوو هاوارە بوو، پێکڕا دەبوونە ئاوازێکی ناساز.

ئەم وێنەیە هەرچەند لۆرییەك غاز هەڵگر بگەیشتایە ئەو شوێنە دووبارە دەبووەوە، پێش ئەوەی لۆرییەکە ئامادەبووایە دەیان کەس لەو ناوە و لەسەر شوێنی شەقامە سەرەکییەکەی نزیك بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانیدا بوون.

هەر ئەوەندەی لۆرییەکە خۆی دەکردە گۆڕەپانەکەوە کوڕ ئەو کوڕە بوو خۆی بگەیەنێتە (مەلا غەریب)، کە بە مام عەزیزیش بانگ دەرکرا، تا پارە بکاتە چنگییەوە، بووتڵە بەتاڵەکەیش لەبەر چاوی لەو شوێنە دانات، کە دەستنیشان کرابوو، بۆ ئەو مەبەستە و لەجیاتی ئەوە بووتڵێکی پڕ وەرگرێ.

مەلا غەریب لەسەد جار زیاتر هاواری دەکرد (براکان بەڕیز ڕاوەستن، نۆرە بگرن، ئافرەتەکان بەجیا، پیاوەکان بەجیا، پەلە مەکەن، غازەکە زۆرە، بەشی هەمووتان دەکات..)، بەڵام بێ سوود بوو، پاڵەستێ و لەیەکدانی بووتڵ و شیرە شیڕ و بانگ و هاواری (مام غەریب... مام غەریب....) بەڵام عەزیز گوێی پڕ بوو نەیدەزانی وەڵامی کێ بداتەوە و ئاوڕ لە کێ بداتەوە.

عەزیز بەرانبەر ئەو دەنگ و هاوارەی ئەو خەڵکە بەهۆی ئەوەندەی هاواری وەڵام دانەوە و ئاراستەکردن و جۆرەها قسە، دەنگی کەرخ بووبوو. زۆرجار هەر خۆی بووتڵێ یان دووانی بە هەر دوو دەست هەڵدەگرت و هەوڵی دەدا دووریان خاتەوە لە بازنەی پاڵەپەستییەکە.

بەم جۆرە هەتاوەکو غازەکان تەواو دەبوون بە تەواوی پەکی دەکەوت، توانای قسەی بۆ نەدەما، ڕەنگی دەگۆڕا و پلەی تووڕەیی تێکەڵ دەبوو بە هەناسەبڕکێ و ژانی جمگەکانی قۆڵی و چۆکەکانی.

ئەو ڕۆژەی غاز بهاتایە بەم جۆرە زۆر ماندوو و پەرێشان دەبوو.

عەزیز تەمەنی لە پەنجا تێپەڕی کردبوو، سەری بۆز بووبوو، پانتۆڵێك و کراسێکی تایبەت بە کارەکەی لەبەر بوو، زۆر کەس کە چەند جارێ سەریان لەو شوێنی دابەشکردنی غازەکە دابوو سەرنجیان بۆ چەند شتێك دەچوو..

عەزیز پەیوەندی پێیانەوە هەبوو، یەکێك لەو شتانە ئەوەبوو کە پیاوێکی دەست پاك بوو، فرۆفێڵی نەدەزانی. سەد رجا و تکا دڵی نەرم نەدەکرد بۆ ئەوەی نۆرەی یەکێك بە یەکێکی دیکە بدا، با ناسیاریشی بووبێ. قسەی یەك بوو نابوو بەدوو. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵکەکە لە خوو ڕەوشتی ئەم پیاوە گەیشتن، بۆیە رجا و تکا و توخوا توخوایان جار لەدوای جار کەمتر دەبووەوە.

عەزیز ئەگەر بیبینیایە یەکێك فێڵ دەکا یان نۆرەبڕێ دەکات، یان لە پارە دانەکە ڕاست و ڕەوان نییە چاوەکانی دەچوونە تەوقی سەری و پلەی تووڕەبوونی بەرز دەبووەوە.

هەموو ڕۆژێ کە گۆڕەپانەکە پاش ئەوەی بەتەواوی خەڵکەکەی تیای دەڕەوینەوەو شوێنەکە چۆڵ دەبوو، عەزیز ڕووە و ژووری نووسینگەی بەنزینخانەکە دەچوو، یەکەم کاری کە دەیکرد چی پارەیەك لە گیرفانی بوو دەیخستە سەر مێزی نووسینگەکە و دەستی دەکرد بە تاوتوێ کردنی پارەکان، درشت لەگەڵ درشت، خوردە لەگەڵ خوردە و هەر هەموو دەژماردن، جار جارەیش دەستی بەسەر چۆکی دادەهێنا بەشێوەی شێلان، بۆ



ئەوەی هەندێ ژانی چۆکی دامرکێنێتەوە. پاش ئەوە لە تەنیشت بەرپرسیارەکە دادەنیشت و هەناسەیەکی حەسانەوەی دەدا.

ڕۆژێ (ئازاد) کە ناوی بەرپرسیارەکە بوو، پاش ئەوەی ماندوو نەبوونی لێکرد، کەوتە دواندنی:

- کاکە مەلا ئەمڕۆ زۆر ماندوو دیاری !

- ڕاستەکەی، هۆکارەکەی ئەوەیە، کە دوێنێ و ئەمڕۆ لەسەر یەك غازمان بۆ هاتووە.

- ئەوە چۆنە دوو ڕۆژە لەسەریەك، کەرکوك، غاز بۆ ئێمە دەنێرێت!؟

- شتەکە بە کەیفی خۆیانە و کاریان ڕێکوپێك نییە و وەعدە و سەعاتیان بۆ نییە.

- ئەمە هەر کردەوەی ئەمڕۆیان نییە. مەسەلەکە پەیوەندی بە کەرکوکەوە نییە، چونکە هەموو کارەکە، بەغدا هەڵیدەسووڕێنێت و هەموو فەرمانێك و ئاراستەکردنێ، سەرچاوەکەی لە بەغداوەیە. حەزکا بەهارە و حەزکا چلەی زستانە.

ئازاد هەندێ لە قسەکانی عەزیز ڕاما و زاتی نەکرد، هیچ قسەیەك بخاتە سەر قسەکانی، هەرچەندە لەبەر ڕێزلێگرتنی، هەندێ بەسەری ماژەی کرد بەوەی بڵێ قسەکانی زۆر ڕاستە و لە جێی خۆیەتی. کە بینی ئەو بێدەنگە تێگەیشت کە دەیەوێ زۆر لەسەر ئەو بابەتە نەڕوا، بۆیە ئەمیش بێدەنگ بوو، دەستی بەسەر چۆکیا هێنا و جووڵەیەکی کرد بە نیازی هەڵسانی.

لەو کاتەدا ئازاد بە هەلی زانی ئەو پرسیارەی لێ بکات، کە زۆرجار بە خەیاڵیدا هاتووە.

- کاك مەلا پرسیارێکم هەیە، دوودڵم لەوەی ئاراستەتی بکەم، لەبەر ئەوەی لەوانەیە وەڵامەکەی پەیوەندی بە ڕووداوێکەوە هەبێت، تایبەتمەندبێت بە خۆتەوە لەوانەیشە حەزنەکەی بۆ هەموو کەسێك ئاشکرای بکەی.

ئەمیش سەری هەڵبڕی و بە سەرسووڕمانێکەوە سەیرێکی ئازادی کرد و پاش چەند چرکەیەك لە ڕامان بیری بۆ هیچ شتێك نەچوو، کە ئەو پرسیارەی ئازاد بەتەمایە بیکا، چی لەخۆ دەگرێ؟

لە هەمان کاتدا حەزی کرد بزانێ پرسیارەکە چییە و وەڵامەکەیشی چۆن دەبێ. هاتە قسە و فەرمووی ئەوەی لێکرد، کە بەبێ دوودڵی چی مەبەستە با لەبارەیەوە بپرسێ.

- ئەوەی ڕاستی بێ ئەوە ماوەی ئەم چەند مانگەی، کە پێکەوە لە یەك شوێندا کار دەکەین خەڵکان بە دوو جۆرە ناوبانگت دەکەن و دەتدوێنن.

یەکەم (مام عەزیز)، کە ئەمە شتێکی ئاساییە، چونکە لە نووسراوی گەڕانەوەت بۆ سەرکار و گواستنەوەت لە کەرکوکەوە بۆ ئێرە ناوت (عەزیز)ە، بەڵام ئەم مەسەلەی (مەلا غەریب)ە لە چییەوە هاتووە و بنەماکەی چییە؟

لەوکاتەدا یەك دوو کەس هاتنە ژوورەکەی ئازادەوە، بۆیە ئەمان هەردووکمان سەیرێکی تیژڕەوی یەکتریان کرد و بێدەنگ بوون نە ئەو پرسیارەی تەواوکرد نە ئەمیش لەوکاتەدا حەزی کرد ئەو پرسیارە بکا.

عەزیز خواحافیزی کرد و وتی: "کات درەنگە خەریکە نوێژەکەی عەسرم دەچێ، باشتر وایە یەکجاری بچمەوە بۆ ماڵ".

ئازاد بە یەکەوە لەگەڵ ئەو دوو کەسەی هاتنە لای دەستیان کرد بە ژماردنی ئەو برە پارەیەی مام عەزیز، کە لەسەر مێزەکەی ڕۆی کرد، کە تەواو بوون، ئازاد ڕووی دەمی لێیان کرد و وتی: "ئافەرم پیاو، ئەمە



ماوەیەکی زۆرە بەم کارەت هەڵدەستی ڕۆژێ لە ڕۆژان یەك فلس ئەو پارەیەی تەسلیمی ئێمەی دەکەی زیاد و کەمی نییە، ئەگەر هەموو کرێکار و فەرمانبەرێك لە نموونەی ئەم پیاوە بن کۆمەڵەکەمان دەبووە کۆمەڵێکی نموونەیی و بارودۆخیشمان لەنێوان گەورە تا بچووك دەبوو بە ماستی مەییو.

ئەو دوو کەسەی یارمەتی ئازادیاندا لە ژماردنی پارەکە سەر و کەوچکێکیان لە بابەتەکە تێوەردا هەردووکیشیان بیروباوەڕیان لەبارەی هەمان کەسەوە وەك یەك بوو.

- بەخوا بێ ئەوەی تۆ ئەم قسەیە بکەی، ئێمە و هەموو کەسانێك، کە هاتووچۆی ئەم شوێنەی کردبێ و هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ئەم پیاوەدا کردبێ، چۆتە دڵیانەوە و بۆیە ناچاریش بوونە ڕێزی لێ بگرن.

- ئەم پیاوە وا پێدەچێ کە پێش ئەوەی بێتە ئەم شارە و ئەم شوێنە، هەر هەمان ڕێزدار بووە و لەنێو کۆمەڵی خۆیدا پایە و مەقامی هەبووە و کەسێکی ناسراو بووە.

ئازاد هاتە قسە و ئەوەی بۆیان دەرخست، کە نیازی هەیە بەرەبەرە بچێتە بنج و بنەوانی ئەم پیاوەوە، هەوڵ بدا کە سەرەتا و بنەمای ژیانی تا ئەمڕۆی پەڕە پەڕە هەڵبداتەوە و لێی تێبگا.

- ئەگەر خۆ ئەم کارەت ئەنجامدا، حەز دەکەین زانیارییەکان بخەینە بەردەستی ئێمەیش، بەبێ ئەوەی بەو ڕابگەیەنین، کە زانیارییەکان دەدەینە کەسانی دیکە، نەوەك پێی ناخۆشبێ و یان ببێتە مایەی زیانبەخشین پێی لە ڕێگەی ئاشکرابوونی نهێنییەکانیەوە.

* * *

تەقەی دەرگا هات.

- ئەوە لەوانەیە کاکەم بێ.

ئەم قسەیە، لە زاری یەکێ لە کچەکانیەوە دەرچوو، هەموو منداڵەکانی پیان دەگوت (کاکە)، ئەمەیش لەوەوە هاتبوو، کە ئەوسای ماڵیان لە کەرکوك بوو براو خوشکی لەخۆی بچووکتر بە کاکە بانگیان دەکرد، بۆیە منداڵەکانیشی هەتا گەورەیش بوون لەسەر زمانی ئەوانەوە، پێیان دەگوت (کاکە)، لەوانەیشە ئەمە نەریتێك بێت لەلای بنەماڵە و هەندێ لەو عەشیرەتەی ئەوان، بەکاریان هێناوە کە زۆربەیان وشەی کاکەیان لەبری (باوە) بەکارهێناوە.

کچەکە دەرگای لێ کردەوە و یەکسەر پێی گوت کاکە، میوانمان هاتووە.

- میوانەکان کێن؟

کچەکە ناوی دوو مامەی خۆی هێنا، کە پێش سەعاتێك لە کەرکوکەوە گەیشتبوونەجێ.

پاش خۆشبێش و بەخێرهاتنیان یەکسەر، هاتنە سەر باس و خواسی کەرکوك.

- بارودۆختان لە کەرکوك چییە و چۆنە؟

- هەروەکو جاران، ڕۆژێ باشە و دوو ڕۆژ خراپ.

- گورگ و چەقەڵ لێمان ناگەڕێن، هەر ڕۆژەی بەبیانوویەك لە دەرگامان دەدەن و ناونووسمان دەکەن، وەك ئەوەی وابێ ئەوان خەڵکی کەرکوك بن و ئێمەیش لە عەرەبستانەوە هاتبین.

- بەخوا هەروا هاتووە و هەروا دەچێ، چاوەڕێی ئەوە مەکەن ڕۆژێ لە ڕۆژان بە تەواوی هەموو شتێ لەجێی خۆی دانیشێ و بە یەکجاری، سەرمان سووك بێ و بە دڵنیاییەوە ببینە خاوەن موڵك و ماڵ و منداڵ خۆیان.



هەردوو براکەی پێکەوە ئەو ڕستەیەیان، دووبارە کردەوە (هەروا بووە و هەروا دەڕوا و هەروا دەچێ).

پاش نانی شێوان دوو پیاوی بەساڵاچووی خزمیان، کە جێنشینی هەولێر بوون هاتنە ماڵیان. ئێوارە نەبوو، یەکێك یان دووان یان فرەتر نەبنە میوانیان بەنیازی ئەوەی چەند ساتێك پێکەوە دانیشن و هەندێ قسە و باس گۆڕینەوە و دەمەتەقێ و تەتەڵەکردنی یادەوەرییەکانی هاوبەشیان بکەن.

لەسەرەتاوە ئەو ئێوارەیە قسەکانیان هەوێنی سیاسی تێدابوو، جار بوو هۆیەکەشی هاتنی براکانی عەزیز بوو، لەو شارەوە هاتبوون، کە بازنەی خەمەکانی هەموویان بوو، قسە هات و قسە ڕۆی، گەیشتە سەر باسی ئەو شەوەی لە بەهاری ساڵی (١٩٦١) عەزیز تیایدا دەستگیر کرا.

عەزیز سەر لە ئێوارەی ئەو شەوە سەرێکی لە ماڵی غەزووریدا بوو، تا درەنگانێگ بە قسەوە خەریك بوون، کەسێکی دیکەی ناسراویان لەوێدا بوو دەستی کردە باخەڵ خۆی، چەند پەڕەیەك لە بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەرهێنا و دووانی دا بە عەزیز، ئەمیش هەندێ چاوی پێداخشاند، هەرچەندە ئەوسا خوێندەوارییەکەی زۆر پاراو و ڕەوان نەبوو، بەڵام لە واتا و مەبەستەکەی ناوەڕۆکەکەی گەیشت و هەردوو پەڕەکانی نوشتاندەوە و خستنیە باخەڵیەوە و هەڵیدایە قسەکردن. ڕووی دەمی کردە ئەو کەسە.

- ئەم (زەعیم)ە وا پێدەچێ بەرەبەرە سیاسەتەکەی دەگۆڕێ، بەتایبەتی بەرانبەر بە ئێمە و شوعیەکان. میوانەکە هاوبەشی ئەو بیروبۆچوونە بوو، تێکەڵاوی قسەکردنەکە بوو.

- کابرا، خوا سەری لێ شێواندووە، خۆشی نازانێ چی دەکا.

- سەیر ئەوەیە دۆستەکانی لە خۆی دووردەخاتەوە و دووژمنەکانی لە خۆی نێزیك دەکاتەوە.

- من وای بۆ دەچم لەو ڕۆژەوەی کە پێرارەکە بە هەوڵی کوشتنی لە بەغدا دەستدرێژییان لەسەری کرد بەڵام نەکوژرا، ئیتر وا دیاربوو بیروڕای بۆ ئەوەچوو، کە هاوسەنگیەك بخاتە نێوان دۆستەکانی و دووژمنەکانییەوە بەونیازەی ململانیە سیاسیەکەی وڵات بخاتە نێوان ئەو دوو لایەنەوە و خۆی تەنیا وەك چاودێرێك بمێنێتەوە و بیکاتە مەسەلەی (ئاگرە سوورە، لە خۆم دوورە).

غەزووری عەزیز بەو پێیەی پیاوێکی کامڵ بوو، نەخوێندەواریش بوو، خۆی زۆر تێکەڵ بەو وتووێژە نەدەکرد، تەنیا ئەوە نەبێ ناو بەناو ئەم ڕستەیەی دەخستە کەلێنی گفتوگۆکانەوە (دەك خوا بیگرێ، لەگەڵ چ زەعیمێکە) میوانەکە لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی:

"بۆیە ئەم سیاسەتەی پەیڕەوکرد تاپێی بڵێن، بەخوا پیاوێکی دیموکراتییە و ڕێگا بە هەموو لایەنە دژ بەیەکەکان دەدا، چی بڵێن و چی بنووسن".

لە ڕاستیدا (عەبدولکەریم قاسم) نەك پاش دەستدرێژی کردنەکەی سەری، لە شەقامی ڕەشیدا کە لە ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٩ بوو، بەڵکە لە ڕۆژانی هەراکەی نێو شاری کەرکوکەوە خۆی ئاشکرا کرد و هەڵوێستی گۆڕا، بۆیە خەڵکان دەیانگوت (زەعیم گێڕی گۆڕی).

- مەبەستت ئەو شەڕەیە، کە خەڵکان بەناوی (شەڕی کورد و تورکمان) ئاماژەی بۆ دەکەن؟

- بەڵێ، بەڵێ. غەزووری هەڵیدایێ: (دەك ئەو ڕۆژە بڕوا و نەیەتەوە).

- باشە ئەو شەڕە بۆچی بووە هۆی گۆڕینی سیاسەتەکەی (زەعیم).



- برام کوشتنی چەند کەسێك لەو شەڕەدا، هەلێکی باش بوو بۆی کە بیکاتە بیانوویەك بۆ لێدانی حیزبەکان، بەتایبەتی حیزبی شیوعی، دوایش ئەو سیاسەتە پەلی هاویشت بەرەو ئێمەیش، بەو پێیەی ئێمەیش لقێك بووین لە (بەرەی نیشتمانی).

- وا بۆی دەچم کە ئەو هۆکارەی گوایە زەعیم پێی نیگەران بووە ئەو زیانانە بوو، کە لە هەندێ تورکمان کەوت.

ڕاستیەکەی ئەوەیە، ئاڕاستەکەر و ڕێنیشاندەری سەرەکی لەو قۆناغەدا بۆ شەقامی عێراق، ئەو حیزبە بوو، بەتایبەتی کە دروشمی (با حیزبی شیوعی لە دەسەڵات بێ) زۆرترین کاریگەری هەبوو لە زەعیم، چونکە ڕاستەوخۆ ئەو دروشمە ترسی خستە دڵییەوە لەوەی، کە دەسەڵاتەکەی لە دەستدەچێ.

لە کاتی ئەو گفتوگۆیەی ئەو دوو کەسەدا مام سابیری غەزووری عەزیز ناو بەناو خەو دەیبردەوە و ناوبەناویش ئاگرێکی لە تووتنی ناو سبیلەکەی بەردەدا دووبارە دەیکردەوە چەقە دووکەڵێکی خەست، ناو بەناو هاتنی ڕیزێکی دیکەی چای، دانیشتنەکەی گەرمتر دەکرد.

هەرچەندە ئەو دوو کەسە هەستیان کرد مام سابیر خەوی دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتی گفتوگۆیان لاخۆش بوو، هەریەکەیان دەیویست خۆی وا پیشاندا، لە توێژینەوەی بابەتەکە کارامەیە، بۆیە بە ئاسانی دەستبەرداری نەدەبوون.

مام سابیر ڕێگەیەکی دۆزییەوە، بۆ ئەوەی پێیان بڵێ بیکەنە شەو و خواحافیزتان بێ، بەڵام پێی شەرم بوو بەو شێوەیە کۆتایی بەدانیشتنەکە بێنێ. ئەگەر بهاتایە تەنیا عەزیز ئامادەبوایە لەوێ، ئەوە بەبێ دوودڵی قسەیەکی وای دەکرد، کە هەڵسێ و بڕواتەوە ماڵی خۆیان، بەڵام لەبەر کەسەکەی دیکە ئەمەی بۆنەکرا، بۆیە وەستایانە یەك دوو ڕستەی خستە

سەر پەڕەی دانیشتنەکە، بوونە مایەی زەنگ لێدانی کۆتایی پێهاتنی ئەو کۆڕە.

ڕستەکانیش بەم شێوەیە بە یەکتریەوە بەسترانەوە (بەخوا، جەماعەت بارودۆخەکە بەرەو خراپی و تێکچوون دەچێ، بۆیە حەزناکەم بە شەو زۆر درەنگ، بگەڕێنەوە ماڵەکانتان).

عەزیز و میوانەکەی دیکە بۆ چرکەیەك چاویان لە چاوی یەکتری بڕی و لە یەکتری تێگەیشتن. بە یەکەوە هەڵسانە سەرپێ و گوتیان: "مام سابیر، قسەکەت لە جێی خۆیەتی و بمێنە بەخێر و ئێمە دەڕۆین، بەڵام توخوا هەڵمەسە، ئێمە خۆ میوان نین. خۆمان دەرگاکە ڕادەکێشین لە دوای خۆمان".

کە چوونە دەرەوە یەکێکیان بەلای ڕاست و ئەوی تریان بەلای چەپا، هەنگاویان نا.

عەزیز ڕانك و چۆغەڵێکی سپی لەبەربوو، کراسەکەی ژێری گیرفانێکی بەر باخەڵی هەبوو. هەردوو پەڕە کاغەزەکەی، کە لەو کەسە وەرگرت، لەنێو ئەو گیرفانەیدا نوشتاندبووەوە.

لەنێوان ماڵی غەزووری و ماڵی خۆیان (کە هەردووکیان لەیەك گەڕەکدا بوون)، بازاڕێکی بچووك هەبوو، پێکهاتبوو لە هەشت نۆ دووکان. هەموو شوێنێك دوو چەکداری سەربە پۆلیس لەو کۆڵانانەدا هاتووچۆیان دەکرد و بەزۆریش لەنێوان دووکانەکاندا هەڵوێستیان دەکرد و پشوویەکیان دەدا.

عەزیز ڕێگەیەکی وابوو دەبوایە بداتە ئەو شوێنەدا، کە لە دوورەوە، حەس حەسەکانی دیت، ختورکەیەکی بە دڵا هات و دەستێکی بە باخەڵیدا هێنا، بەڵام نەدەکرا پێش ئەوەی بگاتە ئاستیان بگەڕێنە دواوە، چونکە وای بۆ



چوو، کە لەوانەیە ئەگەر وا بکات گومانی لێبکەن. لەسەر هەنگاونانەکەی بەردەوام بوو، کە گەیشتە ئاستیان سەلامی لێیان کرد.

چوار پێنج هەنگاو لێیان دوورکەوتەوە یەکێکیان بانگی کرد "ئاه کاکە زەحمەت نەبێ نەختێ ڕاوەستە". ئەویش ڕاوەستا و بەرەو لایان بە شێنەیی گەڕایەوە، ئەوانیش چەند هەنگاوێك بەرەو لای چوون، کە گەیشتنەیەك ئەو یەکەی داوای ڕاوەستانی لێکرد، گوتی: "زەحمەت نەبێ ڕێگەم بدە، لەشت بپشکنم".

- بۆ دەمپشکنی!؟
- ئەمە ئەرکی خۆمانە.
- ئەگەر وادەزانی چەکدارم، چەکم پێ نییە.

کابرای پۆلیس قسەی دیکەی نەکرد، بەڵکو دەستێکی بۆ گیرفانەکانی ڕانکەکەی ئەم بردوو، دوایش دەستی بۆ باخەڵی برد، خشەی کاغەزەکان هاتە بەر گوێی، یەکسەر داوای لێکرد کاغەزەکە لە گیرفانی دەرکات، تا بزانێ چییە.

عەزیز بێباکانە کاغەزەکانی دەرکرد، چونکە لەوکاتەدا هاتە بیری کە حیزبەکەی لەلایەن حکومەتەوە مۆڵەت دراوە، کە بە ئاشکرا چالاکی و کاری خۆی بکات.

کاتێ هەمان پۆلیس چاوێکی بەسەر یەکەم دێری بڵاوکراوەکە دەگێڕا، گوتی: "کاکە فەرموو لەگەڵمان بۆ بنکەی پۆلیس".

عەزیز ویستی تێیگەیەنێت، کە نە بڵاوکراوەکە و نە جۆری ناوەڕۆکەکەی پێشێلکردنی یاسای تێدا هەیە و لەم سەردەمەدا، ئەم جۆرە چالاکیە یاساغ نییە، بەڵام پۆلیسەکە سوور بوو لەسەر داواکارییەکەی، بەبیانووی ئەوەوە

که ئەگەر ئەم کاغەزانە یاساغ نەبن ئەوا هیچمان لەهیچ و دەستبەردارت دەبین، بەڵام ئەم کارە قومسێر لە پۆلیسخانە ساغیدەکاتەوە.
عەزیز نەیویست زۆر درێژەی بداتێ لەگەڵ پۆلیسەکان کەوتەڕێ. لەوانەبوو کە گەیشتە ئاستیان سڵاوی لێ نەکردنایە، داوای ڕاوەستانیان لێ نەدەکرد.
پۆلیسی دووەم کە تا ئەوساتە هیچ قسەیەکی نەکردبوو، کە ڕێگا لە ڕۆیشتنەکەی، هێواش بووەوە.
ڕاوەستاو ڕووی دەمی کردە هاوڕێکەی و بە نەرمی کەوتە قسە.
- برام ئێمە ئەم کاکەیە بۆ کوێ بەرین و بۆچی تووشی گێچەڵێك و ئازارێکی بکەین. لێی گەڕێ با بەڕێگەی خۆیدا بڕوا. ئێمە، گوایە ئەگەر ئەم پیاوە بدەینە دەست قومسێرەوە چیمان دەست دەکەوێ؟
- بەخوا ئەنجامەکەی هەرچی بێ هەردەبێ بیبەین، چونکە بڵاوکراوەکە لە دانەیەك زیاترە، خۆت نازانی ئەگەر دوو دانە بن، واتای ئەوەی هەیە کە ئەم جۆرە شتەی بڵاوی دەکاتەوە، هەر بۆ خۆی نییە.
هاوڕێکەی هەرچەندێکی کرد و کۆشی، سوودی نەبوو ئیتر نەیشی وێرا فرەتر لەسەر قسەکانی بڕوا نەوەك هاوڕێکەی ئەم هەڵوێستەی بگوازێتەوە بەوردەم قومسێر.

⋆ ⋆ ⋆

عەزیز و براکانی و میوانەکانی، ئەو شەوەیان خۆش بردە سەر هەرچەندە یادەوەرییەکانی تاڵ و بابەتی خەم لێ خواردن بوون، بەڵام یەکێ لە براکانی ناوبەناو قسەکانی بەشێوەیەکی خۆش مەشرەفی دەخستە بەر گوێیان، کە تاوێك بیان هێنێتە پێکەنین.



مەلا شکور، کە یەکێك بوو لە میوانەکان پیاوێکی تێك سمڕاو و خوێندەوار بوو، کەوا و چاکێتێکی لەبەردابوو دەستووری ناوچەی کەرکوك. پرسیارێکی بەمێشکا هات و کەوتە قسە.
"باشە وا دیارە ئەو شەوە لەلایەن قومسێری ئیشکگری پۆلیسخانەکەوە، بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیرای پرسیارەکەم، ئەوەیە ماڵی خۆتان چۆن ئەو هەواڵەیان پێگەی؟".
برایەکی عەزیز پرسیارەکەی قۆستەوە و وەڵامی دایەوە.
"لەنێوان ئەو دووکانانەدا ماڵێك هەبوو، خاوەن ماڵەکە پیاوێکی بەساڵاچوو بوو، بە مەولود خەلیل ناسرابوو. دەستگیرکردنی کاکم لەبەر چاوی ئەو پیاوە ڕووی دابوو، کاتێ کاکمیان برد یەکسەر مام مەولود بەپەلە خۆی گەیاند بووە ماڵی ئێمە، کە ئەوسا لەگەڵ ماڵی کاکم خانوویەکی (کۆمپانیای نەوت)دا، دەژیاین.
مام مەولود هەر لە کۆڵانەوە بە قایمی بانگی کرد ماڵەکە.. ماڵەکە ئەوە عەزیزیان دەستگیرکرد. نەوەك سبەینێ ماڵتان بپشکێنرێ، ئاگاداربن".
ئێمە لە سەربان نووستبووین، کە ڕاپەڕین و سەرمان کێشایە کۆڵانەکە، مام مەولود ئەو هاوارەی کردووە و هەیپەی لێکرد و ڕۆیشت.
- چەندێك بە دەستگیرکراوی مایتەوە؟
- بەخوا ئەمە چیرۆکێکی درێژە، بەڵام بە کورتی بڵێم، پاش چەند مانگێك لە تەوقیف مانەوەم، درامە دادگا یانزە مانگیان حوکم دام.
باسی ژیانی نێو تەوقیفخانە و بەندینخانەی بە هەندێ کورتییەوە بۆ مەلا شکور و کەسەکانی دیکە گێڕایەوە. ناوبەناو ڕیزێك چای دەهات، بەدەم فڕکردنی چاوە وردە پرسیاریان دەخستە سەر پەڕە و ئەویش وەڵامی دەدانەوە.

مەلا شكور سەرێكی بادا و بە یەك دوو ڕستە هەڵوێستی خۆی و سەرسووڕمانی دەربڕی.
- بەخوا حیكمەتە! وەرە... وەرە لەسەر دوو پەڕە كاغەز ئەو ماوە درێژە پیاوێك عەزیەت بدەن!
ئێمە وامان دەزانی عبدوالكریم مەلائیكەتە و لە ئاسمانەوە بۆمان نازڵ بووە. تەبەقی ژیانمان پڕ دەكات لە نوقڵ و نەبات. دەستمان شكا، ئەوەندە چەپڵەی بۆ لێدەین. ئەی لەوەلاتر چێت، وەكو لاچوو، سەری خۆی خوارد، بەڵام فایدەی بەچی، بووە سەبەبكاری سەر تێچوونی سەدان كەس، پێش ئەوەی خۆی تیابچێ. میوانەكان هەستیان كرد كە عەزیز ماندووە چونكە بە ڕۆژەوە ئەوەندە غاز هەڵدەگرێ و دێنێ و دەبا و بگرە و بەردە لەگەڵ خەڵكاندا دەكا، توانای ئەوەی نیە تا درەنگانێك دانیشێ و نەنووێ. بۆیە مەلا شكور یەكسەر نووكی گۆچانەكەی لەبەردەم خۆی چەقاند و هێزی دایە بەر خۆی و گوتی: (بابیكەینە شەو، ئێوەیش ماندوونە. لای ئێوەمان خۆش...)

* * *

ڕۆژێك وەك هەموو ڕۆژ سەر لە بەیانیان بە فێنكی لە ماڵ دەرچوو كە سێبەری خانووەكان و دیوارەكان هێشتا درێژ بوو، عەزیز لە ڕۆیشتنەكەیدا نەختێ دەشەلی، جارجارە دەستێكی بەسەر چۆكی چەپیدا دەهێنا. ماڵەكەیان لە بەنزینخانەكە و گۆڕەپانی غازەكەوە دوورنەبوو، لەبەرئەوە هەر بەپێ هاتووچۆی نێوان ماڵیان و شوێنی كارەكەی دەكرد، بەڵام ئەو ڕۆژە براكانی كە شەو میوانی بوون و ئۆتۆمبێلیان پێ بوو، هەتا بەنزینخانەكە گەیاندیان و خواحافیزیان لە یەكتری كرد.



كە سەیرێكی ئەم لاو ئەولای كرد، دونیا كش و مات بوو. نە قەرەباڵغی هەبوو نە تەقەی غاز تێگەیشت كە، ئەو ڕۆژە غازیان بۆنایەت، ئەگینا ئێستا خەڵكی بە چاوەڕوانیەوە كۆمەڵیان لەو شوێنەدا بەستبوو. بە ئەزموونی ڕۆژانی پێشوو، تێگەیشتبوو كە خەڵكان هەواڵی بوون و نەبوونی غازی ئەو ڕۆژەیان پێدەگەیشت و دەزانی. سەریشی سووڕمابوو كە بەچی دەزانن و كێ هەواڵیان پێدەدا؟!
ڕووە و ژووری بەرپرسیارەكە، چوو بینی بە تەنیا دانیشتووە دیار بوو بەنزین فرۆشتنەكە ڕاستەوخۆ ئەو نەیدەكرد بەڵكو ئەو كارە كارمەندی تایبەتی خۆی هەبوو كە ئۆتۆمبیلەكان بەڕیزەوە یەك لە دوای یەك بە بەردەمیانا هەڵوێستیان دەكرد و مەبەستیان ئەنجام دەدراو دەكەوتنەڕێ.
- سەلامون علیكم.
- وەعەلەیكوم و ئەلسەلام، یاخوا تۆ بەخێربێیت. با چایەكت بۆ بانگ كەم.
- زۆر نیە چایم خواردۆتەوە، بەڵام قسەت ناشكێنم، بابێت.
دوو چایان بۆ هێنان، لەگەڵ كەوچك بادانا كەوتنە قسە. ئازاد ئەمڕۆی بەستە دوێنێوە و
گوتی:
- بەبیرت دێ دوێنێ ئێوارە پێش ئەوەی خواحافیزیم لێ بكەی، پرسیارێكم هەبوو، بەڵام ئامادەبوونی دوو كەس لەو كاتەدا، وەڵامی پرسیارەكەیان لەباربرد. چۆنە، سفتاحی ئەمڕۆمان بەو وەڵامەبێ.
ئەم بزەیەكی بۆ كرد و گوتی بەخوا برام ئەم سفتاحە لە سفتاحی غاز فرۆشتن باشترە.
ئازاد بە بزەیەك قسەكەی لێ وەرگرت و وتی بفەرموو بڵێ.

- ئەوە ساڵێ پاش بەرەڵا بوونم لە بەنزینخانە، سەیرم کرد بارودۆخی سیاسی کەرکوك ناهەموارە.

منیش کتوپڕ نەمدەتوانی کاروپیشەیەك بگرمە دەست. ڕەشەکوژی و چاوەڕوانی نەیارانی ئێمە مانان یەکی گرتەوە و ڕۆژانە لەبەرئەوەی بەهۆیەکی سیاسیەوە حوکوم درابووم، کە بەریش بووم لە چاوەدێریکردنم لەلایەن پیاوانی میریەوە، بە گومان بوو بووم و نیگەران بووم.

- مانەوەم لە بەندینخانە هەر ئەوەندە نەبوو. سەرت نەئێشێنم، حوکمەکەم لە بەندینخانە(بەصرە) بردەسەر.کە ماوەکە تەواوبوو هێنامیانەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی لەوێ بەرەڵا بکرێم مفەوەزێکم لێ پەیدابوو تورکمان بوو، ڕێگری لەوە کرد کە لەوێ بەرەڵا بکرێم ئەوەش بەبیانووی ئەوەوە کە نەوەك لە کەرکوك داواکارییەکی دیکەم لەسەربێ بۆیە بە بەندکراوی گواستمیانەوە بۆ کەرکوك. لە کەرکوکیش هەر بەرەڵا نەکرام بەبیانووی ئەوەوە کە بوونی من لەناو کۆمەڵدا مەترسیدارە! لەبەرئەوە بڕیاردرا بمنێرنە بەندینخانەی(کوت) بۆ ماوەی شەش مانگ لە ژێر ناوی(مەحجوز) کە ئەو ماوەیەشم تەواوبوو دووبارە هێنامیانەوە بۆ بەغدا. هەمیسان لەوێ ئەفسەرێکی پۆلیسم لێ پەیدابوو گوتی ئەمە دەبێ بنێرێتە کەرکوك. بەڵام خواوڕاستان پیاوێکی بەغدای دەستڕۆ، دیاربوو کورد بوو لەگەڵ ئەفسەرە پۆلیسەکە قسەی کردبوو.

گوتبووی: من دەبمە کەفیلی ئەم کەسە و بالێرەوە ئازادی بکەین. بەم شێوەیە بەرەڵا کرام و یەکسەر گەڕامەوە کەرکوك.

ماوەیەك دانم بەخۆداگرت، هەر لە کەرکوك مامەوە، بارودۆخ ڕۆژ بەڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو تاوەکو ئەوەبوو لە هەشتی شوباتی ١٩٦٣ کودەتاکەی بەعسیەکان لە بەغدا ڕوویدا و(عبدالکریم قاسم) کوژرا. شاری کەرکوك



ئاژاوەو ترس و لەرز و نیگەرانی باڵی بەسەردا گرت. من و حەمیدی برام بۆ ئەوەی نەوەك، لەلایەن دار و دەستەی دەسەڵاتی تازەوە تووشی گێچەڵ و دەستگیربوون ببینەوە، بڕیارماندا بچینە گوندی(قەرەدەرە) کە ئەوسا هێشتا ئاوەدان بوو، بۆ زانینیش ئەو گوندە هەر ئەو شوێنە بوو، کە لە کاتی خۆی دا لێوەی هاتبووینە کەرکوك.

ماوەیەکی کەم لەو گوندەدا ئۆقرەمان گرت و، سات بە سات چاودێری گۆڕانکاریەکانمان دەکرد، کە هەر بەرەو لێژی و ئاڵۆزان دەچوون. دەمان بیست کە لە سەرەتادا، خۆنیشاندان دژ بەو کودەتایە لە کەرکوك کراوە بلاوەیان بەو خۆپیشاندەرانە کردبوو و هەندێکیشیان دەستگیرکردبوو، بۆیە ئێمە بڕیارماندا بەرەو ئەو ناوچانە بڕۆین کە هێشتا دوورە دەستی دەسەڵاتی حکومەت بوون. لەو ناوچەیە خۆمان بەو لایەنە چەکدارانە ناساند کە لە سەرەتادا ناوی(کۆمەڵە) یان لێنرابوو لە ساڵانی دوایشدا بە شۆڕشی ئەیلول ناسرابوو.

کە ناوەکەمیان پرسی، ناوی خۆم نەدا سا بە هەر مەبەستێ بێ، گوتم(مەلا غەریب) ئیتر لەوەدوا هەر بەم ناوەوە ناسرام.

کەم کەسیش ناوە ڕاستەقینەکەمی دەزانی.

لەکاتی ئەم قسانەدا ئازاد نەیدەویست زنجیرەی ڕستەکانی بپچڕێنێ بۆیە هیچ پرسیارێك و هیچ قسەیەکی نەدەدایە بەر گێڕانەوەکەی یەکەم لەبەرئەوەی ئەو قسانە وەکو چیرۆکێك بوون و یەکێك بیخوێنێتەوە ئەمیش گوێگربێ تام و چێژی لێ وەرگرێ. دووەم حەزی دەکرد وێنەیەکی تەواو و ڕوونی کەرکوکی ئەو قۆناغە بێتە دیدەی ئەمەیش لەوەوە هاتبوو کە خۆی لە ناوچەیەکی دوور بە کەرکوك ژیابوو بەتایبەتی پێش ئەوەی هەر لە مێرمنداڵی خۆیدا خێزانەکەی ڕوویان کردە هەولێر لە بارودۆخێکی

نائاسایدا. لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك کە خەمەکانی قۆناغێك لە ژیانی شەنە بادەکا، کەسانی گوێگر خەمەکانی ڕابردووی خۆیان دێتەوە یاد. لە هەلێك دەگەڕێن ئەوانیش گوێ گرێکیان دەست کەوێت تا بەشێنەیی شەنەبای ئەو خەمانەی بۆ بکا.

گێڕانەوەی خەم و ئازار دەبێتە مایەی هەندێك هێور بوونەوە و نزم بوونی پلەی خەم خواردن.

- باشە کە دەڵێی کەرکوکی ساڵانی دەوروبەری شەست و یەك و شەست و دوو دیاردەی ڕەشەکوژی لەو سەرەتانا هەرچەند ڕۆژێك جارێك ڕووی دەدا و ئێوەی دەهەژاند و ترسی دەخستە دڵتانەوە. ئەی هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو دیاردەیە نەبوو لەلایەن کوردی کەرکوکەوە؟!

عەزیز نەختێك هەستی بە شەرمەزاری کرد، چونکە ئەو پرسیارەی ئازاد گلەییەکی بەهێزی تێدابوو لە خەڵکی کەرکوك، مایەی جۆرە شەرمەزاریەك بوو. بۆیە چەند چرکەیەك داماو یەدوای وەڵامێکی گونجاودا دەگەڕا بۆ ئەوەی لەلایەك بۆ ئازاد بیسەلمێنێ، لەلایەکیش پاساوبێت بۆ ئەو هەڵوێستەی خەڵکی کەرکوك.

کە وەڵامەکە لە مێشکیدا گەیی و شایستەی ئەوەبوو بیخاتە بەرگوێی ئازاد ئەحمێکی نەرمی بۆ کرد و کەوتە قسە(کورد دەڵێ نیت لە ماڵم، نازانی حاڵم) ئەوەی ئەوسا لە کەرکوکدا نەژیابێ بارودۆخەکەی تێناگا و ناتوانێ ببێتە توێژەرێکی بە ویژدان بۆی. کاکە ئازاد ئەو قۆناغە لە پاش ڕووداوێکەوە هاتبوو کە دەیان مرۆڤی لەو شارەدا کوژرابوون. کوژراوەکان هەر هەموویان تورکمان بوون. ئەمەیش لە ئەنجامی تێکهەڵقژانی هەردوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی کورد و تورکمان بوو. کە لە سات و ڕۆژی بە یادکردنەوەی یەکەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی(١٩٥٨) بوو. بۆیە لە دوای ئەوەی فرەتر لە



ساڵێك بارودۆخەکە لە نێواندا هێور بووەوە، بەڵام لایەنی تورکمان ئەو کارەساتەیان لەبیرنەدەچووەوە، بەتایبەتیش هەندێ لایەنی عێراقی وەکو نەتەوەپەرستەکانی عەرب لە عێراقدا هانیان دەدان هەروەها هاوسۆزی عبدوالکریم قاسم لەگەڵیان و هەوڵدانی ئەوەی بە هەموو ڕێگەیەك دڵنەواییان بداتەوە ئەو کۆمەڵە کەسانەی لە دوای ئەو ڕووداوەدا دەستگیر کرابوون بیان داتە دادگایەکی عەسکەری کە بەتایبەتی بۆ توومەت بارانی ئەو ڕووداوە دایمەزراندبوو. ئەو کەسانە زۆربەیان کورد بوون هەروەها زۆربەیان لە هێڵی سیاسی حیزبی شیوعی بوون کەمێکیان لە هێڵی پارتی و بێلایەن بوون تاك و تەرا یەکێکیشیان تورکمان و (هابی)بوون.

بۆیە ئێمەی کورد بەرانبەر بە دیاردەی ڕەشەکوژی ئەوسا لەلایەنی دەروونی و ڕێکخراوییەوە ئامادەنەبووین دەست کەین بە تۆڵەسەندنەوەی ئەو ڕەشەکوژیەی دژ بە کورد بەڵام وەکو بیستم کە بەرەبەری ڕووخانی کەریم قاسم هەندێ لەو تورکمانانەی دەستیان هەبوو لەو ڕەشەکوژیەدا چ ڕاستەوخۆ یان بە پارە کوژران. بەڵام من خۆم لەو سەردەمەدا وەکو گوتم لە بەندینخانە بووم و شوێنەکەم دووربوو(ماوەیەك لە بەصرە ماوەیەکیش لە شاری کوت بووم) ناو بەناو لەکاتی ڕۆژانی سەردانی کردنی خەڵکدا، کەم و زۆر هەواڵی ڕووداوەکانی کەرکوك و بارودۆخی ناوچەکانی تری کوردستانمان پێ دەگەی.

لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی ئامادە دەبوون بۆ لای ئازاد ژمارەکەیان زیادی دەکرد و ئازادیان مژول دەکرد لەوەی بە گوێچك و بە دڵ لەگەڵ ئەمدابێت بۆیە بە باشی زانی پاشماوەکەی بکاتە ئەڵقەی دیکەی ڕۆژانی دواتر.

* * *

خێزانی عەزیز پێکهاتبوو لە ژنەکەی و کوڕێك و سێ کچ. هەر لە سەرەتای هاوسەرگیری کردنی، لەگەڵ ئەو ژنەیدا (کە دووەم ژنی بوو) ژیانێکی مامناوەندی و، باش دەژیا باشی ئەو ژیانەی لەوەوە هاتبوو، کە کرێکاری کۆمپانیای نەوت بوو. مووچەی کرێکاری نەوت هەمیشە زۆرتربوو لە مووچەی کرێکارانی دامەزراوەکانی حکومەت، یان کرێکاری دیکە. لەوەیش گرنگتر هەر لە ساڵی ١٩٥٧ خانوویەکی لە کۆمپانیاکە کڕی کە پارەکەی بەش بەش لە مووچەکەی دەبڕرا. زۆر دڵی خۆش بوو، کە یەکێ لە هیواکانی ئەوەبوو ماڵی باوکی لە کرێچێتی ڕزگاربکا. ئەو هیوایەی، بە کڕینی ئەو خانووە بەدیهات، چونکە خێزانەکەی خۆی و ماڵی باوکی پێکەوە تیایدا بۆ ماوەیەك ژیان.

چارەنووسی ڕەشی ئەو خانووە بووە لە دەستدانی بەختەوەریەکەی ئەو چەند ساڵەی کە پێکەوە بوون. لەبەرئەوەی کە دەستگیرکرا لەوەدوا مووچەکەیان بڕی دیارە دانەوەی بەشەکانی نرخی خانووەکەیش ڕاوەستا، بۆیە لەلایەن کۆمپانیاکەوە و لە ڕێگەی حکومەتەوە، خانووەکەی لێ سەندرایەوە و ناچار ژنەکەی و منداڵەکانی چوونە ماڵ غەزووری عەزیز، ماڵی باوکی خۆیشی دووبارە بوونەوە کرێچی یان ماوەیەکیش داڵدەیان بردە بەر خانوویەکی کوڕێکی دیکەیان.

یەکێك لەو هەواڵە ناخۆشانەی پاش بەندین کردنی عەزیز هەر لە هەمان ساڵدا ئەوەبوو برایەکی دەستگیرکرا.

ئەو برایەی ئەوسا قوتابی بوو لە قوتابخانەی ئامادەیی. لە پشکنینێکی هێزێکی حکومەت بۆ گەڕەکی(ڕەحیم ئاوا) دا، ئەوە ڕوویدا. ڕەحیم ئاوا تازە ئەوسا یەك دوو ساڵ بوو پەیدا بوو بوو، لە ساڵی(١٩٦١) ڕەحیم ئاوا



پێکهاتبوو تەنیا لە سێ کۆڵان لای ڕۆژهەڵاتی شوێنی ئەو ڕەحیم ئاوایەی کە لەوەودوا بووە گەڕەکێکی گەورە و، بەرەو ڕۆژئاوای پەلی هاویشت بە چەند ساڵێك خانوو بەرە گەیشتە لێوار جادە سەرەکیەکەی لە کەرکوکەوە بەرەو هەولێر دەچوو.

ئەو برایەی لەگەڵ عەزیزدا جیاواز بوون لە هەندێ بیروباوەڕ و بیروبۆچووندا، ئەوەیش بەهۆی ئەوەوەبوو کە کاتێ عەزیز پارتی بوو ئەو برایەی کاری سیاسی خۆی لە پارتیەوە گواستبووە حیزبی شیوعی بۆیە جار بەجار هەندێ وتووێژی لە یەکتر جیاوازیان دەگۆڕیەوە، هەندێ جار وتووێژەکە دەگەیشتە پلەی لە یەکتری زوویر بوون.

ئەو برایەی چەند جارێ بۆ ئەم و ئەو چۆنیەتی دەستگیربوونەکەی گێڕابووەوە.

ڕۆژی ١٩٦١/٩/١٦ بوو بەیانی پێش خۆرهەڵاتن بوو لە حەوشەی ماڵی برایەکی خەوتبوو. گوێی لە دەنگە دەنگێگ بوو، کاتێ چووە سەربان تابزانێ مەسەلە چیە؟ سەیری کرد چەند زەلامێك بەسەر سەربانی خانووەکانی دەووروپشتیانن کە ئەوان ئەمیان دیت بانگیان لێکرد، بەڵام ئەم بە پەلە هاتەخوارەوە بە براژنەکەی گوت(وابزانم ماڵەکان دەپشکنن) ئەویش بە پەلە چوو هەندێ کاغەزی هێنا کە هەموو بڵاوکراوەی چاپکراوبوون، لە ژوورێکی بچووك خستنیە تەنەگەیەکەوە و ئاگری تێ بەردان، هەتا ئەم بەوکارە هەڵسا سێ زەلام هاتنە خوارەوە گەیشتنە سەری، هەولیاندا ئاگرەکە بکوژێننەوە لە هەمان کاتدا سەریان کرد بە ژوورەکاندا و حەوشەکەیان پشکنی.

ئەوەبوو هەر ئەو شەوە لەبەر چرایەك(کە ئەوسا ڕەحیم ئاوا هێشتا کارەبای بۆ ڕانەکێشرابوو)

كاغەزێكی نووسیبوو كاغەزەكە ئاڕاستە كرابوو بۆ لیژنەی لۆكالی حیزبی شیوعی لە كەركوك، ناوەڕۆكی كاغەزەكە بە كورتی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی دژ بەو بۆردومانەی فرۆكەكانی كەریم قاسم كە پێنج ڕۆژ بوو هێرشیان دەبردە سەر چەند ناوچەیەكی كوردستان، لە هەمان كاتدا كاغەزەكە ناڕەزایی دژ بەو هەڵوێستەی حیزبی شیوعی تیابوو. هەڵوێستەكەیش ئەوەبوو كە گوایە(پەیدابوونی بزوتنەوەی چەكداری لە كوردستاندا دەستی ئیعتمار و پەیمان نامەی بەغدای تیادایە.
ئەوانەی هانی ئەو كارە دەدەن دەرەبەگەكانی كوردستان و كۆنە پەرستانن)
ئەو هەڵمەتەی ئەو بەیانیە كرایە سەر ڕەحیم ئاوا بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەری ئەمنی كەركوك بوو كە كابرایەكی توركمانی هەولێری بوو بەناوی(نوری خەیات) لەو هەڵمەتەدا(٢٦) كەس گیرا و بەرەو پۆلیسخانەی كەركوك ڕاپێچ كران.

بەگوێرەی عەزیز ئەمە هەواڵێكی ناخۆش بوو بەتایبەتی چونكە ئەو برایەی بەو ڕووداوە لە خوێندنەكەی دابڕا، وا ڕێك كەوت كە پاش سێ مانگ لەو دەستگیركردنە گوازرایەوە لە پۆلیسخانەوە بۆ ناو بەندینخانەی كەركوك كە ئەوسا لەناو حەوشی سەرای كەركوك بوو، كە عەزیزیش لە هەمان شوێندا بوو، بەڵام زۆری نەبرد ئەمیان بۆ دادگایی كردن بەرەو بەغدا گوازرایەوە.

⋆ ⋆ ⋆

بەرەبەری نیوەڕۆ بوو گۆڕەپانی غازەكە بەرەو چۆڵ بوون دەڕۆیشت ئەو ڕۆژە مام عەزیز غازی بۆ نەهات لەناو حەوشەكە جارجارە پیاسەی دەكرد و جارجارەیش سەری لەو چەند پیرەمێردە دەدا كە لە سێبەری دیواری بەنزینخانەكە هەموو ڕۆژێك تاوێك خەریكی دامەكردن بوون. كە یەكەم



ڕۆژ چووە لایان بەخێرهاتنیان لێكرد، هەندێ زانیاری سەرپێیان لێ داواكرد. بەو پێیەی ماوەیەكی زۆر نەبوو لەو شوێنەدا پەیدابوو بوو یەكێ لەو پیاوانە كە لە دامەكردن دەستی بەر بوو بوو لە پەڕەوە دانیشتبوو ڕووی دەمی لێ كرد و وتی:
- براكە، لە شێوەزارتا دیارە خەڵكی كەركوكی.
- بەڵێ قوربان، چۆنی دەفەرمووی وایە.
- (بەسەرسووڕمانەوە) باشە چۆنە وا درەنگ لەم كارەدا دامەزراوی، یان لەوانەیە لە شوێنێكی دیكەوە بۆ ئێرە گوازرابیتەوە.
- ئەمەیشیان هەروایە.
- ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ، دەتوانی ئەم مەسەلەیەم بۆ شیكەیتەوە، بۆ دڵنیایش پێت دەڵێم، من باوك ئازادم، بەرپرسی ئەم بەنزینخانەیە.
عەزیز كەیف خۆشی خۆی دەربڕی و كەوتە مەتح و سەنای ئازاد، كە چ پیاوێكی ڕێك و پێك و بەڕێزە.
- ئەم قسانە ئەوە دەردەخا كە خۆتیش بەڕێزی.
- سوپاست دەكەم خالۆ.
كابرای ئیختیار ناوی(خدر) بوو بەشێوەزاری دەشتی دزەیی قسەی دەكرد.
عەزیز هاتە پرسیار و وتی: (كاك ئازاد باسی جەنابتی نەكردووە و نەشی گێڕاوەتەوە ئێوە لە كەیەوە لەم شارەن)
مام (خدر) هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا و گوتی: (چیت پێ بڵێم)
ئەم ئارامی گرت، تا مام (خدر) ئایا هیچ وەڵامێك دەداتەوە یان هەر بەوەندە ڕادەوەستێ بەڵام مام(خدر) وەك بڵێی ئەو هەناسەیەی كردە كلیلی قسەكانی و دڵی مام عەزیزی نەشكان، تاتوانی قسەكانی چڕكردەوە و زۆر، درێژەی نەدای و سەر و بنی نەكرد.

- بەخوا کاکە هەرچەندە ئەمە یەکەم جارە بە قسە لە یەك نیزیك دەبینەوە، بەلاّم دوورا و دوور تێت ڕامام و دەمگوت ئەم پیاوە لە کارەکانی زۆر دلّسۆزە و شایستەی ئەوەیە هاتووچۆکەرانی ئێرە زۆر ڕێزی لێ بگرن، بەتایبەتی ئەم داوایەم لە(ئازاد) ی کوڕم کردووە.

ئەم، خۆشبەختی خۆی دەبڕی بەوەی کەوا کەوتۆتە ناو خەلّکانێکی پیاو چاکی وەك ئەوانەوە لەبارەی ئازادیشەوە، ئەوەی دەربڕی کە ئازاد هیچ قسوری نیە لە هەموو لایەنێکەوە بەتایبەتی بەرانبەر بەو.

مام (خدر) هەلّیدایێ.

- کاکە، بزوتنەوەکەی جووتیارانی دەشتی دزەییانیت بیستووە؟

- نایەتە بیرم، چ سالّێك بوو؟

- لە دەووروبەری(١٩٥٣) بوو کە جووتیارانی ناوچەکەمان لە ژێر باری ستەمێکی گراندا دەینالاّند. ناڕەزایمان گەیشتە کونە کەپوومان تەحەمولمان نەما هەلّساینە سەرپێ و چووینە گژ ئاغاکاندا ئەوەبوو، بگرەو بەردەیەکی زۆر پەیدابوو هەندێکمان لێگیران و ئاغاکان پەنایان بردە بەر حکومەت، تا ڕاپەڕینەکەمان دامرکێنێتەوە و چاوەڕومان لەگەلّدابکا. هاوکێشەی هێزی حکومەت و ئاغاکان بەراورد بکرایە لەگەلّ توانا و دەسەلاّتی جووتیاران، زۆر ئەوەی ئەوان لە تای ئێمە بەهێزتر بوو، لەبەرئەوە بەناچاری دەست بەرداری بزوتنەوەکە بووین. بەلاّم لە ترسی ئەوەی ئاغاکان تۆلّەمان لێ بکەنەوە و ستەمی زۆرترمان بەسەردا دەسەپێنن، هەندێکمان بە باشمان زانی کە گوندەکانمان بەجێ بهێلّین و بەرەو شاری هەولێر و شوێنی تر بڕۆین لە ژێر کارتێکردنی ئەو ڕسەی هەمیشە لەگەلّ یەکتریماندا دەمانگوتنەوە کە پێك هاتبوو لە(خوا کەریمە، سا لە شار کرێکاریەك یان



هەر کارێکی دیکەمان دەست دەکەوێت خۆ لە برساندا نامرین. ئەوە باشترە لە ژیانی نەهامەتی و کۆیلەیی...)

بەدرێژایی ئەم قسانە عەزیز هەر سەیری دەمی ئەوی دەکرد و سەری بۆ دەلەقاند و قسەی پێ نەبڕی. مام خدر هەستی بەبرسێتی کرد و سەیری سەعاتەکەی دەستی عەزیزی کرد و وتی: (ئەوە خۆ درەنگە، برسیت نیە؟)

عەزیزیش بە کورتی وەلاّمی دایەوە، وەلاّ ئەوەی ڕاستی بێ شەرتی ئەمڕۆمان هەلاّتووە ئەوە هیچ غازیش نەهات، ئەگەر هاتیش، داوا لە(ئازاد) دەکەم دابەشکردنەکەی بخاتە سبەینێ بەیانی و، با پایدۆستی لێ بکەین هەر هەموو زەلامەکان پێکڕا هەلّسان و یەکێکیان ئەو مقەوایانەی کە لەسەریان دانیشتبوون لەسەریەك داناو لە کەلینێکی دیوارەکەوە خستیە ئەو دیووەوە پاش ئەوەی عەزیز سەرێکی لە ئازاد دا، بەرەو مالّ بووەوە.

* * *

(کەتان) کە خەسووی عەزیز بوو. ڕۆژی چەند جارێك ئەوەی دووبارە دەکردەوە بە چەند قسەیەك کە پڕ بوون لە خەم و ناڕەزایی و نیگەرانی.

- باشە، سابیر ئەم مندالاّنە و دایکیان، هەرچەندە جەرگی خۆمانن، دەکرێ هەر ئاوا بژین و چاوەڕێی بەربوونی عەزیز بکەن؟ بەڕاستی من زۆر زگم پێیان دەسووتێ. ئایا باوك و براکانی عەزیز کەس ناناسن تا هەوالّێکی بۆ بدرێ دەترسم ئەم حالّە زۆر بکێشێ و هیچ چرایەکیشمان پێ نەکرێ.

مام سابیر پشتی دابووە سەرینێکەوە سبیلەکەی بەدەست و دەمیەوە بوو نەیدەزانی چ وەلاّمێکی کەتانی ژنی بداتەوە. بەلاّم نەیتوانی بێدەنگ بێ سبیلەکەی لە دەم دەرهێناو کەوتە قسە.

- ئەگەر بهاتایە خانووەکەیان لێ نەسەندرایەتەوە، هیچ گرفت نەبوو سا هەر تیکەیەك نان دەبوو بیخۆن. بەلاّم ئێستا نە مووچە ماو نە خانوو جگە

لەوەی منداڵەکانی وەختە سوێیان بێتەوە بۆ باوکیان. بیستوومە باوک عەزیز لەناو شار توشی بۆتە تووشی(شێخ ئەحمەد)ەوە مەسەلەکەی عەزیزی بۆ باسکردووە و پێشی گوتووە(یاشێخ جەنابت کەسێکی وا لە دارودەستەی ئەمن شك نابەی؟ تا ڕووی لێ بنێی بۆ ئەم بابەتە)

شێخ ئەحمەد گوتوویەتی بەخوا مفەوەزێکی ئەمنی کەرکوك دەناسم و زۆر ڕێزم لێ دەگرێ بزانم هەوڵێکی لەگەڵ نادەم.

ئەوەبوو باوکی عەزیز فەرمووی لە شێخ ئەحمەد کرد تا بۆ نیوەڕۆ بێتە ماڵ و پێکەوە نیوەڕۆژە بکەن.

هەرچەندە ئەو ویستی پاساوی قایل نەبوونی بۆ بهێنێتەوە بەڵام ئەم بەگەرمیەوە داواکەی دووبارە و سێ بارە کردەوە لە دوایدا ڕازی بوونی خۆی دەبڕی و گوتی: پێش ئەوەی بێمە لاتان دەچم بزانم ئەو مفەوەزە نابینمەوە، ئەنجام هەرچیەك بوو ئەوە لە ماڵتان باسی لێوە دەکەم. باوکی عەزیز بەپەلە خۆی گەیاندە ماڵ بۆ ئەوەی بە ئامینی خێزانی بڵێ خواردن ئامادەکا، نیوەڕۆ(شێخ ئەحمەد) لەلامان میوانە.

نیوەڕۆ نوێژکرا و سفرە ڕاخرا(شێخ ئەحمەد) و باوك عەزیز هێشتا هیچ شتێکیان لەبارەی مەسەلەکەوە نەگوتبوو، مەبەستی باوك عەزیز ئەوەبوو کە نارێکە پێش نان خواردنەکە بپرسێ(ئەرێ یاشێخ چیت بەچی کرد) بەڵام لەگەڵ تەقەی کەوچکا شێخ دەست پێشخەری کرد و هاتە قسە.

- مفەوەزەکەم دیت، مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە و پێمی گوت بابچینە بەڕێوەبەرایەتی ئەمن، تا لەوێ سەیری کەیسەکە بکەم.

- ئێ دوایی؟

- دوایی پاش ئەوەی کاغەزی ئەم دیوو ئەو دیوو کرد گوتی یاشێخ بریا کەیسەکەی سیاسی نەبووایە ئەگینا هەر ئێستا کارێکی وام دەکرد بەرەڵا



بکرێ، بەڵام بابەتی سیاسی، لە دەسەڵاتی مندا نیە هیچ بڕیارێکی لەسەربدەم. بەداخەوە.

- خۆمن دەزانم جەنابت قسور ناکەی، دیارە مەسەلەکە لەوە گرانترە کە وەك ئێمە بیرمان لێ دەکردەوە، کە بتوانرێ بە ئاسانی کۆتایی پێ بێ.

- باشە ئەم چەند مانگە مووچەکەی هەر دەدەنێ؟

- بەخوا نە مووچەکەی و نە خانووەکەی هیچیان نەمان. خانووەکەی لێ سەندرایەوە و ناچار چۆڵمان کرد و منداڵەکانی چوونە ماڵ غەزووری و ئێمەیش وا لێرەدا بە کرێچێتی دانیشتووین، نازانین ئەم مەسەلەیە دەگاتە چی؟

خانووەکەی عەزیز ئەوەبوو کۆمپانیای نەوت دابووی پێی نرخەکەی بڕ بڕ لە موچەکەی دەبڕا. لەپێش وەرگرتنی ئەو خانووە ماوەیەك دوو دڵ بوو لە وەرگرتنی لەبەرئەوەی بیستبووی کە کۆمپانیاکە لەسەر ئەو نرخەوە(فایز) وەردەگرێ ئەمەیشی بە گوناهێکی گەورە دەزانی. لەگەڵ ئەوەیشدا خەڵکانێکی زۆر بەومەرجە بوون و خانوویان وەرگرت بەتایبەتی مەسیحیەکان. ڕۆژێك بیری لەوە کردەوە کە سەر لە مەلایەك بدا ئەم بابەتەی لەگەڵدا باسبکا و مەسەلەی، حەرام و حەڵاڵیەکەی یەکلایی بکاتەوە.

ئەوەبوو، چووە مزگەوتەکەی(تەپەی مەلا عەولا) لەوێ مەلا سەیر محەمەدی دوان. مەلا سەید محەمەدیش دوو پرسیاری لەو بارەوە لێ کرد.

- کاکە تۆ ئەگەر ئەم کارەت کرد زەرەرتە یان قازانجتە؟ زەرەر لە کەس دەدەی.

- ناوەڵا مامۆستا من قازانجمە چونکە خێزانەکەی خۆم و ماڵی باوکم لەو خانووەدا ستر دەکەم و زەرەر و زیان لە هیچ کەسێك نادەم.

- بەداخەوە کرێکارە موسوڵمانەکانی کۆمپانیای نەوت هەندێکمان لە ترسی حەرام بوونی ئەم کارە، خۆیان بێ بەش دەکەن لەوەی ببنە خاوەن خانوو، مەسیحیەکان هەر هەموو بەبێ دوو دڵی ئەمە دەکەن و دەبنە خاوەن خانوو. ئەگەر کار وا بڕوا، ڕۆژێك دەبێ بەشێك لە موسوڵمانەکان ناچار دەبن ببنە کرێچی، لای ئەوان.

ماموستا دەستی بۆ گەردەنی خۆی بردو گوتی: (بڕۆ خانوو وەرگرە، گوناهەکەی بەم گەردەنە)

عەزیز فەرامۆشیەکی هاتەوە بەر و خواخوای بوو کۆتایی بە دیدارەکە بێنێ و یەکسەر بکەوێتە خۆ، لە سبەی زووترنیە بۆ ئەوەی دەست بە پێشکەشکردنی داوایەك بکا لە کۆمپانیا بۆ ئەو مەبەستە.

* * *

(کەتان)، لە دوای چەند ڕۆژێك لەوەی کە سابیر گوتبووی قەول وایە شێخ ئەحمەد بچێتە ناو مەسەلەکەوە کەوتەوە قسە.

- ئێ باشە شێخ ئەحمەد چی بەچی کردبوو؟

- بە قسەی باوك عەزیز، گوایە شێخ ئەحمەد، لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمن وای پێ گوتراوە کە مەسەلەکە سیاسیە و کەس ناتوانێ دەستکاری بکا، بڕیاریش لای دادگایە.

- دەك ماڵی ئەو دوو حەس حەسە بڕمێ کە ئەو شەوە بەبێ ئەوەی لە خوا بترسن ئەم پیاوەیان بەم خەتارەتە برد.

- خۆ دەڵێن ئەو دوو پۆلیسە کوردیش بوونە!

- دیارە هەر کورد کاری وای لێ دەوەشێتەوە. قەد بیستووتە عارەبێك بۆ عارەبێکی تر چاڵ هەڵکەنێت؟

هەی عەمرتان نەمێنێت لەگەڵ چ میلەتێکن.



- ئەی نەگوتراوە کورد کەوە، ئەوەندەی بە گیان یەکتری ئازان ئەوەندە بەرانبەر نەیارانیان ڕشت نین، بۆیە هەردەم حەقیان خوراوە و لە دوای خەڵکەوە لۆقە دەکەن.

لەو ڕۆژەوەی موچەی عەزیز بڕابوو براکانی بەتایبەتی ئەوانەی یان موچەیان هەبوو یان کارێکی دیکەیان هەبوو مانگی سەر و دینارێکیان بەخێزانەکەی دەدا، بەڵام ئەگەر یارمەتی غەزووری نەبوایە ئەو چەند دینارە ئەوەندە نەبوون کە هەموو پێویستیەکانیان دابین بکەن. گەورەترین چاکەی غەزوور و خەسووی ئەوەبوو کە خێزانەکەیان لە خۆگرتبوو وەکو منداڵی خۆیان پاش بەربوونی عەزیز چەند ڕۆژێك هەوڵی ئەوەی دابوو کە بتوانێ خانووەکەی وەرگرێتەوە بەڵام هیچی بەهیچ نەکرد بەتایبەتی ئەوسا دەڤی کورد دەنگی نەدەدا و لایەنە فەرمیەکان هەموو لە نەیارانی کورد بوون(کە ئەوسا زۆربەیان تورکمان بوون) هەروەها سیاسی بوونی، هۆی دەستگیرکردنەکەی بووە پاساوێکی گەورە بە دەست ئەو لایەنانەوە بۆ ئەوەی خانووەکەی نەدەنەوە.

ئەگەر سەیری هەشت ساڵ لەوە دواتریش بکەین واتە ساڵی(١٩٧٠) کە بەیانی ئازار ڕاگەیەندرا. هەرچەندە باسی گەڕانەوە و قەرەبووکردنی زەرەرمەندانی کوردی، لەخۆگرتبوو بەپلەیەکی وا کورد زۆر دڵی پێ خۆش بوو.

* * *

هەرچەند ئەو ڕۆژانەی(عەزیز) دەست بەتاڵ بووایە و بە غاز فرۆشتنەوە سەری قاڵ نەبووایە، لەگەڵ ئازاد دا هەندێ قسە و باسی دونیای ڕۆژانی جۆراوجۆریان تەتەڵەدەکرد. سا، باسەکان تازە بابەت بوونایە یان تایبەت بەساڵانی زوو بە ڕۆژگاری هەردووکیانەوە هەبووایە. هەردووکیان، چێژیان

لەوە وەردەگرت کە گفتوگۆیەکانیان هەمیشە لە ناوجەرگەی بابەتی سیاسی بوون، یان بۆنی سیاسەتیان لێوەبهاتایە هاتووچۆکەرانی لای ئازاد ناو بەناو قسەکانیانی پێ دەبڕین. ئازاد، هەموو جۆرێکی ئەو کەسانەی کە هاتووچۆیان دەکرد چ بە کاری فەرمی یان جۆری تر، باش دەناسی بۆیە ئەگەر خۆی و عەزیز لە گەرمە و لووتکەی هەر باسێکیان بوونایە بەتایبەتی ئەو باسانەی یاساغ بوونایە و، بڤە بوونایە بۆ ئەو سەردەمە، ئازاد ئەگەر چاوێکی لە عەزیز داختستایە واتە پێی دەگوت(قسەکان بگۆڕە) خۆ ئەگەر سەری بۆ بلەقاندایە واتاکەی ئەوەبوو بڵێ(لەسەر قسەکانت بڕۆ) ئەم کەسەی هاتە لامان، هاو هەڵوێست و هاو بیرمانە، لێی مەترسە.

هەندێ جار گفتوگۆکان لە بازنەیەکدا بوون، جیاوازی دەخستە بەینیانەوە، بەڵام، بەزۆری چونکە پەیوەست بوون بەڕابردووەوە، جیاوازیەکەی نێوانیان نەدەبووە مایەی قسە بڕینەوە و نەدەگەیشتە پلەی لە یەك زویر بوون.

بەتایبەتی(ئازاد) بەو پێیەی لە تەمەندا لە عەزیز گەنج تر بوو، هەمیشە بەڕێزەوە باسەکانی دەخستە سەرمێز، هەروەها لەبەرئەوەی هەردووکیان لە بنەمادا و لە بنەماڵەدا سەردەمێك بە بابەتی سیاسیەوە خەریك بوونە و داخکراوی ڕۆژێکی تاڵ بوونە، بۆیە دەست بەرداری قسەکردن لەبارەی بابەتە سیاسیەکانەوە نەدەبوون.

ئازاد حەزی دەکرد لە قسەکاندا، هەمیشە بیرەوەری خۆش و سەیر بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی تام و چێژێك بخاتە نێو مەسەلەکانەوە، کە بەگشتی بابەتی وشك و ڕەزاگران بوون.

- مام عەزیز با قسەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە. ئەوە منداڵم، هێشتا بە تەواوی ڕاست و چەپی خۆی لێك نەکردۆتەوە. لە گوندەکەی خۆمان بووین،



هەموو ڕۆژێك باوکم و مامەکانم و خزمانی دیکە، بەوەوە خەریك بوون کە باسەکانیان هەر لە مەڕ کەریم قاسم و شۆڕش و کۆمەڵەی جووتیاران و ناتەباییان لەگەڵ ئاغاکانا بوو.

- ئەمە لە چ ساڵانێکدا؟

ئەوەبوو خێزانی ئێمە و چەندین خێزانی دیکەی گوندەکەمانیان بەجێ هێشتبوو، بەڵام کە شۆڕشەکەی تەمووز بوو هەندێکمان گەڕاینەوە گوند و هەندێکمانیش ناو بەناوە سەردانی گوندمان دەکرد، یەکێك لەو، خێزانانە خێزانی ئێمە بوو. بابێمەوە سەر مەسەلەکە، شەوێك هاوین، بوو چوومە سەربان، سەیردەکەم باوکم و مامەم دانیشتوونە و ڕووە و ئاسمان سەیریا دەکرد. مانگەکە لە ناوەڕاستی. ئاسماندا بوو دەتگوت پاپۆڕێکی سپی و خڕە لە ناوەڕاستی دەریایەکی شیندا.

پرسیم: ئەوە بابە سەیری چی دەکەن؟! گوتیان: ئەمڕۆ لە ژووری کۆمەڵە بووین باس لەوە کرا کە هەندێ شەو، ڕووخساری(زەعیم) لەناو مانگدا دەردەکەوێت. ئەوە ماوەیەکە چاودێری مانگین، بەڵکو لە چرکەیەکدا وێنەکەمان بەرچاو دەکەوێ.

منیش بەپێی تەمەنم و باوەڕکردن بە لە خۆم گەورەتر، لە تەکیان دانیشتم و ڕووم کردە ئاسمان.

- بەخوا ڕۆژانێکی سەیربوو، خۆشەویستیەکەی (کەریم قاسم) ئەوسا چووبووەناخی هەموومانەوە.

- قەناعەتم پێ بکە، چەند جارێ وێنەکەی(زەعیم) دەهاتە بەرچاو پڕ بەپڕی مانگەکە بوو. بەڵام کە لە تەمەنا پێشکەوتم و بارودۆخ گۆڕا بەلایەکی خراپا شکایەوە سەرمان، هەرچەند بیری ئەو شەوانە و ئەو قسانەم دەکردەوە گاڵتەم بەخۆم و بە هەموو کەسێك دەهات، کە باوەڕیان

بەبوونی ئەو دیاردەیە هەبووبێ دەیانگوت: دەستی زەعیم بەدەستی خواوەیە!

لە دوای شۆڕشی تەمموز(١٩٥٨) هەموو چین و توێژەکانی گەلی عێراق، بە کوردیشەوە، بە کەریم قاسمیان دەگوت(زەعیم) کەم واهەبوو ناوە ڕاستەقینەکەی بە دەمیانا بێت. هەستیان دەکرد ئەگەر نەڵێن(زەعیم) جۆرێك لە بێ ڕێزیە و کەمکردنەوەیە لە پلە و پایەی تاوای لێهات هەتا دوو ساڵیش

(عبدوالکریم قاسم) لەبری وشەی زەعیم، هەندێ کەس دەکەوتنە گومانەوە لێی و وای بۆ دەچوون کە دڵسۆزنەبێ بۆ شۆڕش یان پەیوەندی هەبێت لەگەڵ دوژمنانی(قاسم) دا ئەمە بەجۆرێك بوو کە زۆر کەس ئەکەوتە ئەو حاڵەوە، یەکسەر پەشیمان دەبووەوە لە قسەکەی و تاماوەیەکیش ترسی لێ دەنیشت.

وشەی زەعیم هەرچەندە بەو واتایە دەگوترا، کە ئەو پیاوە پێشەواو سەرکردەی گەلە، بەڵام لە بنەمادا لەوەوە سەری هەڵدابوو، کە کاتێ ئەو ڕۆژەی عبدوالکەریم قاسم و سەربازەکان، ئەفسەرەکان هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی مەلیك و ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا، ئەوسا پلەی ئەو کابرایە لە سوپادا(زەعیم) بوو، کە یەك پلە لە(عەقید) مەزنتر بوو. کاتێ بەیانەکانی ئەو شۆڕشە بە واژۆی کەریم قاسم بوو، واژۆکە دەیگوت(زەعیم) لە واتاکەی خۆی، کە پلەیەکی عەسکەری بوو، گۆڕا بۆ واتای (پێشەوا و سەرکردە) لەوە و دوایش لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی دوای شۆڕشەکە، پلە ئەفسەریەکەی بەرزتر بووەوە و لە پلەی زەعیمی دەرچوو، بەڵام هەتا تیاچوو هەر وشەی(زەعیم)ی بەسەرا بڕابووەوە.



عەزیز زۆر حەزی دەکرد ناو بەناو لقێ لە یادەوەریەکانی ئەوسای و دواتریش، بکاتە بەر باس، بۆ نموونە لە دەرفەتێکا هاتە قسە.

- کاکە، ئەو پیاوە هەرچەندە هەموومان ئومێدێکی گەورەمان پێ هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بگرە و بەردە و ناڕێکی خستبووە نێوان کەسانی گەلەکەمان. وای لێهاتبوو لە خێزانێکدا برا لەگەڵ برا هەڵوێستی جیاواز بوو. یان کوڕ لەگەڵ باوکدا لە یەك زوویر دەبوون. بەهۆی ئەو جیاوازییە، هەندێ شیەعی بوون، هەندێ پارتی هەندێکیش لایەنی تر. هەرچەندە خاڵی هاوبەشیان(زەعیم) بوو، بەڵام لە وردەکاریدا و لە هەوڵی ئەوەدابوون هەر لایەنە و ، جەماوەرێکی زیاتر بخاتە ژێر ڕەشماڵەکەی خۆ، ململانێکەیان هەندێ جار توند و تیژی لێ دەکەوتەوە.

حیزبی شیوعی، بازنەی گۆڕپانەکەی لەو سەردەمەدا فراوانتر بوو، زۆرینەی جووتیار و کرێکار و بەشێك لە ڕۆشنبیران دوای دروشمەکانی ئەو حیزبە کەوتبوون بە بۆنە و بەبێ بۆنە، ناو بەناو ڕێ پێوان دەکرا، چەپڵە بارین بوو. هاواری(بژی گەل ڕۆڵەی گەل عبدوالکریم قاسم) دەگەیشتە کەشکەلانی ئاسمان، لە شەقامەکانا دەنگی دەدایەوە، بەڵام ئەو دەنگ و هاوارە بۆ هەموو لایەنەکان وەك یەك بوو. هەر لایەنە و هەوڵی زیاتر نیزیك بوونەوە لە کەسایەتی(زەعیم)ی دەدا. بەگوێرەی گەلی کوردستان، کەسایەتی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە(مەلا موستەفای بارزانی) بوو ڕۆڵی ئەوەی هەبوو کە پارتی ڕێژەیەك فرەتر لە جەماوەرەکە دوای کەون و ئومێدی بە دیهاتنی هیواکانیان بەستبووە بە کەسایەتی ئەوەوە بەتایبەتی هیوا و خەونە نەتەوایەتیەکان. وادیاربوو کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نیگەرانیەك لای کەریم قاسم شین بێ ئەویش بوونی پێشەوایەکی تر لە عێراقدا هەبێ کە شان بەشانی خۆی بێ. بۆیە لە هەلێك دەگەڕا لە بایەخ و نرخی

کەسایەتی(مەلا مستەفا) کەم بکاتەوە، لەبەر چەند هۆیەك ئەو مەبەستەی بۆ جێبەجێ نەکرا.

بۆ بە کەسایەتیەکەی خۆی بەرەبەرە بەرەو لای عەرەبە نەتەوەپەرستەکان ڕۆی. جەماوەری کوردیش زۆرتر ڕوویان کردە هێڵی پارتی، بە سەرۆکایەتی(مەلا مستەفا)

* * *

عەزیز لە کار و فرمانەکانی ناو پێشمەرگایەتیدا هەندە دڵسۆز بوو، دڵسۆزیەکەی بەجۆرێك بوو هەموو بەرژەوەندیەکانی خێزانەکەی و منداڵەکانی فەرامۆش کردبوو. کە لە گوندەکاندا لەگەڵ پێشمەرگەی دیکەدا ئەم جێ و ئەو جێی دەکرد، هەم لەلایەن هاوڕێکانیەوە و هەم لەلایەن گوندنشینەکانەوە هەمیشە شوێنی ڕێزلێنان و خۆشەویستی بوو. ئەمە وای کرد کە پلەی پێشمەرگایەتیەکەی ناو بەناو بلند ببێتەوە. سەردمێك بوو لە پێشمەرگەی ئاساییەوە بۆ(سەردەستە) ئەوجا(سەرپەل) دوای ئەوە(سەرلق) دوا پلەیش پێش پیلانەکەی(جەزائیر) ساڵی(١٩٧٥) جێگری(ئامر بەتالیۆن)بوو زۆربەی کاری پێشمەرگایەتیەکەی لە ناوچەی(خورماتوو و کفری) بوو. لەو ناوچانەدا چەند ماڵێکی دەستنیشان کردبوو کە ناو بەناو هەواڵی بناردایە کەرکوك، بۆ ئەوەی منداڵەکانی بێت بۆ لای سەردانی بکەن لەو ماڵانەدا، لە کاتی حەسانەوە و مۆڵەتدا چاوەڕێیانی دەکرد. تا بیتوانیایە ئەگەر ئەو ڕۆژ و شەوانەی لەو ماڵانەدا بووایە، پێشمەرگەی کەم دەبرد لەگەڵ خۆیدا، نەدا ئەو ماڵانە بێزاربن و قورسایی ئابووری زۆر بکەوێتە سەریان.

ناو بەناو هەندێ براکانی ، بەبێ هۆ یان بەهۆیەکی تایبەتەوە سەریان لێ دەدا.



هەواڵی گەیشتە کەرکوك کە عەزیز بریندارە. بۆیە(ڕەئوف) برای کە ئەوسا هەم فەرمانبەربوو، هەم قوتابی کۆلیجی(یاسا)ی ئێواران بوو لە بەغدا بەو بۆنەیەوە لە کەرکوکەوە ویستی بچێ بۆ لای (عەزیز)ی برای. کەوتە تەکبیرکردن لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری ماڵیان.

- ئێ باشە چۆن دەتوانین بگەینە ناوچەی ساڵەیی بان شاخ کە دەکەوێتە پشت خورماتوو بنار گلەوە.
- بە پرسیار مرۆڤ بزر نابێ.
- ئەمە ڕاستە بەڵام، ئەی ئەگەر تووشی چەکدارەکانی سەر بە حکومەت بووی؟
- یەکەم من چەکدار نیم، دووەم پێناسەی قوتابێتیم پێیە و، سێیەمیش دەڵێم دەچم بۆ ماڵی حاجی محەمەدی گوندی ساڵەیی کە خزمی باوکمە، و ئێستاش بارودۆخەکە بەگشتی هێورە.
- هەر بەزۆر حاجی محەمەد دەکەینە خزمی باوکمان.
- بەرژەوەندی وا پێویست دەکا جاروبار پیاو دەبێ درۆی سپیش بکا.

ئەی خێڵی  حاجی محەمەد لە ئێمە نیە.

(ڕەئوف) پاش ئەوەی لە گەڕەکی شۆرجە پرسی ئەوەی کرد کە، چوون بۆ ئەو گوندانە چۆن ئەنجام دەدرێ و ئۆتۆمبیلیان لە چ شوێنێکەوە بەرەو ئەوێ دەچێ هەندێ ناسیاو و هاوڕێی هەموو شتێکیان بۆ باسکرد. پاش نیوەڕۆیەکی زوو چووە تەك ئەو پیکابانەی کە لە شۆڕجەوە، بەرەو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کەرکوك دەردەچوون. بینی پیکابێك هەندێ کەس لە پێشەوە دانیشتوونە هەندێکیش لە دیووی دواوەی پیکابەکە وەك بڵێی چاوەڕوانی سەرنشینی دیکە دەکا ئەوەندەی نەمابوو بکەوێتە ڕێ، خۆی هەڵدایە نێو پیکابەکە و سڵاوی لە سەر نشینەکان کرد و دانیشت. هەر

کەسێ بەراوردی(ڕەئوفی) بکردایە لەگەڵ ئەو گوندنشینانە یەکسەر دەیزانی ئەم لە پێڕی ئەوان نیە، بەتایبەتی لە جل و بەرگدا. پیکاب کەوتەڕێ بەرەبەرە لە شار دەرچوو لە لێواری شار خاڵێکی پشکنینی لاواز هەبوو کە پیکابەکە گەیشتە ئاستی، بەپێی ئەوەی ئۆتۆمبێلی زۆرکەم پێیدا دەڕۆیشت و بەوپێیەی شۆفێرەکە و سەرنشینەکانی دیکە دووبارە و سەدبارە بوو بوونەوە. پیکابەکە هەڵوێستێکی لە ئاستی سەربازێك کردوو کابرا یەکسەر ئاماژەی ئەوەی پێدا کە ڕانەوەستێ و بڕوا هیچ سەرنجیشی بۆ شێوەی تایبەتمەندێتی ڕەئوفی نەچوو ڕەئوف هەناسەیەکی پێ خۆشی هەڵکێشا و دڵنیا بوو، کە دەرچوونەکەی لە شار دەستەبەربوو بەبێ هیچ گرفتێك.
سەرنیشنەکان سەرنجی ڕەئوفیاندا سەیریان پێهات، کە ئەم گەنجە ئەفەندیە بۆ کوێ دەچێ و چ کارەیە. گومانیشیان لەوەکرد کە سیخووری میری بێ و بۆ مەبەستی خراپ هاتبێ یەکێکیان هەڵی دایێ.
- کاکە، تۆ بۆ کوێ دەچی؟
- ئێوە بۆ کوێ دەچن منیش بۆ ئەوێ.
- کاکە ئێمە بۆ لادێ ئەچین.
- ئێ منیش لەگەڵتان دێم.
- ئێ بۆ ماڵ کێ دەچی؟
- ئێ بۆ ماڵ هەرکەسێ بێ. دەبم بە میوانی تۆ.
کابرا بزەیەکی کرد و بەناچاری گوتی: (هەی میوان بەسەر چاوان) یەکێکی دیکەیان کەوتە قسە.
- کاکە هەبێ و نەبێ، تۆ برای(مەلا غەریبی)
- مەلا غەریب کێیە؟!
- خۆت لێمان هەڵە مەکە.



- بەڵێ ڕاستەکەی من برای ئەوم.
ئیتر بەهەندێ ئازادیەوە کەوتنە قسە لەگەڵێدا و ترسیان لێ شکا.
لەو ڕۆژانەی عەزیز مۆڵەتی هەبووایە دەبووە شێوە بنکەیەك لەوێ.
ماڵی حاجی محمد چی شکات و کاری گوندەکانی ئەو دەووروبەرە ببووایە لە دیووەخانەکەی حاجی بەرپا دەکرا، عەزیز بەوپێیە ئەوسا کادر بوو، بەکارامیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان ئەو خەڵکانەی دەدا.
ئەوسا کە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیست بوو، بە فەرمی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە گوندەکانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان نەمابوو تەنیا لە بنکەی ناحیە و قەزاکان و پارێزگاکان نەبێ. ڕێنماییەك هەبوو لەلایەن حکومەتی بەغداوە کە ئەو ناوچانە شوێنی(یاساغی بەڕێوەبەرایەتی) پێ دەگوترا. جگە لە هێرشی سەربازی هیچ هێزێکی پۆلیس یان فەرمانبەر و بەرپرسیاری حکومەت بۆیان نەبوو بچنە ئەوێ لەبەرئەوە هێزی پێشمەرگە ناچاربوو کاروباری شارستانی و هەر گرفتێکی کۆمەڵایەتی هەبووایە خۆی چارەسەری بکا. وا ڕێك کەوت کە ئەو ئێوارەیەی ڕەئوف گەیشتە ئەوێ چەند کەسانێك هاتنە دیووەخانەکەی حاجی محمد و سکاڵایەکیان بەزارەکی خستە بەردەم مەلا غەریب پاش وتوویژ و گفتوگۆیەکی زۆر توانی گرفتەکە چارەسەر بکا و هەردوو لایەنی ئەو گرفتە ڕازی بکا و کۆتایی بەڕکە بەرێکەیان بهێنێ.
کە قسە و باسەکانی ئەو سکاڵایە هێور بووەوە ڕیزێك چای هات و ئەوسا قسەی تایبەتی نێوان عەزیز و براکەی بەشێنەیی و بەنەرمی دەستی پێکرد.
حاجی محمد ئەو کپ بوونەوەیەی مەجلیسەکەی بەهەل زانی هەر بۆ خۆشی قسەیەکی هەڵدا و گوتی: (بەخوا باوکم ئەم مەلا غەریبە ماڵەکەی

منی کردۆتە مەحکەمە. توخوا جەماعەت ئەمە چ ڕەوای حەقە؟ برام من نە بێستانەوانم، نە کاڵەك ڕنم؟)

لە ڕاستیدا حاجی محمد ئەم جۆرە قسانەی زۆرجار دەکردەوە بەتایبەتی ئەگەر کەسانی هەمە جۆرە و گوندەکانی تر لە دیوەخانەکەیدا ئامادە بوایەن ئەم قسانەی لە ناخەوە دەردەچوو بەڵکو لە ڕاستیدا ئەنجامدانی ئەو کارانەی، عەزیز لە ماڵەکەیدا مایەی دڵچخۆشی و شانازی بوو. بەڵام مەبەستی لە قسەکانی ئەوەبوو کە خەڵکان بڵێن حاجی محمد بەناچاری ئەمە قبووڵ دەکا و پەیوەندیەکی هاوسۆزی لەگەڵ پێشمەرگەدا نیە.

ڕۆژی دوایی ئەوە پیاوێکی کامڵ و بە سەر و سیما. هاتە ماڵ(حاجی) حاجیش خۆی سەفەری کردبوو هەندێ سندوقە چای و بادە چاکەت و قاپووتی، بەترێکتەر بەرەو زێی(سیروان) برد بوو کە لەوێوە قاچاخچیە ئێرانیەکان ئەو شت و مەکانەیان لێ وەردەگرت و بەرەو دوا دەپەڕینەوە و، ئەمیش دەگەڕایەوە دوواوە.

پیاوە بەسەر و سیماکە، پاش خۆش و بێش کردن لەگەڵ عەزیزدا و بەخێرهاتنی(ڕەئوف) کەوتە قسە.

- کاك مەلا جەنابت و ئەم برایە، دیارە میوانە، بۆ نیوەڕۆ پێکەوە لە ماڵ ئێمە لە خزمەتتانا دەبین.

لەبەرئەوەی عەزیز چەند ڕۆژێك لەو دێیە یان هەر دێیەکی دیکە، دەمایەوە، بوو بوو بە نەریت هەر ڕۆژە و لە ماڵێکەوە کەسێك دەهات بۆ فەرموو لێکردنی. بۆیە عەزیز بەبێ هیچ قسەیەك یەکسەر خۆڵککردنەکەی قەبووڵ دەکرد.

پێش نیوەڕۆژەکردن عەزیز چوو دەستنوێژی شووشت لە گەڕانەوەدا کچۆڵەیەکی کز و سیسی بەرچاو کەوت لە سێبەرێك دانیشتبوو لە نەخۆش



دەچوو، چڵکن و پڵکن دیاربوو مێش لێی ئاڵابوو کە گەڕایەوە و بەتەك خاوەن ماڵەکەوە دانیشت لێی پرسی ئەرێ فلانی ئەو کچۆڵەیە بۆ وا کز و وەڕس دیارە و، لە هەڵسوکەوتدا لەی بەچکەکانی دیکەت ناکات مەسەلە چیە؟!

- بەخوا کاکە مەلا ئەوە دەستگیرانمە.

ئەم هەندێ ڕاما و گوتی: (چۆن؟! دەستگیرانتە؟!)

- بەڵێ، چۆنی دەڵێم وایە.

- ئەوە تەمەنی چەندە.

- (دوانزە) ساڵە.

- ئەی چۆن دەستگیرانتە.

- بەڵێ ئەوە من کەنیشکێکم هەبوو، دام بە سۆڤ فەتحوڵای ئەو گوندەی لێوار چەمەکە. بەڵام من بنپشکێکم بۆ خۆم لێ داواکرد چونکە کەنیشکی عازەبی نەبوو.

- واتا ئەم کچەیان لێت مارە بڕی.

- بەڵێ قوربان.

- ئەوسا تەمەنی چەند بوو.

- هەر هەشت بۆ نۆ ساڵان بوو.

- ئەی بۆ لێرەیە، خۆ هێشتا نەت گواستووەتەوە.

- برا وەشەرعی خۆ بۆم هەیە، ئەو کەنیشکە پێش گواستنەوە بەچەند ساڵێك بیهێنمە لای خۆم هەتا بالق دەبێ و هەرخۆم مەسرەفی لێ بکەم. ئەوسا دەبێ بە خێزانم.

- ئەی خاوەنی چۆن ئەمەی قبووڵ کرد.

- ئاخر ئەمە یەکێکە لە مەرجەکانی ئەوەی کەنیشکەکەی خۆمم مارە بڕیووە لێی.

عەزیز ئەم بابەتە زۆر کاری تێکرد و بیری لەوە کردەوە کە کچۆڵەیەکی بەسەسزمانی دوور لە دایك و باوك، چ ستەمێکی لێکراوە و لە ژێر باری چ ئازارێکی دەروونیدایە. خاوەن ماڵ بانگی کرد(خواردن بێت) عەزیز بەدەنگێکی نەختێ بڵندەوە گوتی: (با نان نەیەت، من نانی تۆ ناخۆم، نانی پیاوی ستەم کار و لە خوا نەترس ناخۆم، پێمیش بڵێ ئەم کارە چ مەلایەك ڕێگەی پێداوە و، بە مارە بڕینی ئەم کچۆڵەیە قایل بووە)

خاوەن ماڵەکە گوتی: (کاکە مەلا، ئێمە کاری بێ شەرعیمان نەکردووە خۆ من یەکەم کەس نیم ئەم جۆرە کارە بکا، چەندین کەسم لەم ناوچەیەدا بینیووە بە هەمان جۆر کەنیشکی خۆیان بە شوودا وە و بنپشکیان لێ مارە بڕاوە. پێش بالقبوونی گواستوویانەتەوە.

عەزیز هەندێ هەناسەی سوار بوو، بەدەنگێکی نائاساییەوە کەوتە قسە.

- بنێرە ئەو دوو پێشمەرگەیەی کە هاوڕێمن و ئەمڕۆ لە ماڵ(کوێخا عەلی)ن، با بەخێرایی بگەنە لام.

زۆری پێ نەچوو پێشمەرگەکان بە خۆیان و تفەنگەکانیانەوە، گەیشتنە بەر دەرگای ژوورەکە، سڵاویان کرد و یەکسەر یەکێکیان گوتی. فەرموو کاك مەلا ئەمرکە مەلا غەریب، بەشێوەی فەرمانێکی توونـدەوە گوتی: هەر ئێستا دەچنە ئەو گوندەی لێوار چەمەکە، سۆفی فەتحوڵا لەگەڵ خۆتان دێنن و دێنەوە. بەڵام پەلەکەن.

پێشمەرگەکان بە گورجی ڕۆیشتن، خانەخوێکە بارودۆخی تێك چوو، شپرزە بوو، نەیدەزانی چی بڵێ و چۆن هەڵسوکەوت کا هەردووك بێدەنگ بوون لە ناکاو خێزانەکەی هاتە دەرگای ژوورەکە و گوتی: (ئەرێ خواردنەکەتان بۆ



بهێنم؟) کابرا گوتی بێنن بەڵام عەزیز گوتی: من پێتم گوت نانی تۆ ناخۆم. با جارێ بیهێنن بزانین. چۆن دەبێ.

پاش نیو سەعات هەردوو پێشمەرگەکە و سۆفی فەتحوڵا و زەلامێکی دیکە گەیشتنەوە جێ سەلامیان کردوو دانیشتن، بەڵام عەزیز بەلا لوتێکەوە وەڵامیانی دایەوە.

پێش ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن، عەزیز بە پێشمەرگەکانی گوت: بڕۆن، مەلای ئەم گوندە بانگ بکەنە ئێرە.

کاتێك مەلایش گەیشت دیاربوو ئەویش شڵەژابوو ترسی لێ نیشتبوو، نەوەك کارێکی نایاسایی کردبێ، بۆیە بەم جۆرە بانگ دەکرێ.

جارێ عەزیز باش باش سۆفی فەتحوڵای شووشتەوە ئەوسا شیچوە قسەیەکی وای لەگەڵ هەردوو لا کرد کە، هیچ قسەیەکیان بۆ نەمێنێتەوە، نەتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن. مەلاکەیش یەکسەر قایل بوو کە لەبەردەم هەموویان ئەو مارە بڕینە هەڵوەشێنێتەوە و کابرایش قایل بوو عەزیز ڕووی دەمی کردە سۆفی فەتحوڵا(هەڵسە دەستی کچەکەت بگرە و بیبەرەوە ماڵی خۆتان) ڕووی دەمیشی لە خانەخوێکە کرد و گوتی: (ئەگەر ببیستم هەر کارێکی وا بکەی کە ئەو کچە بە زۆر بهێنیتەوە، یان هەڕەشە لە سۆفی فەتحوڵا بکەی، ئەنجامەکەی بۆت خراپ دەبێ) کابرا دوستی بەسینگەوە گرت و گوتی: (ئەمرت بەسەر سەرم، چۆنی تۆ بفەرمووی ملم لە بەردەمتا لە موو باریکترە)

عەزیز هەندێ کەیی بووەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەیرێکی براکەی کرد و گوتی: تۆ لە کۆلیجی(یاسا)دا دەخوێنی ئەم کارەی ئەمان لە یاسادا هەیە؟

براکەی بەپێکەنینەوە گوتی: ئەم جۆرە کارە مەگەر لەناو گەلە دووا کەوتووەکانی(ئەفریقادا)مابێت.

ئەمیش پێی گوت: ئەوە لای ئێمەش ماوە.

دووبارە کابرا بانگی نانەکەی کرد، لەبەرخۆیەوە گوتی: لەوانەیشە ساردبووبێتەوە لێمان مەگرن.

عەزیز لەو ماوەیەی پێشمەرگەبوو بەتایبەتی کە پلەکەی ڕێکەی دەداپێی کە هەندێ هەڵسوکەوتی فەرمان ڕەوا ئاسا بکا، سێ و دووی لێ ناکرد. بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتانە. ڕاسکردنەکەی هەڵەیەك بووایە لە کەسێك یان دووبەرەکیەکی کۆمەڵایەتی بووایە لە نێوان کەسێك یان کۆمەڵێك، لە گوندنشینەکان. هەندێ جاریش تاڕادەیەك ئەو کردەوانەی جێگەی ناڕەحەتی بوو بەگوێرەی ستەم کارێك یان مایەی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی کوێخایدێیەك بووایە.

⋆ ⋆ ⋆

لەبەرئەوەی لە ساڵانی شەستەکانا عەزیز لە بەندینخانە بوو، دووای دەرچوونیشی کەمتر لە کەرکوك مایەوە، هەندێ بارودۆخی کەرکوکی ئەوسای لەبەرچاو ڕوون نەبوو، بۆیە گەلێك زانیاری لەو بارەوە دواتر لە براکانی و کەسوکارەکەیەوە دەبیست. ئەمە بە هەمان شێوە بۆ ئەو برایەی کە لە دووای ئەو دەستگیرکرا، ڕوویدا. چونکە ئەمیانیش ماوەی سێ ساڵ بە بەندکراوی مایەوە ساڵێك لە بەندینخانەی کەرکوك و دوو ساڵ لە بەندینخانەی(نوگرە سەلمان) لە بیابانی نێوان عێراق و سعودیە.

مەسەلەی دیاردەی(ڕەشەکوژی)دژ بە کوردی کەرکوك و ئەو ترس و لەرزەی باڵی کێشابووە سەر ئەو شارەدا، بە کوشتنی پیاوێکی کورد دەستی پێ کرد کە بە(حەمەدەمین شەربەت چی) ناسرابوو. ئەوەیش لە دەوورووبەری بەهاری(١٩٦١)دا بوو.



ئەو ڕەشەکوژیە چونکە یەکەم جار بوو، زۆر دەنگی دایەوە ئەو کابرایەی زۆرجار دەکەوتە باری ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی حیزبەکەی. هەمیشە ڕەخنەکە لەو بارەیەوە بوو. کە بۆچی ئەو حیزبە هەڵناسێ بە بەرپەرچ دانەوەی تیرۆریستان لە کاتێکدا بەشێك لەو تیرۆرکراوانە ئەندامانی حیزبی شیوعی بوون.

ئەم ڕەخنەگرتنەی بەردەوام بوو، دووبارە دەبووەوە هەتا لەکاتی بوونی لە زیندانیشدا لە نوگرەسەلمان هۆڵێك لە بەندینخانەکە تایبەت بوو بە شیوعیەکان هۆڵێکیش تایبەت بوو بە پارتیەکان هۆڵێکیش هەبوو تایبەت بوو بە بەندیکراوانی گوناهکارانی ئاسایی. ئەم دابەشبوونە هەر لە خۆڕا ئەنجام درابوو نەك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەندینخانەکەوە. هەر نیزیکەی مانگێك جارێ چەند بڵاوکراوەیەکی حیزبی شیوعی دەگەیشتە بەندینخانەکە، دیاربوو لەلایەن ڕێکخراوی ئەو حیزبەوە بەنهێنی دەنێررا بۆ بەندیەکان. بۆیە بەرپرسیارانی ڕێکخراوەکەیان لەو شوێنەدا، کۆبوونەوەیەکیان دەکرد بۆیان. داوەکوو ناوەڕۆکی ئەو بڵاوکراوانەیان بۆ بخوێننەوە و قسە لەسەریان بکەن. هۆڵی شیوعیەکان کەسانی نەتەوەی هەمەجۆرەی تێدابوو. بەڵام وتوویژ و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی هەر بە زمانی عەرەبی دەکرا. یەکەم لەبەرئەوەی عەرەبەکان کوردییان نەدەزانی، دووەم بڵاوکراوەکان بە عەرەبی چاپ کرابوون.

ڕۆژێکیان لەکاتێکدا(حمزە السلمان) کە کەسێکی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بوو یەکێ

لە زیندانیەکانیش بوو، بڵاوکراوەیەکی دەخوێندەوە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو کە(کەریم قاسم) سەرکردەیەکی نیشتمان پەروەرە و هەرچەندە سیاسەتی ئەو ڕۆژەی بەدڵ کورد و حیزبی شیوعی نەبوو، بەڵام

بڵاوکراوەکە کە باسی لەوەدەکرد کە(زەعیم) ڕۆژێ دوبارە دەچێتەوە سەر هێڵی سیاسەتەکەی جارانی. بەو شێوەیە حیزبی شیوعی زۆرجار هەوڵی ئەودەدا ئومێدێك بە خەڵکی بداو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کەریم قاسم پاشگەز بێتەوە لەو سیاسەتە چەوتەی ئەو ڕۆژەی. ئەمە خوویەك بوو حیزبی شیوعی گرتبوویە بە هەرچەندە زۆربەی ئەندامەکانی لە دڵەوە نائومێد بوو بوون و گاڵتەیان بەو قسەیە دەهات بەڵام نەیان دەوێرا بە ئاشکرا ڕەخنەی لێ بگرن.

ئەو برایەی عەزیز هەرچەندە ئەوسا بە تەمەن لەو بچووك تربوو کە بکەوێتە مشتوومڕەوە لەگەڵ(حمزە السلمان)ێکی پارێزەر و ئەندامێکی بە ئەزموونددا، بەڵام خۆی نەگرت و کەوتە قسە و گوتی: (هاوڕێ، بوارم بدەرێ قسەیەك لە ڕووی جەنابتانا بکەم)

- هاوڕێ، فەرموو.

- ئێمە دڵنیاین کە کەریم قاسم نیشتمان پەروەرە، بەڵام ئەوەیش دەزانین کە ئەمڕۆ سیاسەتەکەی چەوتە و فرِی بە دیموکراتیەوە نیە. ئیتر بۆچی بۆی ببینە تەپڵ و زووڕنا و داکۆکی لێ بکەین و جەماوەر هەڵخەڵەتێنین.

لەبری ئەمە بۆچی نەکەوینە بەربەرەکانیەکی ئاشکرا دژ بەو سیاسەتەی.

ئەم قسانە جێگەی سەرسووڕمان و پێ خۆشحاڵی ئامادەبووان بوو. هەرچەندە هەر هەموو بواریاندا قسەکانی تەواوکا. ئەم پیاوەی بەرامبەریش لە دڵەوە پێی خۆش بوو بەتایبەتی ئەگەر بزانین ئەویش دژ بەو سیاسەتەی حیزبەکەی بوو (هاوڕێ هەمیشە ڕەخنەی لێ دەگرت، لەگەڵ ئەوەیشدا ناچاربوو قسەیەك بکا کە بەم جۆرەبوو( ئەم جۆرە ڕەخنە گرتنە لە شوێنێکی گشتی وەك ئێرە دەکرێ؟! یان خۆ لەناو شانەکانی ڕێکخراودا دەبێ)



ئەگەر لاپەڕەکانی ڕۆژگار بۆ مەبەستێك پاش و پێش بکرێ بگەڕێیتە دوواوە دەڵێیت، کاتێ عەزیز یان مەلا غەریب لە گوندەکانی گەرمیاندا چەکدار بوو جارجارە لەگەڵ هەندێك پێشمەرگەی خۆیدا سا کەم بووایەن، یان زۆر گەشتێکیان بەو ناوچانەدا دەکرد. لەو شوێنانەدا بەزۆری وابوو لەلایەن خەڵکانەوە، چ
کوێخاکان و دەم سپیەکان و، چ لەلایەن جووتیاری ئاسایی بە هەژار و دەوڵەمەندەوە، بەخۆشیەوە پێشوازیان لێیان دەکرد. بەتایبەتی ئەگەر بیان گوتایە مەلا غەریب بەرەو لامان دێ، بەوپەڕی دڵخۆشیەوە باوەشیان بۆ دەکردەوە. بەپلەیەك ئەویان بە پیاوێکی باش و دەست پاك و ڕەوشت بەرز ناسیبوو، بەجۆرێك ئەگەر تووك و دووعایان لە کەسێ بکردایە دەیانگوت دەك (بەردی مەلا غەریبت لێ وارێ)

عەزیز هەر مێوان نەبوو، بەڵکو چاودێرێکی وردبین و زیرەك بوو، بچووایە هەر شوێنێك زوو بەزوو کەم و کورتیەکانی کۆمەڵایەتیانی دەستنیشان دەکرد و هەوڵی دەدا ماف بۆ، ماف لێ زەوتکراوان. بگەڕێنێتەوە ، بەپێی توانا سزای ستەمکاری دەدا. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە زیاتر لە پانزە ساڵ لەوەپێش کە ئەوسا نە شۆڕش هەبوو نە پێشمەرگە ئەوسا مەلا غەریب(کە - عەزیز) بوو کرێکارێکی کۆمپانیای نەوت بوو، بەو پێیەی باوکی دوو ژنی هەبوو ماڵێك لە شار و ماڵێك لە گوندەکەی خۆیان. عەزیز هێشتا بەتەواوی نەبوو بوو بە ئەندامێکی ماڵەکەی شار، کە دایکی خۆی لێ بوو پەیوەندی بە ماڵەکەی گوندەکەیانەوە هەر مابوو کە زڕ دایکەکەی لێ بوو.

ئەمەیش لەوەوە هاتبوو کە شوێنی کارەکەی لە نمرە هەشت بوو کە نیزیك بوو لە گوندەکەیان و، لە کەرکوکەوە دوور بوو. ئا لەو قۆناغەدا لەبەرئەوەی کەسێکی لاو بوو، هێشتا کەم ئەزموون بوو، مەسەلەکانی ستەمکاری،

کۆمەڵایەتی دەرك پێ نەدەکرد هێشتا بیریشی بۆ ئەم بابەتە نەدەچوو لە مێشکیدا کاریگەر نەبوو بوو.
لە گوندەکەیاندا فەتاحی ساڵحە ڕەش و علی خەنە و چەند کەسێکی تر هاوتەمەنی بوون و هاوڕێیەکی دڵسۆزی یەکتر بوون. بیرۆکەیەك و هەڵوێستێك هەمیشە لە مێشکیاندا چەسپی بوو، لەنێوان خۆیاندا دووبارەیان دەکردەوە. ئەو بیرۆکەیە بوو بووە مایەی ئەوەی بگاتە پلەی بیروباوەڕێك و ڕاستیەکی پیرۆز. کورتەکەی ئەوەبوو(کە پیاو دەبێ بەسەر ژنی زاڵ بێ و، لە یەکەم شەوی زاوابوونیا چاوی ژنەکەی بشکێنێ و بیترسێنێ)
لە گوندی قەرەدەرەدا، ئەو خۆشەویستیەی لەنێوان عەزیز و سەبحەدا هەبوو دەنگی دابووەوە. کەس لەو ئاواییەدا نەبوو ئەو شتە نەزانێ. بەتایبەتی کچان و ژنان لە دەشت و دەرکردنا و لەسەر بیر و کانیدا کە دەگەیشتنە یەك، باسی(عەزیز و سەبحە)لە یەکێ لەو باسانە بوو، بە لەزەتەوە باسیان لێوەدەکرد.
- بەخوا ئەو دووانە دەڵێی خوا بۆ یەکتری خوڵقاندووە.
- بەڕاستی عەزیز لە قۆزیدا و سەبحە لە جوانیدا و ڕێك و پێکیدا هاوکوفن.
لە بۆنەیەکدا شاییەك لە ئاواییەکەدا دەسووڕا، ڕەشبەڵەك بوو(سەبحە) پێی شەرم بوو بچێتە دەست عەزیزەوە لەبەرئەوەی دەترسا لە تانە و توانج و قسە و قسە لۆك، بەناچاری چووە دەست علی خەنەوە هەڵپەڕی. عەزیز هەرچەندە ئەمەی بە شتێکی ئاسایی دەزانی و لە گوندا نەریتێکی نەشیاو نەبوو. یەکێ لە نەریتەکان ئەوەبوو کە گەنجێك بیویستایە بچێتە ڕیزی شایی کەرانەوە، نەدەبوو بچوایەتە دەست ئافرەتێکەوە، بەڵام بۆ ئافرەت ئاسایی بوو بچێتە دەست پیاوێکەوە، کە بۆ تاوێك شاییەکە ڕاوەستاو شایی



کەران دەستیان بەردا، عەزیز پڕی دایێ ناو لەپی علی خەنەی هاوڕێی و بە گەرمی چەند جارێ ماچی کرد، ئەو کردەوەیەی نیشانەی ئەوەبوو کە چەندە بە پەرۆشەوەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستی سەبحە لە دەستی بئاڵێ و پەنجەکانیان تێکەڵ بەیەك کەن.
سەبحە کچی پیاوێکی هەژار بوو، بە عەولا سوور ناسرابوو، کەم وا دەبوو وەکو کەسانی تر بچوایەتە دیوەخانەکەی(شێخ تایر) بۆ دانیشتن و قاوە خواردنەوە.
هەمیشە دوورە پەرێز بوو. خاوەن سێ کچ بوو. یەك کوڕیشی هەبوو لە ژنێکی تر کە دایکەکەی نەمابوو. بۆیە عەلی کوڕی، هەر زوو ژنی هێناو لە باوکی و زڕ دایکەکەی دوورکەوتەوە، بگرە چووە گوندێکی دیکە.
عەزیز زۆرجار یەخەی(حەمە ساڵحی) مامی و (ئەحمەد لوولەی) خاڵی دەگرت بۆ ئەوەی وا بکەن باوکی قایل بێ بە خواستی ئەو کچەی عەولا سوور بۆی.
چەند جارێ ئەو دوو کەسە و کەسانی تریش بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆیان لەگەڵ باوکی عەزیزدا کرد. بەڵام ئەو قایل نەدەبوو. قایل نەبوونەکەیشی لە ڕاستیدا ئەوەبوو، ئەم خۆی بە پیاوێکی کەسایەتی و ناسراوی گوندەکە دەزانی و خاڵۆزای شێخ تایر بوو بۆیە هەمیشە حەزی دەکرد کوڕەکانی کچی وا بخوازن کە لە بنەماڵەی ناودار و بەدەست و مەقام بن، بەڵام لە کۆتاییدا هەرچی چۆنێك بوو بەوە قایل بوو کە بنێرێتە داخوازی ئەو کچە.
قسە و ئامۆژگارییەکانی هاوڕێکانی عەزیز لە مێشکیدا دەسووڕانەوە، لەگەڵ نیزیکبوونەوەی شەوی گواستنەوەی بووکدا. پلەی خوولانەوەی ئەو ئامۆژگاریانە بڵندتر دەبوون، خێراتر دەخوولانەوە.

بە پاسێکی دارین کۆمەڵێ زەلام و یەك دوو ئافرەت و هەندێ کچۆڵە و مێرمندالْ، لە مالْ عەزیزەوە کەوتنەڕێ بەرەو کۆڵانێکی تری هەمان گوند بۆ ئەوەی لەوێ(بووکە) سووارکەن و یەك دوو پێچ بەدەوور گوندەکەدا بسووڕێنەوە. ئەوجا بیهێننە بەردەرگای مالْی زاوا پارچە قوماشێکی سوور بەسترابووە سەر لووتی پاسەکە. بەدەم ڕێگاوە هەموو چەپڵەیان لێ دەداو(بووکانە بووکانەیان دەگوت)

قەرەباڵغی سووك بوو شایی کەران و ئامادەبووان بەرەبەرە بڵاوەیان لێ کرد، و ڕۆژئاوابوو. لەبەردەرگای ئەو ژوورەی بۆ بووك و زاوا ڕێك خرا بوو ئامادە کرابوو بەرەیەك ڕاخرابوو دوو سەرین خرابوونە سەریەك دەستی بووکەیان گرت و لەسەر سەرینەکان دایان نا، ئەو(بووکانە بووکێ)یەی لە ڕێگادا دەگوترا بەردەوام بوو ژنان و کچان و کچۆڵان بەپێوە بەدەوور بووکەدا نیوە بازنەیەکیان دروست کرد و بە چەپڵە و گۆرانی ماوەیەك برا سەر ناو بەناو دەنگی(تلیلی و هەڵهەڵە) لە یەکێکەوە بڵند دەبووەوە، دەبووە ئەگەری گەرم کردنی گۆرانیەکان و چەپڵە لێدانەکە.

لە هەموو کۆڵان و گەڕەکێکی گوندەکەوە بەتایبەتی ژنان و کچان ڕوویان دەکردە ئەوێ بۆ بینینی بووکە. هەرچەندە هەر هەموو دەیانزانی بووکە کێیە و ڕادەی جوانیەکەی چەندە، بەڵام سەیرکردنی بووك پاش ڕازاندنەوە و ئارایشتکردنی، تام و چێژێکی خۆشتری دەدا بەسەیرکەران. هەندێ لە کچان بە ئەندێشە خۆیان دەبینی کە لە شوێنەکەی ئەو بووکە دانیشتوون.

بووکە، بە خۆشیەکی تێکەڵ بەترسەوە چاوەڕوانی ئەوەبوو زاوا، بێتە ژوورەوە، ئەو کەسەی پاڵێکی بە عەزیزەوە نا، کە بچێتە ئەو ژوورەوە، زڕ دایکەکەی بوو بە چرپە و بە بزەیەك، تێیگەیاند کە کاتی چوونە ژوورەوەیە و خۆی دوانەخا بەڵام هەر ئەوەندەی چووە ژوورەوە لە بووکە



نیزیك بووەوە و بێ سەلام و بێ کەلام تۆپێك لە تەقی سەری داو دونیا ژێر و ژوور بوو، سەرپێچوو هەوری و ئاڵا و واڵای لەسەر بووك کەوتنە زەوی و ، زیرەیەکی پڕ شەرمی لێ هەڵسا و بەلایا هات و کپ بوو، چاوەکانی ئەبلەق بوون و تەنیا بنمیچەکەی دەدی و ژوورەکە بان و بن بوو، وەك چەرخ و فەلەك، دەسووڕایەوە، چاوی لێك نا، لەگەڵ لەرزین و جووڵەیەکی دەستەکانی و قاچەکانی دەمی وشك بوو، زمانی لاڵ بوو هەناسەی سووار بوو، هیچ لەو کاتەدا تێ نەگەیی مەسەلە چیە؟ چی ڕوویدا؟!

عەزیزیش چەند چرکەیەك دەستەکانی خستە کەلەکەی خۆی و ڕەق ڕاوەستا، ئەو ئەنجامەی کارەکەی چاوەڕوان نەدەکرد، یەکسەر پەشیمانیەك هەموو گیانی گرتەوە(چیم کرد بەخۆم، ئەی ئێستا چی بکەم؟! دەترسم بمرێ) باوەشێکی بە لاشەی بووکەدا کرد، بەڵام لاشەکە وەك کۆتەرە دارێك بێ هەست و نەست بوو جووڵەی نەکرد. گوێچکی بۆ لای دەمی برد(هەناسە دەدا، دیارە باشە هێشتا زیندووە) ماوەیەکی تر دانی بەخۆیدا گرت نەیدەزانی چ بڕیارێك بدا، چاوەڕێی ئەوە بکا، سەبحە چاو بکاتەوە، یان هەواڵەکە بگەیەنێتە دەرەوەی ژوورەکە. پاش ڕامانێکی بێ سوود. پڕی دایێ دەرگاکە و دەرچووە دەرەوە و یەکسەر خۆی گەیاندە لای دایکی و(هەیبەتی) زڕ دایکی، بەشپرزەیی کەوتە قسە:

- ئەرێ نازانم سەبحە چییەتی؟! بەلایا هات و بێ جووڵە بوو خاتر خوا بگەن پێی. هەردوو ئافرەتەکە بەدەم هاوارێکی پڕ دەمەوە بەرەو ژوورەکە، هەڵپەیان لێ کرد، هەر ئەوەندەی گەیشتنە لای سەبحە و، کەوتنە لەخۆدان و ماچ کردنی و هەر دوو دەستیان کردە نێو دەستی خۆیانەوە و ناو بەناو سەریان دەخستە سەر سینگی. کە نووزەیەك لە سەبحەوە هات، فەرامۆشی گیانیانی تەنی.

- سەت شکور ماوە، هەناسە دەدا، دڵی کوترە کوترێتی.
ئیتر یەك لە دووای یەك لێشاوی کەسانی تر ژوورەکەیان پڕ کرد. هەواڵەکە بە گورجی گەیشتە دەرەوەی ماڵەکە و بە کۆڵانەکانا سووڕا و هەموو قوژبنێکی گوندەکەی گرتەوە. ژنان هەر بە غار و، پیاوان بەشێنەیی لە زۆربەی کۆڵانەکانەوە ڕژانە بەر ماڵی عەزیز ناو حەوشەی پەك و پووف و پێ ناخۆش بوونی ئەو ڕووداوە لە ناکاوە، بووە وێردی هەمووان.
- ئەم کچە بۆ وای لێهات؟!
- چی پێوەیدا؟!
- گوایە لەم ئان و ساتەدا بۆ بوورایەوە؟ خۆ هیچی نەبوو! وەك گوڵ وابوو!
-خوا بەقوربانت بم، ڕەحمی پێ بکەی.
ئەو شەوە و ڕۆژی دوواییش هەندێ لەو کەسانەی بە خەمەوە بوون زیاتر لە دەجار هاتن و ڕۆیشتن بەدەم پرسیار و هەواڵ پرسینی سەبحەوە دەست بە دووعا بوون. پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوواییی بەرەبەرە چاوی کردەوە و بە پەڕۆیەکی تەڕ دایکی عەزیز ناو بەناو ڕووخساری دەسڕیەوە و بەچپە، دەمی لە گوێی نیزیك دەکردەوە و وردە پرسیاری لێ دەکرد(سەبحەکە دایکەکەم کوێت ژان ئەکا چی وای لێ کردی؟ ئێستا چۆنی؟ گوێت لێمە؟)
سەبحە بە ئاستەم سەری لەقاند و وشەی(باشم) بووە مایەی دڵخۆشی هەمووان چونکە، نیشانەی ئەوەبوو کە بەرەو باشی دەڕوا.
هاتووچۆکەران سات لە دووای سات، کەمتر بوونەوە و دڵ و دەروونیان هەندێ حەسایەوە و، بەڵام ئەو پرسیارە زەقەی کەسیان ڕێگەیان بۆ وەڵامەکەی نەدەبرد، هەر بە زەقی مایەوە.
- نەمانزانی هۆی ڕاستی، ئەمە چی بوو؟



پیرەژنێك لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، بەڵام دەیشی ویست قسەکە ڕێگە ببڕێتە نێو گوێچکی کەسانی نیزیکی(ئەوە، پەردەگیر بووە، پەردەگیربووە) هەندێ لیچی تێگەی و هەندێکیشیان نەیانزانی چی دەڵێ. لە هەمان کاتدا گومانێکی بێ بنەما و ستەمکار، ختکەی مێشکی هەندێکیانی دەدا بەڵام گومانەکە نەدەکرا ببێتە دەنگ و وشەی سەر زمان؟ ڕاستی مەسەلەکە تەنیا لای عەزیز بوو، تاڕادەیەکیش خەتای ساڵحە ڕەش و علی خەنە هەستیان بە گوناه باری کرد، چونکە بیریان بۆ ئەوە چوو کە ئەو حاڵەتە کاردانەوەی ئامۆژگاریەکانیان بۆ عەزیزی هاوڕێیان بووبێت.

★ ★ ★

عەزیز لەو ناوچەیەی لە ساڵی شەست و سێ بەدوواوە پێشمەرگایەتی دەکرد تیادا گەلێ نموونەی ستەمکاری و توند و تیژی سەر ئافرەتانی دەبیست و دەدیت، هەموو جارێکیش ستەمەکەی خۆی بەرامبەر بە سەبحە دەهاتەوە بیر و لەگەڵ خۆیدا ئەو کردەوەیەی شەوی یەکەمی گواستنەوەی سەبحەی دەکرد چیرۆکێکی تاڵ و لە دەروونی خۆیدا کزەی دانان بەوەی کارێکی ناهەمووارى کردبوو ئازاری دەدا و، ئەو کارەساتە تازە بە ڕستەی(لە دووای چووان مەچوو) خۆی هێور دەکردەوە.
بوو بووە مێژوویەکی لە دەست چوو.

★ ★ ★

ساڵانی ١٩٦١ بەدوواوە لە شاری کەرکوك ساڵانێکی ڕەزا گران و مێژوویەکی ناپەسەند و پڕ لە خەم و خەفەت و ڕووداوی ناخۆش بوو، چ بە گوێرەی عەزیز و چ بە گوێرەی زۆربەی براکانی و خەڵکانی تر، هەریەك بەجۆرێك.
جۆری سەرەکی دەکرێ دووبەش بێ یەکەم دەستگیرکردنی خەڵکانێکی زۆر

به تۆمەت و بەبێ تۆمەت، دووەم وێرانکردنی هەندێ لە گوندەکانی سەر بە کەرکوك لە ١٩٦٣دا کە کێڵگەی نەوت دەرهێنان بوو.

گوندەکەی ماڵ عەزیز یەکێ لەو گوندانە بوو کە خاپوورکرا و عەرەبی گوندەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ناوچەکان دەستیان کرد بە تاڵانکردنی ئەو گوندانە، کە خەڵکەکانیش بە ناچاری بەرەو گوندەکانی ژوورتر کۆچیان کرد، بەتایبەتی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی زورگی(کانی دوومەڵان)

ئەمەیش بەتایبەتی دووای کودەتاکەی هەشتی شوباتی(١٩٦٣) لە بەغدا ڕوویدا تاڵانکردنی ئەو گوندانە و وێران کردنیان بەسەرپەرشتی کردنی حکومەتی بەعسی ئەوسابوو. (پیاوانی حەرەس قەومی) و (سوارەکانی وەلید کە عارەب بوون و سوارەکانی سەلاحەدین کە کورد پێیان دەگوت جاش، کورد بوون) هێزەکانی سوپا بوون لەو کارەدا.

وەیشومەی جەنگ و نالەباری دۆخەکە بووە مایەی ئەوەی بەسەدان لە پیاوان و گەنجانی کورد بەرەو هەوراز و ناوچەکانی ژووروی کەرکوك دەربچن.

ئەوەندەی بتوانرایە دەبوونە چەك هەڵگر و دەچوونە پاڵ هێزی پێشمەرگە.

بەگوێرەی ئەو برایەی عەزیز کە بەندی بوو ئەو دەنگ و باسانە نامۆ بوون لەبەرئەوەی لە بیابانی عرب، لە نوگرە سەلمان بەندکرابوو، کەم وا دەبوو هەواڵی ئەو ڕووداوانە بگات پێی. بەڵام کە لە ساڵی

شەست و چوار هێنرایەوە کەرکوك و دوو مانگ لە بنکەی پۆلیسی سەرەکی مایەوە. خەڵکانێکی زۆر لەو بنکەیە بوون لەوانەوە بیستی کە(قەرەدەرە) نەماوە و خاپوور بووە. ئەو هەواڵە زۆر کاری تێکرد.



چونکە بەشێك لە یادەوەری ساڵانی زووی پەیوەندیدار بوو بە دیمەنی ئەو گوندە و کۆڵانەکانی و گردەکانی دەووروپشتی. هەر لەو قۆناغەدا لەگەڵ خۆیدا دەستی کرد بە کێشانی هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر دروشمەکانی(برایەتی کورد و عرب) (عێراق نیشتمانی هەمووانە)و چەندین دروشمی تر کە چەند ساڵێك بوو بوونە خۆراکی مێشك و دەروونی. گیانی پەشیمانی لەو ڕێچکەیە بەرەبەرە مۆرانە خواردی و لە شوێنیدا گیانی نەتەوایەتی و ئازادی وڵات بوونە چرۆی تازە پشکووتوو.

ئەمە ڕاستیەکە نەك هەر لای ئەو سەری هەڵدا، بەڵکو بەسەتانی تری، ئەو وەرچەرخانەیان لا ڕوویدا.

پێشووتر فڕۆکە(مێك) کە کانی کەریم قاسم بوونە سەرمەشقی پەیدابوونی گیانی نەتەوایەتی لەلای زۆر کەس. ئەو مێکانەی کە لە یانزەی نۆی ١٩٦١ ەوە دەستیان کرد بە بۆردوومانکردنی ناوچەی ئەو کوردستانەی لە ساڵی(١٩٢١)ەوە دەوڵەتی بەریتانیا بەستیاەوە بە(عێراق)

پێش ئەو مێژووە زۆربەی شیوعیەکان و کەسایەتی تریش لە (تەپە) و (شاترلو)و بەری (ئیمام قاسم)یش لە هەردوو چاپخانەی(سەرجەم) و(خانزاد) پاش نیوەڕوان هەتا شەو کاتیان بەسەردەبرد. یان بە وتووێژی سیاسیەوە، یان بە تاوڵە و دۆمینەوە مژوول بوون. لە یانزەی نۆ بەدوواوە کاتێ جووت، جووت مێکەکانی سوپای عێراق لە بۆردوومانکردنی کوردستان دەگەڕانەوە، دانیشتوانی بەردەم ئەو دوو چاپخانەیە سەرێکیان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی هاڕەی فڕۆکەکان، قەناعەتەکانی نێو مێشکیانی دەلەقاند. بەبیری دێت لە ساتێك لەو ساتانە یەکێك لەو کەسانە بەدەنگێکی بڵندەوە گوتی: (ئەی ئەمە ئەمپریالیزم نەبێ، چێ، ئیمپریالیزمە؟!). دیاربوو هەڵوێستێکی سیاسی لە پشت ئەو قسەیەوە بوو.

پاش ماوەیەکی درێژ لە بوونی(جەلال) لە نوگرە سەلمان ڕۆژێك لە ناکاو و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، دایکی و ڕەئوف برای بە سەردانی گەیشتنە لای، زیاتر لە دە سەعات لەلای مانەوە بۆ پاش نیوەڕۆ چوونە دەرەوە.
لەبەرئەوەی لەو شوێنە دوورەوە، نەدەکرا بگەڕێنەوە بەرەو دووا، لە شارۆچکەی (سەلمان) مانەوە و، بۆ ڕۆژی دووایی پێش ئەوەی بکەونەڕێ، سەرێکی دیکەیان بۆ خواحافیزی لێ کردنی دایەوە.
لەناو هۆڵەکە کاتێك دایکی و ڕەئوف دانیشتن، هەواڵی ئەو سەردانەی ئەم دوو کەسە گەیشتە هۆڵەکانی دیکەی بەنزینخانە بەندیەکان تامەزۆری ئەوەبوون کە کەسێك لە کوردستانەوە بگاتە لایان و تازەترین دەنگ و باسەکانی وڵاتیان لێ دەست کەوێ. بۆیە ژمارەیەك لە هەموو هۆڵەکانەوە هاتنە لای براکەی عەزیز بەخێرهاتنی میوانەکانیان کرد و کەوتنە پرسیارکردن بەشێوەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی.
کامەران موکری شاعیر، یەکێك بوو لەو کەسانە، پرسیارێکی تایبەتی لە دایکی جەلال کرد.
- دایە تۆ لە بەشەکەی کاك عەزیزی. یان لە بەشەکەی کاك جەلال؟
پرسیارەکە بووە مایەی ئەوەی بزەیەك لەلێوی هەمووانەوە ببینرێ.
- بەخوا، ئەوەی ڕاستی بێ من لە بەشەکەی عەزیزم!
دیاربوو ناوی عەزیز لەلای زۆربەی بەندیەکان زانرابوو، بەو پێیەی کە ماوەیەك(عەزیز) لە بەندینخانەی کەرکوکدا لەگەڵیاندا بەسەری بردبوو.
ڕۆژێك ئۆردیانێك لە دەرگای هۆڵەکەوە بانگی(جەلالی) کرد. کاتێك چووە دەمیەوە پێی گوت: وەرە لەگەڵمان، هەتا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی (گومرك وسنوور) بچین ئەویش زۆری پێ سەیربوو(ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، چ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە؟!)



کابرای ئۆردیان نیگەرانیەکەی بە ڕستەیەك ڕەواندەوە(هیچ نیە، زوو دەتگەڕێنمەوە ئێرە)
بەناچاری لەگەڵ دوو ئۆردیانا بەپێ کەوتنەڕێ. ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لە بەرزاییەکدا بوو لەو بەری ئەو نزمایییەی کە پێی دەگوترا(نوگرە) نێوان بەندینخانەکە و ئەو شوێنە کیلۆمەترێك، یان زیاتر دەبوو کە گەیشتنە ئەوێ، لەبەر دەرگای ژووری بەڕێوەبەر، ڕایان گرت. پاش کەمێك کردیانە ژوورەوە. پیاوێکی زلی چوار شانە لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو، قۆڵەکانی خستبووە سەر مێزەکە، جلێکی سەربازی لەبەربوو. چەندین ئەستێرە و نیشانەی پلەداری لەسەر شان بوو. بە سەیرکردنەکەی دیاربوو کە ئەمی خوێندەوە(ئەم گەنجە لاواز و بچکۆلەیە، ئەو کەسەیە؟!) (باوەڕ ناکەم، ئەمە پەیوەندی هەبێ بەم مەسەلەیەوە)
- تۆ برایەکت هەیە ناوی عەزیزبێ؟
ئەمیش بەم پرسیارە ڕاچەڵەکی و بە نەرمی وەڵامەکەی دایەوە.
- ئەو برایەت لە کوێیە؟
- لە بەنینخانەیە، یان لە بەسرەیە، یان لە کوت.
- شیوعیە؟
- نەخێر گەورەم.
- تۆ چووزانی؟
- ئاخر من خۆم شیوعیم، بەڵام باش ئەزانم براکەم لەم بابەتە نیە.
کابرا کاغەزێکی دەرهێنا، دایە دەست ئەمەوە گوتی: ئەم کاغەزە ئەتوانی بخوێنیتەوە.
کاغەزەکە بە خەتێکی سوور نووسرابوو بە زمانی عەرەبی. کە لە خوێندنەکەی بووەوە. کابرا لێی پرسی لە خوێندنەوەی ئەم کاغەزەدا

تێگەیشتیت (کە براکەت داوای ئەوەت لێدەکا کە خۆ ئامادەکەن بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی گەورە بەسەرکردایەتی حیزبی شیوعی)تۆ چی دەڵێی؟

- گەورەم براکەم خوێندەواریەکەی زۆر لاوازە، بەتایبەتی بە عەرەبی ناتوانێ بنووسێ. باوەڕناکەم ئەمە، ئەو نووسیبێتی.

- ئەی چۆنی لێك دەدەیتەوە؟

- لەوانەیە کەسێك ئەمەی نووسیبێ، بەمەبەستی ئەوەی جارێکی کە ماوەی زیندانیەکەی درێژ بکرێتەوە، یان هەر مەبەستێکی دیکە.

- چۆنە وا تۆ عەرەبی دەزانی؟

- قوربان من قوتابی دەرچووی چواری ئامادەیم.

کابرا هەندێ ڕاما لێی ورد بووەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و کاغەزەکەی لێوەرگرتەوە.

لە ڕووخساری و هەناسە هەڵکێشانەکەی تێگەیشت کە ئەو قەناعەتی هات بەوەی ناوەڕۆکی ئەو نامەیە پیلانێك بێ دژ بە عەزیز، یان بە براکەی یان دژ بە هەردووکیان.

بانگی ئۆردیانەکانی کرد(بیبەنەوە شوێن خۆی)

⋆ ⋆ ⋆

ئەو ساڵەی عەزیز دەستگیرکرا، عەزیز دە، دوانزە ساڵ بوو لە کۆمپانیای نەوت کاری دەکرد. ئەو بەشەی کە تێیدابوو بەشی(هەڵکەندن)بوو ئەو بەشە تایبەت بوو بە هەڵکەندنی بیرە نەوتەکان ئەم کارە پاش ئەوەی بەشێکی تر بەرێ و شوێنی بیرەکانی دەستنیشان دەکرد ئەنجام دەدرا. بەشی هەڵکەندن ئەرکەکەی ئەوەبوو کە تاوەری هەڵکەندن ببەنە ئەو شوێنە و دەست بەبیر لێدان بکەن.



بەزۆری ئەندازیارەکان و کارمەندە گەورەکان لەو ساڵانەدا ئینگلیز بوون. بۆیە بەشێکی زۆری کرێکارەکان کەم یان زۆر ئینگلیزیان دەزانی. ناوی بەشەکانیش هەر بە ئینگلیزی ئاماژەی بۆ دەکرا، بۆ نموونە بەشی هەڵکەندن(درێلینگ) بوو، بە ئەندازیاری(ئینجنێرینگ) بوو...

زۆرجار، بەتایبەتی لەکاتی پشوودانی نیوەڕواندا یان ئەوکاتەی کرێکارەکان، لەناو ئۆتۆمبێل بوون دەگوازرانەوە بۆ سەر کارەکەیان و یان دەهێنرانەوە ناو کەرکوك، هەندێك ڕستەی وایان لەنێوان خۆیاندا ئاڵ و گۆڕ دەکرد کە بۆنی سیاسەتی لێ بهاتایە. ئەمە بەتایبەتی لەلایەن کوردەکانەوە دووبارە دەبووەوە.

- ئەم نەوتە جوانە و بەنرخە دەڵێی زێڕە لە نرخدا و دەڵێی لەعلیە لە ڕەشیدا، بۆتە مایەی خێر و خۆشی بۆ زۆر لایەن، ئەوروپای ڕووناك کردووەتەوە، کەچی خۆمان لێی بێ بەشین.

- بەردێ بنەبانی، کاك عەزیز، تووشمان مەکە.

مەبەست لەو قسەیەی کە زۆریان بە دەمیانا دەهات کە(ڕەنج لە ئێمە و، خێرەکەی بۆ لایەنی تر) لەوەوە هاتبوو کە ئەو کەسانە ورد دەبوونەوە لە حاڵی گوندەکانی ئەو ناوچانە، کە هەر هەموو، نە قوتابخانەیان هەبوو نە کارەبایان هەبوو، نە ڕێگەوبانی نێوانیان تایبەت بون، هەروەها ئاوی خواردنەوەیان تەنیا لە کانیەکانەوە هەبوو. کەچی هەموو ساڵێك حکومەتی بەغدا بەسەتان ملیۆن، پاوەند یان دۆلار یان وەردەگرت لە ناوچەکانی، دوور لە کوردەواری، خەرجیان دەکرد.

- کوڕە نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو هەندێ لەو پارەیەیش دەدرێ بە چەك و ئێمەی پێ دەکوژن.

بەخوا عەزیز، مل لە چەقۆ دەساوی. باوکم لێمان گەڕێ با بەدەقی خۆمانەوە بمێنین.

لەم گفتوگۆیانەدا نە ئاسووریەکان، بە کەسانی نەتەوەکانی دیکە هاوبەشیان لەگەڵدا دەکردن.

لەکاتی خۆیدا ئەو ڕۆژانەی عەزیز هاتووچۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی دەکرد کە داواکاری بۆ دامەزراندنی پێشکەش بکا، ماوەیەکی زۆری ویست تا ڕەزامەندی لەسەر کرا. نەك هەر ئەم، کەسانێکی زۆر تێبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەو کەسەی هەمان جۆر داواکاری بکردایە و کەسێکی(ئاسووری) بوایە، زوو بەزوو دادەمەزرا، کەچی ئەمان دامەزراندنەکەیان دوا کەوت.

ڕۆژێکیان(یەڵدا) ناوێك کە لە بەشەکەی هەڵکەندنەکەدا چاودێر بوو کە بەڕێکەوت، لە هەمان گەڕەکی(تەپە) دادەنیشت لەگەڵ عەزیزدا لەم بارەیەوە یەکتریان دواند و بە ئاشکرا ئەو پیاوە هەموو شتێکی ڕوون کردەوە و کورتە مێژوویەکی ئاسووریەکانی خستە بەردەست عەزیز، کە یەکەم جاربوو ئەو مەسەلەیە بەڕاشکاوی ئەوها تێبگا (ڕاستە کەرکوك لەسەردەم ئاشووریەکاندا.ماوەیەك لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە داگیرکرابوو. بەڵام پاش ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووی یان- ئاسووری لە کەرکوکدا نەمان. بەڵام چیرۆکی پەیدابوونەوەیان لەم سەردەمەدا لە کەرکوك زۆر پەیوەندی هەیە، بە دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتەوە لە دەووروبەری ئەم شارەدا. پێش ئەوەی ئێمەی ئاسووری بە ژمارەیەکی زۆر لێرەدا دامەزرێنین زۆربەمان سەربازی(لێڤی) بووین. کە سووپایەکی پشت گیر بوو بۆ سووپای ئینگلیزی لە ساڵی ١٩١٨ دا دامەزرا و بەردەوام بوو هەتا جەنگی جیهانی دووەم. پاش ئەوە هەڵوەشێندرایەوە شوێنی بوونمان لە شعیبە و حەبانیە و سەربازگەی(ڕۆستەمیە) یان(هنێدی) کە بەم دووایيە پێی دەگوترا



سەربازگەی ڕەشید- دوای ئەوە ئەو هەزارەها ئاسووریە بێکار مانەوە داوایان لە ئینگلیزەکان کرد کە چارەسەرێکیان بۆ بکا بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن. ئەوەبوو ئینگلیزەکان، ڕێگەیان خۆش کرد بۆ ئەو ژمارە ئاسووریە زۆر بێنە کەرکوك و لە کۆمپانیای نەوت دامەزرێن کە ئەوسا سەرەتاکانی پەیدابوونی ئەو کۆمپانیایە بوو. پێویستیەکی زۆر هەبوو بە کەسانێ تێیدا کاربکەن کە ئەم پێویستی بوونی دامەزراندنە، دەیان ساڵ بەردەوام بوو.

عەزیز ناو بەناو قسەی دەخستە بەر قسەکانی ئەو، بەڵام بەشێوەی وردە پرسیار(یەڵدا) بەکارامەییەوە بە کوردیەکی شێوەزاری کرمانجی ژوورو تێکەڵاو بە عەرەبی وەڵامەکەی دەخستە چوارچێوەیەکی گشتیەوە و دەیانی بەستایەوە بە قسەکانی پێشووترەوە.

(یەڵدا) دووایی باسی. لەوەکرد. کە ئاسووری وەکو توویژێك لە کۆمەڵگەی کەرکوکدا مێژووەکەیان تازە بابەتە و بەزۆری لە گەڕەکەکانی شاترلوو تەپە دادەنیشتن.

کۆمپانیای نەوت گەڕەکێکی تازە بابەتی تایبەتی بۆ ئەوان بنیات نا. کە بە(عەرەفە) ناسراوە. هۆیەکەیشی ئەوەبوو کە پەیداکردنی خانووی بەتاڵ بۆ ئەم ژمارە زۆرە لە خێزانەکانی ئاسووری کارێکی ئاسان نەبوو بۆیە، کۆمپانیا بە دوو قۆناغ ئەم گرفتەی چارەسەرکرد. یەکەم بە بنیاتنانی(عەرەفە) دووەم بە دامەزراندنی دامەزراوێکی تایبەت بە بنیاتنانی خانووبەرە بۆ هەر کارمەندێکی ئەو کۆمپانیایە کە بیەوێ یەکێ لەو خانوویانە بکڕێ بەنرخێکی گونجاو و بە قەرزێکی دابەشکراو بەسەر چەندین ساڵدا.

عەزیزیش ئەوەبوو لە ساڵی(١٩٥٧) یەکێ لەو خانوویانەیان دایێ.

ناو بەناو(یەڵدا) کە پیاوێکی بە ئەزموون و ڕۆشنبیر بوو، لەگەڵ عەزیزدا یەکتری گیردەبوونەوە و، زۆر وردەکاری دیکەیان تاووتوێ دەکرد. عەزیز هەندێ لەو بابەتانەی کە ئەو پیاوە شی دەکردەوە بەگوێرەی ئەم زانیارییەکی تازە بوون. گرینگی دانی عەزیز بەو ڕەهەندە لەوەوە هاتبوو، کە پەیوەندی سیاسی و نەتەوایەتی، بە کەرکوك و دەووروبەری و، چارەنووسیەوە هەبوون.

لەوانە، بۆ نموونە تێگەیشتن کە ئەم ئاسووریانە بەزۆری پێش ئەوەی بێنە کەرکوك دانیشتووی ناوچەکانی ئامێدی و بەرواری بالا و هەکاری بوون. ئەوانەی لە هەکاری و هەندێ ناوچەی دیکەوە هاتبوون کە لەنێو سنووری دەوڵەتی تورکیاوە، لە سەردەمی کەمالیەکاندا حکومەتی ئەوێ زۆر فشاری خستبووە سەریان و زۆریشی لێ کوشتبوون و هەندێ لە گوندەکانیان وێران کرابوو بە ناچاری بەرەو باشوور خۆیان گەیاندەوە ناوچەی کوردستانی سەر بە دەوڵەتی عێراق.

کاتێ ئەم هەلەیان دەستکەوت، کە ئینگلیز و کۆمپانیای نەوت لە کەرکوکدا باوەشیان بۆ کردنەوە. بووە مایەی ئەوەی نەك هەر ئەندامانی سووپای(لێڤی) دامەزرێت، بەڵکو بە سەتان خێزانەکانی دیکەی ئاسووری لە گوندەکانی بادینانەوە خۆیان گەیاندە کەرکوك و بە ئاسانی لەو شوێنەدا چوونە سەرکار.

دیاربوو بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ سووپای ئینگلیزدا بۆ ماوەیەکی درێژ ژیابوون، زۆربەیان زمانی ئینگلیزیان بە نووسین و قسەکردن دەزانی. ئەمەیش هۆکارێکی تر بوو کە ئەو کۆمپانیایە بە ئاسانی دەرفەتی دامەزراندنیان بۆ بڕەخسێنێ. عەزیز زۆرجار لەگەڵ براکانی و هاوڕێکانی ئەم مەسەلانەیان ئەم دیوو ئەو دیوو دەکرد، بەتایبەتی پێش ئەوەی خۆی



خانوویەکی تایبەت، لەو کۆمپانیایە بکڕێ. ئەگەر یەکێك لەو بابەتە توێژینەوانە بخەینە نێو چوارچێوەی چیرۆکێك، بەم جۆرەی خوارەوە خۆی نمایش دەکا.

- جا ئەم مێژوویەی ئاسووریەکانی ئەمڕۆ، چی لە بارودۆخی کەرکوك دەگۆڕێ؟

- لە زۆر لایەنەوە بایەخی سیاسی و چارەنووسی کەرکوك پەیوەندی پێوە هەیە.

- وەکو چی؟

- یەکەم، بەپێی ئەوەی ئەم ئاسووریانە کوردی شێوەزاری کرمانجی ژوورو دەزانن. پێیان ئاسان نیە بە کوردیەکەی کەرکوك بدوێن، جا بۆیە لەگەڵ خەڵکی کەرکوکدا چ کوردبن چ ئەوانی تر، بە عەرەبی قسە دەکەن. ئەمەیش بۆتە هۆکاری ئەوەی بەرەبەرە ئاسایی بوونی باو و بوونی زمانی عەرەبی لەم شارەدا، بگرە هەندێ لە دووکاندارەکانی نێو بازاڕەکان بڕێك لەو عەرەبیە فێربوون و لە مامەڵەکردندا بەکاری دەهێنن جگە لەوەی زۆربەی کرێکارەکانی نەوت بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ئەواندا تاڕادەیەك فێری عەرەبی بوون. دووەم لە ئەنجامدا بوونە، پێکهاتەیەکی تازە، لە پاش کورد و تورکمان لە کەرکوکدا و، لەوانەیە حکومەتی عێراق بۆ مەبەستێکی دوور ئەم دیاردەیەی پێ خۆش بووبێ.

★ ★ ★

ساڵی (١٩٦٤) لە هەندێ ناوچەدا ڕیزەکانی پێشمەرگە بەشێکیان لەتلەت بوون و ئاڵۆزیان تێکەوت.

بیروڕا سیاسیەکانی گۆڕەپانەکە بەیەك پارچەیی نەمایەوە، نیگەرانی و ترس لە دوا ڕۆژی ئەو لەشکرە، جەماوەری گەلەکەمانی نیگەران و خەمبار

کرد، بەتایبەتی کە بەشێك لەو ڕیزانە بە ئاشکرا لە ڕووبارە سەرەکیەکەی هێزی پێشمەرگە جوودا بوونەوە و، سەرکردایەتیەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دەستنیشان کرد. ئەو یەکە چەکداریەی کە عەزیز تێیدا بوو. ڕۆژێك لە ڕۆژان لەناکاودا بڕێکی، چەکەکانیان ئاڕاستەی بڕەکەی دیکە کرد و دروشمی ڕکەبەرێی خۆیان ئاشکرا کرد. عەزیز لەوکاتەدا بەرپرسی ئەو(یەکە)یە بوو، کە پێی دەکوترا(لق) بەشی دووەمی ئەو دوو بڕە ناچاربوون چەکەکانیان دانەن و بەرەو ڕووی بڕێ. یەکەم نەبنەوە چونکە وانەبووایە دەبووە کارەساتێکی گەورە.

بەشە دابڕاوەکە لەو شوێنەدا بازنەیەکیان دروست کرد و چاوەڕوانی فەرمانی دیکە بوون لە هاوبیرەکانی ژووروی خۆیانەوە پێشمەرگە چەك کراوەکان، کە یەکێکیان عەزیز بوو دانیشتن و چاوەڕوانی چارەنووسی خۆیان دەکرد، لە دوای ئەوکات و ساتەدا.

هەتاو، بەرەو ڕۆژئاوا بووەوە، بەرەبەرە خەریك بوو لە ئاسۆ نیزیك بێتەوە و سوور هەلگەڕێ، پێشمەرگەکان لە قەدپاڵێك دانیشتبوون و هەندێکیش بازنەیەکیان بە چەکەوە بەدەووریانا کرد بوو. هەر هەموو بەبێدەنگی چاوەڕوانی داهاتنی شەو و هێرشی تاریکی بوون و هیچ لایەکیشیان نەیاندەزانی لە ژێر خێوەتی ئەو شەوەدا چی ڕوودەدا، دانیشتووەکان بەرەبەرە یەك لە دوای یەك پاڵیان دایەوە و قۆڵی خۆیان کرد بەسەرین یان سەریان خستە سەر بەردێك و بەرەبەرە کەم و زۆر خەویان لێ کەوت. هەندێکیشیان بە نیگەرانیەوە خەو، نەدەچووە چاویان.

عەزیز لە ژێر باری بەرپرسیاریدا بەرامبەر بە چارەنووسی ئەو هەموو زەلامە، شەوی لێ بەسەر نەدەچوو، لە ژیانی خۆیدا شەوی وا درێژی نەبینیبوو.



ناو بەناو چاوی بەرانبەر ڕۆژهەلات دەکردەوە بە ئومێدی ئەوەی ڕووناکی بەیان وەدەرکەوێ.

چەند خوولەکێك بوو چاوی چوو بووە خەو، ئەو پێشمەرگەیەی بە تەنیشتیەوە درێژ بوو بوو، بە دەستێکی و بە هێواشی دای لە شان عەزیز و بە چرپە بە وشەی (کاك مەلا، کاك مەلا) گوتی: ئەوە کەس لەو جەماعەتە لە دەوورماندا نەماون! هەر هەموو دیارە ڕۆیشتوون و ئێرەیان بەجێ هێشتووە. عەزیز هەر بە چرپە پێی گوت: جارێ دەنگ مەکە و هەڵمەسە نەوەك ئەمە پیلان بێ بۆمانی دروست کەن.

نەخێر، دونیا بەتەواوی ڕۆشن بووەوە عەزیز و هاوڕێکانی بەرەبەرە قیت بوونەوە سەیرێکی ئەم لاو ئەولا و دەوورو نیزیکیان کرد. نەدەنگێکیان بیست نەڕەنگێکیان دیت.

ئەوەی ڕوویدا بوو، ئەوەبوو هەواڵێك گەیشتبووە گوێی ئەو جەماعەتە ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو (وریابن هێزێکی پێشمەرگە، وا بەرەو لاتان دێت، بۆیە دەبێت بکشێنەوە و لە شوێنەکەتان نمێنن). پێش ئەوەی کە ڕۆژی پێشوو لە ناکاوا ئەو جەماعەتە کە یاخیبوون و جوودابوونەوەی خۆیان ئاشکراکرد و ئەوانی تریان چەك کرد، یەکێکیان کەوتە قسە:

(ئێمە بە سیاسەتی ئەمڕۆی سەرکردایەتی شۆڕش قایل نین و، دەبێ لێی هەلگەڕێینەوە و بە چەك هەلۆێستی خۆمان بەرانبەری دەربڕین...

کە قسەکانی تەواوکرد هەندێ کش و ماتی باڵی بەسەر هەمووانـدا کێشا، لەناکاو عەزیز هەڵسایە سەرپێ و بەرەو ڕووی ئەو کەسە هاواری کرد(بژی کورد و کوردستان، بژی مەلا موستەفای بارزان) و دانیشتەوە.

ئەم بانگ و هاوارە هەموویانی وروژاند بەڵام نە کابرای یەکەم هیچ قسەیەکی بۆهات نە کەسێکی تر قسەیەکی خستەسەر قسەی هیچ کام لەم دووانە.

ئەم باسە چەند جارێك عەزیز بۆ براکانی باس کردبوو.

بانگ و هاوارەکەی عەزیز بەڕووی ئەو کابرایەدا، لەو ساتەدا، شتێکی وەبیر برایەکی هێنایەوە، کە هەمان بانگ و دروشم تێیدا لە ساتێکدا هەڵکرابوو. ئەوەبوو، لە ساڵی(١٩٦٢) کاتێك جەلالی برای لە بەندینخانەی ناو سەرای کەرکوکدا، زیندانی بوو، کۆمەڵێ کەسانی لاو و گەورەتری کوردی تێیدابوو. یەکێك لەوانە((خالد دلێر) بوو، کە لە کەرکوك بەرپرسێکی پارتی بوو لە هەمان ئەو ڕۆژەدا دەستگیرکرا کە لە هەڵمەتەکەی سەر ڕەحیم ئاوا جەلالیش دەستگیرکرابوو.

بە شەوان، بەو پێیەی(خالد دلێر) هونەرمەند و شاعیر و گۆرانیبێژیش بوو، لە هۆڵی بەندینخانەکەدا، لەگەڵ لاوەکاندا، بەدەنگێکی بڵند سرود و گۆرانیان دەگوت. بەیانیان لە حەوشی بەندینخانەکە، هەموو بەدانیشتنەوە پێنج پێنج ڕیز دەکران و دەژمێردران. بەیانیانێك جگە لە قومسێر و ئۆردیانەکان، بەڕێوەبەری بەندینخانەکەیش ئامادەی سەر ژمێرەکەبوو. هەتا ژماردنەکە تەواو نەبووایە، کەس بۆی نەبوو هەڵسێ یان بجووڵێتەوە، هەتا فەرمانی بڵاوەکردن جاڕ نەدرایە.

بەڕێوەبەری بەندینخانەکە، کابرایەکی ڕەقەڵەی درێژ بوو لە ڕەگەزی تورکمان بوو پلەی(نەقیب)ی لەسەر شان بوو. هەندێ پاش تەواوبوونی ژماردنەکە، چاوێکی بە زیندانیەکانا خشاند و بەدەنگێکی بڵندەوە ڕووی کردە(خالد دلێر) و بەجۆرێکی ناشیرین و ناشایستە لەگەڵ خالد دلێرا دوواو



هاواری دەکرد سەریا(لە ڕیزەکە وەرەدەرەوە هەی سەگی سەگباب، ئەم هاوار و گۆرانی و دەنگە دەنگە چیە بە شەو بەرپای دەکەی؟!...)

هاواری کردە سەر ئۆردیانەکانا و گوتی: بیبەنە ژووری فەرمانگە.

دوو سێ ئۆردیان قۆڵی خالد دلێریان گرت و بە پاڵ خستیانە ئەو دیوو دەرگای فەرمانگەکەوە کە شیش بەندبوو، دەنگی لێدانی بە حەیزەران گەیشتە لای زیندانیەکان. جەلال لەکاتی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا گوتی: (بەڕاستی، چرکە ساتێکی پڕ ستەم بوو هەموومانی سڕکرد). لەو ساتەدا و لە ناکاوا لە دوای دوواوەی ڕیزەکانی ئێمەی زیندانیەوە، دەنگێك بڵند بووەوە کە ئاوەڕمان دایەوە دەنگەکە دەنگی گەنجێك بوو بەناوی کەریم فەیلی، کە کوڕێکی بەغدایی بوو، ئەم دروشمەی کە بەسەر دەمی کاکم عەزیزدا هاتبوو لەکاتی خۆیدا، ئەو کەریم فەیلیەش بە دەمیا هات(بژی کورد و کوردستان، مەلا موستەفای بارزان)

جەلال لەسەر قسەکانی ڕۆی(هەر هەموو هەستاینە سەرپێ و هێرشمان کردە سەر دەرگای فەرمانگەکە و دەستمان لە شیشەکانی توند کرد و هێنامان و بردمان و کەوتینە بانگە بانگی خالد دلێرمان ئەوێ، خالد دلێر... لەو ساتەدا دیاربوو بەڕێوەبەر و کەسانی تری فەرمانگەی بەندینخانەکە شپرزە بوون و ترسێکی گەورەیان لێ نیشت، بەتایبەتی ترسی ئەوەی دەرگاکە بشکێنن. بۆیە لەناو فەرمانگەکەوە فیکەی هۆشداری و ئامادەباشی بۆ ئۆردیانەکان لێدرا. کە بەشێکیان لە سەربانی فەرمانگەکە بوون.

یەکسەر ئامادەباشیان کرد و فیشەکیان لێخوڕیە بەرلوولەی تفەنگەکانیان. دەنگی فیشەك لێخوڕینەکە گەیشتە لامان و سەری ئۆردیانەکانمان لێدەرکەوت. باش بوو یەکێك لەناو فەرمانگەکەوە بانگی کرد: کوڕە چیتان

ئەوێ، هەر هەموو بەیەك دەنگ هاوارمان كرد: خالد دلێرمان دەوێت. یەكسەر دەرگاكەیان كردەوە و پاڵێكیان بە خالد دلێروە ناو كردیانەوە دیووی حەوشەوە، بۆ ناومان ئیتر هەراكە هێور بووەوە، بارودۆخەكە ئاسایی بووەوە.

یەكێك لە براكانی پرسی: لەسەر ئەوكارە، لە كاتێكی دیكەدا سزا نەدران؟

- سزاكەی ئەوەبوو ناو بەناو، هەرچەند ڕۆژێ جارێ، بەیانیان شەش حەوتێكمانیان بانگ دەكرد و بەرەو وێستگەی شەمەندەفەری كەركوك-بەغدا دەبرد بۆ ئەوەی بگوازرێینەوە بۆ(نوگرە سەلمان)

⋆ ⋆ ⋆

لە ساڵی(١٩٦٧) ئێوارانێك، پاش ڕۆژئاوابوون، لە دەرگای ماڵی دوو برای عەزیز درا، كە هەر دوو ماڵەكە لە یەك حەوشەدا بوون. كە دەرگا كرایەوە زەلامێك هاتە ژوورەوە و چاك و چۆنی لەگەڵ هەر دوو براكەی كرد و، یەكتریان دەناسی لەبەرئەوەی ئەو كابرایە خەڵكی هەمان گەڕەك بوو، دەمانچەیەكیشی بە قەدەوە بوو. فەرموویان لێ كرد دانیشێ. كەوتە قسە.

- سوپاستان دەكەم، بەخوا وەختی دانیشتن نیە. هاتوومە بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانێك.

- خێربێ، فەرمانی چی؟

- هاتوومە هەر دووكتان بەرم بۆ بنكەی جەماعەتەكەمان.

هەر دوو براكەی عەزیز هەندێ ڕامان، بەڵام تێگەیشتن كە كام جەماعەت دەڵێ و كام بنكە مەبەستێتی.

- خوا نەخواستە چی ڕوویداوە، بۆچی بانگمان دەكەن؟!

- بەڕاستی خۆ من ئێوە دەناسم، بەڵام وەڵامی هەموو پرسیارێكتان لە بنكەكە دەستان دەكەوێت.



ئەوەبوو جلەكانیان گۆڕی و كەوتنە شانی، لە دەرگای حەوشە چوونە دەرەوە، بینیان كۆڵانەكە ئابڵوقە دراوە و چەندین چەك بە دەست، ڕووە و ماڵیان لە ئامادە باشیان. بە سواری ئۆتۆمبێلێك گەیشتنە بنكەكە، كە چوونە ژوورەوە، بەرپرسیاری بنكەكەیش دەركەوت هەر ناسیاربوو ئەمانی دەناسی بەو پێیەی لەگەڵ برا گەورەكەی عەزیزدا لەكاتی خۆیدا لە كۆمپانیای نەوت كاری كردبوو ئەو كەسە بەخێرهاتنیانی كرد و كەوتە قسە.

- برام لێمان مەگرن ئەم كارەمان ئەركێكە و پێمان سپێردراوە.

- بەڵێ فەرموو.

- ئێوە هەر دووكتان لەم بنكەیەدا، دەست بەسەردەبن، هەتاوەكو ئەو ساتەی كە داواكاریەكی ئێمە لەلایەن عەزیزی براتانەوە جێبەجێ دەكرێ.

- داوا كاریەكەتان چیە؟

- ئەندامێكمان لە خورماتوو دادەنیشێ لەلایەن پێشمەرگەی ئەو ناوچەیەوە دەستگیركراوە و كەسوكاری هانایان بۆ ئێمە هێناوە. ئێمەیش لە ڕێگەی ئێوەوە داوا لە عەزیز دەكەین، كە بەرپرسیارێكی پێشمەرگەی ئەو ناوچەیەیە ئەو كەسەمان بۆ بەرەڵا بكا، تاوەكو ئێمەیش، ئێوە بەرەڵا بكەین.

براكانی عەزیز سەیرێكی بە پەلەی یەكتریان كرد. فرەتر لە سەعات و نیوێك قسەكرا، لە كۆتایدا ئەو بەرپرسیارە ڕووی دەمی كردە برا گەورەكەی عەزیز و گوتی: (لەبەرئەوەی تۆ دەوامت هەیە، نامانەوێ دابڕێی و زەرەرمەندبی، مۆڵەتی تۆ دەدەین بڕۆیتەوە بۆ ماڵ، بەڵام ئەم برایەت، بە ئامانەت لەلای ئێمە دەمێنێتەوە)

یەك دوو ڕۆژ براکانی دیکەی عەزیز کەوتنە تەکبیرکردن کەچی بکەن بۆ ئەم مەسەلەیە، لە ئەنجامدا ڕێك کەوتن، کە برا گەورەکە و برایەکی دیکەی عەزیز، بڕۆنە خورماتوو، لەوێوە، بچنە گوندەکانی داودە و ساڵەیی بان شاخ و بگەنە لای عەزیز و ئەو داواکاریە بخەنە بەردەمی هەرچی چۆنێك بوو گەیشتنە لای، شەو لە دیوەخانەیەکدا لەگەڵیا، بە درێژی مەسەلەکەیان خستە بەرباس، لە ئەنجامدا عەزیز بەبراکانی گوت: (ئێوە سبەینێ بگەڕێنەوە، خوا کەریمە، من بۆ بەردانی ئەو کابرایە هەوڵێك دەدەم)

سێ ڕۆژ لەوە دوا برا دەستبەسەرکراوەکەی عەزیز لە بنکەکە بەرەڵا کرا، دیاربوو ئەو کابرایەی (خورماتوو)یش لەوەپێش بەرەڵا کرابوو.

کاتێ براکانی عەزیز لەلای بوون بە دوو دڵیەوە پێشنیارێك و داواکاریەکیان خستە سەر بەرە پێش وەخت دەیشیان زانی کاردانەوەی چی دەبێ.

داواکاریەکە ئەوەبوو، قەناعەت بە عەزیز بێنن تا لەگەڵیاندا بێتەوە کەرکوك کۆتایی بە پێشمەرگایەتیەکەی بێنێ! بەڕاستی ئەو داواکاریە شتێکی نەزۆك بوو، چونکە عەزیز بە توندی بەر پەرچی دایەوە.

* * *

لە ساڵی (١٩٦٣) بازنەی دەستگیرکردنی خەڵکان، بەتایبەتی پاش کودەتاکەی شوبات، فراوانتر بوو و پەلی هاویشتە نەك هەر شارەکان بەڵکو گوندەکانیش. لە دەستگیرکردنەوە گەیشتە وێرانکردنی چەندین گوندی ناوچە نەوتینەکانی سەر بە کەرکوك. ئەوەبوو دەستگیرکردن گەیشتە. برا گەورەکەی عەزیزیش، کە کارمەندێکی کۆمپانیای نەوت بوو. ئەم پیاوە لە هیچ ڕێکخراوێکیش نەبوو. هۆی گرتنەکەی بە تەنیا ئەوەبوو کە حکومەتی بەعسی یەکەم، پلانێکی داڕشتبوو کە ژمارەی کارمەندانی کوردی نەوت کەم کاتەوە، سا، یان بە دەستگیرکردنیان، یان بە گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی



ناوچەی کەرکوك. ماوەیەکی کەم لە دووای کودەتاکە، چەندین پاس و لۆری، عەسرانێك لەلای دەرگای سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوت ئامادەکران، بۆ ئەوەی لە سەعات، چواری ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا، هەرچی کرێکارێکی کورد کە دەستی بەردەدا لە کارەکەی و بەرەو شار دەبووەوە، دەستگیر بکرێن و بخرێنە ناو ئەو ئۆتۆمبیلانەوە، لەوێشەوە بەرەو وێستگەی شەمەندەفەری کەرکوك- بەغدا.

ئەمە بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێکیان لێ بکرێ، یان تۆمەتێکیان بخرێتە پاڵ ئەم ڕەش بگیریە ڕۆژانێکی زۆر بەردەوام بوو هەموو گەڕەك و کۆڵان و گوندەکانی دەووروبەری کەرکوکی گرتەوە. لەبەرئەوەی ژمارەکەیان زۆر بوون بەشێکیان گوازرانەوە بەرەو شارەکانی خواروی عێراق بەتایبەتی شارۆچکەی (موسەیەب)

برا گەورەکەی عەزیز، قەمەرەیەکی دۆجی سپی هەبوو لەناو حەوشەکەی خۆیدا ڕاگیرابوو، ڕۆژێك لە دەرگادرا، خێزانەکەی چووە بەردەرگا، کابرایەکی عەرەب کە لە هەمان کۆڵاندا جێنشین بوو خەڵکی(شەرقاط) بوو، لە بەر دەرگا بوو ئافرەتەکە دڵی داخووڕپا و لێی پرسی، چی دەوێ؟ کابرا کەوتە قسە(من دەزانم باوك شوان دەستگیرکراوە، بەڵام هاتوومە ئۆتۆمبیلەکەی ببەمە لای خۆم. نەوەك پیاو خراپێ لێتانی بسەنێ!)

دایك شوان گەلێك هەوڵیدا، کە لەو داواکاریەی پاشگەزبێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. ئەو ڕۆژەیش ڕۆژێکی ئەوەندە ڕەش بوو کە بواری ئەوەی تێدا نەبوو ڕقەبەرێ و مشتومڕ لەگەڵ عەرەبێکا بکەی. بە ناچاری چوو سوویچەکەی هێناو دەرگای حەوشەکەی کردەوە و کابرا ئۆتۆمبیلەکەی برد، ئەو ئۆتۆمبیلە ماوەیەکی زۆر بەدەست ئەو کابرا عەرەبەوە بوو، بۆ خۆی

بەکاری دەهێنا. دەرگای حەوشەکەی ئەو کابرایە، لە دەرگای ئەمانەوە دیاربوو. هەرچەند دەنگی کردنەوەی دەرگای ئەو ماڵە بهاتایە دایك شوان دەچووە بەر دەرگای خۆیان، تا لەوێوە ئۆتۆمبیلەکەی خۆیان ببینێ کە دەردەکرایە دەرەوە یان دەکرایە ژوورەوە خەم و ئاگری خەفەت، ناو هەناوی دەسووتاند و تاوێك فرمێسکی دەڕشت.

لە هەمان قۆناغدا، ڕەئوف برای عەزیز، کە لە نەخۆشخانەی کەرکوکدا کاری چاپ کردنی نووسراوی فەرمی، پیشەی بوو ئەویش دەستگیرکرا. بەگوێرەی ئەم. گرفتێکی ناخۆش بوو، ئەوەبوو تووشی نەخۆشیەکی وابوو کە دەبووایە بەردەوام، هەموو ڕۆژێك دەرزیەکی لێ بدرێ. ئەمەیش کارێکی ئاسان نەبوو بۆ کەسێ لە شوێنێکی، وەك پۆلیسخانەی کەرکوك ڕاگیرکرابێ لە هۆڵێکی گەورەدا کە لەو قۆناغەدا سەتان کەسی تیا ڕاگیرکرابوون. بەڵام وەك دەڵێن(خوا دەلیلی داماوە) کەسێك بە هانایەوە هات کە فەرمانبەر بوو لە هەمان نەخۆشخانەدا مرۆڤێکی تورکمان بوو. هەواڵی گرتنەکەی ڕشەئوف بیستبوو، دیاربوو، بە نەخۆشیەکەیشی زانی بوو. وەکو دۆستێکی باش، ناو بەناو دەهاتە پۆلیسخانەکە و دەرزی لە ڕەئوف دەدا. ئەوەی ئەم کارەی بۆ ئەو پیاوە ئاسان کردبوو ئەوە بوو. کە کورد نەبوو بایی خۆی ناسیاوی لەگەڵ چەند قۆمسێر و ئەفسەرێکی ئەو شوێنەدا هەبوو پیاوێك بەناوی(جیهان)ەوە ئەو کەسەی ڕاسپاردبوو. لەبەرئەوە دەستیان نەدەخستە ڕێی بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە مرۆڤیەی کە قەت قیمەتی تەواو نەدەبوو.

عەزیز بەخۆیەوە(دوانزە)برا بوون، ژمارەیەکی کەمیان نەبێ، پرشی ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژگارەکانیان پێگەیشتبوو، هەر یەکە و بەجۆرێك، بەتایبەتی لەو بارودۆخە ناهەموارانەی کە گەلی کورد تیایدا دەکەوتە بەر هەڵمەتی ئاگری حکومەتە ڕەگەز پەرستەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق، (حەمید)ی



برای عەزیز، لە ژێر فشاری ئەو بارودۆخە ترسناکەدا، ناچار بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان لە قەدەرەوە خۆی بگەیەنێتە ناوچە ئازاد کراوەکان، لە ژووروی کەرکوکدا. دیاربوو لایەنی پێشمەرگە، لە توانایەکی تایبەتی ئەم کەسە سوودێکی وەرگرت. ئەوەبوو لە ناوچەی جەباریدا، نانەواخانەیەکی گەورەیان بۆ دروست کرد، بەڵکو بتوانێ، بە بارستایی پێویستی، بۆ پێشمەرگەی ئەو ناوە نان دەستەبەر بکات (حەمید) لەبەرئەوەی، هەر لە منداڵیەوە لەم پیشەیەدا کاری کردبوو، تیایدا قاڵ بوو بوو، بۆیە حەزی زیاتر بەوەبوو، کە ئەم کارە بەسوودە، ئەنجام بدا نەك ببێتە چەکدارێکی جەنگاوەر.

★ ★ ★

پاش پانزە ساڵ لە ساڵی(١٩٧٨) لەوە دواتر عەزیز هەموو جارێك لە ڕۆژانی کارکردنیا، لە دابەشکردنی غازدا لە هەولێر، باسی ئەو وردەکاریانەی پەیوەندی بە خۆی و براکانیەوە هەبوو بۆ(ئازاد)ی بەرپرسی ئەو شوێنە و، بۆ هەندێ لەو پیاوە بەساڵاچووانەی دەکرد، کە هەموو ڕۆژێك تاوێك لەلایان دانیشت و قسەی هەمە جۆرەیان لە هەگبەی یادەوەریەکانیانەوە دەخستە بەر ڕۆژ.

لەبەرئەوەی ئەو بابەتانە بوو بوونە مێژوویەکی ڕابردوو، هیچ کەسێکیان ئەوەندە لە گێڕانەوەیاندا چەکەرەیان نەدەکرد، و مایەی ترسناکی نەبوو. بۆیە قسەیەکی دیکەی خستە سەر ئەو قسەیەی لە بارەی(حەمید)ی برایەوە کردبووی.

- (حەمید) لە ساڵی (١٩٦٦)ەوە دەست بەرداری ژیانی(شاخ) بوو وەگەڕایەوە کەرکوك.

- هۆکارەکەی چی بوو؟

- خۆی، چەکدار نەبووە، دوای ئەوەیش ژن و منداڵەکانی کە لە کەرکوك لە حەوشی ماڵی خاڵمان دەژیان، ژیانەکەیان مەمری ژمە ژی بوو. سەرچاوەیەکی ئەو تۆیان نەبوو کە پێویستیەکانیان دابین بکا. بۆیە بەباشی زانی بگەڕێتەوە و بکەوێتەوە سەر کاسبیەکەی خۆی کە نانەوایی بوو. دەرفەتیش بۆ ئەنجامدانی ئەو بڕیارە ڕەخسا بوو.

- هۆکارەکە هەر ئەمە بوو؟

- هۆکارێکی گرنگی دیکەیش هەبوو، ناتوانم نەیڵێم، ئەوەبوو، هەڵوێستی سیاسی(حەمید) لەگەڵ ئەو لایەنە دابڕاوە بوو، کە یەك دوو ساڵ بوو لەنێو پێشمەرگەدا، سەری هەڵدابوو.

لە مێژووی تازەی کورد دا، ناو بەناو، شەڕ ڕاگرتن، لەنێوان لەشکری کوردستان و حکومەتی بەغدایا ڕووی دەدا، هەردوولا دەکەوتنە وتووێژ و بارودۆخ هێور دەبووەوە و هەندێ باری ئاسایی دەکەوتە شار و گوندەکانەوە، هێزی پێشمەرگەیش بۆ ماوەیەك دەحەسایەوە. لەو کاتانەدا، زۆربەی پێشمەرگەکان، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی شارەکان بوون، سەردانی ماڵەکانی خۆیانیان دەکرد. جاراهەبوو ئەو سەردانانە بە چەکەوە بوو جاروایش هەبوو بەبێ چەك. ئەوەی کە خەمێکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگەی. ئەو سەردەمە، نەبوونی مووچە بوو بۆیان، تەنیا ئەوەنەبێ، هەرچەند مانگی جارێ بەنێوی (یارمەتی)ەوە بڕێ پارەی کەم بەسەریاندا دابەش دەکرا. زۆری لە پێشمەرگەکان، هەلی ماوەی ئەو حەسانەوەیان دەقۆستەوە و بۆ چەند مانگێ قۆڵیان لێ هەڵدەماڵی و کار و کاسبیەکیان دەکرد. بەپێی ناوەڕۆکی ڕێك کەوتنی حکومەت لەگەڵ کوردا ژمارەیەك لەو پێشمەرگانە دەگەڕانەوە سەر ئەو کارە فەرمیانەی کە پێش ئەوەی ببنە پێشمەرگە هەیان بوو بڕێکیان هاتنەوەیان بۆ نێو ماڵەکانیان، هاتنەوەیەکی



یەکجاری بوو، جارێکی کە بیریان لەوە نەدەکردەوە، دووبارە ڕووە و شاخ دەرچنە دەرەوە.

بەڵام بەگوێرەی عەزیز، ئەوە نەدەڕەخسا، بۆ ئەمەیش هۆکار زۆر بوو، هەندێ لەو هۆکارانەی، بەم شێوەیە دەخستە بەردەم ئەو کەسانەی بەپرسیار ڕووە و عەزیز دەبوونەوە(یەکەم من پلەی پێشمەرگایەتیم، تاڕادەیەك بڵند بوو، بۆیە شەرمم دەکرد بڕیاری نەگەڕانەوەم بۆ شاخ جاڕبدەم. دووەم ئەو دامەزراوەیەی لە پێشوودا کارم تێدا دەکرد قایل نەبوو بە گەڕانەوەم بۆیە، هەرچەندە من هیچ هەوڵێکم، بۆ ئەو مەبەستە نەدا...)

بەو پێیەی برایەکی عەزیز نیزیك لە دوو ساڵی پێش هەشتی شووباتی(١٩٦٣)ەوە لە کەرکوکدا گۆڕی گووم بوو بوو، لە بەندینخانەیەکی دووردا ئەو بەشەی تەمەنی بەسەربرد، ئاگاداری هەندێ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی پێش بەربوونی نەبوو. بۆیە زۆرجار کاتێ لەگەڵ براکانیدا هەریەکە و هەندێ بەسەرهاتی ساڵە گرژەکانیان دەگێڕایەوە. چونکە ڕووداو گەلێکی ڕابووردوبوون، تام و لەزەتێکیان لەو گێڕانەوەدا دەبینی، جاری وایش هەبوو دەیاندایە قاقای پێکەنین، ڕووداوەکان بەورد و درشتیەوە، هەندە زۆر بوون هەریەکێ لەوان و کەسانی تری ئامادەبووان و خێزانەکانیان، بە زەحمەت دەرفەتیان بۆ دەرەخسا کە قسەکانی خۆیان هەڵدەنە نێو ئەو هەموو قسە زۆرەوە.

ئەو برایەی زۆرجار بێدەنگی هەڵدەبژارد لەو ساتانەدا، چونکە زۆربەی ئەو ڕووداوانەی بە دەمیانا دەهات، بەگوێرەی ئەو نامۆ بوون و یەکەم جار بوو بیان بیستێ.

(ئەحمەد)ی خاڵیان بەدەنگێکی نزم و نەرمەوە، تێکەڵ بە گەڕە لاوژێکە بوو. دیارە قسەکردن بە نەرمی لە مەجلیسێکدا کەپڕ لە دەنگە دەنگ بێ،

فرەتر سەرنجی ئامادەبووان ڕادەکێشێ بۆلای خۆی(یاڕەبی ئەو سەردەمە بڕوات و نەگەڕێتەوە، جاروا هەبوو هەر بەخۆڕایی شەڕیان بە خەڵك دەفرۆشت. یەك ڕووداوێ دەهێنمەوە یادتان، کە دەست درێژیەکی وابوو نەخوا هەڵی گرێ نە پێغەمبەر ئەوە ساڵێ لە دووای هەراکەی کورد و تورکمان بوو، شەوێك لە سەربان نووستبووین، هەندێ لە ماڵەکانی حەوشەکەیش لە خوارەوە نووستبوون، لە غەڵبە غەڵب بە ئاگا هاتین. نەخێر، غەڵبە غەڵبەکە لە دەوور و پشتمانەوە گەیشتە حەوش و بانی ئێمە.

هات و هاوار و بگرە و بەردە ترسی خستە دڵمانەوە زرمەی پێی کۆمەڵێ پۆلیس ئەو ناوەی پڕ کرد)

حاجی(ئەحمەد) هەندێ ڕاوەستاو جگەرەیەکی پێ کرد، ئامادەبووەکان بەبێ ئارامیەوە، چاوەڕێی ئەوەبوون قسەکەی دەست پێ بکاتەوە و ئەنجامەکەی وەرگرن. (هەر بەیەك دوو پۆلیس، پەلی یەکێ لە ئێمەیان گرت و بەرەو کۆڵان ڕاپێچ کراین، کۆڵانەکە دوو جۆر خەڵك تیایدا پەنگی خوارد بووە وە.

جۆری یەکەم پۆلیس بوون. جۆرەکەی تر ئەو زەلامانە بوو کە لە سەربانەکان و نێو ماڵەکانەوە هەر بە پاڵ و تێ هەڵدان گەیەندرابوونە نێو کۆڵانەکە، جۆرەکەی یەکەم بەڕاست و چەپا شەقیان دەوەشاند و مستەکۆڵەیان لە گەورە و بچووك دەدا، هاواری، بۆ لێم دەدەی، بۆ لێمان دەدەن و، قیژەی ژنان و منداڵان ئەو ناوەی پڕ کردبوو، من بەپێی ئەوەی ئیختیار بووم نەختێك بەرانبەرم دەستیان دەپاراست. بینیم چەند سەیارەیەکی پۆلیسەکان لە دەم کۆڵانەکە بوون گوێم لێ بوو لەوێوە یەك



دوو کەس بە عەرەبی و تورکمانی بانگیان دەکرد- (دزەکان بگرن، دزەکان بگرن، لێیان دەن، بیان هێنن-)

نیزیکی دە دوانزە زەلامیان لەو شەوە داو لەو کۆڵانەدا ڕاپێچ کرد بەرەو پۆلیسخانە. ڕۆژانی دووایی دەرکەوت ئەو کارە بە فەرمانی(خەیری) ناوێك بوو کە یان بەڕێوەبەری پۆلیس بوو یان هەر ئەفسەرێکی گەورە بوو لەو فەرمانگەیەدا.

دیاربوو ئەمە یەکێك بوو لەو هەوڵی تۆڵە سەندنانەوەیەی لە کوردی کەرکوك دەکرا. ڕق دامرکاندنەوە بوو لەسەر هەراکەی کەرکوك کە لە ساڵی پەنجا و نۆ ڕوویدا.

بۆیە هەڵمەتەکە بۆ سەر ئەو کۆڵانە کرابوو، چونکە دەیانزانی ماڵەکان کوردن، بەبیانووی ئەوەی گوایە، لەو شەوەدا ڕاوی دزیان ناوە، بۆیە ئەو پەلامارەی ماڵەکانیان دابوو. زۆربەی گیراوەکان یان سەریان شکابوو یان لا چاویان شینەوە بوو بوو یان قۆڵیان شکابوو. کارەکەیش، چونکە نافەرمی بوو هیچ نووسراوێکیان بۆ گرتنەکەیان نە نووسیبوو بۆیە هەر ڕۆژی دووایی یان دوو ڕۆژ لەوە دووا هەموویان بەرەڵاکران.

⋆ ⋆ ⋆

مەسەلەی گواستنەوەی بەشێك لە خێزانێك بۆ ناو شاری کەرکوك لە بەیانیانێکدا.

دەستی پێکرد، کە ئافرەتێك و دوو گەنج لەگەڵ سێ منداڵدا لە قەرەدەرە دەرچوون و گەیشتنە سەر ئەو ڕێگا نەوتینە سەرەکیەی کە(دووبزی) دە بەستایەوە بە کەرکوك. ئافرەتەکە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو بەسەر پشتی وڵاخێکەوە بوو دوو منداڵەکەی دیکە بەسەر پشتی وڵاخێکی دیکەوە بوون.

دوو گەنجەکە یەکێکیان هەراشتر بوو مامەی گەنجەکەی تر و منداڵەکان بوو، هەریەکە و دارێکیان بە دەستەوە بوو وڵاخەکانیان لێ دەخوڕی.
لە ڕێکەکە زەلامە گەورەکە(حەمە ساڵح)بوو گەنجە لاوەکە(عەزیز) بوو کە یەکێ بوو لە ئەندامەکانی ئەو خێزانە تاك و تەرا ئۆتۆمبیلی پێدا دەهات، ئەو تاك و تەرایەیش بە زۆر ئۆتۆمبیلی کۆمپانیای نەوت بوو. ئەو بۆنەی لە ڕێگاکەوە هەڵدەستا تاڕادەیەك نامۆ بوو بۆیان لەبەرئەوە، تەنیا بە تێکەڵاوکردنی نەوتی ڕەش و خۆڵ، دروستکرابوو.
پەیدابوونی ئەو شێوە ڕێگەیە لە دووای پەیدابوونی بیرە نەوتەکانی ئەو ناوچەیە بوو، ئەو ئافرەتەی منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو دایکی عەزیز بوو، ژنی یەکەمی باوکی بوو، لەگەڵ هەوێکەیدا نەدەگونجان. دوو سێ ساڵێ، لە ژیانێکی تاڵدا بوو، بۆیە بەیانیانێك هەندێ بزگوڕی پێچایەوە و بەسەر پشتی دوو وڵاخ لە(قەرەدەرە)وە بەرەو ڕۆژئاوا کەوتنە ڕێ و، تکای لە یەکێ لە شووبراکانی کرد کە لەگەڵ(عەزیز)ی کوڕیا هاوشان بێ و هاوڕێیان بێ بەرەو کەرکوك هاوشان بێ و هاوڕێیان بێ.
ئەوەی کە بووە مایەی ڕێ خۆشکەر بۆ ئەنجامدانی ئەم بڕیارەی ئافرەتەکە، جگە لە ناتەبایی لەگەڵ هەوێکەیدا، ئەوەبوو دوو کوڕی گەورەی پێشتر لە کەرکوك بوون، یەکەمیان سەربازبوو لە سەربازگەی کەرکوك، دوومیان ماوەیەك فەقێ بوو، دووایش لە کۆمپانیای نەوت دامەزرا بوو، لە کەرکوك دەژیا.
لەکاتی لە ماڵ دەرچوونا و کەوتنە ڕێدا خەڵکانێکی زۆر لێیان گردبوو بوونەوە، بەتایبەتی ئافرەت و منداڵان زۆربەیان دلگرانی خۆیان دەبڕی، فرمێسکیان دەڕشت و نزای ئەوەیان دەکرد کە سەفەرەکەیان خێربێ و پەشیمانی لە دوای نەبێ(ئامین) لەبەر فرمێسك بارینی چاوی، نەی دەتوانی



بەتەواوی ڕووخساری ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەڕوونی ببینێ، ناو بەناو ئەوەندەی بۆی دەهات بەڕستەی کورت کورت هەستی خۆی دەردەبڕی(بەو خوایە زۆر پێم ناخۆشە دەست بەرداری ئێوە دەبم، بەڵام ناچاریە، ناچاری. ئێوە بەجێ دەهێڵم، بەڵام، لەبیرم ناچنەوە چونکە هاوڕێ و هاوسێی قۆناغێکی درێژن لە ژیانمدا، توخوا بەس فرمێسك، بڕێژن، ئەگەر خوا حەزکا، ناو بەناو سەرتان لێ دەدەینەوە، بمێنن بەخۆشی، ناخۆشی نەبینن، قوربانی بەرد و دار و دیواری قەرەدەرەبم بە قوربانی چاوەکانتان بم) بۆ دەووروبەری نوێژی عەسر گەیشتنە لێوار شار.

★ ★ ★

شارەزایی بوون لەبارەی زۆربەی بەشەکانی کۆمپانیا، چ ئەوانەی بەتەك شاری کەرکوکەوە بوون، یان ئەو بەشانەی دووری شارەکە بوون، وەکو(کەیوان) و(ستاپ لاین) و بەشەکانی خزمەتگوزاری، وەکو ئاو و کارەبا و ئاگر کوژاندنەوە و چەندین بەشی تری ئەو کۆمپانیایە، بەگوێرەی ئەم خێزانە شتێکی هاوبەش و ئاسایی بوو، لەبەرئەوەی عەزیز و باوکی و دووان لە براکانی تری و خاڵۆی و یەکێك لە مامەکانی و چەندین لە کەسانی دیکەی خزم و خۆیشیان، هەر هەموو لەو کۆمپانیایە دامەزرابوون و ساڵانێکی زۆر بوو ئەوە پیشەیان بوو.
ئێوارانێك لە حەوشی ماڵی خاڵی عەزیز ژمارەیەك کەس دانیشتبوون و ئەوەبوو بارودۆخەکە هەندێ ئاسایی بوو بووەوە بەپێی ئەوەی جۆرە ڕێککەوتنێك لەنێوان کورد و حکومەتی بەغدا هەبوو، کە بە بەیانی ٢٩ی حوزەیران ناسرابوو. لایەنە سیاسیەکان و پێشمەرگەکان ماوەیەك لەو بارودۆخە بەشێوەیەکی کاتی حەسابوونەوە.

ئەوەبوو خاڵۆیان کە لە هەموو ئەو کەسانەی لەو دانیشتنەدا ئامادەبوو بوون بە تەمەن تر بوو. ناو بەناو تێکەڵاوی گفتوگۆکانیانی دەکرد. لەو کاتانەی کە باسی هێرشە نایاسایی و نا جێیەکەی پۆلیسەکانی کرد بۆ سەر ئەو کۆڵانانەی خۆیان، یەکێ لە خوارزاکانی هەندێ دەستی چیرۆك نووسینی هەبوو، بەبیری هاتەوە کە چۆن جارێکی پێشوو خاڵی باسی جۆری ئەنجامدانی کارەکەی خۆی گێڕایەوە کە لە گەنجیدا بەسەری برد بوو. ئەو خوارزایەی بیرۆکەیەکی بۆ هات کە چیرۆکێك لەو بارەیەوە بنووسێ، بە ئەندێشەی خۆی وێنەی ئەوەی گرت کە چۆن کەسانی وەك خاڵۆی هەبوون و تەمەنی خۆیان لەسەر پیشەی خزمەتکردنی دامەزراوەی نەوت دانا، دوایش کە بەساڵاچوون بارودۆخێکی وا بەسەر ئەم وڵاتەدا ڕەت بوو کە ئەو کەسانە تەنەکەیەك نەوتیان دەست نەدەکەوت خۆیان پێی گەرمەوە کەن، بۆیە لەسەرما دەلەرزین. کورتە چیرۆکەکەیش بەم جۆرە بوو(لوولەکان):

دەمی کەشکۆڵەکەی باپیرانی کردەوە. ورد ورد کەوتە خوێندنەوەی مەتەڵ و ڕووداو و ئەفسانەکان، پڕ بوون لە ڕووداوی سەیر و سەمەرە. چاخ و کات کەوتنە لۆقە لە دووایی ئەفسانەدا، واقی وڕما، بەچەند خوولەکێك سەری سپی کرد، ڕەنگ و ڕووی تەڵخ بوو، تروسکەیەك ڕۆشنایی لەبەر چاوانی نەما، ڕەشەبای نائومێدی بووە سرودی ڕووح کێشان، دوا مۆمی کوژاندەوە. دووا ئەستێرەی ڕەواندەوە، کردیە شەوەزەنگی وەیشوومەی ترس و لەرزی هات و نەهات. دوا ئەفسانە(بە مانشێت) وێنەی ئەحمەد ناوێکی کێشابوو. ئەگەر باش لێی ورد نەبوویتایەوە، سەر و بنیت لەیەك نەدەکردەوە، تێلە دڕکاویەکان ڕووخسار و سەر و سیمای ئاڵۆزاندبوو، لە ئاستیدا مووی مرۆڤ دەبوونە خەنجەر، حەزی بەردەوامبوونی ژیانی دەبوو بە هەڵم، ڕێگەیەك بۆتە سنوور لەنێوان گەڕەکەکە و دیواری گۆڕستانەکەدا، ئەحمەدی سپی



پۆش لەسیلەی قەبران بەچنچکەوە دانیشتبوو، جلە سپیەکانی دیمەنێکی ڕووحانی سامناکی دەبەخشی، تەنەگەیەکی بەتاڵ لەبەر دەمیا بوو. چاوەڕوانی و زوقووم ئۆقرەی لەبەر بڕی بوو، هامووشۆکەران ئاوڕیان لێ دەدایەوە. ناو لەپی کردەوە: هەر ئەوەندەم پێیە.

- خاڵۆ ئەمە کەمە، بەش ناکا، ئەوەندەی تری بخەیتە سەر ئەمجا تەنەگەکەت بۆ پڕ دەکەم.

- ئەحمەد بەبۆنی نەوت گۆش کرابوو، تەمەڵی خانووەکەی ئەم دونیای لەسەر دەماری نەوت لێدرابوو، پەنجەی هێنایەوە یەك.. (شەوم زەمهەریرە بە ڕۆژیش تەنیایی گڕم تیچ بەردەدا) هەرچەندە سەیری هاتووچۆکەرانی دەکرد کەسیانی نەدەناسی، چاوەکانی نووقاند، گەڕایەوە سەرەتای تەمەنی لاوی (ڕۆڵە خوا حافیزبێ سەد ئایەتەلکورسی بە دەوورتەوە پەرژینت بێ، ئاگاداربە ئەسپەکەت ساتمە نەدا.. باشە دایە گیان) پێش ئەوە کابرایەکی سوورەی موو زەرد بەم گوێرەیە کارەکەی پێ سپاردبوو.. (ئەحمەد هەر لەسەر- زێ- یەکەوە، هەتا ڕاست گوندەکەتان بە سوواری ئەسپێك ئەم سەر و ئەو سەر دەکەیت، دەبیت بە هاوڕێ و پارێزەری ئەم لوولانە،کاو جۆی ئەسپەکەیشت لەسەر ئێمەیە دەیخەینە سەر مووچەکەت) شریتەکەی تۆماری ئەو یادەوەریەی گرێی زیاتر بەسەرا ڕەت بوو، لەبەر چاوی خەت خەتی تێ کەوت، تەم و مژ گرتنیەوە. پچڕا. ئەوا ئەمڕۆیش ئێوارەیەکی تاڵ، هەورێکی ڕووگرژ سەر شانۆکەی گەمارۆداوە دەستێکی لەرزۆك لەتەك تەنەکەیەکی بەتاڵ. (زمانم لە ئاستیدا لاڵ بوو، وشە و ڕستەکانم ڕوو زەرد بوون دەستە و پاچە لە قوڕ چەقین- خوایە هێزی ئینشایەك) لەو ڕۆژەوە ئەحمەد بوو بە(ئەحمەد لوولە) بوو بە عاشقی لوولەکان بوو بە خەم خۆریان، دەست بەرداریان نەدەبوو وەك بیلبیلەی چاوی دەیانی پاراست،

ئۆقرەی نەبوو بەهار و هاوینی تەمەنی خۆی بەو لوولانە بەخشی. هەموو ڕۆژێ دەیان ئاسوگە

و دۆڵ و دەشتی دەبڕی و دەژماد. شان بە شانی لوولەکانی دەکرد، تووشی چەندین شوان و گاوان و ڕێبوار دەبوو.

- ئەوە ئەحمەد لوولە بەخۆی و ئەسپەکەیەوە دەرکەوتەوە.

- ڕۆڵە نەکەن بەرد لە لوولەکان بدەن، دەستکاریان نەکەن، ئاگر لە تەکیانا نەکەنەوە.

- نا خاڵۆ ئەحمەد چۆن شتی وادەکەین؟!

بن پێیەکانی سڕ بوون شێوەی دانیشتنەکەی گۆڕی، بایەکە گوێچکەکانی تەزاندبوو، تەنەکە بەتاڵەکەی بەردەمی لەگەڵ بایەکەدا جووڵەی دەکرد.

قوڕنەیەکی لە زەوی بڵند دەبووەوە قوڕنەکەی بەرانبەری وەڵامی دەدایەوە نەزمێکی تایبەتی لێ دروست بوو، کە لەسەریەك دووبارە دەبووەوە درنگەکەی خۆش دەهاتە بەر گوێی ماوەیەك هەستی لێ ڕاگرت سەیرێکی لای ڕاستی کرد، ڕۆژ لە ئاوابووندابوو نەوت فرۆشەکەیش تەواو دوورکەوتبووەوە. هەردوو دەستی خستەسەر ئەژنۆکانی، هەستایە سەرپێ و پشتی لە ڕێگەکە کرد. گەڕایەوە ناو گۆڕستانەکە خۆی کرد بە گۆڕەکەی خۆیدا. ئەو شەوە هەتا بەیانی چەقەی ددانی دەهات. نیوەی هەناسەیەکی بۆنی چاڵە نەوتەکانی ئەو دیوو گۆڕستانەکە بوو. بەرە بەیان زیرەیەکی لێ هەڵسا سزایەکی بە ئێش چزایە گیانیەوە. دوو ڕەش پۆش کەوتنە هەڕەشە(بگرە سزای گوناهەکانی دوێنی و ئەم شەوت، ئەم کردەوانەمان لەسەرت تۆمارکردووە، یەکەم چەقەی ددانت ئەو چەقەیەی حەسانەوەمانی لێڵ کردووە.



دووەم نیزیك بوونەوەت لە هێڵی نێوان مردوان و زیندوان. ئەمەیش دڵنیایی مانی شڵەژاند و مەترسی لە دەروونماندا چاند. کاتێ ئەوان فەرمانەکەیان بەجێ هێنا، پێش ئەوەی ڕۆژ دەرکەوێ، ئەوێ یان، بەجێ هێشت. لەسەر ڕێگەکە پێیان لە تەنەگەکە هەڵکەوت(ئەم) بە دەنگەکە ڕاچەنی. لەگەڵ ئەو ڕاچەنینەدا بۆ جاری دووەم سەری نایەوە و دووبارە گیانی تەسلیم کرد. ئەمیش دەمی کەشکۆڵەکەی داخست و هەر لەبەر خۆیەوە ناوەڕۆکی ئەفسانەیەکی تری دووبارە کردەوە.

⋆ ⋆ ⋆

هەر بستێکی زەوییەکانی ناوچەی پشت خورماتوو، هەتا قادرکەرەم و گردەکانی نێوان ئەو دیوو بەرەو خوارو بەرەو ژوورو بەرەو ڕۆژهەڵات، هەتاوەکو سنوورەکانی کەلار و کفری، بوو بوون بە نیشتمانێکی تازە بۆ عەزیز، لە ئاست هەر هەردێك و دۆڵێك و چەمێك و کانیەك، چەندجار ڕادەما و هەمان ئەو نموونە و ئەو جۆرە سروشتانەی سەردەمی منداڵی و لاوێتی خۆی دەهاتنەوە بەرچاوی، سۆزێکی بەهێز و سەیر هەموو هەست و هۆشی دەگرتەوە.

- ئەوە کاك مەلا بۆ ڕاماوی چرکەت لە خۆت بڕیووە؟!

ئەم ڕاچەنی و، سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد و سەرنجی بۆ لای ئەو پێشمەرگەیە چوو، کە ئەو پرسیارەی ئاڕاستەکرد. وەڵامێکی ڕاستەوخۆی نەدایەوە. تفەنگەکەی لەشان کردەوە و لەسەر بەردێك دانیشت، ژمارەیەك لەو پێشمەرگانەی لەگەڵی دابوون، بە هەلیان زانی کە ئەوانیش تاوێك حەسانەوە بە چۆك و لاقەکانیان بدەن، جگە لەو دوو پێشمەرگەیەی کە ڕایانی سپاردبوو لەم سەر و لەو سەری شوێنی بوونیان، ببن بە پاسەوان، ئاگاداربن ئەو دوو پێشمەرگەیە، یەکێکیان ماوەیەك، دوور لە جەماعەتەکە

ڕاوەستا ئەوی تریشیان بەهەمان جۆر بەڵام لە ڕاست و چەپی خواروو ژووروی ئەو شوێنەدا. دیاربوو بەوریاییەوە سەیری دەووروبەرەکەیان، دەکرد وەك جێبەجێکردنی بەرپرسیاریەك.

پێشمەرگەکان لەنێوان خۆیان دوو دوو و سێ سێ، کەوتنە قسەکردن و بەرپاکردنی قسە و باسی تایبەتی خۆیان، هەندێکیشیان، لە ڕاست خۆیان شانیان دادایەوە، تفەنگەکانیان، لە باوەش خۆیان درێژکرد، عەزیز کەوتە قسەکردن لەگەڵ جێگر و یارمەتی دەری تایبەتی خۆی، کە بەتەکیەوە بوو.

- بەخوا، ڕۆستەم، هەرچەند گردێکی قووت یان زوورگێك یان کاشە بەردێك دەکەوێتە بەرچاوم، توون دەمباتەوە، خۆم لە هەردەکانی قەرەدەرە و دەووروبەرەکەی دەبینمەوە. هەرچەندە ئێستا تفەنگ لەشانمدایە کۆمەڵێ پێشمەرگە بەدەوورمەوەن، بەڵام تامی سەعاتێکی سەردەمی هەرزەکاریم نیە، کە بەبێ خەم و بەبێ ترس لەو ناوچەیە یان جووتم دەکرد یان درەووی گەنم و جۆم دەکرد، یان ساتێکم بە شەوقەوە، بەوەوەم بەسەر دەبرد کە لە کەلێنێکەوە یان لە دوورەوە، چاوم بە کۆمەڵە کچێکی ئاوایی خۆمان دەکەوت و، بەتایبەتی ورد دەبوومەوە لێیان، بۆ ئەوەی ئەو کچە ببینم کە مەبەستم بوو.

ڕۆستەم حەزی بەوەبوو، کە عەزیز لەسەر قسەکانی بڕوا، چونکە ئەوە یەکەم جاری بوو کە بەو شێوەیە باس لە هەندێ شتە زۆر تایبەتمەندیەکانی خۆی بکا، ڕازەکانی خۆی دەربڕێ، دەنگ دانەوەی قسەکانی عەزیزی لە ناخی خۆیدا، هەست پێ دەکرد. عەشقی ژیانێکی سەربەست و دوور لە خەم و پڕ لە ئاسایی ئەو حەزە بوو بوو بە حەزێکی قووڵ لە زۆر چرکەی تایبەتیدا، دەیسووتاند و سووێی دەبووەوە پاش تاوێك کەوتنەوە ڕێ، بەرەو گوندی(خدر ڕەیحان) دەرگای لەسەر پشتی،



دیوەخانەکەی کوێخای ئاوایی لە دوورەوە دیاربوو. کوێخاکە پیاوێکی باڵابەرز و بەشان و شەوکەت بوو کەوا و سەڵتەیەکی دەستووری گەرمیانی لەبەربوو، لەوەپێش چەند جارێکی دیکە عەزیز خۆی و پێشمەرگەکا نی، سەردانی ئەو گوندەیان کردبوو. خوو ڕەوشتی پیاوانەی ئەو کوێخایەی چوو بووە دڵەوە. پاش دانیشتن و خۆش و بێش کردن عەزیز کەوتە تەگبیری ئەوەی پێشمەرگەکان دابەش بکا بەماڵەکانی گوندەکەدا، بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدا، بانگی بەرپرسیاری ئاوایی کرد. بەڵام کوێخا ویستی ڕێگەی ئەم بابەتە نەدات.

- مەلا غەریب، بێڵە با هەر هەموو لێرە بمێننەوە، لە خوا بەزیادبێ، حەوش و بەرە و دیوەخانە و ژووری زۆرم هەیە، بۆ حەسانەوەی هەمووتان، خواردنیش لایەنێکی زۆر ئاسانە، خەمت نەبێ.

- لە ئێوە، ئەوەندەی تر. بەخوا کوێخا خۆ جەنابت تاقی ناکەینەوە، زۆر لەسەر سفرە و سینی جەنابت، نانمان خواردووە. بەڵام حەزناکەم، هەموو ئەرکەکە بکەوێتە سەرشانی یەك ماڵ، بۆیە ڕێم بدە با هەڤاڵی بەرپرسیاری ئاوایی، دوو دوو دابەشیان بکا بەسەر ماڵەکانا.

- کاکە مەلا، مەحجوبمان مەکە، خۆ لە ماڵە دۆم، لاتان نەداوە؟!

- قەناعەتم هەیە، کە قسەکانت لە دڵتەوە دەرئەچن، بەڵام ڕێنمایی سەرکردایەتی لەشکرمان بەم شێوەیەیە کە باسم لێوەکرد. خۆمان وامان پێ خۆشە.

- باشە، چۆنی دەفەرمووی، باوابێ هەر لای من دەمێنیتەوە.

- بە چاوان، منیش وام پێ خۆشە.

لە پاش هەندێ حەسانەوە و قاوە فڕکردن و هەندێ گۆڕینەوەی قسەی ئاسایی و بابەتی پەیوەند بەنەریتی دابین کرد. کوێخا زۆر مەبەستی بوو

مەسەلەیەك لەگەڵ عەزیزدا بەرپابكا. مەسەلەیەك كە لە دڵیا ماوەیەكە بۆتە گرێ و ناكرێتەوە بۆی.

- كاكە مەلا، ئێمە هەموومان كوردین، بەرژەوەندیمان بەیەكمانەوە دەبەستێتەوە، سەیرم پێ دێ كە ئەم دووبڕبوونەی پێشەنگی گەلەكەمان، بۆچی؟! خۆ لە خوا بەزیادبێ بەرەبەرە خەڵك وریا بۆتەوە و خوێندەواری شارەكانی، تێكەڵاوبوونە بە لادێكان و كاریان كردووەتە سەر هەست و هۆش و هەڵوێسمان. ڕێژەیەك لە پێشمەرگەكان خوێندەوارن. ئێمە زۆر دڵمان پێیان خۆشە، وەكو كوڕی خۆمان باوەشمان بۆ كردوونەتەوە. ئومێدێكی گەورەیان پێمان بەخشیووە كە دووا ڕۆژی گەلەكەمان ڕووناك دەبێ و هەتاوی ئازادیمان بە تەمای خوا، لەسەر كەلە.

عەزیز، قسەكانی كوێخای زۆر بە دڵ بوو. بوونە ئاوێنەیەك، كە تیایدا دڵ سۆزی و، ڕاست و ڕەوانی و دانانی ئەو پیاوە تیایدا دەبینرا. پێش ئەوەی بەژداری بكا لە قسەكانی كوێخا، لەگەڵ خۆیدا كەوتە دوواندنی خۆی(ئەگەر هەموو برا گەورەیەكی ئەم كۆمەڵەی ئێمە، بەم چەشنە بیریان بكردایەتەوە، بیان توانیایە مەسەلەكان لێك بدەنەوە، ماوەی گەیشتنمان بە ئاواتەكانمان دەبووە ماوەیەكی نیزیك دەست و ئەنجام بەخێر)

- قسەكانی جەنابت دیارە بۆ مەبەستێكە دەتەوێت ببنە كلیلی دەرگای بابەتێك كە بەخەمەوەی لە بارەیەوە، بدوێین.

كوێخا بەم قسانە تێگەیشت كە مەبەستی بابەتەكە و جۆری خەمەكە لای میوانەكەی ئاشكرا و ڕوونە.

- كاكە مەلا، جەنابت پیاوێكی بە دین و ڕاستگۆی، بە ئەزموون، بۆمانیش دەركەوتووە، كە هەڵوێستت چیە و چۆنە لە بارەی ئەم لێك ترازانەی كەوتووەتە نێو ڕیزەكانی پێشمەرگەوە، بەشێوەی دوولەی، گۆڕانكاری



كەوتووەتە نێویانەوە. داخەكەم بیستوومە لە هەندێ شوێندا لە ئەنجامی ئەم لەیەك ترازانەدا، خوێنیش ڕژاوە، ئەمە چ پەتایەكە، كەوتووەتە نێو گەلەكەمان و خەریكە تەشەنە دەكا.

عەزیز ویستی كوێخا لە سنوورێكدا ڕاگرێ و بەردەوام نەبێ لە شەن و كەو كردنی ئەو خەمەی باسی لێوە دەكا، كە دیارە لە ناخی دڵیەوە سەر هەڵ دەدا.

- كوێخا، مەسەلەكە ئەوەندە گەورەنیە كە ببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر شۆڕشەكەمان و ڕێبازەكەی و ڕێ پێوانەكەی. ئەوەندە بۆی بە خەمەوە مەبە هەڵوێستی سیاسی ئەمڕۆمان ئەوە دەردەخا كە دووژمنانمان، دەیانەوێ سوود لەم بارودۆخە وەرگرن و مەسەلەكە بگەیەننە دۆخی براكوژی لە نێوانیاندا. سەركردایەتی كوردستان هۆشیارە و، لەوانەیشە مەسەلەكە ببێتە ململانێیەكی درێژخایەن، بەڵام ئێمە هەڵوێستمان ناگۆڕێ و ئومێدیش دەكەین پاش ئەوەی ئەم ئەزموونە درێژ ببێتەوە، ببێتە مایەی دەرس وەرگرتن و دووبار یەكبوونەوەی ڕێچكەكان. عەزیز، نەیوویست بچێتە نێو وردەكاری مەسەلەكەوە و هانی كوێخا و كەسانی تری ئامادەبووانی دیوەخانەكە بدا. بە ئاڕاستەیەكی وا ڕقیان هەستێنێ و درووشمی چەك بەكارهێنان بخاتە سەر بەڕە. لەبەرئەوەی دەیزانی ئەمانە كۆمەڵە خەڵكێكن قسەی هەر بەرپرسیارێك كاریان تێدەكا، بۆیە پێی وابوو بەشێوەیەك بیان دوێنێ كە بەرژەوەندی گشتی تیابێ. هەمیشە قسەی پیاوی پایە بەرز ئەگەر ڕاستیش نەبێ پێی دەڵێن(سیاسەت) دیاربوو كە قسەی نێو چینی ڕێكخراوەكان و پێشمەرگەكان لەو بارودۆخەدا جۆرێكی تر بوون، كە نەدەكرا لە هەموو شوێنێكدا بە هەمان جۆر دەر ببڕێن.

ڕۆستەم لەلایەن تەمەنەوە، هەرچەندە لاوێکی وابوو تازە لە قۆناغی هەرزەکاری بەرێبووە، عەزیز کردبوویە یارمەتی دەر و جێگری خۆی. ئەمەیش لەوەوە سەری هەڵدا بوو کە ئەو لاوە، خوێندەوارێکی باش و ڕۆشنبیر بوو، دڵنیایش بوو لەوەی کە لەو ڕۆژانەی، خۆی مۆڵەت وەرگرێ، چەند ڕۆژێك دابڕێ لە پێشمەرگەکانی، ڕۆستەم بە کارامەییەوە دەتوانێ شوێنی پڕکاتەوە و هەموو کار و بارێك بە پووختی ئەنجام بدا، لەبەرئەوەی لەلایەن ئەو پێشمەرگانەوە ڕێز و خۆشەویستیەکی تایبەتی، وە دەست هێنابوو.

* * *

ڕۆستەم، بەو پەڕی شادمانیەوە حەزی دەکرد گوێ لە گێڕانەوەی سەر گوزشتەی ڕابوردووی عەزیز بگرێ. ئەم هەستە عەزیزیش درکی پێ کردبوو، بۆیە لە قسەکردنندا جڵەوی بۆ قسەکانی شل کردبوو، درێژەی پێ دەدانێ.

ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێك نەکەوت کە عەزیز بابەتێك بگێڕێتەوە، پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەبێ. ئەمە شتێکی سەیر بوو بۆ ڕۆستەم. سەیرەکەیش لەوەوە هاتبوو کە عەزیز، لە کاتی هەرزەکاری و لاویدا وا دیاربوو گەنجێکی ڕێك و پێك بووە و شایستەی ئەوەیش بووە، کە سەرنجی کچانی گوندەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ تاکە بابەتێ، کە پەیوەندی بەم لایەنەوە هەبووبێ و عەزیز لە قسەکانی ئەمڕۆدا خۆی لە قەرەی دابێ، مەسەلەی(سەبحە) بوو. ئەو ڕووەی کە بۆ ئەم باسەی دەخستە ڕوو، تەنیا ئەو ئازارە دەروونیەی بوو، کە لە ئەنجامی هەڵسوکەوتیدا سەری هەڵدا، کە لە یەکەم شەوی نێو پەردەی بووکێنیدا دەرحەق بەو کچەی کردبوو.



ژان و ئازارە دەروونیەکەی، جۆرێك نەبوو بەزوویی سارێژ ببێتەوە و لەبیری بچێتەوە، مەگەر بە ڕێککەوت بووبێ.

خوا ڕەوشتێکی وای دابوو بە(عەزیز) کە دوور بوو لە خۆ بەزلزانین و شانازی کردن بەخۆیەوە. لەبەرئەوەی گوێڕایەڵ بوو بۆ قسەی هەموو کەسێك بەتایبەتی ئەگەر لە بارەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و، چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەر گرفتێك و تەنگ و چەڵەمەیەك، خۆ ئەو بابەتانە چ گشتی بووبن، چ تایبەتمەند، لە ڕەخنەی کەسیش دلگران نەدەبوو. هەوڵی دەدا سوود لە بیر و بۆچوونەکانی هەموو کەسێك وەرگرێ و، ئەزموونەکانی خۆی پێ دەوڵەمەند بکا. بۆ نموونە، لە سەردانێکی، ڕابردووی خۆی و دەستەیەك لە پێشمەرگە، بۆ هەمان گوند، حەزێك لە دەروونیدا شین بوو بریتی بوو لە بینینی مامۆستایەکی قوتابخانەی ئەو گوندە کە لە پێشتر، بیستبووی کە مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆستە و، لە بارەی بابەتی سیاسەتیشەوە کەسێکی وریا و شارەزایە.

ئەوەبوو ناردی بە دوایا، بەڵام ئەو کەسەی کە ڕایسپارد بۆ ئەوەی ئەو حەزەی بگوازێتەوە بۆ ئەو مامۆستایە، بەوردی تێی گەیاند کە پێی بڵێ، گەر بواری هەیە و حەزدەکا، مەلا غەریب دەیەوێ بە دیداری خۆشحاڵ بێ، ئەوەیشی بۆ ڕوون کردەوە، کە شوێنەکەی ئەو نەگونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو دیدارە، بۆیە، پێی باشترە لە دیوەخانەکەی کوێخا، یەکتری گیربن.

زۆری پێ نەچوو، ئەو مامۆستایە بە خۆشحاڵیەوە گەیشتە دیوەخانەکە، هەر هەموو، لە بەری هەڵسان و، لەگەڵ مەلا غەریبدا تەوقەیان کرد و هەردووکیان خۆشحاڵی خۆیان بەو دیدارە دەبڕی، ئەوسا تەوقەی لەگەڵ کوێخادا کرد و دەستی هەڵبڕی بۆ ئامادەبووەکانی دیکە و بە وشەی(مەرحەباتان لێ بێ، چۆنن، باشن) کورتی بە خۆش و بێشەکەی داو

کۆتایی پێ هێنا و لەو شوێنەدا دانیشت کە کەوتبووە نێوان مەلا غەریب و کوێخاوە.

پاش هەندێ لە وشە گۆڕینەوەی ئاسایی و پرسیاری تەندروستی و کەیف و حاڵ، بەرەبەرە چوونە نێو ئەو بابەتەی کە لەپێش هاتنی ئەمدا، لەنێوان مەلا غەریب و کوێخادا لەسەری دەدوان.

ئەم مامۆستایە، نەیوویست بە ئاشکرا و بەزەقی خۆی بخاتە نێو یەکێ لە تایەکانی تەرازووەکەوە. هەوڵی دەدا قسەیەکی وا بکا، شێوەی زانستی پێوە دیاربێ و هەستی کەسیش بریندار نەکا. بۆیە لە وەڵامی پرسیارێکدا کە مەلا غەریب ئاراستەی کرد، هەندێ ڕاماو بیری کردەوە و سەیری زەوییەکەی بەردەمی کرد، بە نەرمی کەوتە قسە. یەکێ لە جۆرەکانی قسەکردنی ئەم مرۆڤە، ئەوەبوو، لەسەر هەر خاڵێك زۆر درێژەی دەدایێ و وردەکاریەکانیشی ئاشکرا دەکرد. دیاربوو ئەم بابەتە قسەکردنەکەی لە ئەنجامی ئەوەوە هاتبوو، کە مامۆستا بوو، لە پۆلدا وانەی دەدایەوە و درێژەی بەڕوون کردنەوەی بابەتی وانەکە دەدا.

- من دەڵێم. ئەگەر لێم وەرگرن و لە سنووری ڕێزگرتن دەرنەچم. دەڵێم لە مێژوودا، لە هەموو کۆمەڵێکدا دیاردەی جوودابوونەوە و لێك ترازان، دووبارە بووەتەوە. لێك ترازانیش ڕووداوێك نیە لە خۆڕا و بەبێ هۆکار، پەیدابووبێ. بەڵکو هۆکار و فاکتەری جوودا جوودا، لە پشتیەوەیەتی. کەسیش ناتوانێ ڕێگری لە ڕوودانی بکات. ئەگەر لایەنێك ڕووبەڕووی ببێتەوە، ململانێیەکی وا پەیدادەبێ کە لە پلەی وتووێژەوە سەردەکەوێ بۆ پلەی بگرە و بەردە و دواتریش، بۆ پلەی مرخێش مرخێش و ئینجا بۆ پلەی دەستە و یەخەبوون.

ئەوەی زیان مەندیش دەبێ کۆمەڵەکەیە، بەگشتی.



- باشە مامۆستا، مێژوو ناڵێ لە چ کاتێك و ئان و ساتێکدا، ئەم دوو بەرەکیە پەیدا دەبێ؟

پرسیارەکە، پرسیارێکی گرنگ بوو، وەڵامەکەی پێویستی دەکرد کە مامۆستا، باش وردبێتەوە لە سەرەتا و بنەماکەی. بۆیە هەندێ سەری داگرت و وەك ئەوەی شتێك بخوێنێتەوە کە لەسەر کۆشی نووسرابێ. کە دەستی گیر بوو لە وەڵامێکی گونجاو، ئەحمێکی بۆ کرد و کەوتە قسە.

- هەر بزووتنەوەیەك کە دەست پێ دەکا سا لەنێو هەر گەلێکدا بێ، لە سەرەتادا بازنەکەی تەسکە، خۆ ئەگەر بزووتنەوەکە دەست کرد و ناماقووڵ بێ، دەبێتە بڵقی سەرئاو، بەڵام ئەگەر پێویستیەکی مێژوویی بێ کە نەکرێ ئەو گەلە خۆی لێ گێل کا، ئەوە ڕۆژ بەڕۆژ بازنەیەکەی فراوان دەبێتەوە.

ئەو بزوتنەوەیە هەنگاودەنێ و لەگەڵ نەیارانیدا لە ململانێدا دەبێ. ئەو بزوتنەوەیە ئەگەر ململانێکەی بەردەوام بێ، بەیەك پارچەیی دەمێنێتەوە، بەڵام من لێرەدا دەگەمە خاڵێکی گرنگ و هۆکاری وەرچەرخان کە وەڵامە، بۆ پرسیارەکەی جەنابتان. دەڵێم ئەگەر بزوتنەوەکە گەیشتە قۆناغی بەهێزبوون و دەست ڕۆیی و نیزیك بوونەوە لە سەرکەوتن، چاوەڕێ دەکرێ کە لەت لەت بوون و دووبەرەکی لە دایك بێ و بەتایبەتی کە ئەو سەرکەوتنەی ترسی شکستی دووبارەبوونەوەی لە دوانەبێ و نەیارەکەی لاوازبێ. ئەگەر مێژووی گەلان بخوێننەوە، دەیان جار ئەم نموونەیە دووبارە بووەتەوە، خۆ ئەگەر لای ئێمەیش دووبارە ببێتەوە شتێکی سەیر نیە. ئەوەی نائاساییە و جێی ترسناکیە کە بەشێك لەو دوو پارچەیە بەتایبەتی ئەوەی دەست پێشخەری کردبێ بۆ ئەو لێکترازانە، دەستی بە دەستی لایەنێکی دەووروبەر و دووژمنێکی بەهێزەوەبێ. هیوامان وایە لەلای ئێمە بەو جۆرە لێکترازانە گۆڕانکاری بەسەردا نەیات، بە کورتی دەڵێم: ئەو

دیاردەیـە لـە ساتەکانی سـەرکەوتندا ڕوودەدا، نـەك لـە ساتەکانی لاوازی و شکستیدا.

- مامۆستا ئەگـەر دەکرێ، بـەپێی ئـەوەی شارەزاییت لـە بارەی مێـژووەوە هەیە، چەند نموونەیەکمان بۆ دەستنیشان بکەی کە بـۆ چوونەکەت باشتر بۆمان ڕوون کاتەوە.

کوێخا ئەم داواکاریەی بە گونجاو زانی، بەتایبەتی ئەوەندە ئاگادارنەبوو لەم بارەیەوە.

- نموونە زۆرن، یەکێکیان جەنگی ناوخۆیی ئەمریکایە پاش ڕزگاربوونیان، نموونەیـەکی نیـزیکیش ئەگــەر باسـی بکـەم شــەڕی نێــوان لایەنــە جەزائیریەکانە، پاش وەدەست هێنانی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان.

لـە (خـدر ڕەیحـان) پـاش نوێـژی نیـوەڕۆ و نیـوەڕۆژەکردن، یـەکێك لـە پێشمەرگەکانی ناو ئاوایی هەواڵی ئەوەی هێنا بۆ عەزیز، گوتی: کەسێك لە گوندێکی ئەو ناوچەیەوە گەیشتووەتە ئەم گوندە، دەیەوێت بتبینێ، عـەزیز لەگەڵیا کەوتە پرسیار.

- چۆن کەسێکە؟

- کەسێکی گەنجە و جانتایەکی پێیە.

- چەکدارە؟

- هەر دەمانچەیەکی بەقەدەوەیە.

- نەتزانی ناوی چییە؟

- دەڵێ، ناوی سیروانە.

عەزیز هەندێ ڕاما، پێی گوت: بابێت، بەڵام خۆتیش لەگەڵی وەرەوە.



پاش نەختێ ئەو سیروان ناوە و پێشمەرگەکە گەیشتنە جێ، پاش سڵاوکردن و یەکتری ناسین، کوێخا گوتی: بەڕووخسەتی مـەلا غـەریب بـا ئـەم میوانـە دانیشێ.

بەڵام سیروان گوتی: من نامەم پێیە بۆ مەلا غـەریب بەڕوخـسەتت حـەزیش دەکـەم بـە تـەنیا، لەگەڵیـدا قـسە بکـەم. عـەزیز هەڵـساو کەوتـە پێـشی و بەیەکـەوە چـوونە بـەر سـێبەری دارێکـی گـەورە و پێکـەوە، کەوتنـە قـسە، شوێنەکە هەرچەندە، لە ئامادەبووانی بەر هەیوانی دیوەخانەکەوە دیـاربوو، بەڵام دەنگی قسەکانیان نەدەگەیشتە لایان.

سیروان نامەیەکی دایە دەست عەزیزەوە، بەدەمیش هەندێ هەواڵی ناوچەکە و دەووروبەرەکە و باری ڕێك خراوەیی و، چەکداری، گەیاند پێی.

- باشە ئەی دانانیشی؟ برسیت نیە؟ لێرەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟

بە پەلە وەڵامی پرسیارەکانی عەزیزی دایـەوە و دەسـتی یـەکتریان گوشـی و، خوا حافیزی لە کوێخا و ئامادەبووانی هەیوانی دیوەخانەکە کرد.

عەزیز گەڕایەوە، نێو مەجلیـسەکە و هـەر هـەموو بـە کوێخایـشەوە لەبـەری هەڵسان و، داوای لێبووردنی کرد و بەتەك کوێخاوە دانیـشت، کوێخـا بـە دوو دڵیەوە کەوتە پرسیار.

- کاکە مەلا، خێر بوو؟

- شـتێکی وانـەبوو، ئـەوە کـادر بـوو، بـە ئـەرکی خـۆی هەڵدەسـتێ و، بـواری ئەوەی نەبوو لێرە بمێنێتەوە.

- بە تەمای خوا، خێردەبێ.

عەزیز داوای لە ڕۆستەم کرد بێتە تەنیشتیەوە، لە هـەمان کاتـدا داوای کـرد کـە یـەکێك هـەواڵ بگەیەنێتـە هـەموو پێـشمەرگەکانی دابـەش کـراو لـەنێو

گوندەکەدا، بێنە دیوەخان. هەتاوەکو ئەو کەسەی نێردرا ئەو فەرمانە بدا پێیان، عەزیز بە نەرمی لەگەڵ ڕۆستەمدا کەوتە قسەکردن.

- ترسی ئەوە هەیە، کە دەستەیەك لەو، جەماعەتە، لە گوندێکی نیزیك بە(خورماتوو)ەوە بکەونەڕێ تا جەولەیەك بکەن بەو گوندانەدا، کە هێزی ئێمەی تێدانیە، تائێستا نەزانراوە مەبەستیان لەو گەشتەیان، چیە؟

ڕۆستەم

پاش هەندێ بیرکردنەوە کەوتە قسە.

- کاك مەلا، بە من بێ مەبەستی ئەو گەشتەیان، ئەگەر ئەنجامی بدەن، جۆرێکە لە ڕاگەیاندن و خۆپیشاندان و هەروەها کارێکی وابکەن کە جەماوەری ناوچەکە ئاگاداربکەنەوە و پێیان بڵێن: ئێمە هەین و، هێزیشمان هەیە.

- جا ئەمە سوودێکی ئەوتۆی دەبێ بۆیان؟

- لەوانەیە ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکان قسەکانیان، بەدڵ وەرگرن و بە نیازەکانیان هەڵخەڵەتێن.

من لەکاتی خۆیدا خوێندوومەتەوە، هەر دەستەیەك، پەیدابێ، یان لە هێزێکی گەورەتر جوودا ببێتەوە، سەروبنی قسەیان، باسکردنە لە مەغدوریەتی گەنجان، و گرنگی پێ نەدانیان. بۆیە هەمیشە ڕێژەیەك لە گەنجان بەو درووشمانە هەڵدەخەڵەتێن و دەچنە پاڵیان.

- لەم بۆچوونەتا، لەگەڵتام.

ڕۆژانی داهاتوو، ئەزموونی ئەم ململانێتیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دیاردەی وا کارێکی تەمەن کورتە و زوو کۆتایی پێ دێ.



- کاکە مەلا، قسەکەت جوانە، بەڵام پاش ئەوەی ژمارەیەك لە هەردوولا تیادەچن. خۆ ئەگەر کۆڵ بدەن و شکست بهێنن ناچاری وایان لێدەکا پەنابەرنە دووژمنی هەردوولا.

- شتی وا ڕوودەدا؟

- بەڵێ، من لە مێژووی شۆڕشەکانی جیهاندا ئەمەم خوێندووەتەوە، بەتایبەتی لەو بزوتنەوە و، شۆڕش و جەنگە ناوخۆییەکانی ئەوروپادا، لە سەدەی ڕابردووداو هەتاوەکو ناوەڕاستی ئەم سەدەیەیش دا ڕووی داوە.

عەزیز کە بینی هەموو پێشمەرگەکان بەچەکەوە لە گۆڕەپانەکەی بەردەم هەیوانەکەی دیوەخانەکەدا ئامادەبوون، ڕوخسەتی لە کوێخا خواست و خواحافیزی لە هەمووان کردو، سوپاس گوزاری خۆی دەربڕی، لە گوندەکە دەرچوون، بەبێ ئەوەی جگە لە خۆی و ڕۆستەم و یارمەتیدەرە سەرەکیەکەی، کەسی تر نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆن و قۆناغی دووەمیان لە کوێیە.

لە دەرگای ئەو حەوشانەی دەکەوتنە سەر ڕێگەی لە گوند دەرچوون، چەند ئافرەتێك چ بە ئاشکرا، چ لە درزی دەرگاکانەوە، هەروەها لە هەندێ سەربانەوە ویستیان بەدیمەنی ئەو کۆمەڵە چەکدارە چاوی خۆیان ڕۆشن بکەنەوە و، بڕێژن دیاربوو بەشێك لە پێشمەرگەکانیش هەستیان بەم جۆرە بەڕێ خستنە کرد، دیارە لە ناخەوە، تەزووی شانازی و دڵ ناخۆشی، دەشتی گیانیانی گوڵ باران کردبوو.

لە چرکە و ساتی ئاوادا، دیارە هەر گەنجێك دڵی بە یەکێکەوەبێ، یان خاوەن ژن و خێزان بێ، لە ناخیانەوە پەپوولەی یادکردنەوەیان بە وشەیەك دەردەپەڕی و تامەزۆریی بۆ دیداریان مەستیان دەکا.

عەزیز هەمیشە ئەگەر هەستێکی وا لە چرکەیەکدا لەلای بپشکووتایە پەیوەستی دەکرد بە ئازارێکی دووانەبڕاوەوە، کە مەستبوونەکەی دەشلەقاند و نەیدەتوانی درێژە بەلایەنە خۆشەکەی ئەو ئەندێشەیەی بدا. هەمیشە ڕووخساری خێزانی دووەمی دەهاتەوە یاد، بەتایبەتی ڕووخساری سەردەمی پێش دەستگیرکردنی، ئەو وێنەیەی خێزانەکەی کە لەبەردەم خانووە تازە بابەتەکەیدا، بەیەکەوە گرتبوویان، شیرینترین وێنەبوو لەلای، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە ڕووخساری ژنەکەی و دوان لە منداڵەکانی گرتبووە خۆی، لەلایەکی ترەوە وێنەی خانووەکەی کە هێلانەیەکی شپرزەبوو، پاش هەوڵ و حەزێکی درێژخایەن بەدەستی هێنابوو، وای دەزانی درێژایی ژیانی تیایدا بەسەردەبات.

* * *

هەندێ لە گوندەکە دوورکەوتنەوە. لە قەدپاڵێك بەدەوور کانیەکەوە دانیشتن. ئەمەیش بەپێشنیاری عەزیز بوو. دوو پێشمەرگەیش وەك هەموو جارێك دووراو دوور لەم پەڕو لەو پەڕی کۆمەڵە پێشمەرگەکان بە چاودێریەوە چاویان بڕی بووە ئەو دەوور و پشتەیان.

عەزیز کەوتە قسە.

- براینە، نامەیەکیان لە هێزەوە پێ گەیووە، داوای ئەوەمان لێدەکا کە بکەوینە حاڵەتی ئامادەباشیەوە. لەبەرئەوەی وا دیارە جمووجۆڵێکی ئەوانگەل ڕەچاوکراوە، پێ دەچێ بگاتە پلەی پێکدادان، لەبەرئەوە دەبێ لەم شەوەوە کە گەیشتینە بنکەکەمان، هەر هەموو بەیەکەوە نەخشەیەك دارێژین بۆ هەڵسووکەوت و جەولە و سەردانی گوندەکان و پەیوەندیکردن بە کەسانی پشتگیرمانەوە، لە هەموو گوندێکی ناوچەکەماندا لە هەمان کاتدا دەبێ داوا لە هێڵی پاراستنی تایبەت بکەین، کە زۆر بە وریاییەوە



هەموو جمووجۆڵێکی کەسانی نەناسراو تۆماربکەین و بە گورجی و بە نووسین هەموو هەواڵێك بگەیەنینە شوێنی لە خۆمان بەرزتر.

عەزیز هەندێ خاڵی دیکەی خستە بەردەستیان، پاش ئەوە ڕێگەیدا بەوەی هەموو ئامادەبووان تێبینی و ڕاو و بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕن، هەر پرسیارێکیش هەبێ بیخەنە ڕوو. پێش ئەوەی کەس بێتە قسە، دەنگ و دیمەنی دوو هەلیکۆپتەر چەند چرکەیەکی بێ دەنگی ئەمانی خوولقاند، پاش ئەوەی دەنگی کۆپتەرەکان بەتەواوی دوورکەوتەوە، ڕۆستەم دەفتەرێکی دەرکرد و قەڵەمێکی ئامادەکرد بۆ ئەوەی هەر خاڵێکی گرنگ لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بخرێتەسەر بەڕە، ئەگەر شایانی تۆمارکردن بێ، تۆماری بکا.

- کاکە مەلا، ئێمە پێویستیمان بەهێزێکی گەورەترنیە لەم گەرمیانەدا؟

- ئەم حاڵەتە نابێتە ڕێگەی ئەوەی مۆڵەتەکانمان دوا خرێن؟

- نەیان گوتووە ئەو جەماعەتە ژمارەیان لەم ناوچەیەدا چەندە؟ زۆرن، کە من؟

پاش چەند پرسیار و چەند تێبینیەکی دیکە عەزیز بەیارمەتی ڕۆستەم کەوتنە وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانەی گرنگ بوون یان لە شوێنی خۆیاندا بوون. بەڵام هەندێ لە تێبینیەکان پێویستی بە گفتوگۆی زۆر هەبوو بۆ ڕوون کردنەوەیان. ڕۆستەم وای بە باش زانی کە پاش کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە بنکەدا چی پێویست بێ بۆ دڵنیایی و ڕاگەیاندن و بەرچاو ڕوونی و گفتوگۆ و وتووێژ، پووختەکەی بنووسرێتەوە بۆ پێشمەرگەکان و کۆپیەکیشی بە تەتەردا بەڕێ بخرێ بۆ هێز.

گرینگترین بڕیاری کاتی ئەوەبوو کە شەوان لەبەر دەرگای بنکە و دەووروبەرەکەی لە دوو پاسەوانی بە ئاگاوە، بکرێتە پێنج پاسەوان بۆ

ئێشك گرتن بڕیارێكی دیكه ئەوەبوو، هەر پێشمەرگەیەك فیشەكەكانی لای له مەغزەنێكەوه بكرێنه دوو مەغزەن، بڕیاری سێیەم ئەوەبوو كه هەموو ڕۆژێ پێنج كەس له پاراستن به پێنج قۆڵەوه بنێردرێن بەرەو گوندەكانی دەووروبەر، بەهەر شێوەیەك بێ، دووا زانیاری ئەو ناوچانه هەمان ڕۆژ، بگەیەننه بنكه.

* * *

ئەو كانیاوەی كه بەدەووریا دانیشتبوون هەندێ له پێشمەرگەكانی نیزیك بەلێواری كانیەكەوه، وێنەی خۆیانیان لەسەر ڕووی ئاوەكه دەبینی. چركه ساتێكی سەیربوو بۆیان، كه هەموو چەك بەدەست و چەك بەشان،، كانیەكه وێنەیەكی كتومتی بۆیان تۆماركردبوو، ئەمانیش به كامێرای چاویان كۆپیەكەیان له مێشكیان هەڵدەگرت و دەپاراست، پاش چەندین ساڵیش، ناو بەناو دەهاتەوه بەر چاویان، هەستی شانازی كردن و هەستی نەزانینی چارەنووسی سبەی و دوویان، لەگەڵ ترسی ئەوەی كه ئەو ڕۆژە نەبینن ئەو كۆپیه له گێڕانەوه بخەمه بەر چاوی خۆشەویست و كەسوكاریان، بەیەكەوه بەستڕابوون.

لەوانەیه وێنەی ئەو قەدپاڵ و هەرد و، كانیاوانه، لەلای هەر یەكێكیان بەجۆرێك كاردانەوەی بووبێ.

عەزیز، ئەو دیمەنه، كاتی شیرناوی بەبیرهێنانەوەیه كه كانیەكی گەورەبوو كەوتبووه ڕۆژهەڵاتی(قەرەدەرە)وه بەماوەی نیزیكەی كیلۆمەتر و نیوێك، ئەو كانیه كانی سەره بوو بۆ ئاوی، شیرینی خواردنەوه و، چا، لێنان و، چێشت لێنان، چونكه سەرچاوەكانی دیكەی ئاو لەو ناوه و لەناو گوندەكه بەشێوەی بیر بوون، بەڵام جۆره شۆریەكی هەبوو. بۆیه به تەنها بۆ باخچه و ئاودانی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات بەكاردەهێنرا.



لەكات و ساتێكی دووای تەواوبوونی ئەو دانیشتنەدا، ئاوێكی بەبیرهاتەوه، كه به لاڕێیەكی بەرەو گوندەكەیاندا دەهاته خوارەوه و بەسەر چەند شاخێكی نزم و تەنكدا، خوڕەی دەكرد.

شوێنەكه پێی دەگوترا(تەق تەق) هاتووچۆكەران هەندێ جار به لێوار ئاوه تەنكەكەی تەق تەقدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندەكه چ بەتاك تاك، چ بەپۆل پۆل ڕێگەیان دەبڕی، كه هەندێ بەرەو هەورازی پێچاو پێچی دەكرد، تا دەگەیشته سەر كانیه شیرینەكه.

عەزیز ئەو وێنەیەی لەگەڵ خۆیدا دەخوێندەوه و بست به بست، ڕێگەكەی دەبڕی، كه گەیشته بنكەكەیش و دانیشت، تاوێك ڕووخساری خسته نێو هەردوو لەپی، هەندێ سەری داخست، وەكو یەكێ كه هەست به ماندوویەتی بكا.

بەڵام كەسانی دەووروبەری نەیاندەزانی كه هێشتا لەگەڵ ئەندێشەیەكدا دەژی كه لەسەر كانیەكەوه هەڵی گرتبوو. عەسرانێكی ساڵانێكی زوو، لەسەر بەردێك له لێوار ئاوەكەی تەق تەق دانیشتبوو، پێیەكانی بەڕووتی كردبوو به دوو ماسی و ئاوه فێنكەكه به بانیا ڕێی دەكرد، لەزەتێكی خۆشی بەو دیمەنی قاچەكانی و جوولەی ئاوەكەوه دەدی، لەناكاو دەنگی هەندێ له كچان هاته بەر گوێی، كەسەری هەڵبڕی، چوار دانه بوون به كوندەی بەتاڵەوه بەرەو كانی شیرناو دەڕۆیشتن، ئەو شتەی گەشكەداری كرد لەو چركەیەدا ئەوەبوو، كامێرای چاوی یەكسەر كەوته سەر ڕووخساری خۆشەویستەكەی. دایانه تەكیا بەدەم قسەوه خەریك بوون، بەڵام له ئاستیا، بێدەنگ بوون، چەند هەنگاوێك دووركەوتنەوه و دیاربوو شەڕیان به سەبجه دەفرۆشت(ئەوه بۆ سەیرت ناكا؟! ئەو كاكەیه بۆ سەر هەڵ نابڕێ) سەبجه بزەیەكی كرد و وەڵامی دانەوه، بەڵام ئەوانی تر دایانه تریقەی

پێکەنین. تریقەکە بووە چوار پەنجەی نەرم بەسەر ژێیەکانی دەروونی ئەمدا. ترپە و ئاوازێکی خۆشی خولقاند. لەگەڵ تریقەی پێکەنینی کچانا سوێسکەیەك لەلا ڕێگەکەدا هەڵفڕی و بە بەردەم عەزیزدا، بە تیژڕەوی بەرەو خوار چوو. فڕەی باڵەکانی عەزیزی ڕاچڵەکاند و تێکەڵاو بوو بە ئاوازی دەروونی و خوڕەی ئاوەکە و ئومێدێکی خۆش بەوەی پاش نیو سەعاتێك، بە هەمان ڕێگەدا بە کوندەی کۆڵیانەوە ئەو کچانە دەگەڕێنەوە.

٭ ٭ ٭

ماوەیەك بوو چالاکیەکانی دژ بە سەنگەر و ئەو ڕێگایانەی کە هێزی سەربازی پێیدا هاتووچۆی دەکرد، ڕاگیرابوو. ئەوەیش لەوەوە هاتبوو، کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٦ عبدالرحمن عارف ڕێکەوتن نامەیەکی لەگەڵ سەرکردایەتی لەشکری کوردستانا، مۆرکردبوو.

ئەو ڕێکەوتن نامەیەی ئەوسا بوارێکی وای دروست کرد کە دەرگای مۆڵەتدان و حەسانەوە بۆ پێشمەرگەکان بکرێتەوە. هەروەها دەرگای هاتووچۆکردن بەرەو گوندەکان و شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت کرانەوە و خەڵکان بە ئاسانی هاتووچۆیان پێدا دەکرد و بۆ ماوەیەك، گەمارۆی ئابووریش لەسەر کوردستان هەڵگیرا.

یەکێك لەو کەسانەی کە ئەو دەرفەتەی قۆستەوە عەزیز بوو، کە بەباڵی سۆز و شەوقی زوو خۆی بگەیەنێتە لای خێزانەکەی، تاوێك بەچکەکانی لە ئامێز بگرێ و کڵپەی بڵێسەی دەروونی کپ بکات و دای مرکێنێتەوە. هەرچی چۆنێك بوو لەو، ڕۆژەدا خۆزگەی ئەوەی دەخواست دوو باڵی هەبوایە و وەك سوێسکە، بە ماوەیەکی کورت بگەیشتایە ئەو کۆڵانەی مندالەکانی تێدا جێنشین بوون.



کە گەیشتە جێ و پێش ئەوەی بچێتە حەوشەوە، بەخێرایی سەیرێکی ڕاست و چەپی خۆی کرد، پێی خۆش بوو لەوکاتەدا کەسێك لە دانیشتوانی ئەو کۆڵانە لە دەرەوە نەیبینێ و (هۆیەکانی زۆر بوون، بەڵام لەناو کەلێنی دڵیدا شاردرابوونیەوە حەوشێکی. پەرپووت و شەش ژووری قوڕینی، خێزانەکەی عەزیز لە یەکێ لەو ژوورانە خۆیان گرتبووەوە. پێش ئەوەی دانیشتوانی حەوشەکە باوەشی بۆ بکەنەوە و بە دیتنی گەشکەداربن، ئەو یەکسەر دیمەنی خانووبەرە و ژوورەکانی خانووەکەی خۆی بەراوورد کرد بە کایەکانی ئەم خانووە قوڕینە و پەرپووتەوە کە بە خانی نیشتەجێ بوونی لانەوازان دەچوو، کە هەر ژوورەی خێزانێکی تێدابوو، بەهەر هەموویان یەك بۆڕیەکی ئاویان هەبوو کە لە ناوەڕاست حەوشەکەدا بوو.

ئەوەی هەندێ لەو خەفەتەی دەسڕییەوە ئەوەبوو خانووبەرەکە تایبەت بوو بە خاڵۆی خۆی، کە خێزانەکەی ئەو خاڵۆیەشی، بەهەمان، شێوە لە یەکێ لەو ژوورانەدا بوو. بوونی، کەسی وەك خاڵۆی لەو حەوشەیەدا، جۆرە دڵنیاییەکی دەدا بە عەزیز لەبارەی بارودۆخ و هەڵسووکەوتی خێزانەکەیەوە، جگە لەوەیش، کە ژوورێکی تری ئەو حەوشەیە خێزانەکەی(حەمید)ی برای تێدا جێنشین بوو، ژوورەکانی دیکەیش نەدەدران بە کەسانی نەناس.

هەواڵی هاتنەوەی عەزیز لەناو خزم و کەسی دوور و نزیکی زوو بە زوو دەنگی دایەوە، چەند ڕۆژێك ئەو حەوشەیە جمەی دەهات لە هاتووچۆکردنی ئەو خەڵکەی کە بە شەوقەوە بەبینینی عەزیز باڵایان دەکرد. بەڵام لەگەڵ یەکەم خوولی دیداری ئەو ساتە، هەستێکی ناخۆشی چاوەڕوان نەکراو لەلای ئەو کەسانە شین دەبوو، کاردانەوەی لە دەنگ و ڕەنگ و ڕووخساریان دیاربوو، نەیاندەتوانی خۆیان لەو هەستە ڕزگار کەن.

جەوهەری مەسەلەکە ئەوەبوو، ڕەنگ و ڕووی عەزیز وەك جاری جاران گەشەدار نەبوو، تۆزێ نەهامەتی و هەستی گیرفان بەتاڵی و ناڕەحەتی خێزانەکەی نیشتبوو لە ڕەنگی.
بەهەمان شێوە ئەو ڕەنگە کاری دەدایەوە لە هەست و هۆشی ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی درێژبوو نەیان بینی بوو، بە ئەندێشەی خۆیان، وێنە کۆنەکەی ئەویان لە مێشکدا پاراست بوو.
شەو بەسەرچوو هەتاو لەسەر دارەکانی باخچەکەی پشت ماڵیانەوە سەرە تاتکێی دەکرد، لەگەڵ گوێسوانەی ژوورەکانی بەرانبەر بەو ژوورەی کە، عەزیز شەوی ڕابردوو پاش دابڕانێکی درێژبوو لە باوەشی شارەکەی و ژن و منداڵەکەیدا هەناسە هەڵکێشێ. چاوانی کردەوە لە دەلاقەیەکەوە، خۆر هەتاوەکەی ئەو بەرەوە چێژێکی سەیری پێ بەخشی، سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی کرد، بینی دووان لە منداڵەکانی بە ئاگان و لەبن لێفەکانەوە ڕووخساری خۆیان دەرئەخەن و چاوەکانیان دەبڕنە جێگەکەی باوکیان، بەڵام یەکسەر بان سەر خۆیان ئەدەنەوە و پاش چەند چرکەیەك دووبارە لەسەر چاویان لێفەکە لادەدەن، کە ئەم کارەیان بۆ چەند جارێك دووبارەبووەوە، عەزیز قیت دانیشت ئەمجا سەر دەرهێنانەکەیان تێکەڵ بە تریقەی پێکەنینێکی پچڕ پچڕ بوو، ئەو تریقانە لە گوێی عەزیز بوونە ئاوازێکی شیرین و یەکسەر هەردوو باڵی کردەوە بەبێ پێویستی هیچ وشەیەك، ئەوەی تێگەیاندن(وەرنە باوەش کاکە) یەکسەر، وەکو پێشبڕکێ لەنێوان هەردووکیانا خۆیان کوتایە باوەشیەوە توند توند نووساندنیە سینگیەوە و، ئەم ماچ و، ئەوان ماچ.
لە دەرفەتێکا ژنەکەی ڕستەیەکی چرپاندە گوێیا(ئەرێ پیاوەکە قسەیەکم لە دڵدا بۆتە گرێ، بیکەم؟)



- چیت دەوێ بیڵێ؟
پاش دوو دڵی و ترسی کاردانەوەی خراپی ئەو قسەیەی، زاتی کردوو بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەنگەکەی زەحمەت لە گەروویەوە هاتەدەر.
- دەڵێم، پیاوەکە نابێ ئەم هاتنەوەیەت یەکجاری بێ و نەڕۆیتەوە؟
ئەم قسەیە و ئەم پرسیارە شووژن ئاژنی، هەستی عەزیزی کرد، چاوەڕوانی نەدەکرد. بۆ ماوەیەك دانی بەخۆیا گرت بیری لەوە دەکردەوە کە چ وەڵامێکی بداتەوە.
یەکەم، بەرپەرچدانەوەبێ بۆی و لە هەمان کاتدا هەنگوینی ئەم ڕۆژ و ساتەیش نەکاتە بابەتێکی بێتام. بەرەبەرە چاوەکانی جن جن بوونەوەو پەنجەی ڕاوەشاند و بەچەند وشەیەکی چەکوش ئاسا، دایانی بەگوێی ژنەکەیدا.
- ئەوە تۆ چی دەڵێی؟! ئەم قسەیەت ئەمجارە کرد، دووبارەی نەکەیتەوە. بۆ من بە کەیفی خۆم و بۆ سەیران چوومەتە دەرەوە؟! ئێمە تائێستا هیچ دەستکەوتێکمان بۆ گەلەکەمان هێناوەتەدی؟! هیچمان بەهیچ کردووە؟! جارێ کەس دەزانێ سبەی و دوو چی ڕوودەدا. دەنگی خۆی بەرەو نەرمی بردوو ویستی شتێك بۆ ژنەکەی ڕوون بکاتەوە. بەم بەیانەی لەم ڕۆژانەدا بڵاوکراوەتەوە هیچ دڵم خۆش نیە، گوایە هەموو شتێ لەجێی خۆی دادەنیشێ و گوایە مافەکانمان دەگەڕێنەوەو دێنە گیرفانمان؟!
ژنەکەی لەو پرسیارە و داواکاریەی پەشیمان بووەوە هەر خوا خوای بوو وەك خۆی لێ بێتەوە، بۆیە یەك قسەی تری نەخستە سەر ئەو داواکاریەی، هەڵساو دەستی کرد بە خۆ خەریك کردنەوە بە ئیش و کاری ماڵ و ئامادەکردنی بەرچایی.

* * *

(بێته لەکان) و تەتەرەکان پێش ئەم بەیان نامەیەی ساڵی(١٩٦٦) و، دوای بڵاوکردنەوەی، کەوتنە کار و، وروژانێك لە گۆڕەپانی ڕاگەیاندندا وەك بەردێك فڕێیدەیتە ناوەڕاست گۆمێکی مەندەوە شڵەقاو بازنەی شەپۆلەکانی بە هەموو لادا یەك لە دوای یەك فراوان دەبوونەوە.

ڕۆژ، ڕۆژی قسە و قسەلۆك و دەنگ و باسی هەڵبەستە و لێکدانەوەی جیاجیای خەڵکان بوو بۆ ناوەڕۆکی ئەو بەیان نامەیە و کاردانەوەکانی و خێر و بێر و ئەنجامەکانی کەلێی دەکەونەوە، هەرچی چۆنێك بێ گۆڕان کاریەکی، خستە گۆڕەپانی کوردستانەوە بەتایبەتی ئەو شار و دێهاتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوون.

پێش ئەو مێژووە ترس و خەم و ڕەش بینی زۆربەی ئەو ناوچانەی بە بەرگێکی ڕەش پەردە پۆش کردبوو. ڕێگە گیرابوو لە هەموو خواردنێك بەرەو گوند و شارۆچکە ئازاد کراوەکان بڕوات، لە هەر قوڵێکەوە، لە کەرکوکەوە بتوویستایە بەرەو ئەو شوێنانە مل بنێیت دەیان بازگەی سەربازیت تووش دەبوو. پشکنینی شت و مەك و گیرفان و بەرباخەڵ و نێو ئۆتۆمبیل، بوو بوونە مایەی سەر ئێشە و زۆر بەزەحمەت پەیدابوونی دەرفەتی دەرچوون.

لە هەموو لق و بەتالیۆن و هێزەکانەوە نامەی جۆراوجۆر و بروسکەی بەپەلە و پرسیاری زۆر ئاراستەی سەرکردایەتی لەشکری کوردستان دەکران. ڕۆستەم ڕۆژنەبوو نامە نەنووسێ و نەیانداتە بێتەلی بنکەکەیان و تەتەر بەرێ نەخا بە ملا و بەولادا.

عەزیز خوێندەواربوو بەڵام تازە خوێندەوار، بەپەلە نەیدەتوانی لەسەر کاغەزدات هەموو شتێك ڕوون بکاتەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، چونکە ڕۆستەم کرابوو بە یارمەتی دەری نووسین و ڕاگەیاندنی ئەو یەکە



چەکداریە، هەتا ئەو ئامادەبووایە هەر ئەوی ڕادەسپارد بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە.

★ ★ ★

ئەوەبوو، پێش ئەم بەیانەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، بەیاننامەیەکی دیکە باسی لە ر ێککەوتنێك دەکرد، لەنێوان عبدوالسلام عارف سەرکۆماری عێراق و مەلا موستەفای بارزانی فەرماندەی شۆڕشی ئەیلوول کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو پێش ئەو بەیاننامە یەکەمە، زۆربەی گوندەکانی دەووروبەری کەرکوك وێران کرابوون و ئەو بەیان نامەیە لە ڕۆژی ١٠ی شوباتی (١٩٦٤) ئاشکرا کرا.

دانیشتووەکانیان دەربەدەر و پەڕەگەندە بوو بوون، بەڵکو هەتا هەندێ گەڕەکی ناو کەرکوکیش بەر ئەو ستەم و وێرانکاریە کەوتبوون، بەتایبەتی پاش کودەتاکەی هەشتی شوبات و هاتنە سەر حوکمی حیزبی بەعس.

وێنەی زۆر و جیاجیا دەکەوتنە بەردیدەی دۆست و دووژمن(شۆڕاو) گوندێکی گەورەبوو نیزیکەی ١٠ کیلۆمەتر کەمتر بوو لە باکوری ڕۆژئاوای کەرکوکەوە دووربوو. هەر ئەوەندەی حکومەتی بەغدا نیازی خۆی بەرانبەر بە گەلی کورد ئاشکراکرد جمووجوڵ کەوتە ئەو گوندە و دەیان گوندی تر کە ناوچەکەیان کێڵگەی نەوتی باوەگوڕگوڕ بەناوبانگ بوو.

چلەی تەمووزە، گەرما هێڵە بە خەڵك دەکا، خێلەکیە عەرەبەکان لە ڕۆژئاواوە کەوتبوونە جوولە بۆ تالانکردنی ئەو گوندانە، لەلایەکی ترەوە ئامێرەکان لە وێرانکردنیان لە بەیانیەوە تا ئێوارە دەنگیان دەهات. دووکەڵی خانووە سووتاوەکان بەر ئاسمانی گرتبوو. دەرفەتی دەرچوونی خەڵك کەم بوو، بەشێك لە خەڵکەکە ڕوویان لە کەرکوك کرد هەر خێزانە و هەندێ پریاسکە و بزگوڕیان توانی دەرکەن. کە ئەو خەڵکە گەیشتنە قەراغ شار،

حەرەس قەومی هەوڵیاندا پێشیان لێ بگرن. کاروانی خەڵکەکە کە بەدرێژایی نێوان ئەو گوندە و شاری کەرکوك بوو، بە ناچاری ڕەق ڕاوەستان نەدەیانتوانی بەرەو دووا بگەڕێنەوە، نەدەیان هێشت بێنە ناو شارەوە. سەعات بە سەعات خەڵکەکە پەنگی دەخواردەوە بەرەبەرە ڕۆژ بەرەو خوار داکشا، پیاوان پەك و پووکیان بوو، ژنان فرمێسکیان دەڕشت و، لە خوا دەپاڕانەوە، منداڵ لە برسا نوزەیان دەهات و باوەشیان بە پشتێنەکانی باوکاندا دەکرد، بەرۆکی دایکانیان دەگرت. بەڵام کاتێ کە بەرپرسیارانی دەسەڵات، هەندێ ڕامان ناچاربوون خۆیان لە ئاست دزەکردنی ئەو خەڵکە گێل کرد.

کووچە و کۆڵانەکانی گەڕەکی تەپە لە ماوەیەکی کورتا بوونە پەناو حەشارگەی ئەو لێ قەوماوانە.

ڕۆژی دووایی موختاری تەپە ماڵ بەماڵ دەگەڕاو ئاگاداری خەڵکی دەکرد کە نابێ کەس داڵدەی ئەو خێزانانە بدا کە ڕژاونەتە نێو ئەو گەڕەکەوە، هەڕەشەی سزادانیشی لێیان دەکرد. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ نە کەس بە قسەی کردوو نە ئەویش زۆر ڕشت بوو لەسەر داواکەی، تارادەیەك چاوپۆشی لە مەسەلەکە دەکرد، چونکە ئەو مەسەلەیە ئەوەندە گەورەبوو کە بە ئاسانی گەمارۆ نەدەدرا، تیکەکە ئەوەندە گەورەبوو قووت نەدەدرا.

لە هەمان کاتدا دەست کرا بە تاڵانکردنی گەڕەکی ڕەحیم ئاواو بازاڕەکەی ئەویش لەلایەن عەرەبەکانەوە بە خێڵەکی و بە شارستانیەکانیانەوە.

بەگوێرەی ڕەحیم ئاوا نەك هەر زۆربەی ماڵەکانی تاڵان کرا بەڵکو بەسەتان خێزانی عەرەب هێرشیان هێنا بۆ داگیرکردنی ئەو خانووانە و، هەر کەسە و ئازابووایە خانوویەکی بۆ خۆی گڕ بکردایە.



لە دوای بەیاننامە هاوبەشەکەی حکومەت و کورد دا، ئەو حکومەتە بەناچاری ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ماڵە عەرەبەکانی ناو ڕەحیم ئاوا بەهێزی پۆلیس دەربکاو خاوەنی خانووەکان بگەڕێنەوە نێو ماڵەکانیان و دووکانەکانیان... بەڵام هەرچی گوندە ڕووخاوەکان بوو هەر بەوێرانەیی مانەوەو. حکومەت ڕێگەی نەدا دانیشتووەکانیان بگەڕێنەوە و دووبارە خانووەکانیان دروست بکەنەوەو تیایدا بژین پاساوەکەی حکومەتیش ئەوەبوو کە ئەو ناوچەیە بیرە نەوتەکانی لێیە و، لەبەرئەوە کرا بە ناوچەی قەدەغەکردنی هاتووچۆ و جێنشین بوون لێیدا، ئەم بڕیارەیش عەرەبی نەدەگرتەوە، کە بۆیان دەکرا لەو شوێنە جێنشین بن. لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا ئامێرەکانی حموکەت. گەڕەکی(جمهوریە)یان وێرانکرد و خەڵکەکەیان دەربەدەرکرد، ئەو گەڕەکە دەکەوتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە.

* * *

بەبۆنەی قسەکردن لە سەرەتای شەستەکاندا، لەسەر خوێندەواریەکەی عەزیز. خووی دایە فێربوونی خوێندەواری، بەهۆی ئەوەی دوو برای بچووکی قوتابی بوون. پیتەکانی دەناسی و، هەوڵی نووسینیشی دەدا. دەرگای دەرفەتێك بۆی کرایەوە کە برەو بەو فێربوونە بداو لە ماوەیەکی کورتا خوێندەواریەکەی پێش بکەوێ و لەگەڵیا هەوڵی خوێندنەوەی(قورئان)ی پیرۆزبدا.

دەرفەتەکە ئەوەبوو لە قوتابخانەیەکی نیزیك بە ماڵیانەوە هەواڵ بڵاوبووەوە کە هەر کەسێ نەخوێندەواربێ، بەچاوپۆشی لە تەمەنی، دەتوانێ بچێتە ئەو قوتابخانەیە بخوێنێ کە خوێندن تێیدا بە شەوان بوو.

قوتابخانەکە لە گەڕەکی (تەپە) بوو لە پاڵ گۆڕستانی ئەو گەڕەکە. با بەڕێوەبەرایەتی، پەروەردەی کەرکوك کە ئەوسا پێی دەگوترا(معارف) لە سەرەتاوە ڕەزامەندی ئەوەی پیشان نەدا کە لەو قوتابخانەیەدا ئەو کارە بکرێ، بەبیانووی ئەوەوەبوو بەش نا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ مامۆستای کورد زۆر مەبەستیان بوو کە ئەو فێرکردنە لەو قوتابخانەیەدا ئەنجام بدەن، با پەروەردەیش ڕەزامەندی لەسەرنەبێ. بۆیە ماوەی چەند ساڵێك بەبێ مووچە بەخۆ بەخشی.

لەو مامۆستایانەی بەبیر عەزیز دێتەوە کەسانێکی زۆرن(حەمە سەعیدی مەلا سابیر، عزت محمد امین، ابراهیم سعید) بوون.

ئەو مامۆستایانە. بەشەوان، وانەیان زۆر بەدڵسۆزی دەگوتەوە. فێری خوێندەواری بوون، کەسانی دابڕاو لە خوێندن، توانیان لەم شوێنەدا بەژداری بکەن لە تاقیکردنەوەی شەشی سەرەتایی و تیایدا دەرچن و ببن بەهۆگری بەڵگەنامەی سەرەتایی. (حسێن)ی برای عەزیز بەو بەڵگەنامەیە توانی ببێت بە پەرسداریان(مفمد) مامۆستا(تاهر سادق) کە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی شەوان بوو، هەموو رشۆژێك سەری لە پۆلەکان دەداو دەست خۆشی لەو مامۆستایانە دەکرد کە بەخۆڕایی وانەیان دەگوتەوە لە هەمان کاتیشدا هانی خوێندەوارەکانی دەدا بۆ ئەوەی لەسەر خوێندنەکەیان برۆن و بەردەوام بن.

عەزیز یەکێك بوو لەو قوتابیانە کە ئەوسا تەمەنی لە دەووروبەری(سی) ساڵان بوو توانی سوودێکی باش لەو خوێندنەیدا وەرگرێ و ئیتر باوەڕی بەخۆی کرد کە خوێندەوارە و قورئان خوێنە.

زۆرجار لەو سەردانانەی پۆلەکاندا کە بەڕێوەبەر دەیکرد، ئەم وتووێژە لەگەڵ مامۆستاکان و قوتابیەکاندا دووبارەبووەوە.



- دڵنیابن ئێمە لە وانە گوتنەوەدا لەگەڵتانا بەردەوام دەبین گوێمان لێ نیە هەڵوێستی(معارف) باش بێ، یان خراپ.

- باشە، مامۆستا ئەم بەڕێوەبەرایەتی(معارف)ە، مەبەستی چیە نایەوێ ئێمە دوو وشە خوێندەواری فێربین؟!

- هەموومان دەزانین مەبەستی چیە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لایەنێکی ناحەز بە ئێمە هەڵدەسوورێنێ، ئەو لایەنە پێی ناخۆشە کۆمەڵێك کەسان لەم شارەدا ببنە خوێندەوار.

- ئێ ئەوان چ زیانێکیان لێ دەکەوێ کە ئێمە ببین بە خوێندەوار؟

- ئەوان مەبەستیانە ئێمەی کورد، هەر بەدواکەتوویی بمێنینەوە و، لەبارەی ژیانمان و دووا ڕۆژمانەوە، بەرچاو ڕوون نەبین.

کەسێکی تر ویستی پرسیارێکی دیکە لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بکا، بەڵام ئەم بەدەستی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە لەسەر پرسیارەکانیان نەڕۆن ئەم داواکاریەیشی لەوەوە هاتبوو نەوەك قسەکانیان بەرە بەرە، ڕوو لە سیاسەت بکات و، بکەونە ڕەخنەگرتن لە معارف، تەشەنەیش بکا بۆ ڕەخنەگرتن لە سیایەتی حکومەت.

⋆ ⋆ ⋆

عەزیز، چوونی بەرەو دەرەوەی کەرکوك و پەیوەندیکردنی بەهێزی پێشمەرگەوە و ڕاسپاردنی بەکارێك، پەیوەندی هەبوو بە برەودان بە خوێندەواریەکەی.

واتە، بەنووسین و خوێندنەوە.

یەکەم ناوچە، کە ڕووی تێکرد ناوچەی(جەباری) بوو. کە گەیشتە ئەو شوێنانە چەکدارەکانی کوردی لێ بوو، بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە لە

کەرکوکەوە نیزیك بوو زۆربەی چەکدارەکان لە خەڵکی ئەم شارە بوون، بەرپرسی ئەو ناوچەیە یەکسەر عەزیزی ناسی و پێشوازی گەرمی لێکرد.
پاش چەند ڕۆژێك هەر ئەو بەرپرسیارە عەزیزی کردە چاودێری بنکەی جەباری. بۆ کاروباری، ڕۆژانەی ئەو بنکەیە و وەرگرتن و دابەشکردنی ئازووقە و پێویستیەکانی دیکەی بنکە. یەمەیش هەلێکی باشی دەست کەوت بۆ تۆمارکردنی هەموو بابەتێك کە پێویست بوو بەو شوێنە.

⋆ ⋆ ⋆

لەسەرەتادا، دەرچوونەدەرەوەی خەڵکانێك لە شارەکانەوە بەرەو ئەو ناوچانەی کەبیستوویان چەکداری لێیەو خەریکی خۆ ڕێك خستنن بۆ فراوانکردنی، گۆڕەپانی چالاکیەکانی شۆڕش، زۆربەی ئەو دەرچوونانەیش بەناچاری بوو، لە ژێر فشاری ئەو بارودۆخەبوو کە لەسەرەتاوە(عەبدوالکەریم قاسم) خولقاندی و ڕێی بۆ خۆشکرد. بەتایبەتی ئەو ڕێ خۆشکردنە لە شارێکی وەك کەرکوکدا بووە مایەی ئەوەی زۆربەی دارودەستەی پۆلیس و ئەمن و سووپا بکەوێتە دەست تورکمانەکان، کە ئەوانیش ئەوەبوو ئەم بارودۆخەیان دەقۆستەوەو وەبەرهێنا، یەکەم بۆ کەمکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەی کورد، لەم شارەدا، دووەم تۆڵەسەندنەوە لەو لایەنانەی کە بەژداریان کردبوو لە هەراکەی ساڵی پەنجاو نۆ، کە لەنێوان کورد و تورکماندا ڕوویدا بوو.

⋆ ⋆ ⋆

وێنەی ئەو بارودۆخە و ڕووداوەکانی کەرکوك، بەگوێرەی (ئازاد)ی سەر بە بەنزینخانەکە و گۆڕپانەکەی غاز فرۆشتن لە هەولێر، ڕوون نەبوو، بۆیە دیداری ڕۆژانەی لەگەڵ عەزیزدا، دەرفەتێکی باش بوو کە هەر ڕۆژەی لایەنێك لەو بارودۆخە لەلایەن عەزیزەوە بۆی ڕوون بکرێتەوە.



- لە ساڵی(١٩٦٢)دا کە لە بەندینخانە دەرچووبووم، بەبێ کاری لە کەرکوکدا دەسووڕامەوە، چونکە لە کۆمپانیا دەرکرابووم و خانووەکەیشمان لێ سەندبووەوە، چاوەڕێی دەرفەتێکم دەکرد بەشێوەیەك لە شێوەکان کارێکی وابکەم کە پێویستیەکانی ژیانی خێزانەکەم دابین بکەم.
- باشە چیت بەچی کرد؟
- بەخوا برام هیچم بەهیچ نەکرد، چونکە هەموو ڕۆژێك لەلایەن پیاوانی ئەمنەوە داوایان لێم دەکرد(دەبێ لەم شارە نەمێنیت) لەلایەکی دیکەوە مەسەلەی ڕەشەکوژی ناو شار نیگەرانمی کردبوو. لەمانەیش خراپتر ئەوەبوو کە لە بەغدا ڕژێم گۆڕاو کەریم قاسم کوژراو بەعسیەکان حوکمیان کەوتە دەست.
- مەبەستت کودەتاکەی هەشتی شوباتی(١٩٦٣)یە.
- بەڵێ چۆنی دەفەرموویت وایە، بە ماوەیەکی کەم لەوە دوا من و برایەکی دیکەم چووینە گوندی قەرەدەرە کە یەکێ لە خێزانەکانی باوکم لەوێ دەژیان.
- زۆر مای لەوێ؟
- نەخێر، یەکسەر لەگەڵ ئەو برایەی لەگەڵما بوو چووینە ناوچە ئازاد کراوەکان.
هاوینی ئەو ساڵە، سوپای عێراق و(حەرەس قەومی) و هۆزە عەرەبەکانی دەووروپشتی کەرکوك، هێرشیان بردە سەر گوندەکانی کەرکوك و فرەتر لە(بیست و پێنج)گوندیان سووتاند و وێران کرد و ماڵ و کەل و پەلیان تاڵان کردن و، دانیشتووی ئەو گوندانە بە ناچاری دەست بەرداری گوندەکان و کشتوکاڵەکانیان بوون و بەرەو گوندەکانی دۆڵی ساڵەیی و ناو شاری کەرکوك هەیپەیان لێ کرد.

- هەر هەموو گوندەکان ڕووخان؟

- نەخێر چونکە بەشێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان خۆیان بە(مەوالی) نووسی و گوایە سەر بە حکومەتن. ئەو گوندانە بوونە پەنایەك بۆ دانیشتوانی گوندە لێقەوماوەکان.

ئازاد ئەوەی خستە ڕوو کە هەندێ دەنگوباسی ئەو ناوچانەی ئەوسای لە باوکیەوە بیستووە لەبەرئەوەی گوندەکانی کێلگەی نەوتی کەرکوك لەگەڵ گوندەکانی دەشتی هەولێر و دزەییایەتی هاوسێ بوون و ئاگایان لە ڕووداوەکانی یەکتری هەبوو.

عزیز ئەوەی دەربڕی کە قۆناغەکانی تری ژیانی کە تا ئەو ڕۆژەی بە ناچاری بە زۆر لەو کارەی لای ئازاد ئەنجامی دەدا خۆی گرتەوە، قۆناغ بە قۆناغ بۆ ئازاد بیگێڕێتەوە. ئازادیش ئەو قسەیەی بە دڵ خۆشیەوە پێشوازی لێ دەکرد.

* * *

شاری کەرکوك، لە ڕۆژانێکدا، لە چوار ڕیانێکدا ساتەکانی دەبردە سەر، خەڵکەکەی لەو ڕۆژانەدا لە نیگەرانیەکی تاڵدا پێشوازی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوونیان دەکرد، بە ڕۆژ دڵنیاییان لە دەستدابوو، بە شەوانیش پێشبینی هێرشێکی لە ناکاویان دەکرد، کە بداتە سەریانا و لەنێو پێخەفەکانیان ڕایان پەڕێنێ و بکەونە نێو گێژەنێکەوە نەزانن بەرەو کوێ پەلەکێشیان دەکا.

لە بەغدا(کەریم قاسم) کوژرابوو فرۆکە و تانکەکانی بەعسیەکان بەتەواوی ئەو پایتەختەیان دەست بەسەراگرتبوو، هەموو دەنگ و بزوتنەوەیەکی دژ بەوانیان داپلۆسی و کپ کردبووەوە.



لە کەرکوك مرۆڤەکان دوو بەش بوون، بڕێکیان دڵخۆش بوون بەو ڕووداوەی بەغدا و وای بۆچوون کە حەز و ئومێدەکانیان بەو زووانە دەبنە هەتاوێکی کامەرانی بەخش. چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئیتر هیچ لایەنێك هاوبەشیان ناکا، لە بەڕێوەبردن و دەسەڵات و گۆڕەپانی ئابووری و سیاسی شارەکە. قۆڵیان لێ هەڵماڵی بوو، بۆ ئەوەی دەستکەنە تۆڵە سەندنەوەی ئەو نەهامەتیانەی کە گوایە لە سەردەمی کەریم قاسم دا دەخوارد درابوون.

بەشەکەی تری شارەکە کە کورد بوون ترس و خەم و خەفەت و نیگەرانی دایانی گرتبوو. بەرە بەرە گەنجەکانیان دزەیان دەکرد بەرەو گوندەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات. ئەویش لەکاتی دەستگیرکردنیان لەلایەن چەکدارانی دەسەڵاتی تازەوە. زۆرێك لە ماڵەکان شتوومەکی نێو ماڵیان خڕکردبووەوە و پێچابوویانەوە. بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ ڕەوکردن بۆ دەرەوەی شار. ئەو کوردەی فەرمانبەربوایەیان کاسبی بازاڕ، کە سەر لە بەیانی، لە ماڵ دەرچوو، نەیدەزانی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ماڵ یان هێزەکانی دەسەڵات قۆڵ بەستیان دەکەن و خوا دەزانێ بەرەو کوێیان دەبەن.

سێ و چوار مانگ ئەم شارە هەر لە مۆلەقەدا بوو، ڕۆژێ دەنگوباسەکان دەیانگوت(دەرمان دەکەن) ڕۆژێکی دیکە دەیانگوت(ئەو هەواڵەی دوێنێ درۆ بوو، ئەوا سەرکردایەتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا نامە دەگۆڕێتەوە، ئەو حکومەتە پەیمانی داوە کە لەگەڵ کورد دا، ڕێك کەوێ ئاخری خێردەبێ، بەتەمای خوا)

نائومێدی کوردی کەرکوك و دەووروبەری گەیشتە سەر ئێسقان لەلایەك هێزەکانی ڕژێمی دووای کودەتا بەتەواوی دەسەڵاتیان سەپاندە سەر پایتەختی عێراق، لەلایەکی تریشەوە، ئەو دەنگۆیەی گوایە حکومەتی تازە دەیەوێت چارەسەرێ بکا بۆ مەسەلەی کورد، قسەیەکی بەتاڵ بوو، درۆیەکی

گەورە بوو، تەنیا بەمەبەستی کات وەدەستهێنان بوو. ئەو حکومەتە ویستی بەتەواوی خۆی ئامادەکا بۆ هێرشێکی سەربازی گەورە بەشێوەیەك هەموو شوێنەکانی کوردستان بگرێتەوە بە شارەکانیشەوە.

لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی، هەمان ساڵدا دەستی کرد، بە جێبەجێکردنی ئەو هەڵمەتە، گەورەیەی، پیلانی بۆ دارِشتبوو، کە بووە مایەی وێرانکردنی چەندین گوند و داگیرکردنی چەندین شوێنی وای کە لەوەوپێش هێزی پێشمەرگە، کەم و زۆر تیایدا جێگیر بوو بوون.

ئەو ڕووداوانەی لەو ساڵەدا ڕوویاندا، هەندێکیان نە عزیز و، نە ئەو برایەی دیکەی کە هەر لە ساڵی(١٩٦١) وە دەستگیرکرابوو، لە نیزیکەوە تیایدا نەژیابوون، بۆیە وێنەی ئەو وێرانکاریانە، لەبەر گیدەیان ڕوون نەبوون.

لە ساڵی(١٩٦٤) و پاش ڕێککەوتننامەکەی(بارزانی) و(عبدوالسەلام عارف)، برا گیراوەکەی عەزیز هێنرایەوە بۆ کەرکوك لە بنکەی سەرەکی پۆلیسی کەرکوك، دوو مانگ ڕاگیرا، پاش ئەوە ئازادکرا.

شوێنی ڕاگیراوەکانی نێو ئەو پۆلیسخانەیە هۆڵێکی زۆر گەورەبوو هەمیشە لە دوو سەت تا سێ سەت کەس بە تۆمەتی جیا جیا ڕاگیراوی تێدابوو. هەموو لە پاڵ یەك دەخەوتن و ڕۆژیان دەبردە سەر.

کاتێ(جەلال) لە دەرگاکەوە کرایە ژوورەوە زۆری سەیر پێهات واژە واژو بانگە بانگ و دەنگە دەنگ دیاردەیەکی، بەردەوام بوو لەو هۆڵەدا.

هەرچی چۆنێك بوو توانی شوێنێك دەستە بەربکا کە بایی دانیشتن و پاڵدانەوەی بێت. لەبەرئەوەی ئەو شوێنە خەڵکی زۆر لە ناوچەکانی دەووروبەری کەرکوکی تێدابوو، چەند کەسێکی ناسیەوەو لەگەڵیانا زۆر بە گەرمی کەوتە قسە و باس و هەولی ئەوەیدا کە زۆرترین گۆڕنکاری و



دەنگوباسی ئەو ماوەیەی بەدەست کەوێ کە تیایدا ئەم لە شوێنێکی زۆر دووری وەك نوگرە سەلمان بوو.

ئەو هەواڵانەی دەستی دەکەوت، هەندێکیان جەرگ بڕبوون، هەندێکیانیش جێی سەرسووڕمان بوون.

(کەریم) یەکێك بوو، لەوانەی جێی باوەڕی جەلال بوو، لەبەرئەوەی دایکیان ئامۆزابوون، لە هەمان کاتدا، خەڵکی گوندەکەی خۆیان بوو پاش ئەوە ئەم کەسە هاوتەمەنیشی بوو. بەدرێژی باسی ڕووداوەکانی سەبارەت بە قەرەدەرە گێڕایەوە. جەلال کەوتە پرسیاری دیکە.

- باشە تۆ، لەسەرچی گیراوی؟

کەریم بزەیەکی کردو هەندێ سەیری ئەم لاو ئەو لای کردو پاش چەند چرکەیەك کەوتە قسە.

- بەخوا ئەوەی ڕاستی بێ من ژنم هەڵگرتووە.

- چۆن؟! ژنت هەڵگرتووە.

- ئافرەتێکم خۆشدەویست هەرچەندە بە ماڵ و مێردیش بوو، دەستم لەگەڵیا تێکەڵ کردبوو هەندێ جار لە ماڵەکەی خۆی سەرم لێی دەدا.

- لە کوێ؟

- لەو گوندەی پاش هەڵاتنمان، لە قەرەدەرە ڕوومان تێکردبوو.

- ئەی پیاوەکەی.

- پیاوەکەی بەهۆی کار و پیشەکەیەوە زوو زوو، سەفەری درێژخایەنی دەکرد.

بابەتەکەی لای جەلال، هەست بزوێن بوو، بۆیە حەزی دەکرد درێژە بەو وتووێژەیان بدەن.

-ئەی ئەو ژنە لەو کاتانەدا کەسی دیکەی لەلا نەبوو؟

- دایكی لەلای بوو، بەڵام دایكەكەی، خۆی ڕێگەی بۆم خۆش دەكرد.
- ئێ دوواییی؟
- دوایی هاوڕێیەكم هەبوو ئەویش لە هەمان گونددابوو، حەزی لە كچێك دەكرد، تەگبیرمان كرد بەیەكەوە لەیەك شەودا هەر یەكە و لەگەڵ دۆستی خۆیدا دەرچین و خۆمان بگەیەنینە كەركوك و لەوێشەوە بەرەو بەغدا بكەوینەڕێ.
- هەر بەپێ لە گوند دەرچوون؟
- نەخێر، بە پاسكیل دەرچووین، هەر یەكەمان نەفەرەكەی خۆی خستە پشت خۆی و تێمان تەقاند، لە نیزیك كەركوك پاسكیلەكانمان لەلاڕێیەكدا فڕێداو بەرەو یەكێ لە نەقلیاتەكانی بەغدا چووین.
لە قسەكانی دەركەوت، كەریم و سێ كەسەكەی تر لە(باب الشیخ) دا ژوورێ بەكرێ دەگرن. بە شەو تێیدا جێگیر دەبوون بەزۆریش كەریم و لاوەكەی تر دەڕۆیشتن بەدووای كاردا دەگەڕان. تا ڕۆژێك هەر چواریان دەستگیركران و هێنرانەوە بۆ كەركوك. جەلال توانی لە ڕێگەی(كەریم)ەوە وێنەیەكی ڕوون لە بارودۆخی قەرەدەرەی دووای كودەتاكەی دەست بكەوێ.
- كاك جەلال، ئەگەر زەحمەت نابێ- من خوێندەواریم نیە- نامەیەكم بۆ نبووسە.
- بۆ كێ دەینێری؟
كەریم بە شەرمێكەوە بزەیەكی بۆ كردوو، هاتە قسە.
- بۆ یارەكەم.
جەلال سەیری پێهات و گوتی(یارەكەت لە كوێیە؟)
-لە نیزیك خۆمانە.



ژوورێك هەبوو بەتەك هۆڵی ڕاگیراوەكانەوە، جار جارە دەنگی ئافرەتی لێوە دەگەیشتە لای ئەوان ئەو ڕۆژە تایبەت بوو بە ڕاگیراوانی ئافرەت دەركەوت یارەكەی كەریم و یارەكەی هاوڕێكەی هەر دووكیان لەوێ بوون.
شەوان دەرەنگانێك كە زۆربەی ڕاگیراوە پیاوەكان دەنووستن و، دنیا كپ دەبوو كەریم و هاوڕێكەی دەچوونە بەر دەلاقە بچووكەی كە بە ڕۆژەوە پۆلیسەكان بۆ هەر مەبەستێك بێ ناوی ڕاگیراویان بانگ دەكرد. بەڵام ئەمان بە هەلیان دەزانی، لەو كونەوە لەگەڵ یارەكانیان قسە بكەن.
چەند جارێك جەلال نامەی بۆ دەنووسین و ئەمانیش لە ڕێگەی پۆلیسەكانەوە دەیان ناردە ژووری ژنان.
زۆری پێ نەچوو جەلال بەرەڵاكرا، خواحافیزی لە كەریم و هاوڕێكەی كردوو، ئومێدی ڕزگاربوونیانی بۆ خواست.

★ ★ ★

هەر ئەوەندەی دانیشتوانی قەرەدەرە و چەند گوندێكی تر هەڵاتبوون و دووركەوتبوونەوە لە گۆڕەپانی ترس و لەرز و دەست درێژی(عربی)كە بەژداربوون لە هێرشەكەی سەریان، پاش چەند ڕۆژێكی كەم لەو گوندانەی پەنایان بۆ بردبوون، خەمێكی دیكە یەخەیانی گرتبوو.
خەمەكە كەمی خۆراك و پێویستیەكانی ڕۆژانەی ئەو خەڵكەبوو. ئەو گوندانەی بوو بوونە پەنا بۆ ئەوان، خەریكی دوورینەوەی دەغڵەكانیان بوون و هەوڵیان دەدا، بە پەلە و بە چەند ڕۆژێكی كەم دەغڵەكە بكەنە(خەرمان) و گێرەی بكەن و گەنم و جۆیەكە لە شوێن خەرمان بكەنە جەواڵ و فەردەوە. قسە و باسی نێو ئەو گوندانە كۆتایی نەدەهات.

لەنێوان گێژەنی ترس و کۆکردنەوەی دەغڵ و دان و، خەمی هاتنی ئەو ژمارە زۆرە لە خەڵکانی هەڵاتوو، بوو بوونە مایەی پەیدابوونی هەراوهوریا و بگرەوبەردە و بیروبۆچوونی جوودا جوودا.

- ئێمە خۆمان لە خۆمان نین، خوا خوامانە بەرووبوومەکان بەشی ئەم ساڵە دوورو درێژەمان بکات، ئەم خەڵکەیش ڕووی تێمان کردوون و دەبێ لە بەرهەمەکانمان بیان کەینە بەژماردن ئێ خۆ ئێمە حکومەت نین، تا ئەم توانایەمان هەبێ؟ ئەمە کارێکی سەختە و بەڵایەکی پڕ نەهامەتیە.

- ئەو خەڵکە، ناچاری وەکو ڕەشەبایەکی کوشندە، هەڵیانی گرتبێ بەرەو لای ئێمە هاواریان هێناوە، ئێ ناکرێ پشت گوێیان بخەین و بەرانبەریان ڕوومان گرژبێ. ئەمە لێقەومانە، لێقەومان. لەوانەیە ئەمڕۆ ئەوان تووشی بوونە، ڕۆژێك دەبێ ئەو بەڵایە یەخەی ئێمەیش دەگرێ. خۆ حکومەت لە سنوورێك هەڵمەتەکەی ڕاناگرێ. نەهێزی حکومەت بنی دێ نە عەرەبیش کۆتاییان دێت.

- من لەگەڵتام، لەوانەیە هەولی هۆزە عەرەبەکان لە بەردەوام بوونی تاڵانکردن، مەترسیەکەی زۆر گەورەتربێ لە دەست درێژی هێزی سووپا.

ئەم گفتوگۆیە لەنێوان چەندین کەس هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبووەوە. حاجی تۆفیق، تا ماوەیەك هەر گوێڕاگری ئەو وتووێژە دەبوو. لە چرکەیەکدا تەزبیحەکەی دەستی لە جوولە خست و دەستێکی بەڕیشیدا هێنا، حەزی بەژداربوون لەو قسانەدا هێنایە قسە.

- ئێمە لە باو و باپیرمانەوە بیستوومانە مەسەلەی تاڵانکردن نەریتێکی هەمیشەیی بووە لەلای هۆزە عەرەبەکان. هەرکاتێ دەرفەتێکیان دەست کەوتبێ دوو دڵیان نەکردووە لە هێرش بردن بۆ سەر لایەنێك کە لە خۆیان بێ هێزتر بووبێ.



ئێستایش ئەوە بارودۆخەکە کوردی ئەم ناوچەیەی، وا لێکردووە کە لای هەڵاتن و پاشەکشێ بگرنە بەر. گوندەکانی ڕۆژئاوای ئێمە کە عەرەبن هەلەکەیان قۆستووەتەوە و قۆڵیان لێ هەڵ ماڵیووە بۆ تاڵان بردنی ماڵ و سامانی ئێمە. لەسەرەتادا گوندەکانی نیزیکمان تەماحیان لێ کردین، بەرە بەرە بازنەی هێرش بەران فراوانتر بووەوە، لەوانەیشە هەموو عەرەبی بیابانەکان بکەونەڕێ و هەوڵ بدەن لەوەدەستهێنانی بەشێك لەو تاڵانیانە.

- کەواتە ئێمەیش با زووبەزوو خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەڵاتن و، تا پێمان بکرێ گەنم و جۆ و شتومەکی پێویستی لەگەڵ خۆماندا بەرین، نەوەك لە ناکاودا بدەنە سەرمانا.

- لەسەردەمێکدا ئێمە بە تواناو دەست ڕۆ بووین، ئەوان هەژار بوون، دەستی یارمەتیمان بۆیان درێژ دەکرد. ئەمە جیاوازی ئێمە و ئەوانە.

گەنمی قەرەدەرە زۆربەی هێشتا بە پاوەبوو پێش هێرشەکەی سەریان بەشێك لە گەنمەکە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە درەوکردبوو، بەڵام بەشەکەی تر لە کێڵگەدا هێشتا لەبەر خۆردا وەکو دەریایەکی زێڕ، لەگەڵ شنەی بادا شەپۆلێکی نەرم و نیانی دەدا.

ترسی ئەوەی کە عەرەبەکان دەست کەن بە دوورینەوەی ئەو دەغڵانە و بە تاڵانی ببەن، بوو بووە خەمێکی قووڵ لای ئەو خەڵکەی کە گوندەکەیان بەجێ هێشتبوو.

(وەهاب)ی برای عزیز گەنجێکی، بیست ساڵانی بوو، لەگەڵ دایکی و خوشکە گەورەکەی بیریان لەوە کردەوە کە بە شەو دزە بکەن بەرەو کێڵگەی دەغڵەکەیان و ئەگەر بتوانن، هەندێکی هەر بەدەست، گوڵە گەنم و جۆیەکان بئاخنە نێو جەواڵ و، چ بە پشتی وڵاخ، چ بەکۆڵ بیهێنن، دەنا ترسی مردن لە برسا، لە ترسی کوشتن گەورەتر بوو.

لەگەڵ خێزانێکی دیکەدا تەگبیریان کردوو چوار وڵاغیان ئامادەکرد، چەند جە واڵێك و چەند گونیەکیان لەسەر پشتی وڵاغەکان بەست. کە شەو تاریك داهات، لەو گوندە، بوو بوو بە پەناگەیان، ڕووەو ڕۆژئاوا دەرچوون و ڕێگەیەکیان گرتەبەر.

توولە ڕێگەکەیان لەبەر ورینجەی ئەستێرەکان سپی دەچووەنەوە بوونە مایەی ئەوەی لەو هەردوو دۆڵانەدا ڕێگەی خۆیان بزرکەن و لەبەر چاوبێ. بەخێرایی ڕێگەیان دەبڕێ و، تەنیا لەو شوێنەدا ترپەی پێی خۆیان و وڵاغەکانیان، دەهاتە گوێ. دەنگەکە هەرچەندە ئاسایی بوو، بەڵام لە گوێچکەی ئەماندا زۆر بڵند بوو ئەوەیش لە ترسی ئەوەی نەوەك لەو شەوە زەنگەدا، عەرەب بۆ سەریان دانابێت.

- بەخوا وەهاب، مەعین سەرمان بەقەتارەت دەدەی.

- کچێ بێدەنگ بە. بەم شەوە عارەب چی دەکا لێرە؟! بێدەنگ بن، نقەتان لێوە دەرنەچێ، زۆرمان نەماوە، بگەینە دەغڵەکەی ئاقاری خۆمان.

ئەستێرەکان لە جریووە نەدەکەوتن. بە حەزی ئەمان بووایە ژمارەی ئەستێرەکان کەمتر دەبوو، نەوەك تاریمایەکەیان لە دوورەوە هەست پێ بکرێ.

هەر ئەوەندەی گەیشتنە ئاقاری پارچەیەك لە دەغڵەکەیان، بە پەلە کەوتنە پچڕاندنی گوڵە گەنمەکان و هەر بەپەلە دەیان ئاخنیە نێو جەواڵەوە هەرسێکیان بەشانی یەکەوە دەستەکانیان کەوتبوونە کار، لەگەڵ کاتدا پیشبڕکێیان دەکرد. بەوان بووایە شەوەکە زیاتر درێژ بووایەتەوە. قەت بەرە بەیان نەهاتایەو ڕۆشنایی بەدەر نەکەوتایە.

خوشکەکەی بە چرپە گوتی: کە گوێم لە دەنگە دەنگێکە.



- کچێ ئەوە دەنگی کوڕەکانی حەمەکەلیە، خەریکی گوڵەگەنم پچڕاندنن. مەترسە هەی تۆقت بچێ.

- بەخوا من زۆر ئەترسم، عارەب هەست بەبوونمان بکاو بمان کوژن.

- کچێ هەی بێ عەقڵ، عارەب لەبەرئەوەی تاکە مەبەستیان، تاڵان کردنە، بەم شەوە چی دەکەن لەن ناوە.

هەناسەی شنەبایەك، بۆنی ئاسەواری گوندە سووتانەکەیانی گەیاندە لوتیان و تەزوویەکی، خەم و ترسی پڕ بە پێستی کرد.

شنەبایەکە بە شەپۆلی نەرم نەرم ئارەقەی ڕووخسار و لاملیانی ساردەکردەوە، هەندێ فێنك دەبوونەوەو دەبووە مایەی جۆرە هەناسەدان و حەسانەوەیەك.

- دەڵێم، وەهاب بەسە ئەوە جەواڵەکە پڕبوو، مەرج نیە گونیەکانیش پڕ کەین، دەڵێم بابگەڕێینەوە، سبەینێ شەو دووبارە دێینەوە.

خوشکەکەی بەدەنگێکی ماندووی گریاناویەوە، هەمان داواکاریەکەی دایکی خستە بەر گوێی براکەی.

وەهاب بەپەلە چوو، وڵاغەکەی هێنایە لای جەواڵەکەو باوەشی لێداو بەیارمەتی دایکی خستیانە سەر پشت یەکی لە وڵاغەکان و بە گوریسێك شەتەکیان دا.

- هەر دووکتان پڕ بە چارۆگەکانتان گوڵە گەنم بپچڕنەوە ئینجا دەڕۆین.

بەپەلە دایك و کچ کەتنە کار. دایکی پووش و تیژیەکەی لە چەندین شوێنەوە دەستەکانیانی رشووشاندبوو برینداری کردبوو، هەستیان بەبوونی خوێن دەکرد و بەناچاری بە جلەکانیان دەیان سڕییەوە، برینەکان بە نەرمە خۆڵی قەد گوڵە گەنمەکان دەتروزانەوە.

کوڕەکانی حەمە علی بانگیان لەمان کرد(ئێمە تەواوبووین، وا کەوتینەڕێ)

خوشکەکەی وەهاب لەو کاتەدا فرەتر هەستی بە تەنیایی کرد و ترس ئەندامەکانی گرتەوە.

- دەبەسە، بابڕۆین، ئەوە بە تەنیا ماینەوە.

بە هەڵتەگ هەڵتەگ و ترپە ترپ کەوتنەڕێ. چونکە بەرەو گوندی پەناگەکەیان دەبوونەوە پلەی ترسەکەیان سات بە سات دادەبەزی، هەست کردن بە برینەکانی دەستیان زیاتر دەبوو. کاتێ گەیشتنە سنووری ئەو گوندە، لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووناکیەکی سپی بەرە بەرە دەرکەوتبوو، هەست بەبوونی زوورگەکان و بەرزاییە دوورەکان بوونە تابلۆیەکی وا، مۆژدەی ڕۆژێکی تازەیانی پێ دەبەخشی.

⋆ ⋆ ⋆

پەیدابوونەوەی دیاردەی(مەوالی) لە دوای ڕوودانی کودەتاکەی هەشتی شوباتی(١٩٦٣)ەوە سەری هەڵدایەوە. ئەم جۆرە سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆن، مێژووی پەیدابوونی دەسەڵاتی عەرەب لە سەدەی یەکەمی هیجریەوە. لەو سەردەمەدا هەر خێڵێك و هێزێك و بەشێك لەو کۆمەڵانەی دەکەوتنە نێو سنووری دەسەڵاتی عەرەب و عەرەب نەبووایەن، بە(مەوالی) تۆماردەکران واتە سەر بە دەوڵەتی عەرەبی یان ئیسلامی ئەوسان. ئەمە بەردەوام دەبوو هەرچەندیشە ئەو کۆمەڵە ببوونایەتە ئیسلامیش.

ئەوەبوو لە مانگی حوزەیرانی پاش کودەتاکە هێرشەکەی حکومەتی بەغدا بۆ سەر شار و گوندی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکرد. هەندێك لە سەرەك هۆزەکانی کورد بەخۆشی بێ یان بە ناچاری بێ پەیوەندیان بە سوپای عێراق و دەسەڵاتی تازەوە کرد، کە گوایە ئەوان دۆستی حکومەتن و ئامادەن چەك هەڵگرن و شان بە شانی هێزەکانی حکومەت بجەنگن بۆ ئەم مەبەستە، پێناسەی تایبەتی دروست کرا، کە گوایە هەڵگرەکەی سەر بە



حکومەتە لەبەر قات و قڕی و کەم دەست کەوتنی خۆراك و بەتاڵان بردنی لەلایەن هۆزەکانی عەرەبەوە. ئەو گوند و شوێنانەی بە ناوچەی(مەوالی) لەلایەن حکومەتەوە نووسرابوون، بوونە سەرچاوەیەکی باش بۆ دەست کەوتنی خۆراك بۆ هەندێ گوندەکانی دیکەیش. ئەمەیش لەوەوە هاتبوو کە لەکاتێکا کە ئابلۆقەی ئابووری خرابووە سەر ناوچەکانی کوردستان، بەڵام ئەو گوندانەی بە(مەوالی) نووسرابوون، ئەو ئابلۆقەیە نەیانی دەگرتەوە. بۆیە لە بازگەکاندا ڕێگە بەو ئۆتۆمبیلانە دەدرا کە شتوومەك و خواردن بگوازنەوە بۆ ئەو گوندانە، لەوێشەوە دەتوانرا بەشێك لەو کەلوپەلە دزەی پێ بکرێ بۆ ناوچەکانی دیکەی. دوور لە دەسەڵاتی حکومەت هەر بەو پێیە ئەو گوندانەی، کە بوونە پەناگە بۆ گوندە لێقەوماوەکان، تاڕادەیەك سوودیان لەو سیستەمە وەرگرتبوو، بەڵام سوودێکی مەمرەو مەژی. گوندیەکانی ناوچەی کێڵگەی نەوتی باوەگوڕگوڕ کە زۆربەیان لە حوزەیرانی(١٩٦٣)دا پەڕەگەندەبوون لە گوندەکانی سەروترو، هەندێکیشیان هاننە کەرکوکەوە، هەندێکی تر لە پردێ یان لە هەولێر خۆیان گرتەوە. ئومێدی گەڕانەوە بۆ ئەو گوندانە لە پلەی سفردابوو. هیچ ڕۆشناییەکی ئومێدێکی کزیش بەرچاویان نەدەکەوت لەبەر ئەوە هەر خێزانە و بەرەبەرە، هەوڵی ئەوەی دەدا لەو شوێنانەی خۆیان لێ حەشاردابوو، بەرەبەرە، ڕابێن و دەستیان لە کار و کاسبیەك گیربێ، تاوەکو بزانن دووا ڕۆژ چی بەچی دەکرێ و بارودۆخەکە بە کاملادا دەشکێتەوە. تاڵان کردنی گوندەکان لەلایەن عەرەبەوە سنوورەکەی بە هەموو لادا درێژتر و فراوانتر دەبووەوە عەرەبیش شەپۆل، شەپۆل لە خواروو لە ڕۆژئاواوە وەکو(کوللە) بەرەو ناوچە کوردەوارییەکان دەکشان هەرچەندە لێرەو لەوێ کەم و زۆر بەرەنگاری دەکران، چ لە لایەن گوندنشینەکانەوە، چ لە لایەن هەندێ

چەكدارى پێشمەرگەوە. بەڵام هێزەكەى ئەوان بێ ژمارە بوو. بەپاڵ پشتى فڕۆكە و تانك و زرێپۆش و هەموو بەشەكانى سوپا بوو، بۆیە ماوەى چەند مانگێك ئەو تاڵانكردنە بەردەوام بوو.

دەبگوباسەكانى ئەو گوندانە زۆریان بەرگوێى عزیز دەكەوت. بەتایبەتى لە ڕێگەى ئەو گەنجانەوە كە لەو ناوچانەوە بەنیازى بەشداربوونى پێشمەرگایەتیەوە. ڕوویان دەكردە ئەو ناوچەیەى لێی بوو.

لەسەرەتادا تووانای ئەوەبوو كە بەهێزێكى چەكدارى گەورەوە بەرەنگارى ئەو هۆزە عەرەبانە بكرێ. كە لەلایەك بەمەبەستى گیانى نەتەوایەتى خۆیان و دژ بە كورد و شۆڕشەكەى، لەلایەكى ترەوە بەمەبەستى ئەو دەست كەوتانەبوو كە هەوڵیان بۆى دەداو، ناویان نابوو(غنائم) خۆیان بۆى بە كوشت دەدا. عزیز هەر كەسێكى بدیتایە كە لە ناوچەكانى خۆیانەوە دەگەیشتنە لاى، بە وەڵامى دەیان پرسیار و زانیارى تەواوى لێ وەردەگرتن لەبارەى بەسەرهاتەكانى گوندەكانى ئەو ناوچەیە، بەتایبەتى گوندى قەرەدەرە، كە ژمارەى ماڵەكانى لە(سەت و بیست) ماڵ زیاتر بوو، میرە دێیەك بوو بۆ خۆى. جگە لەوەى شوێنى و نیشتمانى یادەوەرییەكانى منداڵى و لاوێتى خۆى بوو. بۆیە لەگەڵ هەر برگەیەكى وەڵامى پرسیارەكانى، كزەى لە جەرگەوە هەڵدەستا، لەو وەڵامانەوە تێگەیشت ماڵى باوەژنەكەى و مامەكانى و خزمەكانى و هاوڕێكانى چۆن ئەو گوندەیان بەجێ هێشتووەو، كەوتنە كوێوەوە و چیان بەسەرهات.

⋆ ⋆ ⋆

عزیز، كە(بە مەلا غەریب) لەنێو گوندییەكانى ناوچەى جەبارى و پێشمەرگەكانى ئەو ناوچەیە، ناسرابوو، ماوەیەكى درێژ وەكو چاودێرى بنكە و مەڵبەندى ئەو ناوچەیە مایەوە، توانى لەو ماوەیەدا باوەڕپێكردنى و



دەست پاكى و سەر ڕاستى خۆى بۆ گەورە و بچووك، بسەلمێنێ، و كرا بە(كادر) بۆیە لە دواى ئەو ماوەیە هەندێ پلەى بەرپرسیارێتى چەكداریان دایێ، یەكەم چالاكیەك كە بە پێشنیار و پیلان دانان و جۆرى جێبەجێكردنى خۆى بوو، لەكاتێكدا كە لە ناوچەیەك بوو دەكەوتە نێوان كفرى و خورماتوو. بڕیاریدا هێڵى ئاسنینى ئەو شەمەندەفەرەى لەنێوان بەغداو كەركوكدا هاتووچۆى دەكرد بتەقێنرێتەوە، ئەوەبوو، دەزانرا لە چ سەعاتێكدا شەمەندەفەرەكە دەگاتە ئەو ئاستەى كە لێوەى نیزیك بوون. شەمەندەفەرەكە بەرەو بەغدا چوو لە دەووروبەرى كاتژمێرى(١٠)ى شەودا، دەگەیشتە نێوان كفرى و خورماتوو. هەر لە ئێوارەوە بۆمبایەكى لە ڕێگەى دوو كەسەوە خستە ژێر هێڵە ئاسنینەكە، بەشێوەیەكى وا ئەگەر چەرخەكانى شەمەندەفەرەكە بگاتە بانى بتەقێتەوە. دوواى ئەوە دوو كەسەكە كشانە دوواوە و لەگەڵ چەند، پێشمەرگەیەكى دیكەدا دووراو دوور لەنێو تاریكى شەوەزەنگەكەوە چاودێرى ئەوەیان دەكرد كە چۆن تەقینەوەكە ڕوودەدا.

ماوەیەك بە چاوەڕوانەوە بوون، لە دوورەوە گڵۆپى شەمەندەفەرەكە و دەنگەكەى هەست پێكرا. شەمەندەفەرەكە ڕەت بوو بەبێ ئەوەى هیچ ڕووداوێك ڕووبداو یان بۆمباكە بتەقێتەوە. پێشمەرگەكان زۆریان پێ سەیربوو، لەگەڵ عزیزدا، بەرەو لاى شوێنى بۆمباكە، ڕۆیشتن، چوار هەنگاوى نەمابوو، بگەنە لاى، لەناكاودا گرمەى لێ هەڵساو تەقیەوە. هەموویان پێى شڵەژان. لەنێو ترس و سەرسووڕماندا مانەوە.

دیاربوو، هیچ نەبوونى ئەزموونیان لەبارەى كارى واوە ئەم ئەنجامەى لێ كەوتەوە.

⋆ ⋆ ⋆

له دووای بەربوونی عزیز و دەرکەوتنی ئەوەی کە ئەو تۆمەتەکەی خرابووە پاڵی بێ بنەمابوو، جارێکی کە سەرکردایەتی شۆڕش داوای لێ بووردنیان لێکردو پلەی پێشمەرگایەتیەکەی بەرزترکرا. هەواڵی نارد بۆ براکانی لە کەرکوك، تا منداڵەکانی لە ناوچەی(گەڵاڵە)وە ببەنەوە لای خۆیان لە کەرکوك.

له پاش کودەتاکەی ١١ی تەمووزی ١٩٦٨، کە ئەوەبوو حیزبی بەعس هاتەوە سەر دەسەڵات.

دەنگی کۆترە باریکە و بارەی مەڕ و، دەنگی شوانی قەدپاڵەکانی دۆڵی گەڵاڵە، سەرەتای ڕۆژێکی نوێی گەیاندە بەشێك لە هەستیارەکانی لەشی چاوەکانی کردەوە، دارەڕای بان کەپرەکە و گەڵا وشکەکانی نێوانیان، یەکەم دیمەن بوو، کە لەو سەر لەبەیانیەدا بیبینێ. ناو کەپرەکە خەوێکی قووڵ باریبووە سەر ژنەکەی و منداڵەکانی. دڵنیای بوون لەسەر ژیانی خۆی و خێزانەکەی لەو چرکەیەدا لەگەڵ هەستی ستەم لێکراوی و گیانی نائومێدی بەیەکەوە تان و پۆ بوو بوون. لەناو جێیەکەیدا بە دانیشتنەوە، سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کردو، بەدەنگێکی نەرمەوە بانگی کرد: شوکری، شوکری هەستە چای لێنە، تا بڕۆم چونکە ئەو پیاوە چاوەڕێم دەکا. خێزانەکەی یەکسەر ڕاپەڕی و لە دەرەوەی کەپرەکە، لە کانیەکە قۆریەکەی پڕ لە ئاو کردو لە کوانیەکەیش ئاگرێکی کردەوەو قۆریەکەی نایە سەری و لە خوارووی کانیەکە دوو شەپ ئاوی لە ڕووخساریدا، چایەکە پێگەیی، بەبێ ئەوەی منداڵەکان هەڵسێنن، لە چەند خوولەکێکدا قاوڵتیەکەی تەواوبوو.

ڕێگا هەورازەکەی ئەوبەر دۆڵەکەی گرتەبەر و ڕووەو شارۆچکەی گەڵاڵە سەرکەوت.



پاش بڕیاری بەرەڵاکردنی دەستنیشانکردنی گەڵاڵە بۆ نیشتەجێبوونی، بۆ ڕۆژانێکی دیاری نەکراو، وای لێکردبوو، هەموو ڕۆژێك دەنکەکانی تەزبیحەکەی دەخستە سەر یەك و ڕۆژەکانی مانەوەی لەو شوێنەدا دەژمارد. کەپرەکەی بوو بووە هێلانەی مەلێك و ئێوارە کە دەستی لە کار بەردەبوو دەگەڕایەوە لای خێزان و بەچکەکانی لەنێو ئەو هێلانەیەدا. منداڵەکانی ساڵانێك بوو، تامەزرۆی ئەوەبوون کە لەگەڵ باوکیانا لە ژێر یەك چەتر و ژووردا ڕۆژگار بەرنە سەر و چاوی خەوی پڕ لە دڵنیایی لێك بنێن. ئەوەی ناو بەناو ئەو هەستە خۆشەیانی لێڵ دەکرد، بەراووردکردنی ئەم کەپرە بوو لەگەڵ ئەو خانووە تازەو شایستەیەی لە کەرکوك، کە بەزۆری زۆرداری لێی وەدەرهێنرابوون. هیچ کاتێ نەیدەتوانی لەنێو شانەکانی مێشکیان وێنەکەی بسڕنەوە.

⋆ ⋆ ⋆

چێشتەنگاوێك لەبەردەم بنکەی بەتالیۆنەکەدا عزیز و هەندێ پێشمەرگە دانیشتبوون و لەبارەی ئەرکەکانی ئەو ڕۆژانەیانەوە دەدوان، کاتێکی دەست بەتاڵیان بەسەردەبرد.

بەڕێکەوت پێشمەرگەیەك گوتی، کاك مەلا، لە دووربینەکەمەوە دەبینم کۆمەڵە زەلامێك لەو قەدپاڵەی ئەو بەرەوە بەڕێوەن. نەدەزانم کێن و نەدەزانم ڕوو لەکوێ دەکەن، عزیز دووربینەکەی لێ وەرگرت و ماوەی چەند خوولەکێك لە بینین بەردەوام بوو. یەکسەر هەستایە سەرپێ و گوتی: براینە ئەوانە جلی پێشمەرگەیان لەبەرە، دەبێ سەر بە چ هێزێك و بەتالیۆنێك بن؟!

چۆنە وا بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگاداربکەنەوە بەرەو ئەم ناوە ملیان ناوە پاش قسەکەی هەندێ ڕاماو یەکسەر بەدەنگێکی قایم و سەرنج ڕاکێشەر فەرمانی

دەرکرد(براینە بکەونە ئامادەباسیەوە. چەکەکانتان ئامادەکەن، مەخزەنەکانی فیشەك ببەستن، فیشەك لێخوڕنە بەر لوولەوە، لەم لاو لەو لای بنکەکەوە خۆتان مەڵاس دەن، ئێمە نازانین ئەمانەی وا بۆ لامان دێن دۆستن یان دووژمنن)

ئەو کۆمەڵە زەلامە بەرە بەرە نیزیك بوونەوە، کە گەیشتنە ئەو مایەی کە دەنگیان بگاتە لای یەکتری. هەندێ هەڵوێستەیان کرد. لەوە پێش چەکەکانیان بەدەستەوەبوو، کەچی پاش هەڵوێستەکە چەکەکانیان کردە شانیان و دووبارە بەرەو بنکەکە بەشێنەیی کەوتنەوەڕێ. کە زۆرتر نیزیك بوونەوە سەرکردەکەیان بانگی کرد: جەماعەت، خۆمانین، دۆستین عزیز بەبێئەوەی ئامادە باشیەکەی هەڤاڵەکانی کۆتایی پێ بێنێ، بانگی کرد بەخێربێن، بەخێربێن، فەرموون.

دیاربوو لەسەرەتادا ئەو هێزە نیازیان خراپ بوو، بۆ مەبەستێك ڕوویان لەو شوێنە کردبوو کە ئەگەر بگەیشتنایەتە جێ، یەکسەر دەستیان لە پێشمەرگەکانی ئەم بنکەیە دەکردەوە و پێیان بکرایە چەکیان دەکردن، بەڵام کە سەرکردەکەیان بینی، پێشمەرگەکانی بنکەکە لە ئامادەباشیان، واقی وڕماو تووشی شۆك بوو، بۆیە هەر لە ڕێگەوە بڕیارەکەی گۆڕی بوو، لە نیازەکەی پاشگەزبوو بووەوە. پاش چەند سەعاتێك حەسانەوە، خواحافیزیان لە عزیز و پێشمەرگەکانی کردو بەرەو ڕۆژئاوا بوونەوە، هەر ئەو ئێوارەیە هەواڵ گەیشتە لای عزیز کە ئەو هێزە چوونەتە خورماتوو خۆیان بەلایەنی حوکومەت ناساندووە.

* * *

چەند مانگێك پاش کودەتاکەی حەفدەی تەمووزی(١٩٦٨) بە ئومێدی چارەسەرکردنێکی ڕووکەشی، نێوان کورد و حکومەتی تازە، هیچ چالاکیەکی



سەربازی گەورە ڕووی نەدا، لەملاو لەولا ناو بەناو هێرشی دەکردە سەر ناوچەیەك و هەندێ هێزی سەربازی لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەگواستەوە. ناخۆشترین شت بۆ جەماوەری کوردستان لەوکاتەدا بەرچاو ڕۆشن نەبوونی دووا ڕۆژی مەسەلەی کورد بوو. چەندین ڕێککەوتننامەی، پێشووتر بێ ئەنجامی و دووبارە شەڕ هەڵگیرسانەوەی ئومێدەکانی جەماوەری پووچەڵ دەکردەوە.

بۆ نموونە لە ساڵی(١٩٦٦) پاش سووتانی عبدوالسەلام عارف لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرێکدا بەیاننامەی بیست و نۆی حوزەیران لەلایەن حکومەتی بەغداوە جاڕ درا. ئەو کەسەی بەیانەکەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە پێشکەشکرد(عبدولرەحمن بەزاز) بوو کە سەرۆك وەزیران بوو. پاش خوێندنەوەی بەیاننامەکە چەند قسەیەکی دیکەی خستە سەر، کە ئەوەی گەیاندە، حکومەت بەناچاری ئەو ڕێککەوتنە ئاشکرا دەکا، نەك لەبەر ئەوەی بڕوای بە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد هەبێ. گرنگترین ئەو قسانەی کردی بەم شێوەیەبوو(بزوتنەوەی چەکداری کورد ئەگەر پەنجا کەسیشی لێ بمێنێ هەر کۆتایی نایە و بنبڕناکرێ. بۆیە ئێمە وادەزانین کە بە ئاشتی ئەم مەسەلەیە تەمەن درێژە کۆتایی پێ بێنین و چارەسەری بکەین، ئەمەیش ڕاست ترین و بە سوودترین ڕێگایە بۆ هەموو عێراقیەکان..)

ئەو بەیاننامەیەیش هیچی بەهیچ نەکردو پاش شەش حەوت مانگێك دووبارە شەڕ و شۆڕ دەستی پێکردەوە.

جارێکی کە حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨، لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست. هەرچەندە لە سەرەتای ڕۆژانی ئەو کودەتایەدا، وەکو هەموو دەسەڵاتێکی تازەی عێراق هەندێ وەعد و پەیمانیاندا کە مەسەلەی کورد چارەسەربکرێ،

بەڵام پاش چەند مانگێك دووبارە هێزی سوپای عێراق کەوتەوە شەڕ فرۆشتن بە گەلی کورد و شۆڕشەکەی. زوو بە زوو بۆ حکومەت دەرکەوت کە بەو شەڕە هیچ ئەنجامێك بەدی ناهێنێ، بۆیە لە ساڵی(١٩٦٩)ەوە لە ژێرەوە کەوتە پەیوەندیکردن بە سەرکردەکانی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەیەك جاڕ بدەن، کە شەڕ ڕابگیرێ و مافەکانی گەلی کوردستان جێبەجێ بکرێ، بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە.

گەلی کوردستان هەندێ ئومێدی پەیداکرد. بەرەبەرە ڕۆژنامەکانی کوردستان و عێراق ئەو هەواڵانەیان پشت ڕاست کرد، کە گفتوگۆ و دیالۆك هەیە لەنێوان هەر دوو لایەندا. شەقام و شوێنە کۆمەڵایەتیەکان بوونە گۆڕەپانی واتە واتە و قسە و قسەڵۆك و لێکدانەوەی ئەو بارودۆخە.

هەندێ لە پێشمەرگەکان بە نیوە ئاشکرا بەبێ چەك دزەیان دەکردە نێو شارەکان و گوندەکانی دەووروبەریان. یەکەم لەبەرئەوەی ماوەیەك بوو هیچ چالاکیەکی سەربازی حکومەت نەدەکرا، چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی فەرمانگەکانی ئەمنی حکومەتیش لە چاو و ڕاو ساردبوونەوە. بۆیە پێشمەرگەکان بە هەلیان زانی، سەر لە کەسوکاریان بدەن و گەلێك خێزانیش بەبێ ترس سەردانی ئەو گوندانەیان دەکرد کە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان تێیدا، چاوەڕوانیان دەکردن.

* * *

براکانی عزیز لە ماڵی برا گەورەکەیان ئێواران هەتا درەنگانێك یەکتری گیردەبوون. سەری باس و بنی باس هەر دیالۆکەکەبوو کە بوو بووە بنێشتە خۆشەی زۆربەی خەڵك. هەڵۆیستی نێوانیان یەك بابەت نەبوو. هەر یەکە و دەیکردە ئاشێ، هەندێکیان پێش بینیان، لەگەڵ هەندەکەی تری زۆر یا کەم جیاوازی هەبوو.



- کوڕینە، وابزانم ئەم جارە حکومەتی عێراق کە باس لە مافی کورد و ڕێککەوتن دەکا، وادیارە بەڕاستیەتی. بەڵگەیشم بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە(سەدام حوسێن) خۆی، هاتووچۆی سەرەوە دەکاو پەیوەندی بە سەرکردەی کورد(مەلا موستەفای بارزان) دەکاو، چەندین ئەندامی گەورەی پارتی دەبینێ. هاتووچۆی ڕۆژانەی هەلیکۆپتەرەکان، بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە.

لای هەموو کەسێ وشەی(مفاوزات) لەگەڵ دیتنی هەموو هەلیکۆپتەرێکا، دووبارەدەبێتەوە.

- بەخوا برام، وابزانم ئەمە دووبارە کردنەوەی ئەو پیلانانەیە کە حکومەتەکانی عێراق چەند جارێك بۆ کوردیان هۆنیووەتەوە دوێنێ بوو عبدولرەحمان عارف خۆی چووە لای مەلا موستەفا و پاش ئەوەی ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو گرفتەکانی نێوان کورد و حکومەت، کەچی هیچ بەهیچ نەکرا. ئەوەبوو عبدولرەحمان بەزاز سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە خوێندنەوە.

- ئاخر ئەو حکومەتە لاوازبوو، نەیدەتوانی کارێك بکا لەگەڵ بۆچوونی ئەفسەرە گەورەکانی سوپادا نەگونجێ. بەڵام ئەمڕۆ حیزبی بەعس و(سەدام حوسێن) گوێیان لێ نیە، ئەو ئەفسەرانە و هەر کەسێکی تر چی دەڵێن. چونکە هەر هەموویان چەکەرەی لێ دەکەن.

یەکێ لەو ئامادەبووانە، خوێندەوارێکی باش بوو، هەندێ سەری لە مێژووی گەلان دەردەچوو، لەو قسانەدا بەم شێوەیە کەوتە بەژداربوون.

- ئەوەی دەفەرمووی ڕاستە، بەڵام کێ دەڵێ لە بنەمادا سەدام حوسێن خۆی بڕوای بەبوونی گەلی کورد و مافەکانی هەیە؟

- ئەی بۆچی دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا؟

ئەو کەسەی ئەم پرسیارەی ئاڕاستەکرا، ئەم پێش ئەوەی وەڵامی بداتەوە هەندێ ڕاماو پەنجەیەکی خستە لایەکی کەلەی سەری و بە نەرمی دەستی پێکرد.

- بۆ سەدام حوسێن دەرکەوتووە، کە هەموو جەنگێك لەگەڵ کورددا کرابێ ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی حکومەت نەبوو، بۆیە ئەم جارە دەیەوێت ئەم مەسەلەیە بە ڕێگەیەکی دیکە کۆتایی پێ بێنێ، بەمەرجێکیش سەرکەوتنی حکومەتی تێدابێ.

- چۆن؟

- بەوەی پاش مۆرکردنی هەر ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ کورددا بکەوێتە ڕێ خۆشکردن بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی درێژدا خۆی بەهێز بکاتەوە و دۆستەکانی شۆڕشی کوردیش بخاتە خانەی سەر بە حکومەتەوە.

- وەك کێ؟

- وەك حیزبی شیوعی و یەکێتی سۆڤیەت و تورکمان و مەسیحیەکان.

- چۆن ئەمە دەتوانێ بکات؟

- بەهێزی پارە.

- پارە لە کوێ دەهێنێت؟

کابرا هەڵسایە سەر چۆك و خۆی ڕێك خست و وەك ئەوەی خۆی ئامادەبکا بۆ پێشکەشکردنی وتارێکی دوور و درێژ(سەدام) بۆ ئەوەی نیاز پاکی خۆی پیشاندا لە گفتوگۆکاندا، ئەم بڕیارانەیدا، یەکەم دروستکردنی پارێزگای دهۆك، دووەم دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی سێهەم زیادکردنی ماوەی پەخشی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا.



هەرچەندە هەواڵی گفتوگۆ هەندێ دڵ خۆشکەر بوو بۆ زۆربەی پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستان، بەڵام بێ بەهرە نەبوو، لە هەندێ گومان و لێکدانەوەی جیاواز و ململانێیەکی نەرم.

ئەم بارودۆخە تازەیە هەرچەندە هێشتا ئەنجامەکەی بە فەرمی جاڕ نەدرابوو، هەریەکە و لە مێشکی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو دیالۆگە ئەگەر ئەنجامی بەخێر بگەڕێ، چی دەکا.

هەندێك کەسان لەو ژیانەی خۆیاندا گەیشتبوونە پلەی بێزاری، بۆیە لەگەڵ خۆیاندا دەدوان(ئەگەر خوا دەکا بەیەکجاری شەڕ ڕادەوەستێ ئەم جارە دەچمەوە سەر کارەکەی خۆم و، ژیانی هەردە و شاخ، بەسە) هەندێکی تر بە ئومێدی ئەوەوەبوو کە پلەیەکی بەرزتری دەستکەوێ، چ لە ڕیزی سەربازی، یان شارستانی، کە لەسەری ڕێك بکەون.

هەندێکی تریش خەونیان بەوەوە دەدی کە بگەڕێنەوە و دەست بکەنەوە بە بنیاتنانی گوندەکانیان و لەگەڵ کشتوکاڵدا خەریك بن و هەموو خەفەتەکانی چەند ساڵەیان لە ماوەیەکی کورتا بەبادەن.

★ ★ ★

پایزی(١٩٦٨) عزیز و هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەی لە گوندی کرپچنە هەوارێکی تازەیان دامەزراندەوە، ئەم شوێنە، شوێنێك بوو کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەکەی کوردستانەوە، بۆیان دابین کرابوو.

خانوویەکی ڕووت و قووت، بەپێکەوەنانی پێویستیەکانی ژیان و قاپ و قاچاخ و هەندێ پێخەف و ڕایەخ، توانرا لە ماڵانی دەووروبەری و بەکڕین و بەیارمەتی لە ماوەیەکی کورتدا بووە جێگەی ئۆقرەگرتنی مامناوەندی بۆیان.

ئەوەبوو کە ئەو تۆمەتەی ئاڕاستەی عزیز کرابوو لە بەهاری هەمان ساڵدا، لەسەر لاچوو، بڕیاریش درا، کە لە سێ کاری نێو پێشمەرگە سەرپشك بێ، بۆ دەستنیشانکردنی یەکێ لەو کارانە، یەکەم (جێگری ئامر بەتالیۆن)، (ئامر مەفرەزە) لە گەرمیان، سێهەم بەرپرسی لقی(داری کەری) هەرچی ئەم بوو ئامر مەفرەزیەکەی هەڵبژاردوو ماوەیەك لە کرپچنە لەگەڵ خێزانەکەی جێگیربوو.

سروشتی ئافرەت لەگەڵ پیاودا لە هەندێ لایەنەوە یەکتری گیر نابن(شوکری) خێزانی بارێ خەم و خەفەتی لە کۆڵ گرتبوو، حەزی وەدەستهێنانی خانوو بەرەی ڕێك و پێك و شتوومەکی تازە بابەت و وردەواڵەی پێویست بۆ خۆی و منداڵەکانی، هەمیشە لە خولیایدا دەسووڕانەوە و ڕۆژی دە جار دەهاتنەوە بەرچاوی و لە زۆر شەوانیشدا خەونی پێیانەوە دەدیت. خەمی یەکێك لەو شتانەی کە بە شەو و بە ڕۆژ جەرگی دەخواردن ئەوەبوو مێژوویەکی سنووردار بۆیتن دەستنیشان نەکرابوو، بۆ کۆتایی هاتنی ئەو ژیانە کۆچەری و پڕ نیگەرانیەیان. ناو بەناو عزیز بۆ ئەنجامدانی هەندێ چالاکی، پەیوەند بە ئەرکەکەی، لە خێزانەکەی دادەبڕا پاش ماوەیەك دەگەڕایەوە لایان.

(شوکری) لەو ماوەیەدا گەلێ لە ساتەکان لەگەڵ خۆیدا دەدواو فرمێسکی دەڕشت(خودایە ئەم پیاوە بپارێزی، دووری خەیتەوە لە بەڵای ناگاهان. خودایە هیدایەتی ئەوەی بدەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵی نەرم کەی بە تکاو، ڕجام بکا بۆ کۆتایی هێنان بەم ژیانە تاڵ و سەختە، خودایە ئەمە چ نەگبەتیەك بوو تووشمان بوو، تەنیا هەر شەش ساڵ لە دووای شوکردنم ژیانێکی ئاسایی ژیاین. ئەمە حەوت هەشت ساڵە خۆشیمان بەخۆوە نەدیت پێیەکمان لە هاتووچۆی بەندینخانە بوو، پێیەکمان لەم هەردە و شاخە)



هەر چوار منداڵەکەی کە هەموو جارێك کە هەستیان دەکرد دایکیان لە دەریای خەم و خەفەتا نووقم بووە تکە فرمێسکەکانی کۆتاییان نەدەهات، زۆر پێی سەغڵەت دەبوون. ئەم حاڵەتە، دەبووە سەرباری خەمی ناو بەناو دابڕانی باوکیان و ترسی تووشبوونی بە کارەساتێك لەنێو ئەو شەڕ و پێکدادانەی ناو بەناو بەرەو ڕووی دەبوونەوە. بۆیە تکایان لە دایکیان دەکرد، کۆتایی بەو فرمێسك ڕشتننە بهێنێت ئەویش دڵی نەدەشکاندن بە پەڕۆیەك چاوەکان و ڕوومەتەکانی وشك دەکردەوەو یەك دوو هەناسەی هەڵ دەکێشا.

لە دووا دابڕانێکیدا(شوکری) بەترسەوە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیا.

- دەڵێم ئەوە تۆ ئەرکی خۆت بەجێ دێنی، ناتوانی بەهیچ جۆرێ لەم کارەتدا سارد دکەینەوە، بەڵام نەختێ زگت بە ئێمە بسووتێ. ئاخر ئێمە گوناهمان چیە لەم شوێنە و دوور لە کەسووکارمان ئەم هەموو ماوەیە لە ژێر باری ئازاری دەروونماندا بژین.

- جا مەبەستت چیە؟ ئەم پێشەکیەی بۆچیە؟ ڕاست و ڕەوان ئەوەی لە ژێر بەڕەیە، بیخە سەر بەڕە.

(شوکری) هەندێ ڕاما ویستی داواکارییەکەی جوان بهۆنێتەوەو لەنێو چوار چێوەیەکا پێشکەشی بکا، کەنەبێتە مایەی تورەبوون و هەڵچوونی پیاوەکەی.

ناحەقی ناگیرا کە باش بیر لە ڕستەکانی قسەکەی بکاتەوە، لەبەرئەوەی زۆرجار لەکاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکدا تەقیووەتەوە بەڕوویاو، وای لێکردووە، پەشیمان بێتەوە لەو قسەیەی کردوویەتی.

- دەڵێم تۆ، ناچاری لەم شوێنەدا بمێنیتەوە، من و منداڵەکانم حەق وایە بچینەوە کەرکوك. لە خوا بەزیادبێت ئەوەندە خزم و کەسمان هەیە کە بمان گرنە خۆیان.

عزیز چاوەکانی لە چاوی بڕی. لەلایەکەوە حەزی نەدەکرد هەنگاوێك بنێ کە لە ژنەکەیەوە پێشنیارکرابێ، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەم داواکاریەی ئەو بێنێتەدی، دەبێتە مایەی سەر سووکی و لە کۆڵ کردنەوەی خەمی چۆنیەتی بردنە سەری خێزانەکەی لەم شوێنەدا.

دووای ڕۆژئاوابوون عزیز کەسێکی ناردە دووای سەرۆك ئەنجومەنی ئاوایی زۆری پێنەچوو پەیدابوو، پاش چاك و چۆنی، عزیز فەرمووی لێکرد دانیشێ و کەوتنە قسە. سەرۆك ئەنجومەن پیاوێکی کامڵ و لەسەرخۆبوو، بۆ هەموو وشەیەك کە لەدەم عزیزەوە دەردەچوو سەری دەلەقاندو ڕستەی(بەڵێ قوربان)ی، لەگەڵدا دەردەبڕی.

- کاکە تۆفیق، بەدوای جەنابتام ناردووە، بۆ ئەوەی چوار پێنج هێسترم لە ئاوایی بۆ پەیدابکەی، کارێکی پێویستم پێیانە.

- بۆ، مەلا غەریب، خوا نەخواستە لێرە نەگوازرابیتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، خۆ بارناکەی؟!

- نەخێر، شتی وانیە، تەنیا ئەوەیە منداڵەکانم بەهەندێ بزگوڕەوە دەنێرمەوە بۆ کەرکوك، خۆتیش دەزانی ئۆتۆمبیلێ وا بە ئاسانی دەست ناکەوێ، لەبەرئەوە دەمەوێ بەپشتی وڵاغ بیانگەیەنمە داڕۆغەی ئەو دیوو قەرەداغ.

- مەبەستت ئەوەیە بیانگەیەنیتە سەر ڕێگای سولەیمانی.

- بەڵێ، بە تەمام وای لێ بکەم.



هەر ئەو شەوە سەرۆکی ئەنجومەن بە گوندەکەیا گەڕاو چوار هێستری پەیدا کرد. خاوەن ئەو هێسترانە، هەر کە پێیان گوترا، مەلا غەریب کاری پێیان هەیە، یەکسەر ڕەزامەندیان پیشان دەداو ئەم ڕستەیەشیان دەخستە سەر(داواکاریەك، لە مەلا غەریب وەوە بێت، بە چاوان ئامادەین، بێینە دەنگیەوە)

خۆر لە زەردەی بەیانی هێسترەکان لەبەردەم ماڵەکەی عزیزدا بە دوو زەلامەوە ئامادەبوون دەرگا کرایەوەو عزیز بەخێرهاتنی کردن و دڵنیایش بوو لەوەی قاوەڵتیان کردووە. بانگی لە خێزانەکەی کرد.

- شوکری شتوومەك و بزگوڕەکانتان بێنە دەرەوە، دەکەوینەڕێ.

عزیز تاقە کوڕێکی هەبوو لە تەمەنی دە دووانزە ساڵاندا بوو و یارمەتی دایکی دا، لە هێنانە دەرەوەی شتوومەکەکان. کە هەموو لەبەر دەرگا ئامادەبوون، دەرگای حەوشەیان پێوەداو کلیل دا.

لەو ساتەدا چەند خێزانێکی هاوسێیان بە پیاو و ژنەوە کۆبوونەوە بۆ بەڕێ خستن و خواحافیزی لێکردنیان. ترسێکی گەورە لە دڵی(شوکری)دا بێ ئۆقرەی کردبووە.

شوکری لە خێزانێکی شارستانی کەرکوکدا گەورەبوو بوو، بۆیە دنیای سواربوونی پشتی وڵاغ، کارێکی نامۆ و ترسناك بوو بۆی لە سەرەتاوە دوو دڵ بوو کە خۆی بۆ سواربوون دەست پێشخەری بکا، عزیزیش هەستی بەوەی کرد.

- ئەوە دەترسی سواری هێستربی؟ لەوە گەورەتردەبی؟

- ئاخر دەترسم بکەوم.

- دەك تۆقت چێ، ئەی ئێمە ئاگامان لێت نابێ؟

هەرچی چۆنێ بێ بە هەزار خوا خوا، عەزیز و کوڕەکەی یارمەتی شوکریان داو خستیانە سەر پشت ولاغێکەوە، شوکری لەو چرکانەدا هەستی دەکرد زۆر لە زەوی بڵند بۆتەوە، هەر جوولەیەکی هێسترەکە دەبووە مایەی ترسێکی تر.

پاش ئەو کوڕەکەی سوار هێسترێك بوو، یەکێ لە خوشکە بچووکەکانی خستە بەردەم خۆی، پێیەکانی خوشکەکەی لەم لاو لو لاوە خرا نێو دەمی هەگبەی سەر هێسترەکەوە، کچە گەورەکەی عەزیز سوار هێستری سێهەم کراو یەکێ لە خوشکەکانی دیکەی لەبەردەم دانرا. بۆ زیاتر لەوە دڵنیابوون، کە ئەو منداڵانە لەسەر هێسترەکانەوە ناکەون پێیان بەسترایە ئەو گوریسەی کە شەتەکیان پێدرا. هێستری چوارەم عەزیز لێی سوار بوو خۆی خستە دوای کاروانەکەوە بۆ ئەوەی دڵنیابێ لە بارودۆخی خێزانەکەی و منداڵەکانی.

کە گەیشتنە لێژاییەك شوکری هاواری لێ هەڵسا(کورە عەزیز کەوتم) عەزیز یەکسەر خۆی گەیاندە ئاستی و یارمەتیدا کە دووبارە قیت بێتەوە و لەسەر هێسترەکە ڕێك دانیشێ هەموو جارێکیش کە ئەم حاڵەتە دووبارە دەبووەوە عەزیز بەچەند وشەیەك سەر کۆنەی دەکردوو لێی تووڕە دەبوو.

- سەیر منداڵەکانت بکە چەند بەبێدەنگی خۆیان مات کردووە.

نیزیکەی سێ سەعات ڕێگەیان بڕی، ئەو دوو زەلامەی کە سەر لە بەیانی هێسترەکانیان هێنا هەر بە دواوەیان بوون و ناو بەناو ئاگاداری بارودۆخەکەی هەموویان بوون. لە هەمان کاتا دەلیلیش بوون بۆیان و دەیانیش زانی، کام ڕێچکە باشترە لە ئەوی تریان و کامەیان قەدبڕترە.

لە گوێی ئاوێك هێسترەکانیان ڕاگرت هەر هەموو هاتنە خوار و بەپەلە کچە گەورەکەی کەوتە خۆی لەگەڵ براکەیا هەندێ چیلکە و داریان خڕ کردەوەو



ئاگرێکیان کردەوەو سێ بەردیان لەم لاو لەولای ئاگرەکە دانا، کتریەکیان لە کانیەکە پڕکردوو خستیانە سەر.

تاریقی برایان داوای لە کچەکەی دیکە کرد بڕۆن چیلکە بهێنن، سات بە سات ئاگرەکە خۆشتر دەبوو بە ماوەیەکی کەم کتریەکە هاتە جۆش و شوکری ڕایەخێکی ڕاخست و هەندێ نان و پێ خۆری دانا و بادەی ڕیزکردو بۆنی چایەکەیش گەیشتە لوتیان، عەزیز فەرمووی لە زەلامەکان کردوو هەر هەموو پێکەوە کەوتنە خواردن، هێسترەکانیش دوورنەکەوتنەوە هەر لەو دەوور و پشتە کەوتنە پووش و پەڵاش خواردن.

دوو قۆناغی دیکەی ئاواییان بڕی بۆ حەسانەوە و پێویستی تر. بەڵام لە سێهەم قۆناغ کە کەوتە نیوەڕۆ دوو دیار دەیان، تووش بوو، یەکەم ئەو هەورازیەی کە بەرەو قۆپی قەرەداغ ڕێگەکەی هەڵدەکشا، دووەم ساردبوونی ئەو بایەی کە بە ڕوویاندا شنەی دەکرد. لەسەر کانیە گەورەکەی قۆپی، دووبارە هەڵۆیستێکی یەك سەعاتیان کردوو ئەوجا بەدیوو سولێمانیدا بەرەو خوار بوونەوە بەڵام لە قەرەداغ عەزیز خانە خوێیەکی شك دەبرد بەناوی عەریف جەبار کە ماوەیەك لەوەپێش بەیەکەوە پێشمەرگەبوون. لەبەرئەوەیش کە ترسی نەخۆشکەوتنی منداڵەکانی و ماندووبوونی هەموویانیشی لێی نیشت بڕیاریدا ئەو شەوە لە ماڵی ئەو کەسەدا لابدەن. ڕۆژی دوایش زاتی نەکرد یەکسەر دووبارە شوکری و منداڵەکان ماندووبکاتەوە، لە ئاست پێشنیاری عەریف جەبار شەوێکی دیکەیش لە هەمان شوێن مانەوە.

لە ڕۆژی سێهەمدا گەیشتنە دارۆغە و سەرجادەی سولەیمانی.

عەریف جەبار هەتا ئەوێ هاوڕێیان بوو.

عەزیز ئەو دوو شەوەی بە خۆی و خێزانەکەیەوە لە ماڵی عەریف جەبار مانەوە، لەگەڵ خانە خوێیەکەیدا گەلێ باس و خواسیان گۆڕییەوە و یادەوەریە هاوبەشەکانیان تاو و تووێ کرد.

عەریف جەبار زۆر بەزەیی بەو ژن و منداڵانەی عەزیز دەهاتەوە، هەمیشە لە قسەکانیدا نەفرەتی لەو کات و سەردەمە دەکرد کە چۆن بۆتە مایەی ئێش و ئازارێکی زۆر بۆ هەزاران خێزانی ئەو شێوەیە و دابڕانیان لە کەسوکاری نازی دایك و باوك و سۆز و خەمی ئەنجامەکانی ئەو خێزانانە هەر یەك بەجۆرێ. هەردەم لە قسەکاندا عەزیز بەپێی پێویست تێکەڵاوی برگە و ڕستەی دەبڕینەکانی دەبوو.

- کاك عزیز، ئەم منداڵانە بۆچی دەنێریتەوە بۆ کەرکوك، ئایا لێرە ژیانێکی باش و دابین کراویان بۆ نەڕەخساوە؟

- برام من لەگەڵتام، گرنگترین شت لە بوونیان لێرەدا ئەوەیە کە لە ژێر باڵی خۆ من و لە ژێر چاودێریمن و هەست و سۆزی دووربوون لێیانەوە ئازارم نادات.

- ئەی باشە ئەم کۆچکردنەیان لە چی؟!

- دەر و هاوسێ و دۆست و کەسووکار هەرچەندە شارەزای بارودۆخی خێزانێك بن، هیچ کاتێ بنەڕەت و بنەمای گرفت و پێویستیەکانی تایبەتمەندی ئەو خێزانە بەتەواوی نازانن و سەری لێ دەرناکەن.

ئەم منداڵانەم سیانیان قوتابین، ئەوا پشووی هاوین تەواوبوو، ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەکانیان.

- لای کێ دەژین؟

- شتوومەك و پێویستیەکانی خێزانەکەم هەر لەنێو ئەو ژوورەن کە لە حەوشی ماڵی خاڵمدایە. بۆیە کە دەچنەوە دڵنیام لە سەلامەتیان و ڕۆژ



بەسەر بردنیان، تاکو بزانین خوا دەزانێ لە مەودوا چی بەچی دەکرێ، بارودۆخ چۆن دەسوورێ.

⋆ ⋆ ⋆

عزیز لەو شەوانەدا بەدرێژی باسی لە لاپەڕەیەکی ڕابردووکرد کە بەم جۆرە ڕووی دابوو ڕۆژێ، لە ڕۆژان، پاش نیوەڕوانێك کەسێك گەیشتە ئەو بنکەیەی کە عزیزی لێ بوو هەواڵی ئەوەی پێ بوو کە نامەیەکی پێیە بۆ بەرپرسی ئەو شوێنە. ڕۆستەم نامەکەی لێ وەرگرت کابرا بە دوو دڵیەوە نامەکەی دایە دەستیەوە و کەوتە پرسیار.

- باشە، کاکە تۆ دەزانی ئەم نامەیە تایبەتە بۆ کێ؟

- نا، نازانم، بۆ کێیە؟

- ئەم نامەیە بۆ مەلا غەریب ە، تکام وایە هەر خۆی بیکاتەوە.

- بەسەرچاوان، کێ ئەم نامەیەی داوەتە دەستت؟

- کەسێك دای پێم کە پەیوەندی بە چەکدارەکانی ناو شارەوە هەیە.

ڕۆستەم نامەکەی برد بۆ عزیز کە لە دیووێکی تری بنکەکەدابوو. عزیز نامەکەی کردەوە، چەند کەسێك بە نیزیکیەوە دانیشتبوون چاوەڕێی ئەوە بوون لە خوێندنەوەی تەواوبێ و پێیانی ڕایگەیەنێ کە ئەو نامەیە لە بارەی چیەوەیە و سەرچاوەکەی کێیە؟

عزیز لە خوێندنەوەی نامەکە تەواوبوو، بەبێدەنگی ڕاما، سەرێکی باداو دیاربوو دووبارە کەوتەوە خوێندنەوەی. ئەمجا نامەکەی لوول داو بەناو لەپی شکاندیەوە سەریەکداو بە هەردوو لەپی کردیە پنتکێکی بچووك و تووڕی هەڵدایە بەردەم خۆی، پێش ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی بە نووکی پێڵاوەکەی هەڵێدا. ئەو پێشمەرگانەی بەدەووریەوە دانیشتبوون سەیریان، پێهات.

- کاکە مەلا، ئەوە چی بوو؟ کاغەزەکەت بۆ وا لێکرد؟!
عزیز ڕەنگی گۆڕاو چاوەکانی ئەبڵەق بوون و بەدەنگێکی نا ئاساییەوە کەوتە قسە.
- ئەم نامەیە کەسانێك نووسیوویانە بۆم، دەیانەوێ وا بە خەڵکان بگەیەنن کە من پەیوەندیم پێیانەوە هەیە و گوایە بەتەمام بچمە پاڵیان. نەیخۆن تاڵە. بەشێوەیەکی وانووسراوە کە گوایە ئەمە وەڵامی نامەیەکە، من ناردبێتم بۆیان، ئەو لایەنەی ئەم نامەیەی نووسی بوو ناونیشانی عزیزی لەسەر نووسی بوو، لایەنێکی زیرەك بوو بۆیە ئەو هەوڵەی کە دەیدا بۆ ئەوەی سەرکردایەتی کورد بکەوێتە لێ پێچینەوە لەگەڵ عزیزدا، تەنیا ئەم نامەیە نەبوو، بەڵکو پیلانەکە لقێکی دیکەشی هەبوو، کە هەر دوو لقەکە یەکتری گیربن، لە مەبەستدا کەسایەتیەکی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری کوردی ئەوسا هەبوو ماوەیەك بوو جێ نشینی شاری بەغدا بوو. ئەو کەسایەتیە هەلۆێستی لەگەڵ هێڵی ئەو سەرکردایەتیە بوو کە شۆڕشی ئەیلوولی دەبردە ڕێوە. لە هەمان کاتدا لایەنی حکومەتی بەغدا لێی بێدەنگ بوو، لەبەرئەوەی هۆزێکی گەورەی کورد بە ئەوەی کەسایەتی خۆی دەیزانی و ڕێزی لێدەگرت. لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو کەسە هەرچەندە لە بنەماڵەیەکی خاوەن دەسەلاتی پێشووی ئەو هۆزە بوو، بەلام لەو بارودۆخەی کە ئەو لە بەغداتیا جێنشین بوو چالاکیەکی ئاشکراو کاریگەری ئەوتۆی نەبوو، تاوەکو حکومەت بیخاتە ژێر چاودێریەوە و هیچ بیانوویەکی پێ بگرێ.
لقی دووەمی پیلانی ئەو لایەنەی خاوەن نامەکە بوو، کەوتەخۆ بۆ ئەوەی ئەو کەسایەتیە بکاتە داردەستێ بۆ کاریگەرکردنی هەوڵەکەیان.
لە کۆبوونەوەیەکیاندا بەوردی ئەو بیرۆکەیەیان خستە سەر باس و خواس لەنێوان خۆیاندا.



- ئەو عزیزەی کە خەڵکان لە گەرمیان ناوی(مەلا غەریب)یان، لێ ناوە توانیوویەتی ڕێز و خۆشەویستی خۆی زامن بکا لەنێو هۆزەکانی ئەو ناوچەیەدا. من وای بەباش دەزانم کە هەوڵێکی لەگەڵدا بدەین تاوەکو بێتە نێو ڕیزەکانی ئێمەوە.
- بەخوا، هیچ هەوڵێکمان لەگەڵیدا بەرخوودار نابێت، لەبەرئەوەی ئەو کابرایە بەدڵ و بەگیان لەگەڵ ئەواندایە و دڵسۆزی خۆی بۆیان لە پلەیەکدایە گواستنەوەی بۆ لای ئێمە کارێکی نەکراوەو مەحاڵە.
- گرفتەکە لەوەدایە کە لەلایەن سەرکردایەتیەکەیشیانەوە بووەتە جێگەی متمانەی تەواو.
ئەو کابرایە لەو ناوچەیەدا بەخۆی و چەکدارەکانی و هەواڵ گیریەکەیەوە، هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوە تاوەکو، دزەی لێوە بکەین بۆ ناو ڕێکخستنە چەکداریەکانیان و هاوڵاتیەکانی ئەو ناوچەیە.
یەکێکیان هەڵیدایێ(ئەوە من ڕێگەیەکم دۆزیەوە، وابزانم لەو ڕێگەیەوە شتێ بەشتێ دەکەین) هەموویان سەریان قیت کردەوەو ڕوویان کردە لای خاوەن ئەو قسەیە.
- چۆن؟ بۆمانی بڵێ. ئەو ڕێگایە چیە؟
- ئێوە خۆ ناوی ئەو بەگەتان بیستووەو، لەوانەیە بیشی ناسن.
کە لەسەردەمێکدا یەکێ بوو لە دەسەلاتدارانی کۆمەلایەتی ئەو ناوچەیە.
بەشێك لە وتووێژکەرانی ئەو دانیشتنە ئەوەیان دەربڕی کە باش ئەو بەگە دەناسن.
- باشە هەڤاڵ ئەو، بەگە چیمان بۆ دەکا، چی پێ دەکرێ خۆ هەموومان دەزانین کە خۆی مەیلی لەگەڵ ئەو سەرکردایەتیەیە. گوایە چ سوودێکی دەبێ بۆ ئێمە.

- با پێتان بڵێم ئەو کەسایەتیە جێی باوەڕە لەلای لایەنی ڕکەبەریمانەوە.
بەچ نیازێك ئەو کەسەمان بۆ لای ناردووە.

- باشە چی پێ بڵێت؟

- باسی دووبەرەکیەکەی نێو کوردستانی ئەمڕۆی لەگەڵدا بکات و خۆی وا دەربخا کە زۆر نیگەرانە و خەمی ئەوەیەتی، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەردوو لایەن یەکتری بگرنەوە. پاش ئەو قسانە پێی ڕاگەیەنێ کەوا کەسێکی پلەداری پێشمەرگەی ناوچەی هۆزەکەیان قەول وایە لەم ڕۆژانەدا ڕیزەکانی پێشمەرگە بەجێ بێڵێ و خۆی و چەند کەسێك بگوازنەوە بۆ نێو ڕیزەکانی لایەنەکەی تر.

کاتێ ئەو برگەیەی کە تەگبیرکردن بوو بۆ هێنانەدی ئەڵقەی یەکەمی پیلانەکە کەسایەتیەکەی جێنشینی بەغدا خۆی وادەرخست کە بەو قسەیە غەمگین و نیگەران بوو پاش ئەوەی. کە لە ناوی ئەو پێشمەرگە پلەدارەی پرسی، کەوتەخۆ بۆ ئەوەی بەنهێنی نامەیەك بنووسێ و بیگەیەنێتە لایەنی هەواڵ گیری کوردستانی. پاش چەند ڕۆژێك ئەو نامەیە گەیشتە جێگەی مەبەست.

لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بووە چەن و چوون واتە واتە و سەرسووڕمان دەبڕین.

- ئێمە هیچ گومانێکمان نیە لە ڕاستگۆیی ئەو کەسەی ئەو نامەیەی بۆمان ناردووە.

- بەڵام ئەو پێشمەرگەیەی ناوی لە نامەکەدا هاتووەو گوایە بەتەمایە دەست بەرداری بێ و بەشێوەی خیانەتکاری پەیوەندی بە ڕکەبەرییەکانمانەوە بکات، ئەویش تا ئەمڕۆ باوەڕ پێکراوی ئێمە بووەو هیچ کاتێ جێگەی گومان نەبووە!



ئەندامێکی ئەو دانیشتنە، بابەتێکی دیکەی خستە سەر قسەکان کە ئەوە نیشان دەدا کە ناوەڕۆکی نامەکە لە ڕاست بچێ.

- ئەندامێکی هەواڵ گیریمان چەند ڕۆژێك لەمەوبەر پەیوەندی پێمانەوە کردوو مەسەلەیەکی لەبارەی عزیز، ناسراو بە مەلا غەریبەوە پێمان ڕاگەیاند.

بەدرێژی، ئەو ئەندامە باسی لەو نامەیە کردووە کە گەیشتووەتە عزیز و پاش خوێندنەوەی پێی تێك چوو بوو، کاغەزەکەی توورهەڵدابوو.

ناڕەزایی لە بارەی ئەو درۆیەوە بۆ پێشمەرگەکان دەبڕی بوو کە گوایە ئەم نامەیە وەڵام دانەوەیەکە بۆ نامەیەك، گوایە بۆ ئەو لایەنەی ڕەوانە کردبێ.

هەواڵ گەیشتە شاری کەرکوك، خێزان و کەسوکاری عزیز گێڕانەوەی ئەم بابەتە بەوردەکارییەوە، لەلایەن عزیزەوە، سەر سووڕمانی عەریف جەباری لێ کەوتەوە.

بەوەیان زانی کە ئەو گەیشتووەتە ئەو ناوچانەی سەرکردایەتی کوردی لێیە و، گوایە خراوەتە زیندانەوە و، لەوانەیشە دادگایی بکرێ. هەواڵەکە مێشك و دەروونی هەموو کەسێکی هەژاند. کە باش و لە نیزیکەوە هەڵوێستی عزیز بزانێ. بەتایبەتی براکانی کەوتنەخۆ، بۆ ئەوەی بە هەموو لادا هەڵپەبکەن، تابزانن چی ڕوویداوەو هۆی دەستگیرکردنی چیە؟ بەتایبەتی لەسەرەتادا هەوڵیاندا بگەنە لای خۆی و لە بەندینخانەی(خەلان)سەری لێ بدەن و بەڵکو شتێك لە مەسەلەکە تێدەگەن. پاش ئەوە خۆیان بگەیەننە، لای ئەو پلەدارە حیزبی و سەربازیانەی لەشکر، تاوەکو بزانن بۆنی دەمیان چیە و ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ براکەیان چیە؟

ئەو هەواڵ و هاتووچۆیە ماوەیەکی خایاند. لەو کاتانەدا عزیز چەند جارێك لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی سەرکردەوە لێ پێچینەوەی لەگەڵدا کرا لە یەکێ لەو لێ پێچینەوانەدا ئەم پرسیار و وەڵامە ڕوویدا.

- هەواڵێکی وامان پێگەیووە کە تۆ ماوەیەك لەمەوەبەر نیازی ئەوەت هەبووە کە، لە لەشکری کوردستان دابڕی و خۆت بگەیەنیتە لای ڕکەبەرییەکانمان، ئەمە تا چەند ڕاستە؟

- ئەم هەواڵە هیچ بنەمایەکی نیە و نا ڕاستە.

- چۆن قایلمان دەکەی و پێمان دەسەلمێنی کە ئەو هەواڵە بێ بنەمایە.

- ئەگەر من نیازێکی وام بووبێ دەبووایە بە یەکێ یان فرەتر لە پێشمەرگەم بەدزیەوەیش بێ، تێ گەیاندایە. ئێوە دەتوانن لێ پێچینەوە لەگەڵ هەموو ئەو پێشمەرگانە بکەن کە من سەرکردەیانم. ئەگەر یەکێکیان شتێکی وای باسکرد، ئەوە هەواڵەکەی پێتان گەیووە ڕاستە.

- تۆ هیچ نامەیەکت لە جەماعەتی ڕکەبەریووە پێت گەیشتووە؟

- بەڵێ، نامەیەکم پێ گەیووە.

- کەوایە تۆمەتەکە ڕاستە.

- هەڤاڵ، ئێوە دەبێ لەوە بکۆڵنەوە کە کێ ئەم نامەیەی نووسیووەو بەچ مەبەستێ. کێ دەڵێ ئەمە فێڵێکی گەورەنیە بۆ ئەوەی خەڵکان وا تێبگەنێ گوایە من پەیوەندیم بەوانەوە هەیە.

- تائێستا هەرچی ئەو هەواڵانەی لەو سەرچاوەیەوە پێمان گەیی بێ ڕاست دەرچووە.

- ئێ بەڵکو ئەم جارەیان ڕاست نەبێ؟ خۆ هیچ دادگایەك ئەوە پەیڕەوی ناکا کە لە هەواڵێکی پێشوودا سەرچاوەکە ڕاست بووبێ، چونکە ئەم هەواڵەی



گوایە تایبەتە بە من، هەر هەواڵێکی دیکە دیارە تایبەت بووە بە خەڵکانی دیکە. ئایا من چ بەرپرسیاریەکم هەیە بەرانبەر هەواڵەکانی پێشوو؟

ئەو کەسەی کە سەردانی چەند بەرپرسێکی لەشکرو لایەنی سەرکردایەتی حیزبی کرد بۆ ئەم مەسەلەیە، ڕەئوف برای عزیز بوو. ئەم برایەی گەنجێکی زیرەك بوو تاڕادەیەك لە هەندێ گفتوگۆ و یاسای مەدەنی بە ئەزموون بوو. توانی تاڕادەیەك داکۆکی لە عزیز بکات بەوپێیەی کە لەنێو هەموو ناوچەکانی گەرمیان و، لەلای هەموو خاوەن دەسەڵاتەکانی نێو لەشکری ئەو ناوچەیەدا بە دڵسۆزی و سەر ڕاستی ناسرابوو. قوربانی بە ژیانی ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی خۆی داوە لە ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕشدا.

ئەو کۆمیتەیەی کە چەندین ڕۆژ بەردەوام بوو لەو لێ پێچنەوەیەدا، لەسەرەتادا قایل بوو بەوەی کە نهێنیەك هەیە لەم مەسەلەیەدا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی کۆمیتەی لە دەرکردنی هەر بڕیارێك سارکردبووەوە ئەوبوو، پەیتا پەیتا. بروسکە لە هێز و بەتالیۆنەکانی ناوچەی گەرمیانەوە دەگەیشت پێیان. گرنگترین بروسکە لەلایەن ئامر هێزی گەرمیانەوە بوو کە دەقەکەی بەم جۆرە بوو(ئەگەر عزیز خائین بێ، ئێمە هەموومان خائینین. ئەوە چەکەکانمان دادەنێین و دێین بۆ لاتان) کاریگەری ئەو بروسکانە زۆر بوو لەسەر کۆمیتەی لێ پێچینەوە. بۆیە بڕیاراندا لێ پێچینەوەکە ڕاگرن و تعزیز بەربدەن و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی کاتی بەدەست بەسەری، لە(گەلاڵە) بمێنێتەوە. ئەم بڕیارەیش بۆیە بەم شێوەیە درا، چونکە بەڵگەکان تەواو نەبوون بۆ داسەپاندنی هیچ سزایەك بەسەریا لەلایەکی ترەوە ئەندامەکان یەکریان تێگەیاند(کە ئەگەر

ئەو کەسە بەرەڵا بکەین و لەو شارۆچکەیەدا بمێنێتەوەو، ئەگەر نیازی خراپ بێ. ئەوە دەتوانێ لە ناوچەکەوە دزە بکات و هەڵبێ)

علی سنجاری لە مەکتەبی سیاسیەوە، نامەیەکی هێنا و دایە دەست ڕەئوفەوە و گوتی: ئەم نووسراوە بەرە بەندینخانە، عزیز بەردەدەن و لەگەڵ خۆت بیبە.

عزیز کە چەند ڕۆژێك لە گەلاڵە بوو لەگەڵ ناسیاوێکیدا دەژیا. هەواڵی بۆ کەرکوك نارد کە منداڵەکانی بنێرن بۆ لای. بۆیە یەکێ لە براکانی پاش ئەوەی بەپرسیار زانی کە ئۆتۆمبیل لە چ شوێنێکەوە بەرەو گەلاڵە دەردەچێ، براژنەکەی و منداڵەکانی لەگەڵ خۆیا برد بۆ گەلاڵە.

ئەو ڕۆژەی گەیشتە ئەوێ یەکسەر عزیز و ژنەکەی و براکەی هەڵگژانە قەد ئەو چیایەی ڕۆژئاوای گەلاڵە کە بەدیار دۆڵەکەوە بوو، دەستیان بەدار بڕین کرد. بەرەبەرە هەرچەند دوو باوشە دارێکیان دەبڕی، گوریسێکیان لێدەئالاند و بە قەد چیاکەدا، غلۆریان دەکردەوە بۆ ناو دۆڵەکە. پاش ئەوەی بڕێکی باشیان دار بڕی کەوتنە دروستکردنی کەپرێك کە لە ناوی ئۆقرە بگرن. وەرزەکە هاوین بوو لەبەرئەوە ژیانەکەیان لەو دۆڵەدا نارەحەت نەبوو. لەبەردەم کەپرەکە ئاوێکی زیووین هەڵدەقوولا، بوو بووە سەرچاوەی پێویستیەکانی ژیانیان لەو شوێنەدا.

چەندین قاپ و قاچاغ و خواردەمەنیان لە بازاڕەکەی گەلاڵەوە هێنایەوە کە پرەکەیان. براکەی عزیز پاش ئەوەی(دە) ڕۆژ لەگەڵیان مایەوە، بەبیری دێ ئەو شەوەی کە بڕیاریدا ڕۆژی دوایی بگەڕێتەوە کەرکوك ئێوارەی(٣٠)ی تەمووزی ساڵی(١٩٦٨) بوو. لە ڕادیۆوە گوێیان گرت لەو وتارەی(ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) خوێندیەوە کە تیایدا بڕیاری ئەوە ئاشکرا کرا کە



سەرۆك وەزیران و وەزیری دیفاع لەسەرکار لادران. کە یەکەمیان(عەبدول رزاق النامیق) بوو دووەمیان(عبدولرەحمان الداود) بوو.

ئەو دوو کەسە ئەفسەری پلە بڵند بوون لە سوپای عێراق لە سەردەمی(عبدولرەحمان عارف)ی سەرکۆمار. هەر دوو ئەو کەسانە پلە و پایەی پەیوەندیداریان بە سەرکۆمارەوە هەبوو. پێش سیانزە ڕۆژ لەو مێووەی ئاماژەی پێکرا هاوکاریان لەگەڵ حیزبی بەعس کرد بۆ لادانی ئەو سرۆکە لەسەر حوکم. بەرانبەر بەوەی پلەی باشیان بدرێتێ لە حکومەتی تازەدا.

عزیز توانی بەسایەی ئەو ناسیاوەیەوە کە لە گەلاڵەبوو کارێکی دەست کەوێ بۆ دەستە بەرکردنی بژێویان. کارەکە بریتی بوو لە یارمەتیدانی ئەو ناسیاوە لە پیشەکەیدا کە کارکردن بوو لە کێشانی هێڵی کارەبا بۆ گوندەکانی دەوورووبەری گەلاڵە.

دیاربوو لەو چەند مانگەی کە بەو کارەوە خۆی خەریك کرد، هەمیشە لە ژێر چاودێری (پاراستن) دا بوو. پاش ئەوەی هیچ جموو جووڵ و پەیوەندیەکی جێی گومان لەم کەسەوە ڕووی نەدا(فەرەنسۆ حەریری) کە بەرپرسیاری ئەو دەزگایە بوو بیروبۆچوونی خۆی لە بارەیەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار ڕاگەیاند. کە بریتی بوو لەوەی ئەگەر ئەم پیاوە کەسێکی نیاز خراپ بوایە دەرفەت لە بەردەمیا هەبوو کە لە ناوچەکە هەڵبێ. بەڵام وا دیارە، هیچ نیازێکی ئاوای نیە و کەسێکی ڕاستگۆ و پاکە. بۆیە بڕیاردرا کە بوواری دەست بەسەرگرتنەکەی لەسەر هەلگرن و بگەڕێتەوە سەرکارەکەی خۆی لەناو هێزی لەشکری کوردستاندا.

★ ★ ★

پاش نیوەڕۆی یانزەی ئازاری(١٩٧٠) واتە واتە، بڵاوبووەوە، خەڵکان دوو دوو، سێ سێ لە ماڵان و لە شەقام و کۆڵانەکان، هەندێ بە چرپە هەندێ بەنیوە ئاشکرا ئەو هەواڵەیان دەماو دەم دەکردەوە، کە گوایە وتووێژەکانی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی کوردستان گەیشتوونەتە، قۆناغی مۆرکردن و لەوانەیە لە ماوەی چەند سەعاتێکی دیکەدا وەکو مژدەیەکی گەورە بەسەر ئەمسەر و ئەوسەری عێراقدا ببارێ. ئەم هەواڵە هێشتا لە ڕاگەیاندنەکانی حکومەتەوە ئاماژەی بۆ نەکرابوو، لەگەڵ ئەوەیشدا دزەی کردبووە نێو ئەو دارو دەستەیەی، یان سەر بە حکومەت بوون، یان نیزیك بوون لە ئەندامانی بەژداربووی کورد لە وتووێژەکاندا.

ئەوەی وای کردبوو کە کەم کەس گومانی هەبێ لە ڕاستی ئەو واتە واتەیە، ئەو باس و خواسە بوو کە هەندێ لە ڕۆژنامەکانی حکومەت ماوەیەك بوو دەمیان لەوە دەکووتی کە پێویستە لایەنی کوردستان و خێرخوازانی نێوان ئەو لایەنە و حکومەت چارەسەرێ بۆ بابەتە ئاڵۆزەکان بدۆزنەوە، کۆتایی بەو گرفتە بهێنن کە(دە)ساڵ زیاترە، بەردەوام بووە. زمانی ڕاگەیاندنەکانی حکومەت بەو ئاڕاستەیە شتێکی تازەبوو بۆنی ئەوەی لێدەکرا کە حکومەت بەڕاستی مەبەستی بێ چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد ئەنجام بدا.

هەر ئەو ئێوارەیە (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بە دەنگی خۆی ئەو مژدەیەی بڵاوکردەوە کە پێك هاتبوو لە دەقی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لەنێوان حکومەتی بەغداو سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی کوردەوە مۆرکرابوو. دیاربوو بە ئاشکرا ئەو ڕێککەوتننامەیە ئاماژەی بەناوی(موستەفا بارزانی) کردبوو بەو سیفەتەی فەرماندەی ئەو هێزە چەکدارییە و لە هەمان کاتدا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە.



زۆربەی گەلی کوردستان بەو ڕووداوە لە خۆشیدا گەشکەداربوون، یەکسەر لە شاران و لە گۆڕەپانەکاندا بوو بە زەماوەند و چەپڵەڕێزان و گۆرانی و سروود گوتن و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێ هەموو شوێنێکی گرتەوە.

ئەم هەواڵە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی وڵاتانی جیهانیشی گرتەوە. فرمانگەکانی پۆستە و بروسکە بەهەزاران بروسکەی زۆربەی حیزب و کۆمەڵە و کەسایەتی و خەڵکانی دیکەی گواستەوە بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر و مەلا موستەفای بارزان. لەو بروسکانە دڵخۆشی خۆیان دەربڕی و پیرۆزبایی لە هەموو گەلی عێراق دەکرا.

ڕۆژانی دواتر ئاهەنگی گەورە لە شارەکاندا بەردەوام بوو، لە بەغدایش ڕێ پێوانێکی زۆر گەورە لە شەقامە سەرەکیەکاندا ئەنجام درا.

لەو کەسانەی لە(گۆڕەپانی ئازادی) بەغدا پێشوازیان لەو ڕێ پێوانە دەکرد، ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێنی جێگری سەرۆك و ژمارەیەك لە وەزیرەکان و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو(ئیدریس بارزانی و محمد عوسمان و موسعود بارزانی و چەندینی تر بوون)

پاش ئەوەی شەپۆلی خۆشی دەربڕین، بەرەبەرە هێور بووەوە، ئەوجا باس لە خاڵەکانی نێو ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکرا، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی پەیدابوون. چینی سیاسی و ڕۆشنبیریان، مەسەلەی ئەو ناوەڕۆکەیان دەخستە بەر باس و لە ئاهەنگەکان و کۆبوونەوەکاندا لە بارەیەوە دەدوان.

گرنگترین خاڵێ کە خەڵکان مەبەستیان لە بارەیەوە ئەوەبوو ئایا ئەو(حوکمی زاتی)یەی بەیانەکە وەکو مافێکی کورد ئاماژەی پێدەکا سنوورەکەی لە کوێوە هەتا کوێیە. دیارە لەناو بەیانەکەدا هیچ ئاماژەیەك

بۆ سنووری ناوچەی کوردستان نەکراوە، بەبیانووی ئەوەی کە گوایە ئەو شتە بەرپرسی دەکرێ بەتایبەتی لەبارەی ئەو پارێزگا و شارۆچکە و ناوچانەی کە فرەتر لە یەك نەتەوەی تێدا دەژی.

بە بۆچوونی هەندێ کەس و لایەن. ئەو ئاماژە بۆ نەکردنە، مەبەستێکی خراپی لە پشتەوە بوو ئەویش ئەوەبوو کە بەتایبەتی پارێزگای کەرکوك نەخرێتە نێو چوارچێوەی کوردستانە.

جگە لەوەی ئەو خۆش حاڵیەی زۆربەی زۆری خەڵکانی گرتەوە، ئەو خۆش حاڵیە فرەتر ئەو ماڵ و کەسانەی گەشاندەوە کە کەسێکیان لە شاخ بوو یان لە بەندینخانە.

ماڵی خاڵۆی عزیز ئەم چك و ئەو چك پڕ بوو لە کەسوکار و خزمانی دوور و نیزیك و هاوسێکان. لە حەوشەکەدا جگە لە گلۆپی ئاسایی، بەپەلە چەند گڵۆپێکی تر ئەو حەوشەی کردە ڕۆژی نیوەڕۆ. بەدەم پیرۆزبایی لەیەك کردنەوە دەنگی پێکەنین و قسەی خۆش بوونە شەکر بارین و شەربەت خواردنەوە. چەندین جار ناوی عزیز بەسەر زمانی گەورە و بچووکدا دووبارە و سێ بارە دەبووەوە. پیرۆزبایی بەتایبەتی ئاڕاستەی شوکری و منداڵەکانی دەکرا و خۆشحاڵی دەربڕینیان ئاڕاستە دەکرد.

ئەو کەسانەی لەو شارەدا چەکی شاردبووەوە، ئەو شەوە چەکەکان دەرکران و تەقەی خۆشی دنیای گرتەوە.

چەند رۆژێکیش لەوە دووا لە هەموو شوێنێکی کەرکوکدا جاڕدرا کە لە ڕۆژێکی تایبەتدا بەبۆنەی نەورۆزەوە ئاهەنگێکی گەورە لە ناوچەی گوندی(حەساری گەورە) بەرپا دەکرێ.

ڕۆژێ دەستنیشان کراو هەر لە بەیانیەوە زۆربەی خەڵکی شاری کەرکوك بەرەو حەسار لە شار دەرچوون. ئەو گوندە نیزیکەی(دە) کیلۆمەتر لە



باکووری کەرکوکدا بوو، لەبەرئەوەی خەڵکەکە زۆربوون و ئۆتۆمبیل کەم بوو، بەشێك لەو خەڵکانە هەر بەپێ ملی ڕێگەیان گرتەبەر. ئەو حەشاماتە بەشێوەیەکی خێزانی بوو، واتە پیاو و ژن و منداڵی دەگرتەوە. لەبەرئەوە وەرزەکە بەهاربوو خەڵکی بەو دەشتەدا بڵاوبوونەوە، جگە لە هەڵپەڕکێ و گۆرانی، خەریك بوو بە پێداویستیەکانی لێنانی خواردنەوە خەڵکێکی زۆریش لە گوندەکان و شارەکانی دیکەیشەوە ئامادەی ئەو زەماوەندە بوون.

هەرچەندە چەند ڕۆژێکی کەم لە دووای جاڕدانی ئەو بەیانە عزیز خۆی گەیاندەوە ماڵ. بەلام لە ڕۆژی ئاهەنگەکە نەپەرژا ئامادەبێ، منداڵەکانی لەگەڵ خێزانی غەزووریدا بە ئۆتۆمبیلێك خۆیان گەیاندە شوێنی ئاهەنگ، کوڕە گەورەکەی عزیز دەنگی لە دایك و کەسەکانی تری دەووروپشتیان کرد.

- ئەوە هەلیکۆپتەرێکە وا لێمان نیزیك دەبێتەوە. لە یەکەم چرکەدا هەندێ کەس بەوە، تەزوویەکی ترسی بە لەشیاندا هات، چونکە ئەو هەلیکۆپتەرانەیان نەبیرهاتەوە کە ماوەیەك لەمەوپێش دووژمنانە ماڵی خەڵکانیان دەدایە بەر دەستڕێژ و وێرانکردن.

- ئەوە هەلیکۆپتەرەکە بەرەبەرە دابەزێ. بەسەتان کەس ڕووە و شوێنی دابەزینەکە بوونەوە.

کە سەرنشینەکانی هەلیکۆپتەرەکە دابەزین دەرکەوت کۆمەڵێکە لە پیاوانی سەر بەسەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان. پلەی حاڵەتی دڵ خۆشێکە بەرزتر بووەوە بەدەیان ئافرەت لە بەردەم ئەو کەسانە دەستیان کرد بە هەڵهەڵە لێدان و سەماکردن.

مەسعود بارزانی کە ئەوسا ئەندامی مەکتەبی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، لە هەمان مانگدا ڕۆژێك سەردانی کەرکوکی کردو لە یاریگەی (ئیدارە مەحەلی) چاوی بە جەماوەرێکی زۆری کەرکوکی کەوت وتارێکی

پێشکەشکرد. کە جەماوەر لێیان پرسی ئایا کەرکوك لەنێو سنووری حوکمی زاتیە؟ وەلامی دایەوە(بەگوێرەی بەیانی ئازار هەر شوێنێك زۆرینەی کوردبێ دەکەوێتە نێو ئەو سنوورەوە، لەبەرئەوەی کەرکوك زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن، ئەوا دەکەوێتە نێو بازنەی حوکمی زاتی کوردستانەوە) ئەم ڕستانەی مەسعود بارزانی هەراو هەڵلایەکی گەورەی لەو شوێنەدا بەرپاکرد بۆ خۆشی دەربڕین و دڵنیایی بوون، هەر کڵاو و شەپقە و جەمەدانی بوو دەچوو بە ئاسمانا، بۆ ماوەی چەند خوولەکێك چەپڵەبارین بەردەوام بوو. حکومەتی بەغدا، کە بیستی شاندی کوردستان دێت بۆ کەرکووك و لە یاریگای (ئیدارە مەحەلی) وتار ئاراستەی خەڵکی کەرکووك دەکا، هەڵسا بەناردنی دەیان پاسی نەفەر هەڵگر بۆ حەویجە و گوندەکانی دەوروبەری، تاوەکو ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب بگوازنەوە بۆ کەرکووك و ئامادەبن لەو یاریگایە. ئەویش بۆ مەبەستی ئەوەبوو، کە گوایە لە کەرکووکدا رێژەی عەرەب زۆرن، بەڵام ئەم فێڵە بەزەقی بۆ هەمووان کارێکی ئاشکرابوو.

عەزیز لەنێو دوو بڕیاردا مۆلەقەی دەکرد. ڕۆژی چەند جارێك ئەم دیوو ئەو دیوویانی دەکرد، پرسی بەچەندین براو کەسی نیزیکی خۆی دەکرد، بەپلەیەکی کەم تر، ئەو دوو دڵەی بۆ خێزانەکەیشی دەربڕی. ئایا بچێتەوە سەر ئەوکارەی لە کۆمپانیای نەوت لەپێش دەستگیرکردنەکەی دەیکرد. کە بە یەکێ لە بڕگەکانی بەیانی یانزەی ئازار ئەو مافەی هەیە، یانەخۆ لەسەر ئەو پێشمەرگایەتیەی چەندین ساڵە دەیکرد، بمێنێتەوە، ئەویش بوو ئومێدی کە بەگوێرەی هەمان بەیاننامە، پێشمەرگە دەکرێنە هێزی بەرگری کردن لە سنوورەکان، یەکەی سەربازی بۆ ڕێك دەخرێ، هەر کەسەو



بەگوێرەی ئەو ئەرکەی لەوەپێش ئەنجامی دەدا لەلایەن حکومەتەوە پایەی سەربازی دەدرێتێ.

خزم و کەسەکانی بوونە دوو بڕەوە. هەر بڕەیەکی لەو ڕێگەیانەی بەباش دەزانی، بەتایبەتی شوکری خێزانی کە دەیوویست ژیانی دەشت و دەر و هەردە و شاخ و مەمری و مەژی و ترس و لەرزەکەی کۆتایی پێ بێ، بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ پیاوەکەی بگەڕێتەوە سەر ئیشەکەی لە کۆمپانیای نەوت. بەتایبەتی ئومێدی بەوەبوو کە جارێکی کە ئەو خانووەی پاش دەستگیرکردنی عزیز، کۆمپا لێی وەرگرتەوە، دەستی کەوێتەوە. زۆر جار ئەمەی دەردەبڕی چ بۆ عزیز چ بۆ دایك و باوکی و کەسانی تر.

- ئێوە بڵێن، من چەند ئازار و دەردەسەریم دیووە، چەند ساڵە هەر خەریکی کۆچ و کۆچبار بووینە و خۆم و منداڵەکانم لەم ماڵ و لەو ماڵ بووینە و هەر ڕۆژە و کە هەواڵی شەڕ و شۆڕ هەبووایە خەم و خەفەت و ترس دامانی دەگرت و هەزار دووعامان دەکرد کە خوایە لەبەر خاتری ئەم منداڵانە ئەو باوکەیان بپارێزی.

بەڵام وادیاربوو عزیز لە کەسانی نیزیك بە سەرکردایەتی لەشکری کوردستانەوە بیستبووی کە ئەوەی لە پلەی(سەر پەل)ی بێت لەو هێزەی دروست دەکرێ پلەی ئەفسەری دەدرێتێ واتا سەر پەل ئەفسەری یەك ئەستێرە(سەرلق) ئەفسەری دوو ئەستێرە، (جێگری ئامر بەتالیۆن) ئەفسەری سێ ئەستێرە، (نەقیب) ئەو شتە وای لێ کردبوو کە حەزی بەمانەوەبێ لە ڕیزی پێشمەرگەدا. بەڵام ئەوەی کردی ئەوەبوو لە کۆمپانیا ئەو برە پارەیەی وەرگرتەوە کە مانگ بە مانگ لەبری نرخی خانووەکە ساڵانی پێش دەستگیرکردنی لە مووچەکەی بڕی بوویان. بەو پارەیەو

هەندیچ پارەی دیکە توانی لە ڕەحیماوا خانوویەك بنیات بنێ و تا خێزانەکەی تێدا ئۆقرە بگرن.

لە کەرکوك باڵەخانەیەکی، گەورە، کرایەوە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هەمان کاتدا بەرپرسیارانی لەشکری کوردستان ئەو، شوێنەیان کردە مەڵبەندی بەڕێوەبردنی کاری سیاسی و سەربازی ڕۆژانە. هەموو ڕۆژێك سەتان کەس هاتووچۆی ئەو بارەگایانەیان دەکرد.

هەر یەکەو بۆ مەبەستێ. یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی بەرپرسیاری ئەو شوێنە، عزیز پێنج لە براکانی لەگەڵ خۆیدا بردە ئەو شوێنە، بەو بەرپرسیارەی ناساندن، بەرپرسیارەکە بەو ناسینە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی.

ناو شاری کەرکوك، لە بازاڕ و شەقامەکانا لەو ڕۆژانەدا بەسەتان چەکداری پێشمەرگە دەبینران و هەر هەموو لە هاتووچۆدابوون.

بەشێك لەوانە ماوەیەکی زۆربوو شارەکەیان بەجێ هێشتبوو تامەزۆری بینینی هەموو شەقام و بازاڕەکانی بوون، ئەوا لەم ڕۆژانەدا هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشن و چاویان بە دیمەنەکان شار دەڕێژن و باوەش بۆ هەموو ئەو کەسانە دەکەنەوە کە خزم بوون یان ناسیاو بوون و بە وشەی جوان و ناسك هەستی خۆیان بەرانبەر یەکتری دەردەبڕی.

لەو گۆڕەپانەی بەرانبەر بە بارەگاکە بوو بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو ڕۆژێ سەتان کەس کۆمەڵیان دەبەست بۆ ئەوەی نۆرەیان بێ تابچنە ناو بارەگاکەوە بۆ وەرگرتنی نووسراوێکی ئاڕاستەکراو بۆ(تەنجیند)ی کەرکوك کە ئەوە بسەلمێنێ کە پێشمەرگەبووە. ئەو فەرمانگەی تەنجیندەیش بەپێی ئەو نووسراوانە لە دەفتەری پێناسی سەربازیان ئاماژەی ئەوەیان دەکرد کە هەلگری ئەو دەفتەرە پێشمەرگەبووە و، بۆ ماوەیەکی نادیار سەربازی لەسەرنیە.



گەرمایی هەستی سەرفرازبوون و چێژی سەربەستی و ماف وەرگرتن، بەردەوام بوو، بەڵام پاش لە ساڵێك کەمتر هەواڵێکی ناخۆش جەماوەری کوردی ڕاچەناند و دووبارە تەمی نیگەرانی و دروست بوونەوەی گومان بەرانبەر نیازەکانی حکومەت سەری هەڵدایەوە.

ئەو هەواڵە بریتی بوو لە هەواڵێکی نەزۆك بۆ کوشتنی مەلا موستەفای بارزان. ڕاگەیاندنەکانی حکومەت و سەرکردایەتی کوردستان هەمان هەواڵیان بڵاوکردەوە، بەڵام بەجیاوازی لێکدانەوەی ئەو هەواڵە و مەبەستەکانی پشتەوەی.

کورتەی هەواڵەکە ئەوەبوو کە شاندێك لە پیاوانی ئایین لە بەغداوە بەڕێ کەوتبوون گوایە بەنیازی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی کوردستان، دەچن بۆ سەردانی مەلا موستەفا، کاتێك گەیشتبوونە ئەوێ، لە ژوورێکدا کە پێی دەگوترا(باڵەخانەی ئاشتی)لەگەڵ مەلا موستەفادا دادەنیشتن و دەست بە وتوویژ دەکەن، لەنێو یەکێ لەو ئۆتۆمبیلانەی پێی هاتبوونە ئەو شوێنە بەشێوەی کۆنترۆڵ مەلاکان، تەقێنرانەوە، لەوەدا دەرکەوت کە ئەو جلانەی لەبەر مەلاکان بوو مین ڕێژکرابوون بەبێ ئەوەی خۆیان بەو شتە بزانن. بەڵام بەڕێکەوت مەلا موستەفا پێوەنەبوو، سەلامەت بوو کەچی مەلاکان هەموو کوژران.

ڕۆژنامەکانی حکومەت وایان دەبڕی کە ئەوکارە هەوڵێکی دووژمنانی عێراقە بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەت و کوردستان سەرنەگرێ و دووبارە ئاژاوە دەست پێ بکاتەوە.

بەڵام ڕۆژنامەکانی کوردستان پاش کۆبوونەوەی زانیاری لەبارەی ئەو ڕووداوەو ئەو شاندەی نێردرابوو بۆ کوردستان، بە ئاشکرا تۆمەتی ڕێکخستنی ئەو پیلانەیان خستە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی

عێراق. واتە ئەو ڕووداوە لەلایەن حکومەتی بەغداوە هۆنراوەتەوە و ئاڕاستەکراوەو جێبەجێکراوە.

پێش ئەم هەواڵەی حکومەتی عێراق هەوڵێکی تری دا بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا. ئەو هەوڵەیشی سەری نەگرتبوو. بەڵام جۆرە نیگەرانیەکی خستە دڵی جەماوەری کوردستان و بۆیان دەرکەوت کە بەیانی ئازار لە بنەمادا هەنگاوێك بوو بۆ ڕێ خۆشکردن بۆ لەناودانی سەرکردایەتی کوردستان.

بەرەبەرە پلەی دڵخۆشی و متمانە بەو بەیانە دابەزی و بیروبۆچوونەکانی ئەم بابەتە و دووا ڕۆژی پەیوەندی کورد و حکومەتی بەغدا، کەوتنە سەر زمانی هەموو لایەنەکان و لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بیروڕای لەسەر دەردەبڕا.

پاش ئەم ڕووداوانە و مەودای هێرش بردنە سەر بارەگای(پارتی) لە موسەڵا، پڕۆژەکانی مێشکی ئەوانەی لە شاخەوە گەڕابوونەوە نێو شارەکان کەوتنە بەر فەراهەمکردن و دووبارە نەخشە بۆکێشانەوە یان بەرەو شاخ.

عزیز دڵنیابوو کە ئەو بڕیارەی دابووی بۆ مانەوە لە ڕیزی پێشمەرگایەتی بڕیارێکی ماقوول و لەجێی خۆی بوو. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ترسیشی لێ نیشت کە پیاوانی سەر بە حکومەت دەست کەنە ڕەشەکوژی پێشمەرگە ناودارو خاوەن پلەو پایەکانی لەشکری کوردستان بەتایبەتی لە شاری کەرکوکدا چونکە شوێنێکی وایە کە حکومەت بە ئاسانی تیایدا دەست درێژی بکات. بۆ ئەو مەستانەی.

ئەو پێشمەرگانەی لەکاتی خۆیدا کرێکار یان فەرمانبەر بوو بوون لە کۆمپانیای نەوت، حاڵەتێکی تایبەتیان تووش بوو کە چەند ڕوویەکی هەبوو.



لەبەر دەرگای فەرمانگەیەکی کۆمپانیای نەوت کۆمەڵێ کەس ڕاوەستابوون بۆ بەڕێوەبردنی بابەتی گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کارەکانیان.

کابرایەك لە پشت پەنجەرەیەکەوە بە عەرەبی ئەو خەڵکەی تێگەیاند کە ڕاستە بە فەرمی مافی گەڕانەوەیان بۆ کارەکانیان ڕێگەی پێ دراوە بەڵام.

- بەڵام چی؟

- بەڵام ئێوە ناوتان دەنووسین مانگ بە مانگ مووچەکانیشتان دەدەینێ، بەڵام نابێ هیچ کارێك ئەنجام بدەن و نابێ بێنە ناو دام و دەزگاکانی ئەم کۆمپانیایەوە. یان دەیان گوازینەوە بۆ پارێزگای تر، یان خانەنشین دەکرێن.

- هۆکاری ئەمە چیە؟

- وەڵامی ئەو پرسیارە لای حکومەت و دەزگا ئەمنیەکانە، لە من مەپرسن.

غەڵبە غەڵب و هاتوو هاوار و لەو شوێنەدا بەرزبووەوە، هەر کەسە و بەشێوەیەك ئەو بڕیارەی لێك دەدایەوە(کورە بەخوا هەر سیاسەتەکەی جارانە) (لەبەرئەوەی کوردین نایانەوێ لەم کۆمپانیایەدا شوێنمان هەبێ) (ئەی بەیانی ئازار لە کوێ ما؟ چی بەچی کرد؟ )

ئەم حاڵەتەیان ناو نابوو(تەجمید) واتە ئەم کوردانە با مووچەکانیان بدرێتێ بەڵام نابێ بێنەوە کۆکپانیاکە و دەست بەکار ببنەوە. پاش ماوەیەك نەك هەر پێشمەرگەکان زیندانی کراوەکانی پێش ئازار، ئەم بڕیارەیان لەسەردا سەپێنرا، بەڵکو سەتان کرێکار و فەرمانبەری کوردی دیکەیش ئەو بڕیارەیان لەسەر خستە کارەوە بەو شێوەیەی باسکرا، جگە لە شێوەیەکی تری دوورخستنەوەیان لە کۆمپانیاکە، بەوەی گوازرانەوە بۆ شار و پارێزگاکانی دەرەوەی کەرکوك، بەبێ هیچ بیانوویەك.

مەسەلەی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بەرەبەرە هەموو فەرمانگەکان و دامەزراوەکانی دیکەشی گرتەوە.

بەگوێرەی یەکێ لە بڕگەکانی بەیاننامەی ئازار لە هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سەر بە پارێزگای کەرکوك دەست کرا بە بنیات نانی دام و دەزگا بۆ هێزی پێشمەرگە، کە بە فەرمی، لەلایەن حکومەتی بەغداوە ناوی لێنرابوو، (پاسەوانی سنوورەکان) کێشمەکێش و وتووێژ لەنێوان هەر دوولادا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، لەسەر چەند خاڵێك لەم بارەیەوە. یەکەم لایەنی خانەنشین کردنی ڕێژەیەك لەو پێشمەرگانەی بەساڵاچووبوون، دووەم ئەو پلە ئەفسەریانەی کە هەندێ پێشمەرگە دەیانگرێتەوە. سێهەم دەستنیشانکردنی بڕی مووچەکانی ئەوان و پێشمەرگە ئاساییەکان.
لە ناوچەکانی سەنگاو ڕۆژێك چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازی حکومەت گەیشتنە ئەو خانووبەرەو دەم و دەزگایەی دەست کرابوو بە بنیات کردنیان بۆ ئەو مەبەستە. سەرنشینەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانە پێك هاتبوون لە چەند ئەفسەرێکی گەورە و چەند کەسێکی دیکەی پەیوەند بەپشکنینەوە. دیاربوو لەوەپێش هەواڵی ئەو هاتنەیان، درابوو بەهێزی پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە، هەر دوولا گەیشتنە یەك و بۆ ماوەیەك وتووێژیان کردو وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکانی لایەنی پێشمەرگەیان دایەوە، زۆری پێ نەچوو کەوتنە ڕێ و گەڕانەوە. پلەدار و پێشمەرگەکانی دیکە پاش بەڕێ خستنی ئەو شاندە لەنێو خۆیاندا کەوتنە بیروڕا گۆڕینەوە.
- وا پێ دەچێ ئەم شاندە دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو بێ تا وەڵامی هەموو پرسیارێکمان بدەنەوە.
- وادیارە مەسەلەکە هەر کات بەسەربردنە و هیچی تیا بەستەنیە.
- براینە، با وا بۆی بچین کە حکومەت تاسەر خۆی نابەستێتەوە بە ناوەڕۆکی ڕێککەتننامەکە، گوایە چی لە دەست دێ و بەتەمای چیە، ئێمە لە شوێن خۆمانین و چەکەکانمان بەدەست خۆمانەوەیە و لەشکرەکەمان وەکو



جاران بە تۆکمەیی ماوەتەوە، چی دەکەن بابیکەن با مێژووی خۆی دووبارە بکاتەوە. گەلەکەمان بە ئاسانی بە حکومەت هەڵ ناخەڵەتێ.
هەوڵی کەمکردنەوەی ژمارەی کرێکاری کورد لە کۆمپانیای نەوتدا سیاسەتێکی نەگۆڕبوو، کاتی نەبوو. دیاربوو پلانێکی نەفەس درێژ لەلایەن حکومەتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بڕگەکانی جێبەجێ دەکرا. یەکێ لەو بڕیارانە ئەوەبوو هانی کرێکارە کوردەکان بدەن کە خۆیان دەست بەرداری کارکردن لەو کۆمپانیایەدا بن. بۆ نموونە ناو بەناو هەندێ کرێکار بابەتێکی سەیریان لەگەڵدا دەست پێدەکرد، بابەتەکەیش ئەوەبوو ئەو کرێکارانە تێگەیەندران کە ئەگەر خۆیان داوای وازهێنان لە کارەکەیان بکەن، ئەوا حکومەت بڕێکی باش پارەیان بە پاداشت دەداتێ. بڕێك لە کرێکارەکان قایل بوون بەو مەرجە و جوودا بوونەوە لە کۆمپانیا.
پاش فرەتر لە دوو ساڵ ڕەت بوون بەسەر بەیانی ئازارا هێشتا جۆرێك لە سەربەستی هەڵسووکەوتی ئەندامانی پارتی و جمووجوڵی پێشمەرگە بە کەرکوکەوە دیاربوو. خوێندن لە فوتابخانەکان بەگوێرەی کورد کرا بە زمانی دایك، بارەگای پارتی هەرچەندە لە شوێن خۆی مابوو، بەڵام زۆر کەس زانی نەدەکرد هاتووچۆی ئەو شوێنە بکا، لە ترسی چاودێریکردنیان لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە لەسەرەتاوە ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسی فریاکەوتن، لەگەڵ پۆلیسەکانا پێشمەرگەی چەکداریش لە هەمان ئۆتۆمبیلدا هەبوون، بەڵام ئەو دیاردەیە پاش ماوەیەك کۆتایی پێهات و چەکدار و پێشمەرگە نەیان دەوێرا بە ئاشکرا بە چەکەوە بێنە ناو جەرگەی شارەوە.
عزیز سەردانیکردنی ماڵی خۆی کەمکردەوە، ئەگەر بهاتایە ئەو سەردانیەیشی بکردایە لە ناوەخت دەهات و بە ژمارەیەکی کەمی ڕۆژان

دەمایەوە. ڕۆژێکیان کوڕەکەی بۆی گێڕایەوە کە چ دیمەنێکی لەناو شاردا دیووە کە بەڵگەیە بۆ خراپ بوونی بارودۆخەکە.

- پیاوێك بە جلی پێشمەرگەوە لە گەڕەکی، شاترلوو دادەنیشت، هەموو ڕۆژێ هاتووچۆی بارەگای دەکرد. دیاربوو لەوێ پاسەوان بوو. بە چاوی خۆم دیتم ڕۆژێك پۆلیسی فریاکەوتن لە کۆلانێکدا ڕێگەیان پێگرت و داوای چەکەکەیان لێکرد. بەڵام ئەو چەکەکەی لە شانی کردەوەو لوولەی تفەنگەکەی لێیان کردو بەدەنگێکی بڵند پێیانی گوت(من پاسەوانی بارەگام، پسووڵەی مافی چەك هەڵگرتنم هەیە. لەبەرئەوە ئەم چەکە ناتوانن لە من بسێنن ئامادەیشم ئەگەر ڕێگە بەرنەدەن دژتان بەکاری بهێنم.

- ئەی دووایی چی ڕوویدا؟

- پۆلیسەکان ناچاربوون لێی گەڕێن و ئەویش بە وریاییەوە خۆی گەیاندە نێو بارەگاکە.

- وادیارە هێواش هێواش قەل فڕ بە چەکدارەکانمان دەکەن.

کەسێکی دیکە ئامادەی ئەو گێڕانەوەیە بوو، ئەویش نموونەیەکی دیکەی خستە سەر.

- (عەریف سمایل) ناوێك هەبوو بەرپرسێکی پێشمەرگەبوو ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری پێ بوو، لەناو شار کاری پێ دەکرد، لە هەمان کاتدا چەکەکەی لە پشتەوەی لێ گرت و ویستی چەکی بکا. بەڵام بەپەلە چەکەکەی ڕاکێشاو چووە پشت ئۆتۆمبیلەکە و فیشەکی لێ خووڕیە بەرەو بانگی شۆفێرەکەی کرد لێ خووڕێ بۆ بارەگا.

هەتا دەزگای بارەگاکە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەکە بەدوواوەی بوون کە عەریف سمایل چووە بەردەرگا خۆی کرد، بە ژوورا ئەوسا پۆلیسەکان لەو شوێنە دوورکەوتنەوە.



عزیز، وای لێك دایەوە کە ئەو هەواڵانە بۆ چاوترساندن بێ و، زۆر مەبەستیان چەکەکە نەبووبێ. گرنگ ئەوەیە دەیانەوێ پێشمەرگە لەم شارە هیچ نرخێکی ئەوتۆی نەمێنێ، حکومەت تاکە دەسەڵات بێ.

ئێوارانێك چەند میوانێکی خۆیی لە ماڵیان بوون، ئەو نیازەی ماوەیەکە لە دڵیا دەخووڵایەوە خستیە سەر بەڕەو پێیانی گوت کە نیازی هەیە ماڵەکەی بگوازرێتەوە بۆ سولەیمانی و منداڵەکانیش مامەڵەی گواستنەوەی خوێندنەکەیان ببتنە ئەو شارە. هەندێ لە ئامادەبووان سەیریان پێهات، بەڵام هەندەکەی تر تێگەیشتن کە کارێکی جێبەجێیە و نابێ عزیز بەخۆڕایی خۆی تووشی گێچەڵێك بکا. هەر خۆی ئەم ڕستەیەی خستە سەر قسەکانی ئەوان(من لەناو شار، ئێستا چەکەکەم تەنیا دەمانچەیەکە. دەترسم ڕۆژێك دەست و پێوەندەکانی حکومەت بم خەنە، دۆخێکی واوە کە یان چەکەکەم تەسلیمیان بکەم، یان دەستیان لێ بکەمەوە. لەمانەیش باشتر ئەوەیە خۆم و منداڵەکانم لەم شارە دوورکەوینەوە تا بزانین بارودۆخەکە بە چ لایەکدا دەشکێتەوە)

ئاشکراکردنی ئەم نیازەی عزیز، ئەوەندەی کاری لە شوکری کرد، کاری لە خزم و براو کەسەکانی دیکەی نەکرد.

ئەو شەوە هەر لە دووای ئەو قسانەی عزیزەوە شوکری خەم دای گرت و دەستی بە فرمێسك ڕشتن کرد، هەتا درەنگانێك لەگەڵ پیاوەکەیدا باسیان لەو مەسەلەیە کرد. شوکری بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە دادە دادی ئەوەی کرد کە چۆن دووبارە لە کەسووکار و براو خوشك دوور بکەوێتەوە و دووبارە ئەم شار و ئەو شار بکات و ژیانە تاڵەکەی ساڵانی ڕابردوو دووبارە بکاتەوە. بەڵام عزیز توانی بەرەبەرە هێوری بکاتەوەو ناچاری بکا بەو بڕیارە قایل بێ و هیچ ڕێگەیەکی دیکە شك نەبا لەو بارەیەوە.

عزیز چەند ڕۆژێك چووە سولەیمانی و هەندێ هاوڕێی پێشمەرگایەتی خۆی دیت و بەیەکەوە تەگبیری دۆزینەوەی خانوویەکیان کرد. پاش گەڕانەوە بە ماوەیەك ماڵەکەی بردە سولەیمانی و لەو خانووەدا جێگیربوون.
یەکێ لە بڕگەکانی بەیانی ئازار ئەوەبوو کە(ئۆتۆنۆمی) بدرێ بە کوردستان بەمەرجێك ئەو یاسایەی دەستنیشانی ئەو سیستەمە دەکا، پاش چوار ساڵ لە بڵاوکردنەوەی بەیانی ئازار ئاشکرا دەکرێ.
زۆربەی خەڵك وایان لێك دایەوە کە دواخستنی یاسای(ئۆتۆنرمی) بۆ چوار ساڵ فێڵێکی لە پشتەوەیە و مەبەستێکی ئەوتۆی لە دوواوەیە. بریتیە لەوەی کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا حکومەت بەچەندین ڕێگە و بڕیار، خۆی بەهێز بکات بۆ دووبارە شەڕ فرۆشتن بە کورد و دەست پێکردنەوەی جەنگ. لە کۆڕێکدا لە ساڵی (١٩٧٣) ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران لەو بارەیەوە کەوتنە وتووێژ. گرنگترین ئەو کارانەی حکومەت لەو ساڵانەدا خۆی پێی ئامادە دەکا بوونە جێگەی مشت و مڕ و بیروبۆچوونی جیاواز.
- حکومەت لەم ماوەیەدا دوو بڕیاری دەرکردووە، کە گوایە مافی نەتەوایەتی بە تورکمان و ئەو لایەنە دەدا کە بە(سریانی) قسە دەکەن، کلدانیەکان و ئاشووریەکان.
- جا ئەم خاڵە بۆ ئێمە زیانی نیە، چونکە ئێمە خۆمان باوەڕمان بە مافی نەتەوایەتی هەموو لایەنێك هەیە.
- من لەگەڵتام، بەڵام ئەم مەسەلەیە ڕوویەکی دیکەی لە دواوە هەیە ئەویش ئەوەیە کە حکومەت بەزیادکردنی ماوەی پەخشی تەلەفزیۆنی بە زمانی تورکمانی و سریانی و، هەروەها چاپکردنی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێك بەو زمانانە دەرکاو خوێندنی سەرتایشیان بۆ بڕەخسێنێ بە زمانی خۆیان.



دەیەوێ دیوارێکی دەروونی بخاتە نێوان کورد و ئەو نەتەوانەوە. ئەگەریش، نێوانی کورد و حکومەت کەوتەوە باری شەڕ و شۆڕ، ئەو نەتەوانە لە هەڵوێستا لەگەڵ حکومەتدابن.
- مۆرکردنی پەیمان نامەی نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤێت، هەمان مەبەستی تیایە، چونکە ئەو دەوڵەتە دەبێتە سەرچاوەی چەك کڕین بە بارستاییەکی زۆر، بەتایبەتی حکومەتی عێراق لە حوزەیرانی(١٩٧٢) زۆربەی بەشەکانی کۆمپانیا نەوتیەکانی خۆماڵی کرد. بەمەیش پلەیەك ئەم حکومەتە جەماوەریەی خۆی بەرزکردەوەو دەتوانێ لەکاتی شەڕ داگیرساندنا لەگەڵ کوردا هەڵوێستی سۆڤیەت بەلای خۆیدا ڕاکێشێ.
- لە ڕاستیدا ئێمە بەتەواوی لەگەڵ ئەو خۆماڵی کردنەی نەوتدا بووین، کە ساڵانێکی زۆرە داواکردن و درووشمی حیزب و لایەنە نیشتمانیەکانی عێراقە.
- بەڵێ ئەم قسەیەیش زۆر تەواوە بەڵام لەوانەیە قازانجی نەوت فرۆشتن بۆ مەبەستی سەربازی و لەناوبردنی ئێمە بەکاربهێنن. نەك بەمەبەستی ژیان خۆشکردنی گەل.
- خاڵێکی تر ئەوەیە بەداخەوە دەڵێم(حیزبی شیوعی عێراقی) کە هەڵوستێکی مێژوویی ئێمەیە، بەدوو قسەی لووسی حیزبی بەعس هەڵخەڵەتاو لەگەڵیا چووە نێو ئەو بەرەیەی بەناوی (بەرەی نیشتمان پەروەری و پێشکەوتن خوازی) بوو، کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دوورخستنەوەی ڕێژەیەکە لە عەرەبی پێشکەوتن خوازو ڕێژەیەکیش لە کوردی سەر بە حیزبی شیوعی لە شۆڕش و بزوتنەوەی کوردستان.
وتووێژەکان لەو کۆڕەدا زۆری خایاند تارادەیەك بۆچوونەکان لەیەك دەچوون بڕێکی کەمیش خاوەن هەڵوێستی جیاوازبوون لەم بارەیەوە.

گوندنشینەکانی ناوچەی کێلگەی نەوتی باوەگوڕگوڕ لەسەرەتادا گەلێ ئومێدیان بە بەیانی ئازار خۆش بوو، بۆیە وەکو هەموو جەماوەری تری کوردستان کەوتنە هەلەکە سەماو خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان و گوندەکانیان و کیسە دوورین بۆ ئەو قەرەبووکردنەوەیەی کە گوایە بەگوێرەی ئەو بەیانە ئەنجام دەدرێ و. لەلایەن ئیدارەکانی حکومەتەوە جاڕدرا، کە هەر کەسێ زیانی لێ کەوتووە لە سەردەمی وێرانکردنی ناوچەکانیان، با سکاڵا بنووسێ و لیستێك بنووسێتەوە بەناوی ئەو زیانانەی لێی کەوتووە.

بۆیە هەر کەسە و کەوتە نووسینەوەی لیستی درێژ درێژ بەناوی ئەو شتانە هەر لە ئۆتۆمبیل و جەنجەڕ و تا مەڕ و ئەسپ و گا و گۆلك و هەتا مریشکیش، ئەمە جگە لە پێخەفی جۆراوجۆر و جل و بەرگ و کوندە و هیزە.

بەڵام، ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی کەسێك، نەفلسێکی وەرگرت و نەپووشکەیەکیان داپێی. نەك هەر ئەمە بەڵکو حکومەت قایل نەبوو بەوەی یەك کەس پێ بنێتە ئەو زەویانەی کە بە موڵکایەتی هەیان بوو، تاپۆی ڕەشیشیان بەدەستەوەبوو. هەروەها قایل نەبوو کەس بچێت لە دیوارێکی خان و بەرەی ئەو گوندانە دروست بکاتەوە. تەنیا بۆ خەڵکی گوندی قەرەدەرە نەبێ، حکومەت چەند خانوویەکی لە ڕۆژئاوای ڕێگەی نێوان دووبز و کەرکوك دروست کرد، شوێنەکەی لە ئاست گوندی قەرەدەرە بوو. هەندێ لە دانیشتوانی قەرەدەرە چوونە نێو ئەو خانووانە، بەڵام حکومەت فێڵێکی کرد بۆ ئەوەی ئەو گوند نشینانە دووبارە شوێنەکەیان بەجێ بهێڵن یان بەرەو کەرکوك یان بەرەو هەولێر و دووبز کۆچ بکەن.



فێڵەکەیش ئەوەبوو کە حکومەت چەند ماڵێکی عەرەبی خەڵکی خوارووی عێراقی لەو گوندە تازەیەی دروست کرابوو جێنشین کرد ئەو عەرەبانە هەر ڕۆژی شەڕ و فیتنەیەکیان دەنایەوە لەگەڵ کوردەکانا تا گەیشتە ئەوەی ژن و پیاویشیان لێ بکوژن. بەو شێوەیە کوردەکانیان خستە ژێر فشار و ناچاریان کردن کە گوندەکەیان بەجێ بهێڵن و پاش ئەوەیش حکومەت تابلۆیەکی لە ئاست گوندەکە نووسی بەناوی(قریە التامیم) بەیانی ئازار بەم شێوەیە نەیتوانی خەڵکانی یەك گوند بگێڕێتەوە شوێن باوك و باپیرانیان. بەو پێیەیش هەزاران کیلۆمەتری زەوی و زاری بەپیتی کشتوکاڵی لە دەست کوردان دەرچوو لە نەخشەی کوردستان دەرکرا.

عزیز بەوپێیەی لەکاتی وێرانکردنی گوندی باو باپیرانی، لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بوو، بە چاوی خۆی لە نیزیکەوە ڕووداوەکانی نەدی بوو. لە دووای بەیانی ئازار عزیز حەزی لێ بوو کە گوێ لەو کەسانە بگرێ کە هەندێ وردەکاریان بۆی لەم بارەیەوە دەگێڕایەوە.

لەم بارەیەوە(عزیز) پاش ماوەیەکی کورت لە دوای دەرچوونی بەیانی ئازار، لە کەرکوك. لە ماڵەکەی خۆی بۆ هەندێ لە براکانی ئەم قسەیەی گێڕایەوە(لە دوای دەرچوونی بەیانەکە بەچەند ڕۆژێ، شاندێکی هاوبەشی کورد و حکومەت بە هەندێ ناوچەدا گەڕا بۆ دیدارکردن لەگەڵ جەماوەر و بەرپرسیارانی ئەو ناوچانەو وەڵامدانەوە لەسەر هەر پرسیارێك لەبارەی بەیانەکەوە، ئاراستەیان بکرێ. (صالح یوسفی) لەلایەن کوردەوە و (غانم عبدالجلیل) لەلایەن حکومەتەوە، ئەندامی ئەو شاندە بوون. من بەو پێیەی بەرپرسێکی پێشمەرگە بووم لە ناوچەی(خورماتوو) کاتێ ئەو شاندە هاتنە ئەو شارۆچکەیە، ئامادەی ئەو دیدارە بووم. پاش ئەوەی ئەو دوو کەسە زۆر شتیان لە بارەی بەیانی ئازارەوە باس کرد. من ڕووم کردە(صالح یوسفی)

پێم گوت: جەناب، لەم بەرپرسەی حکومەت بپرسە کەینێ ڕێگە دەدرێ بە خەڵکی گوندە وێرانەکانی دەووروبەری کەرکوك، بچنەوە شوێنی خۆیان. کە(صالح یوسفی) ئەم پرسیارەی لێکرد ئەو کابرایە بەڕاست و ڕەوانی گوتی: ئەو ناوچانە(محرمە)ن، کەس بۆی نیە بگەڕێتەوە بۆی. ئیتر هەر لەو کاتەوە تێگەیشتم نیاز و مەبەستی حکومەت چیە و تا چەندێ ڕاستگۆیە لەگەڵ کورد دا)

یەکێ لەو کەسانەی پاش بەیانی ئازار هەندێ شتی گێڕایەوە بۆ عزیز بەم شێوەیە بوو(کاك عزیز ئەو ڕۆژانەی لە قەرەدەرە گوندەکانی نیزیکی قەوماو، عەرەب ڕووی تێکرد ئێمە بەناچاری هەر هەموو لە ئێوارەیەکی دەمە و مەغریبدا بەخاو خێزانەوە بەرەو هەردەکانی پشت ئاوایی بۆی دەرچووین، لە ترسا نەپەرژاینە ئەوەی هیچ لەگەڵ خۆمان بەرین مەگەر تەنیا هەندێ شتی بەنرخ و سووك نەبێ پاش ماندووبوونمان لەو هەردانە زۆربەمان بێ تاقەت بووین پەکمان کەوت بۆیە بەرەبەرە کەوتینە دانیشتن و سەر خەوشکاندن. لەسەرەتادا دەنگی زەلامە عەرەبەکان دەگەیشتە لامان، بەڵام سات بە دوای سات دەنگەکەیان نەما، دیاربوو لە گوندەکە کشابوونەوە)

حەسەنی برازای سەعید هەلاج بۆ عزیز گێڕایەوە.

(قەرەدەرەییەکان بڵاوەیان کردە کتکە و گورزەیی و سەربیر و گەڵۆزی و نەبیاوەو، هەتا چیا چەرمی و قەرەسالم و دەرماناویش ڕۆیشتن. کاك عزیز، چاڵە گەنمێکم لە کۆڵان خۆمان بەجێ هێشتبوو ڕەنگە تەغار و نیوێك گەنمی تێدابوو. ئەو ڕۆژەی کە هەواڵ هات کە هەندێ گوندی بەری دزەیی لەلایەن عەرەبەکانەوە تاڵان کراوە، ئێمەیش ترسمان لێ نیشت. بۆیە ئەو



چاڵە گەنمەم بەشێوەیەك، بەخشت و کا داپۆشی کە کەس گومانی بۆ ئەوە نەچێ کە چاڵە گەنم لەو شوێنەدا هەیە)

ترسی گەورەی خەڵکی پەڕەگەندەی ئەو گوندانە جگە لە ترسی کوشتن، ترسێکی دیکە تەنگی پێیان هەڵچنی، کە ترسی برسێتی بوو. هەرچەندە گوندەکانی ژوورووتر بوونە پەنا بۆ ئەمان، بەڵام نەدەکرا بەتەواوی لەگەڵیانا لە خواردنی ئەو گەنم و ساوەر و دانۆکەی کە بۆ زستان ئامادەیان کردبوو. بەشداربن لەبەرئەوە بە هەموو جۆرێ خەڵکی قەرەدەرە کەوتنە هەوڵێك بۆ پەیداکردنی سەرچاوەیەك بۆ خواردن.

ئەو پیاوەی کە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆ عزیز هەڵۆیستێکی کرد.

عزیز وتی: ماڵ ئێوەو بیرە ئاوەکەی مامەت وا بەبەر چاومەوەیە کەناسرابوو بە بیرەکەی(سەعید هەلاج)

- بەبیرمت هێنایەوە کە عەرەبەکان هاتبوونە ناو ئاوایی نەیاندەزانی سەرچاوەی ئاوی شیرینی خواردنەوە کەوتووەتە کوێوە، بەناچاری لە بیرەکەی مامەم ئاویان دەخواردەوە، خۆت دەزانی ئەو بیرە لە بیرەکانی دیکەی ناو ئاوایی شۆریەکەی کەمتر بوو ئاوی زۆرتربوو.

- بۆ مەسەلەی دابینکردنی خواردن چیت کرد؟

- ماڵی ئێمەو چەند ماڵێکی دیکە(چیا چەرمی) ماوەیەك باوکم لێم بزربوو بوو پاش دوو ڕۆژ گەڕانی، گەیشتە لامان. بڕیارمدا ئەو چاڵە گەنمەی لە قەرەدەرە بەجێم هێشتبوو، ئەگەر بەقسمەتی ئێمە مابێ، دەبێ بەشەو بچم چەند جەواڵێکی لێ پرکەم و بەپشتی وڵاغ بیگوازمەوە بۆ ئەو شوێنەی ئۆقرەمان لێ گرتبوو. لە ئاوایی(چیا چەرمی) شەش وڵاغم پەیداکرد. خۆم و باوکم و خوشکێکم و دوو زەلامی دیکە شەوێك لە چیا چەرمیەوە

کەوتینەڕێ، لە ئاست پردەکەی قەجەر لە ڕێگەی نێوان کەرکوك و پردێدا پەڕینەوە. ترسیشمان هەبوو لەوەی تووشی ئەو عەرەبانەبین کە لە تالانکرن بەردەوام بوون. گەیشتینە ئاقاری قەرەدەرە چەند خوولەکێك ڕاوەستاین و ولاغەکانمان ڕاگرت و هەستمان لە خۆمان بڕی، هیچ دەنگێ نەگەیشتە گوێچکەمان، بۆیە زاتمان کرد دووبارە بکەوینەوەڕێ بەناو قەرەدەرەدا هەتا کۆلانەکەی خۆمان، سەیر ئەکەم دەمی چاڵەکە لانەدراوە بەپەلە ئەو خشت و کایەی کە پێم داپۆشیبوو لاداو کەوتینە جەواڵ پڕکردن لەو گەنمە. هەندە بەپەلە بووین یەك چرکە ڕانەوەستاین ئارەقەی شین و مۆرمان کرد. ناو بەناویش هەستمان لە خۆمان دەبڕی و گوێ قولاغ دەبووین نەوەك عەرەبمان لێ پەیدابێ، دەم جەواڵەکانمان بەشووژن دووریەوەو لەپشتی چوار کەرمان بارکرد، دووکەرەکەی دیکە یەکێکیان باوکم سواری بوو ئەوەکەی دیکە خوشکەکەم.

ئیتر بەپەلە هەیپەمان لێکرد بەرەو دوواوە دەتگوت ڕاونراوین، هەر لە زورگی(کانی دوومەلان) پەڕینەوە ئیتر هێور بووینەوەو ناو بەناو چەند خوولەکێك دەحەساینەوە حەسانەوەیشمان بە ولاغەکان دەدا. ئۆخەی سەد ئۆخەی، لە برسا نامرین.

عزیز لەو ماوەیەدا بە ئەندێشەی خۆی ڕستەکانی ئەو قسانەی وێنە دەگرت و خستیە دەلاقەی فایلی ڕووداوەکانی ئەو کاتانەوە.

یەکێکی کە، بۆ عزیزی گێڕایەوە: کاتێ، لە خوار ئاواییەوە دەنگ و هەرا، پەیدابوو(خەڵکینە، ئاگاداربن، عارەب هات) عەبدوڵلای حەمە ساڵح دەمانچەیەکی هەبوو، لە بنمیچی خانووەکەیان شاردبوویەوە. یەکسەر، بەپەلە دەری کردوو بەرەو لای دەنگ و هاوارەکە، ڕای کرد، دایکی، بەدووایا کەوتە ڕاکردن، بەدوای ئەویشا ئایشەی ژنی کەوتە دوویان. خەدیج دە،



دوانزە ساڵان بوو لەلای پەروینی برازی مایەوە کە دوو سێ ساڵان بوو پاش ماوەیەکی کەم هەر کەسێ بەرەو دەنگ و هاوارەکە چوو بوون، گەڕانەوە بەرەو دواوە بەکۆلانەکانی ژوور ئاواییدا، هەلاتن. حاجی جەمیلەی شێخ محمد، کە لە پەڕی ئاوایدا دەژیا، بەرماڵێکی بەدەستەوە بوو، خەریك بوو ڕای خاو نوێژ بکا. کە حەشاماتەکەی دی بەرەو دەرەوەی ئاوایی هەڵپەیان دەکرد، یەکسەر نەچووە ژوورەوە. بەرماڵەکەی کردە شان و کەوتە پاڵ ئەو خەڵکە.

لەوانەی بەژداری بارودۆخەکەی ئێوارەی ئەو هەرایەیان کرد (خەدیجە)ی ئامۆزای عزیز بوو گوتی: باقسەیەکی خۆشیشت بۆ بگێڕمەوە، دوورکەوتینەوە لەم حەکایەتە خەم بەخشە، عزیز گوتی: چۆن؟!

- تاریك و ڕوونی ئێوارە، ڕۆژی لێ قەومانەکە ئەو خەڵکە بەیەکدا دەهاتن و لای ڕاکردنیان گرتبووە بەر، دوو دەنگ هەبوون لەبیرم ناچنەوە یەکەمیان هاوار و شیوەنی دایکی(قادر)ی حەمە علی بوو کە گەنجێك بوو لەو ئێوارەیەدا بەدەست عەرەب، کوژرا، بەدەنگێکی گڕ شڵپەی دەمی دەهات دەنگەکەی تر دەنگی مام مەنسوور بوو، بەنێو خەڵکەکەدا ئەمسەرو ئەو سەری دەکردو ڕستەیەکی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت: (ئاخر زەمانە، پاشاگەردانیە) لەگەڵ ئەم قسەیەدا پڕی دەدایە ئافرەتەکان و پەلاماریانی دەدا ماچیانی دەکرد ئەویش بەناوی گەردەن ئازادیەوە! لەبەرئەوەی ئەم پیاوە هەندی ساویلکە بوو خزمایەتیشی لەگەڵ زۆربەی خەڵکی ئاوایی هەبوو، بۆیە چاوپۆشیان لەو هەڵسووکەوتەی دەکرد.

★ ★ ★

مەسەلەی ئەوەی کە لەگەڵ بلاوکردنەوەی بەیانی ئازارا وا ئاشکرابوو کە پاش چوار ساڵ ئۆتۆنۆمی بۆ کورد جاڕ بدرێ و یاسای بۆ بنووسرێتەوە

ئەمە کاردانەوەیەکی دوو ڕەنگی هەبوو، ڕەنگی یەکەم بیانوو دۆزینەوە بوو بۆ قایل بوونی شاندی کورد، بەو بڕیارە بیانووکەیش ئەوەبوو کە پێش ئەو مێژووە حکومەت گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر ناوچە ئازاد کراوەکان و ئەو ناوچانەی حکومەت دەستی تیادا، نەدەڕۆیی، بۆیە خەڵکەکە لە سەغڵەتیەکی بژێوی ژیان ڕۆژیان دەبردەسەر، هەروەها پێشمەرگەیش کەوتبوونە حاڵەتی بێزاربوون و کەمی مووچە و دابڕین لە ئەو کەسووکارانەی کە لە شارەکانا دەژیان. بۆیە سەرکردایەتی کوردستان بە هەلی زانی کە قایلبێ بەو ڕێککەوتننامەیە، هەرچەندە مەسەلەی ئۆتۆنۆمیەکەی دووا خرابێ.

ڕەنگەکەی دیکە ئەوەبوو ئەو لایەنانەی حەزیان لە ڕەخنەگرتن لە سەرکردایەتی بوون بە هەر هۆیەکەوەبووبێ ئەو خاڵەیان قۆستەوەو لەناو جەماوەردا کردیانە بابەتێکی دووبارە کراوەی هەموو ڕۆژێ.

هەرچی چۆنێك بێ لایەنی باشی و سوودی ئەو ڕێککەوتنە هەنگاوی ێکی باشی کۆمەڵ ی کوردەواری بردە پێشەوە لەبارەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریەوە.

* * *

گواستنەوەی کرێکار و فەرمانبەرانی کورد لە کەرکوك و دەووروبەریەوە بەرەو ناوچەکانی تری کوردستان و بەغداو خوارووی عێراق بەردەوام بوو. ئەم گواستنەوەیە تەنیا کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی نەگرتەوە، بەڵکو پەلی هاویشت بۆ زۆرو دامەزراوەکانی دیکە.

(حاجی سالح) چەند ساڵێك بوو لە دامەزراوەی کارەبای دووبز کاری دەکرد، نموونەیەك بوو لەم بابەتە. لە شوێنی کارەکەیەوە گوازرایەوە بۆ سولەیمانی. بۆ کارگەیەك هیچ پەیوەندی بە ئیش و کاری کارباوە نەبوو.



ئەو کەسانەی وەك ئەو بوون حکومەت خانووی لەو شوێنە تازەیەیان بۆ دابین دەکرد بۆ ئەوەی بەیەکجاری دڵ دانێن و بیر لەوەنەکەنەوە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ناوچەکەی خۆیان.

حاجی ساڵح بۆ دۆست و کەسوکاری، هەمیشە لە دادەداد بوو، باسی لەوە دەکرد کە کەسێك یان خێزانێك لە شوێنی خۆی هەڵکەندرێ، چەنێ ئەنجامی دەروونی و کۆمەڵایەتی خراپی لێ دەکەوێتەوە. یەکێ لەو قسانەی زۆرجار دەیگوتەوە ئەوەبوو، (ڕۆژێك لەناو بازاڕێکی سولەیمانیدا دەڕۆیشتمە ڕێوە، دوو زەلام لە پشتمەوە بوون، بە عەرەبی قسەیان دەکرد. بیرم بۆ ئەوە چوو لە پیاوانی دەزگا ئەمنیەکان بن، بەو پێیەی عەرەبی دەزانم تێگەیشتم، یەکێ کە لەو قسانەی بەڕوونی لە زاریانەوە دەرچوو ئەمەبوو- ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دەستمان بڕواو بۆمان بلوێ، پەیمان بێ ئەم زەمانەیان لێ قەدەغە کەین! دیاریش بوو کە مەبەستیان چ زەمانێکە و لە مێشکیانا چ نەخشەیەك هەیە بۆ لەناو بردنمان)

هەرچەند بە مۆڵەت بۆ چەند ڕۆژێ سەردانی دووبزی دەکرد ئەم قسەی بۆ گەورە و بچووك دەگێڕایەوە.

ساڵ هاتوو ساڵ ڕۆیی بڕگەکانی بەیانی ئازار گەردیان لێ نیشت و نەخرانە نێو فەرهەنگی جێبەجێکردنەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ترسی سبەی و دووی لە دەروونی کوردەکانا بوونە تۆپەڵێکی ئازار بەخش. بەرەبەرە مافە نەتەوایەتیەکانی سریانیەکان و تورکمانەکان کەم کرانەوەو هەر ڕۆژەی بەبیانوویەك لکێکی لێ دادەشکاند، بەشێك لە کوردەکانی کەرکوك ئومێدیان لە خوێندنی کوردی لاوازبوو، هەندێ لە خێزانەکان منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانە عەرەبیەکان، هەندێکی دیکەیش لە قوتابخانەی کوردیەوە لەسەر

داواکاری خۆیان دەیانگواستەوە قوتابخانەی عەرەبی. مەسەلەی گوندە وێران کراوەکان وەك خۆی مایەوە.

ڕەشەبای درۆ و دەلەسەی حکومەتی بەغدا هەموو ئەو کاغەزانەی لیستی زیانەکانیان بۆ قەرەبووکردنەوە تێدا نووسرابوو هەر هەمووی ئەو ڕەشەبایە هەڵیگرت و بەرەو جیهانێکی ون بوو، فڕێدران. نە کەس چاوی بە عانەیەك کەوت و نە حکومەتیش ناوەڕۆکی سکاڵاکانی خوێندەوە، لە چەند ڕۆژێکی پارێزگای کەرکوکدا بەسەریەکا کەڵەکە کرابوون و دوایش بوونە خۆراکی مشك و مار و موور. لەلایەکی دیکەوە دیاربوو خۆئامادەکردنی هێزی پێشمەرگەیش بەردەوام بوو چونکە باش دەزاندرا لە هەگبەی ئیستراتیجی حکومەتدا، چی هەیە.

ڕۆژ نەبوو چەندین کاروانی سەربازی پڕ چەك کراو لە خوارو ناوەڕاستی عێراقەوە ڕوو لە کەرکوك نەکات و لەوێشەوە بەرەو ژوور نەبنەوە. لای هیچ کەسێك شاراوە نەبوو کە هابزانە دووبارە شەڕ دەقەومێتەوە و ڕاکە ڕاکە دەست پێدەکا و بارودۆخ بەجارێ تێك دەچێتەوە.

هێزەکانی حکومەت خرانە ئامادەباشیەوە وتووێژ لەبارەی ناوەڕۆکی یاسای ئۆتۆنۆمیەوە لەنێوان سەرکردایەتی کورد و بەغدا کارێکی ڕۆژانە بوو. جەماوەریش بەو پەڕی نیگەرانیەوە هەنگاو بە هەنگاو چرکە بە چرکە چاودێری ئەو دەنگ و باسانە بوون لەو بارەیەوە.

ئەڵقەی گرنگی نەکراوەی نێوان هەردوولا مەسەلەی کەرکوك بوو. حکومەت قایل نەبوو بخرێتە نێو نەخشەی کوردستانەوە، کوردیش بە ئاشکرا پێی داگرت لەسەر ئەوەی ئەگەر کەرکوك نەخرێتە ئەو نەخشەیەوە بەهیچ جۆرێك قایل بوونیان بەو یاسایە دەرنابڕن و وەری ناگرن و پەیڕەوی



ناکەن. لەو ڕۆژانەدا(مەلا مستەفا)ئەم قسەیەی بۆ ڕاگەیاندن کرد(ئەگەر یەك کوردیش لە کەرکوك نەمێنێ، کەرکوك هەر کوردستانە)

وشەی کەرکوك بووە خۆراکی هەمیشەیی هەموو قسە و باسێکی خەڵکانی دوور و نیزیك. خواردن لە دەما تامی نەما، خەوتن خۆی لەنێو بێ ئارامی و چاو لێك نانا دەدیتەوە، باس هەر ئەو باسە بوو. حاڵەتی دەروونی ئەو ڕۆژانە وای لە زۆربەی خەڵکان کردبوو کە بە قسەیەکی ئاسایی هەڵدەچوون و لە منداڵەکانی خۆیان بەبێ هۆ تووڕە دەبوون بەبێ ئەوەی ئەو منداڵانە نەبزانن ئەو حاڵەتە تازەیەی گەورەکان چی لە پشتێووەیەتی.

چەندین شاند بۆ ئەو وتووێژانە زۆربەی ڕۆژەکان لەنێوان بەغدا و هەولێردا هاموو شۆیان بوو. ڕۆژێ قسەی خۆش بازاڕی دەگرتەوە(دەڵێن ڕێکەوتووە لەسەر کەرکوك) ڕۆژێکی دیکە دەڵێن(بەخوا ڕێکەوتن نیە و حکومەت نیازی خراپە) لەم بگرەو بەردەیەدا کۆمەڵگای کوردەواری لە لێوار دەریایەکی هەڵچووودا دەژیاو نەیاندەزانی کەینێ شەپۆلەکان نخرۆیان دەکەن یان بەرەو تەنکایی ڕزگاربوون دەیانبات.

عزیز و خێزانەکەی لە سولەیمانیا مانەوە، بێکاری و بێ کردەوە ڕۆژانێکی وا دەژیان کە هیچ وەڵامێکی ڕاست و دروست نەبوو بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی بە مێشکیاندا ڕەوتیان دەکرد. پرسیاریان لە خۆیان دەکرد و هەر خۆیانیش وەڵامیان دەدایەوە بەبێ ئەوەی دڵنیابن لە تەواوی و ڕاستی ئەو وەڵامانە.

عزیز زۆر کات بێدەنگ و خەمۆك دیاربوو لەو قۆناغەدا، بووە کابرای لە هەردوو جەژنان بوو، لەلایەك مەسەلەی نەبوونی بە ئەفسەر لەو هێزە پێشمەرگەیەی کە حکومەت ویستی ناوی لێ بنێ پاسەوانی سنوورەکان. لەلایەکی دیکەوە سەردانی کۆمپانیای نەوتی نەکردەوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرکارەکەی، کە بەپێی بەیانی ئازار ئەو مافەی پێدرابوو.

جار و بار لەگەڵ خێزانەکەی و هەردوو منداڵە هەراشەکانی دەکەوتنە وتووێژ و چەن و چوون. هەمان ئەو باسانە دووبارە دەبوونەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەو خزم و کەسانەی کە لە کەرکوکەوە بەسەردانی دەهاتنە لایان.

- وابزانم دووبارە قەل برمان پێدەکەنەوە. دەنگ و باسی بارودۆخەکە بەرەو تێکچوون دەڕواتەوە.

- وادیارە دووبارە لە عزیزەوە دەبیتەوە(مەلا غەریب)

عزیز، بەم قسەیەی یەکێ لە میوانەکانی بزەیەکی هاتێ و قسەیەکی خستە سەر.

- ڕاستە ئەوسا من مەلا غەریب بووم و ڕووبەڕووی دووژمن بوو بووینەوە و ڕۆژانێکی ترسناك و پڕ ماندوویەتی بووم، بەڵام وابزانم هەر ئەوسا خۆشتر بوو لە ئەمڕۆ.

- لە چ لایەنێکەوە؟

- لەلایەنی ئەوەوە ئەوسا پڕ بەدڵ ئومێدیان بە سەرکەوتنێکی نیزیك هەبوو، باوەڕمان بەوە گەورەبوو کە لە دوای ڕۆژانی سەغڵەتی، ڕۆژانێکی پرشنگ دار و ڕووناك لە دایك دەبێ.

بەڵام ئەمڕۆ ئومێدەکەمان نەزۆك دەرچوو ئەو بەیانەی کە مژدەی سەرکەوتنی پێگەیاندین، ئەوە پاشگەز بووەوە و دەستکەوتەکانمان لەمان و نەماندایە.

- خەمت نەبێ ڕاستە ئەم جارە حکومەت زۆر بەهێزە و چەکی تازەی هەیە و بەپارەی نەوت خۆی دەوڵەمەند کردووە، بەڵام لایەنی ئێمەیش گۆڕانکاری باشی تێکەوتووە.

- گۆڕانکاری چۆن؟



- یەکەم زۆربەی گەلەکەمان باوەڕیان وایە کە هەر پێك دادانێك ڕووبداتەوە هەر هەموو بەجارێ بەشدار دەبین لە بەرپەرچدانەوەی. لایەنی ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوایەتیمان، فرە بەرزترە لە جاری جاران. خەیاڵی حکومەتەکەی ئەمڕۆ خەیاڵێکی خاوە و سەری خۆی لەبەرد دەدا.

ڕاگەیاندنی حکومەت بەهێڵێکی وا دەڕۆیی کە ترس بخاتە نێو دڵی جەماوەری کوردستانەوە، هەروەها هەندێ هەواڵی دروست کراوی پەخش دەکردەوە کە گوایە گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی بەغدایە و سەرکردایەتی کورد ئەم جارە دەدۆڕێ و کەس لەگەڵیدا نەماوە.

لەلایەکی دیکەوە حکومەت لە ژێرەوە پەیوەندی بە چەند سەرۆك عەشیرەتێکی کوردەوە کرد تا پڕ چەکیان بکاو ئەگەر قەوما شان بەشانی حکومەت بجەنگن. ئەو ڕاگەیاندنانە، بەرە بەری داگیرساندنەوەی جەنگ، هەواڵێکی وای بڵاوکردەوە کە گوایە سەرکردایەتی کورد دوولەت بوونە و سێ لە ئەندامەکانی، ئەو سەرکردایەتیە بە ئاشکرا جیابوونەوەی خۆیان جاڕداوە.

حکومەت گەلێ دۆڵ و زووڕنای بۆ یاسای حکومی زاتی لێدا. بەڵام ڕێژەیەکی کەم بەو دۆڵ و زووڕنایە هەڵپەڕین ئەو لایەنانەی کە دڵ خۆش بوون بەو یاسایە بۆ هەموو جەماوەر ناسرابوون، چ بابەتێکن و چ مێژوویەکیان هەیە بۆیە دڵ خۆشیەکەیان لە گۆڕەپانی جەماوەردا تەشەنەی نەکرد.

عزیز ماڵەکەی گواستەوە بۆ پێنجوێن. بارەگاکانی(پارتی) لەلایەن حکومەتەوە داخران. جمووجوڵی سەربازی لە باس و خواسەوە گەیشتە قۆناغی جووڵەپێکردنی یەکە سەربازیەکانی حکومەت. لە شارەکانەوە پەیتا پەیتا خەڵکان بەرەو ژوور دەبوونەوە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا پەیوەندیەکی ڕێکخراوەییان بە پارتیەوە هەبووبێ،

هەروەها ئەو کەسانەی چالاکیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسیان ئەنجام دابێ لەو قۆناغەدا. هەزارانیش هەبوون تەنیا لەبەرئەوەی کورد بوون بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانی بەژداری بکەن لە ڕووبەڕوبوونەوەی هێزی چەکداری حکومەت. بەرەبەرە ڕووداوەکان کاریان لە چالاکی ئابووری ناو شارەکانیش کرد. کڕین و فرۆشتن کز بوون، ئەوەی دوو عانەی هەبوو دەیشاردەوە و پێشبینی ڕۆژانێکی سەخت و نالەباری دەکرد.

زۆربەی خێزانەکان ئێواران لە دەووری ڕادیۆکانیان ئەڵقەیان دەبەست بۆ ئەوەی ئاگاداری هەنگاو بە هەنگاوی ڕووداوەکان بن، بەتایبەتی دەنگ و باسی هێرشی حکومەت و چالاکیەکانی پێشمەرگە، بەرەو ڕوویدا.

ڕۆژانی یەکەمی تازەبوونەوەی جەنگ و ئەنجامەکانی مایەی دڵخۆشی بوون. لە زۆر بەرەوە هێزەکانی حکومەت شکستیان دەهێنا، ئەمە پاڵ پێوەنەربوو بۆ ئەو کەسانەی کە دوو دڵ بوون، لە چوونە پاڵ هێزی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی دوو دڵیەکەیان نەمێنێ و خۆیان کۆکەنەوەو خواحافیزی لە ماڵ و منداڵیان بکەن بە ئومێدی هەڵهاتنی هەتاوی سەرکەوتن لە ماوەیەکی کورتا. (ڕەئوف) برای عزیز کە لە کۆلیجی یاسا دەیخوێند، لەو ساتانەدا لە بەغداوە بۆ کەرکوك لەوێشەوە بەرەو ناوچە ئازاد کراوەکان. بەو پێیەی یاساناس بوو لە پێنجوێن کرابوو بە لێکۆڵەری دادوەری. یان لە شوێنی کارەکەی، یان هەر لە ماڵی عزیزی برایدا دەژیا. دەرچوون لە شارەکانەوە بەرەو شاخ پەرەی سەند بە جۆرێکی وا زۆر لە دامەزراوەکانی حکومەت چۆڵ بوون و پەکیان کەوت، بۆ نموونە نەخۆشخانەکانی سولەیمانی و زانکۆی هەمان شار بە جارێ چۆڵ بوون. مانگ هات و مانگ ڕۆیی شەڕ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەردەوام بوو، ڕۆژ هەتا ئێوارە فڕۆکەکانی(سەدام حوسێن) بۆردوومانی دەکرد. و چەندینیان لێ خرانە خوارەوە لەگەڵ ئەوەیشدا



پانتاییەکی زۆر لە کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بە ئازادی مایەوە. لەوانەیش هەندێ شاری وەکو هەڵەبجە و پێنجوێن و قەڵادزە و دهۆك و چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکە.

لە ناوچەکانی دەووروبەری کەرکوکیشدا تەنیا ڕێگە سەرەکیەکان بەدەست حکومەتەوە مابوو. چالاکی پێشمەرگە لە زۆربەی هەردەکانی دەووروبەری کەرکوك بەردەوام بوو.

ئەو ڕووداوەی کە هەندێ ترسناك بوو، ورەی جەماوەری داگرت ئەو هێرشە گەورەیە بوو کە لە دوو ڕێگەی سەرەکیەوە دەستی پێ کردوو تەنگی بە ناوچەکانی کەرکوك و گەرمیان هەڵچنی، یەکەم ڕێگای(دیالی) بەرەو کفری و دەربەندیخان، دووەم ڕێگای کەرکوك بەرەو خورماتوو کەلار و قەرەداغ.

شتێکی سەیربوو کە ئەو هێزانەی پێشمەرگە لە دەشتی گەرمیانەوە کشانەوە بەرەو لێوارەکانی زێی سیروان هێزی حکومەتیش لە هەموو قۆڵەکانەوە بەدواوەیان بوو. لە هەندێ ناوچە نەبێ کە چەند لق و بەتالیۆنێ بەرگریان کردوو تانکەکان و زرێپۆشەکانی لە سنوورێکدا ناچاری، ڕاوەستان کرد. یەکێ لەو قۆڵانە ناوچەی(چەم پەڵگ) بوو کە عزیز سەرکردەی سەربازی ئەو قۆڵە بوو. چەند ڕۆژ توانیان ڕووەو ئەو هێزانە ڕاوەستن و ڕێگەنەدەن هێرشەکەیان بەردەوام بێ. بەبێ ئەوەی ئاگایان ئەوەبێ کە هێزەکانی پێشمەرگە لە قۆڵەکانی تری گەرمیان هەموو کشاونەتەوەو لە سیروان پەڕیوونەتەوە بەرەو لێواری ڕۆژهەڵاتی. ئەو هەواڵانەی دەگەیشتنە مەکتەبی سەرکردایەتی شۆڕش وایان ڕاگەیاند کە لەنێوان کفری و(چەمپەڵگ) پێشمەرگە هەر بەردەوامە لە شکست هێنانی ئەو هێزانەی لەو ناوچەیەدا بە تۆپ و فڕۆکە و تانك هێرشیان بەردەوام بوو. کاتێ بارودۆخەکە بەو شێوەیە بوو بروسکەیەك لە سەرکردایەتیەوە

گەیشتە عزیز تێیان گەیاند کە هەر ئێوە بە تەنیا ماونەتەوە لە بەربەرەکانی هێزی حکومەتدا لە گەرمیان داوایانیش لێکردبوو بەپەلە هێزەکەی بکشێتەوەو بپەڕنەوە لە سیروان و بەرەو ناوچەی پێنجوێن بڕۆن. عزیز ئەمەی پێ سەیر بوو چونکە لە دڵی خۆیەوە بڕیاریدابوو کە بەتالیۆنەکەی، دەست بەرداری ئەرکەکانی نەبێ و تا دوا هەناسە بجەنگێ. بەڵام کە فەرمان هات، حەزی دڵ و دەروون ڕۆڵی نامێنێ.

ماوەیەك ئەو هێزە کەوتەڕێ، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سەرکردایەتی(مولازمێك) کە زۆر نەبوو لە شارەوە خۆی گەیاندبووە شاخ. بە فەرمانی سەرکردایەتی کرابوو بە ئامری ئەو بەتالیۆنەی عزیز سەرکردایەتی دەکرد. بڕیاری ئاوا زۆر لە ئامر بەتالیۆنەکانی ڕەنجان و نیگەران کرد. فەرمانەکەیش وابوو کە هەموو ئەو ئەفسەرانەی لە سوپای عێراقەوە جیابوونەتەوە و هاتوونەتە ناو ڕیزی پێشمەرگە دەبێ بکرێن بە ئامر بەتالیۆن. ئەم جۆرە فەرمانە لای بێزاری پەیداکرد عزیز و چەندین ئامر بەتالیۆنی بە ئەزموون. بەڵام بەناچاری زۆربەیان پێی قایل بوون.

لەکاتی کشانەوەدا بەتالیۆنەکەی عزیز، ئەو(مولازمەی) لەو بەتالیۆنەدا کرابوو بە ئامر. بەدەم ڕێگەوە هاتە نیزیك عزیزەوە و کەوتە قسە.

- کاك عزیز، من بەتەمای شتێکم دەبێ لێم ببووری.

- بەتەمای چیت؟ مەبەستت چیە؟

- بەخوا، کاك عزیز من دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ بەغدا و خۆم تەسلیمی هێزی سەربازی حکومەت بکەمەوە!

عزیز چاوی چووە سەر تەوقی سەری و لێی مۆڕبووەوە و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە بۆیە کابرا یەکسەر بەپەلە دوورکەوتەوەو جیابووەوە و پێش ئەوەی بەتالیۆنەکە بگاتە پێنجوێن خۆی گەیاندە لای(عبدولوەهاب



ئەتروشی) کە ئامر هێزی ئەو ناوچەیە بوو. لەوێش هەندێ درۆ و دەلەسەی کردبوو باسی ئەوەیشی نەکردبوو کە بەتەمایە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا. کە بەتالیۆنەکە گەیشتە پێنجوێن، عزیز سەری لە ئەتروشیدا مەسەلەی کابرای مولازمیشی بۆ گێڕایەوە. زۆری پێ سەیربوو وایشی دەربڕی کە ئەگەر لە جێی عزیز بووایە ئەو مولازمەی پەت دەکردو دەیدایە دوای ولاغێك هەتا پێنجوێن و تۆمەتی خیانەتی دەدایە پاڵ.

دیاربوو عزیز ئەو کارەی بەو مولازمە نەکردبوو لەبەر ساویلکەیی و لە ڕوونەهاتن بۆیە ئەتروشی گوت بووی(کاك عزیز تۆ زۆر فەقیر و خۆش باوەڕی)

بە بەردەوامی لەو ڕۆژە بەدواوە، هەتا مێژووی کۆنگرەی جەزائیر و پیلانەکەی بەرامبەر بە شۆڕشی کوردستان، عزیز هەمیشە لە بەرەکانی جەنگدا بوو ناو بەناو لەکاتی مۆڵەت پێدانا سەرێکی لە خێزانەکەی دەدا، لە پێنجوێن. تاقە کوڕەکەی لە ناوچەی شارباژێڕ بەردەوام بوو لە خوێندنەکەیدا ئەوەیش پاش ئەوەی پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کرد. بەڵام عزیز، خۆی دڵنیابوو لە بارودۆخی خێزانەکەی لەبەرئەوەی ڕەئوف برای لەو شارەدا بە ئەرکی خۆی هەڵدەستا و ئاگای لێیان بوو.

بەهاری ١٩٧٤، کوردستان دنیایەکی ململانێ بوو لەنێوان مان و نەماندا.

دەریایەك بوو شەپۆلەکانی لەوپەڕی نائارامی و دوودڵی مرۆڤەکانی سەر نەخشەی ئەم پارچەیەبوو لە ڕووی تۆپی زەویدا کە یەکەم جاربوو سەرنجی زۆربەی مرۆڤایەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشی. مرۆڤی کورد هەموو ڕۆژێ پاش تەواوبوونی ساتەکانی کارو پیشەی، بەپەلە بوو بگاتە ماڵەکەی خۆی و گورج پەلاماری ڕادیۆکەی خۆی بداو بیکاتەوە بۆ ئەوەی دوا دەنگ و باسی

بەرەكانی جەنگ بزانێ و توونێتی خۆی بە هەواڵی ئەو سەركەوتنانەی پێشمەرگە بشكێنێ. دەنگ و باسەكانی ڕادیۆی(دەنگی كوردستان) سەر دەستەی دەنگ و باسەكان بوو. پاش ئەوە میلی ڕادیۆ دەچووە سەر ئامێرەكانی ڕاگەیاندنی بەغداو وڵاتانی دوور و نیزیك. مرۆڤی كورد پاش ئەوەی بە تێرو تەسەلی پێشوازی لە هەموو ئەو دەنگ و باسانە دەكرد، ئەمجا پشوویەكی دەدا و بەراووردی لە نێوانیان دەكرد و، دەكەوتە قسە. بۆ نموونە جەلال گوتی:

- ئافرەت، وەرە دانیشە، با كورتەی دووا دەنگ و باسەكانت بۆ بڵێم. ئەمڕۆ ڕۆڵەكانمان دوو فرۆكەی سوپای عێراقیان تێك شكاندووە. لە سێ قۆڵەوە سوپا و جاشەكان هێرشیان بردووەتە سەر ناوچە ڕزگاركراوەكان. بەڵام خۆش بەختانە پێشكەوتنێكی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە، لە هەندێ قۆڵەوە زیانی گەورەیان پێ كەوتووە.

- ئەی لە دەووری دەست و تفەنگی ڕۆڵەكانی خۆمان گەڕێین. سەركەوتن هەر بۆ ئێمە دەبێت، چونكە بەرەڤانی لە خاك و ماڤی خۆمان دەكەین.

بەفرینی خێزانی هاتە قسە و گوتی:

- دەبا منیش دوا دەنگ و باسی گەڕەكی خۆمانت پێ ڕاگەیەنم.

- فەرموو، بڵێ.

لەلایەك سێ گەنج هەر لە كۆڵانی خۆمان بارو جانتای خۆیان پێچایەوەو بەرەو شاخ ئۆغریان كرد. لەلایەكی دیكەوە ئۆتۆمبیلێكی گەورە هاتە كۆڵانەكەمان و پیاوانی حكومەت چوونە سەر ماڵی(عەبە حەقە) و چی شتوومەكیان لە ماڵەوە هەبوو ناو نووسیان كرد و هەر هەموویان پێچایەوەو بردنیان.

- نەیان گوت بوو، بۆ؟!



- لەبەرئەوەی چەند كەسێكیان چوونەتە شاخ.

- ئیتر...

- خێزانەكەی كوڕەكەی تاهیرە فەنی و منداڵەكانی، كە پێش چەند ڕۆژێك بوو دەستگیركران، دەڵێن لەگەڵ چەند خێزانێكی دیكەدا بردوویانن، لە نیزیك چەمچەماڵ دایان بەزاندوون و هەڕەشەیان لێكردوون كە جارێكی كە ڕوو لە كەركوك نەكەنەوە.

ئەم جۆرە دیمەنانە لە زۆربەی گەڕەكەكانی كەركوكدا، ڕۆژانە دووبارە دەبوونەوە.

بەتایبەتی لە دووای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان هێزەكانی حكومەت و هێزی بەرەنگاربوونەوەی، پێشمەرگەی كوردستان.

هەواڵەكانی چالاكیەكانی هێزی پێشمەرگە لە هەموو لایەك دەنگیان دەدایەوە ئومێدەكانی جەماوەر ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی دەكرد. پیرۆزبایی كردنی سەركەوتنی یەك لە دوای یەك لە هەموو كوچە و كۆڵان و شەقامێكدا دەبیسترا. كارگە و فەرمانگە و قوتابخانەكان و كۆلیجەكان بەرەبەرە چۆڵ بوون خەڵكان پەیتا پەیتا لە شارەكان دەردەچوون و ڕووەو شاخ دەبوونەوە. سەربازو پۆلیسە كوردەكانی سەر بە حكومەت، بە چەكەكانیانەوە شوێنی كارەكانیان جێ دەهێڵاو دەستبەرداری دەبوون و لە ژێر هەستی نەتەوایەتی و باوەڕكردن بە سەركەوتن دەچوونە پاڵ هێزەكانی شۆڕشی كوردستان.

ئەوەی سەیربوو، پیاوانی حكومەت ڕێگەیان لە كەس نەدەبڕی و نەدەگرت. لەگەڵ ئەم لایەنە ئومێد بەخش و ڕووگەشانەدا ناو بەناو حكومەتی بەغداو هێزەكانی(سەدام) دەست درێژیەكی ناجوامێرانەیان دەكردە سەر شوێنە شارستانی و نا چەكدار، دەبوونە هۆكاری خەم بارین بەسەر هەموو

کەسێکی کۆمەڵی کوردەواریدا. لە هەمان کاتدا ترسێکی سامناک دەنیشتە سەر هۆش و هەستی هەموو دڵسۆزێك. ئەم تابلۆیە لە چەندین کاتا دووبارە دەبووەوە ئەمەیش نموونەیەکە دەست درێژیەکانی دووژمن.

- لە خوا بەزیادبێ سامانی کوڕم و دڵنیای کچم، پاش ئەوەی زانکۆیان جێ هێشت و لە سولەیمانیەوە بەرەو شاخ دەرچوون، دەنگ و باسیان وادەگەیەنێت کە لە(قەڵادزە) شوێنیان بۆ قوتابیانی زانکۆ دابین کردووە، دەستیان بە خوێندن کردووەتەوە.

ئەم جۆرە قسانە لە زۆربەی ئەو ماڵانەوە دەبیسترا کە ڕۆڵەکانیان بۆ هەمان مەبەست لە(قەڵادزە) جێگیر بوون و دەیان خوێند.

بەڵام کارەساتێك ئومێدی ئەو خێزانانەی پووچەڵ کردەوە. ئەوەبوو لە ڕۆژی ٤٢٢٤ فڕۆکەکانی سەدام بۆردوومانی (قەڵادزەیان) کردوو بە سەتان مرۆڤ تیاچوو بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ.

عزیز ئەم هەواڵەی بیست و بەدوای ئەوەیشدا ئەو هەواڵەی بیست کە فڕۆکەکانی بەغدا دوای دوو ڕۆژ بۆردوومانی هەڵەبجەیشیان کردووە، ترسی لێ نیشت کە ئەم جارە نۆرەی پێنجوێن بێ بۆ بۆردوومان کردن.

ڕەئوف برای و کوڕەکەی عزیز تەکبیریان کرد بۆ پەیداکردنی ڕەزامەندیەك بەمەبەستی ئاودیووبوون بۆ مەریوان. پاش چەند ڕۆژێك توانیان خانوویەك لەو شارەدا بەکرێ بگرن و بگوازنەوە ناوی. لە هەمان کاتدا ئەم هەواڵەیان گەیاندە عزیز، ئەوەیش بە مەبەستی دڵنیایی کردنی بوو لەبارەی ژیانیانەوە و، ترسی ئەوە دەرچێ لە دڵی لەبارەی پێشبینی کردنی بۆردوومان کردنی پێنجوێنەوە.

بۆردوومان کردنی قەڵادزە و هەڵەبجە و چەند شوێنێکی دیکەی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقەوە، لە چەند ڕۆژانێکی نیزیك بەیەکدا،



کاریگەرییەکی نەرێتی خراپی هەبوو لەسەر جەماوەری کوردستان و ورەدابەزینیدا.

دڵەڕاوکێ بووە دیاردەیەکی تازە بابەت.

ئەم هەواڵە بروسکە ئاسا گەیشتە لای خێزانەکەی عزیز. شوکری کەوتە دەست بەیەکداناو وتی: ئەی قوڕمان بەسەر بەخوا لێرەیش هەڵمان دەبڕن و دووبارە جێ گۆڕمان پێدەکەن. کوڕەکەی عزیز لە قسەکە بەژداری کرد و وتی: ئەی نابینی ئەوە منیش بۆ بەپەلە لە چواتاوە گەڕامەوە لاتان، لەبەرئەوەی لەوێش ئەم واتە واتەیە بۆ ئەو شوێنە هەبوو، منیش ترسم لێ نیشت و قوتابخانەکەم بەجێ هێشت نەوەك تیاچم و نەتان بینمەوە.

شوکری بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە گوتی: نازانم ئەم سەدامە چی لێمان دەوێت؟ ئەوە کەرکوکمان بۆی بەجێ هێشت، سولێمانی و هەولێر نیوە چۆڵ کرا، بۆ وازمان لێ ناهێنێ.

ڕەئوف کەوتە قسە: تۆ باسی چی دەکەی؟ خۆ ئەو کابرایە نەخشەیەکی وای لە مێشکیدا نەکێشاوە، سنووری هەبێ. ڕق و کینەی بەرامبەر بە کورد لە خاڵێکدا ڕاناوەستێ. وادیارە دەیەوێ ناوی کورد لەسەر نەخشەی عێراقدا بەتەواوی بسڕێتەوە.

کوڕەکەی عزیز هاتە پرسیار و وتی: جا مامە ئەم کارەی بۆ ئەنجام دەدرێ؟ ئەی ئێمە هەموو دەمێ ناڵێین، خەیاڵی سەدام خاوە، سەری خۆی لەبەرد دەدا، دواییەکەی هەر کۆڵ دەداو، ناچاردەبێ سنوورێك بۆ ئەم کوشتن و بڕینە دانا؟!

شوکری بە نەرمی سەری باداو بە کزیەکەوە گوتی: بەخوا ئەم قسانە دڵخۆشکەرنین و عەقڵم نایان بڕێ.

کوڕەکەی عزیز هەندێ بە تووڕەییەوە بەرپەرچی قسەکانی دایکی دایەوە و وتی: ئەرێ دایە تۆ چی دەزانی لە سیاسەت و کاروباری جەنگ و، چۆن دەزانی ئەم لەشکرە زلەی پێشمەرگە و ئەم هەموو پاڵپشتیەی جەماوەر و ئامادەیی هەموو گەل لە بەژداربوونی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا، هەر هەمووی بەفیڕۆدەچێ؟!

شوکری بۆ ئەوەی قسەکان بەرەو لە یەکتری زیزبوون نەڕوا، خۆی لێ بێدەنگ کرد.

دوا تێبینی لەلایەن ڕەئوفەوە بوو کە وتی: لێی گەڕێن ئەمە بەجێ بێڵن بۆ زەمانە و ڕووداوەکان. لەوانەیە لەناکاودا شتی وا ڕووبدا کە بە خەیاڵی هیچمانا تێپەڕنەبووبێ. با ئەوەیش بزانین کە پشتگیری کردنی ئێمە لەلایەن تۆپخانەکانی ئێرانەوە بێ نهێنی نییە.

گرنگ ئەوەیە هەواڵی گواستنەوە بگەیەنینە کاکەم   عزیز کە خوا دەزانێ ئێستا لە بەرەکانی جەنگدا، چەندە ماندووە.

بەتالیۆنی یەکی خورماتوو لەو ساتانەدا لە ناوچەی(شارباژێڕدا) بوو. عزیز سەرکردەی ئەو بەتالیۆنە بوو. ناو بەناو ئەگەر مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی کەمی وەربگرتایە بەپەلە دەگەیشتە لای خێزانەکەی. دوا سەردانی پێش ئەوەی ڕووداوی گەورە و چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا.

لە مەریوان، سەری لە خێزانەکەیدا.

ئاستی ژیانیان لە(پێنجوێن)دا نزم بوو، بژێوی ژیانیان لەلایەن ئابووریەوە خراپ بوو. هەمیشە ئەندامەکانی خێزانەکە گلەییان لە عزیز بوو لەو بارەیەوە. تاڕادەیەك ئەو گلەییە لە شوێن خۆیدا بوو. هۆیەکەیش بێ تەماحی و دەست پاکی عزیز خۆی بوو.



بۆ نموونە زۆرجار ڕەئوف ئەم بەسەرهاتەی لەو بارەیەوە دەگێڕایەوە(کاتێ، کاکم لە گەڵاڵە، فەرمانی پێدرا کە لۆریەکی گەورە بەکرێ بگرێ، تا هەندێ چەك و تەقەمەنی هەیە بیگوازێتەوە بۆ ناوچەی پێنجوێن. ڕێگەی گواستنەوەکەیش، بەنێو ئێراندا بوو.

کاتێ چوو بووە بازاڕ، لەگەڵ خاوەن لۆریەکدا سەودای کردبوو، کابرا داوای هەشتا دیناری کردبوو. ئەمیش پێی گوت بوو ناوەڵا لەلایەن لەشکرەوە تەنیا شەست دینارم بۆ ئەم مەبەستە خەرج کراوە. هەر ئەوەندەت دەدەمێ.

کابرایش گوت بووی: زۆر باشە.

ئەگەر کەسێکی دیکە بووایە لەبری کاکم، دەیگوت پەنجا دینارت دەدەمێ، فرەترت نادەمێ، کابرای خاوەن لۆری بە سوپاسەوە، قایل دەبوو. ئەگەر ئەمیش وای بکردایە بەو دە دینارە هەندێ خواردن و جگەرەی بۆ ئەو چەند پێشمەرگەیە دەکرێ کە لەو کارەدا لەگەڵیدا بوون، هەندێکیشی دەدایە دەس و دیاری بۆ منداڵەکانی.

لەسەر ئەم ڕە شت پاکیەی عزیز کە ئەوپەڕی نموونەیەکی بەرزبوو، هەندێ جار پێشمەرگەی خۆی لێی زوویر دەبوون.

ئەوسای لە دەشتی گەرمیان بوو. سیان لە پێشمەرگەکانی، بە چرپە ئەم داواکارییەیان پێشکەش کرد.

- کاك مەلا غەریب، ئێمە بیرۆکەیەکمان لەلا(گەلاڵە)بووە، حەزدەکەین پێتی ڕابگەیەنین، بزانین تۆ دەڵێی چی؟

- بڵێن بزانم.

- خۆت دەزانی ئێمە هەرسێکمان لە هۆز و عەشرەتەکەی جەنابتین، حەزمان لێیە چەند کەسێکی پێشمەرگەی سەر بە عەشیرەتی خۆمان، بێنە

نێو دەستەی ئێمەوە تاوەکو ببنە پاسەوانی تایبەتی بۆ ئەوەیش بۆ دڵنیایی بوون لە سەلامەتی جەنابت.

عزیز ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد، چاوەکانی ئەبڵەق بوون، بە تووڕەییەوە سەرنجێکی قووڵی دایە هەرسێکیان. پێش ئەوەی هیچ بڵێ، پێشمەرگەکان تێگەیشتن کە قسەکەیان بەدڵی نیە و لەوانەیشە سەرزەنشتیات بکا. لە هەمان چرکە ساتا لە دڵەوە لەو قسەیەیان پەشیمان بوونەوە، عزیز بە تووڕەییەوە کەوتە قسە: بۆچی، ئێمە لێرەدا عەشیرەت بازی دەکەین، یان پێشمەرگەین و خەباتی نەتەوایەتی دەکەین؟! نامەوێ ئەم قسەیە دووبارە بکەنەوە، لێتان قەبووڵی ناکەم.

عزیز ئەم قسەیەی بۆ(ڕۆستەم)ی یارمەتیدەری گێڕایەوە. وایزانی(ڕۆستەم) هاوبیری دەبێ و لە بۆچوونەکەیدا لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەمدا دەبێ. کەچی وانەبوو. ڕۆستەم بەشێنەیی وتی: جەناب من لە هەندێ کتێبی پەیوەندیدار بە مێژووی شۆڕشەکانی ئەم سەردەمەوە، خوێندوومەتەوە، دەڵێ پێویستە پاسەوانی تایبەتی هەر سەرکردەیەکی بچووك یان گەورە، تا بتوانێ لە خزم و کەسی خۆی بن. بۆ ئەوەی سیخوڕ و بەکرێ گیراوی حکومەتەکان نەتوانن دەست درێژی بکەنە سەری و، دەرفەتیان نەبێ بۆ، بەپارە هەڵخەڵەتاندن کەسێك لەوانەی لە دەوور و پشتی ئەو سەرکردانەن.

ئەو بۆردوومانەی قەڵادزە و هەڵەبجە کە دوو ڕۆژ بەینیان هەبوو، ڕووداوێکی وابوو کە تاڕادەیەك وەرەی هاوڵاتیانی کوردی هێنایە خوارەوە. بۆردوومانەکە، بەفڕێدانە خوارەوەی چەکی(ناپاڵم) بوو، کە چەکێکە لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە(نەتەوە یەکگرتووەکان)ەوە، قەدەغە و حەرام کراوە. هەرچەندە زیانی ئەو دوو بۆردوومانە گەورەبوو چ بە ژمارەی کوشتار، چ بە ماڵ و سامانی دانیشتوانی ئەو دوو شارە، کەچی لە جیهاندا



کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، نە بە تۆمەتبارکردنی ڕژێمی سەدام و، چ بە ناڕەزایی دەربڕین و مەحکوم کردن.

شەڕ درێژەی کێشا. هێزەکانی پێشمەرگە ڕووەو هێزەکانی حکومەت دەبوونەوە و زیانی گەورەیان لێدەدان. چەندین فڕۆکە و چەندین تانك و زرێپۆش تێك شکێنران.

عزیز لەو سەردەمەدا لە ناوچەی چوارتادا بەبێ وچان لەگەڵ بەتالیۆنەکەیدا ڕۆڵی خۆیان دەبینی و ئەرکیان بەجێ دەهێنا. کەم وادەبوو توانا و دەرفەتی هەبێ سەر لە خێزانەکەی بدا.

جەلالی برای عزیز، لە کەرکوك، لە گەڕەکی(تەپە) دادەنیشت. بە شەوان ڕادیۆکەی هەڵدەگرت و دەچووە سەربان بۆ ئەوەی بە دزییەوە گوێ لە (دەنگی کوردستان) بگرێ، هەروەها گوێڕایەڵی ئەو بروسکانەبێ کە لە ناوچەکانی شەڕی گەرمەوە بۆ یەکتری بە(بێ تەل) ئاڵوگۆڕ دەکرا. زۆر لە کەسانی ناو شار بۆ ئەم مەبەستە چوونە سەربانەکان لە ترسی ئەوەی نەوەك پیاوانی حکومەت لە پەنجەرەی ژووری ماڵەکانەوە ئەو دەنگەیان پێ بگاو ببیستن. ئەو شتەی ئەو کەسانەی لەو ساتانەدا بێزاردەکرد، ئەو تەشویش بوو لایەنی حکومەت دەیخستە سەر پەخشی ڕادیۆکە شەوێك ئەم کەسە گوێی لێ بوو کە ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسی(نەجدە) لە کۆڵانەکەیان فاق و فیکیان بوو. بە عەرەبی بەدەنگی بڵند پۆلیسەکان قسەیان دەکرد. وەك بڵێی ئاماژەیان بۆ هەندێ ماڵی کۆڵانەکە دەکرد. جەلال ترسی لێ نیشت.

بە خێزانەکەی گوت: (لە سبەی زووترنیە، دەبێ لە شار دەردەچم و وەکو ئەم هەمموو خەڵکە، خۆم لە بگرەو بەردەی پیاوانی حکومەت ڕزگار بکەم) هەرچی چۆنێك بوو هەتا سبەی ئۆقرەی گرتە خۆی. بەڵام کە ڕۆژ هەڵات گوێڕایەڵی دەنگی کەسانی کۆڵانەکە بوو دیاربوو بارودۆخەکە ئاسایی بوو

پۆلیسیش لەو ناوە نەمابوو. ئەو دەنگەی کە فەرامۆشی کردوو هێمنی کردەوە، دەنگی ئەو پیاوە بوو کە بە عارەبانەیەکی بچووکەوە دەهاتە کۆڵانەکان و بانگی دەکرد وەرنەوە(شەکەرات) بۆیە لە بڕیارەکەی شەوی پاشگەز بووەوە.

ئەو نەخشەیەی سەدام کێشابووی بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا، کۆتایی بە شۆڕشی کوردستان بهێنێ، دەرکەوت خەیاڵێکی نەخۆش بوو لە خۆبایی بوونێکی پیاوێکی نەزان بوو. ڕاست بوو کە چەکێکی بێ ژمارەی جۆراوجۆری بۆ ئەو مەبەستەی ئامادەکردبوو، سوپایەکی زۆر گەورەی پێکەوە نابوو، بەڵام حیسابی بۆ ئەوە نەکردبوو کە ئەو شۆڕشە، شۆڕشی گەلێکە نەك شۆڕشی سەرکردەیەك یان حیزبێك، بۆیە نە لەبن دێ و نە کۆتایی پێدێ.

ئەوەبوو لە پێش بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، (سەدام) کەوتە وتوویژ لەگەڵ سەرکردایەتی کوردا. ئەو وتوویژە لە دوای ئەوەوە هات کە کۆبوونەوەیەکی گەورەی بە ئەفسەرە هەرە گەورەکانی سوپای عێراق کرد. ئەم پرسیارەی لێیان کرد(کامتان ئەگەر هەموو پێویستیەك بخەمە ژێر دەستیەوە، قسەم دەداتێ کە بزوتنەوەی چەکداری کورد لەناو دەبا؟) ئەفسەرەکان هەموو خۆیان مت کرد، ورتەیان لە دەم دەرنەچوو. کەسیان نەیوێرا خۆی بخاتە ژێر ئەو بەرپرسیاریەوە.

چونکە ئەزموونەکانی پێشوو وای دەردەخەن کە ئەمە کارێکی مەحاڵە.

- بۆ کەستان دەنگ ناکەن؟ بۆ وەڵام نادەنەوە؟

پاش هەندێ لە بێدەنگی کەوتەوە قسە(مادام وای لێهات، کەستان بۆی نیە نارازی بێ بەوەی من بچمە وتوویژەوە لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو بزوتنەوەیەدا. فەرموون کۆبوونەوەکە تەواو بوو)



هەرچەندە زۆر کەس وایزانی سەدام بەنیاز پاکیەوە دەیەوێ ئاشتیەکی یەکجارەکی لە عێراقدا دروست بکا. بەڵام ڕووداوەکانی دوای، ئەوەی دەرخست کە لە هەنگاوی یەکەمەوە بەفێڵ بوو، هەر نیازپاکیەکیشی پیشان دابێ بەڕاستی نەبووەو مەبەستی نەبووەو بڕگەیەك بووە لە بڕگەکانی نەخشە نەگریسەکەی.

⋆ ⋆ ⋆

هەڵکشانی هێزەکانی سوپای عێراق لە خواروو ناوەڕاستی عێراق بەرەو ناوچەکانی کوردستان بەردەوام بوو. ڕۆژانە بەدەیان سەربازی کوژراو لاشەکانیان بەرەو شار و گوندەکانی خۆیان، داپۆشراو بە ئاڵای عێراقەوە بەرێ دەکران. فڕۆکە جەنگیەکان و هەلیکۆپتەرەکانی سوپای عێراق(٢٤)سەعات لە هاتن و چووندا بوون.

هەرچەند ڕۆژ جارێ دانەیەکیان سەرنگوم دەبوو. سا چ بە پێکانیان لەلایەن چەکی پێشمەرگەوە، یان بەهۆی تەکنیکیەوە.

گەلی عەرەبی عێراق بەگشتی حەزیان بە سەرکەوتنی سوپای عێراق دەکرد. ئەمە بەتایبەتی لەلایەن عەرەبە سوونەکانەوە. هەرچی عەرەبی شیعەیش بوو، هەڵوێستێکی مامناوەندیان هەبوو. ئەمەیش لەوەوە هاتبوو کە لەلایەك عەرەب بوون و حەزیان بە سەرکەوتنی کورد نەدەکرد، لەلایەکی دیکەوە زۆربەی شیعەکان هەستیان دەکرد کە کۆیلەی ژێر دەستی سونە و سەرکردەکانیانن، بۆیە حەزیان دەکرد حکومەتی عێراق لەم جەنگەدا لووتی بشکێ و شکست بهێنێ. جگە لەوەی زۆربەی سەربازە شەڕکەرەکان ڕۆڵەی خەڵکی باشووری عێراق بوون، کە شیعە بوون. هەڵوێستەکان هەرچی چۆنێك بووبن هیچ لایەنێك زاتی ئەوەی نەدەکرد پەنجە هەڵبڕێ و بلچێ ئەم جەنگە لەپای چیدا؟! هیچ ڕۆشنبیرێك و نووسەرێکیش نەیدەوێرا دوو

دێڕ بنووسێ و بڵێ ئەی ناوەڕۆکی بەیانی ١١ی ئازارو یاسای حوکمی زاتی لە کوێ ما؟!

پارچە قوماشە ڕەشەکانی سەر دیوارەکانی ماڵان هەموو شوێنێکی گرتبووەوە کە ناوی ئەو کەسانەی لەسەر نووسرابوو، کە لەو جەنگەدا کوژرابوون. کاتێ لە پرسەکاندا بەتایبەتی پرسەی نێو ئافرەتان، هەندێ دایك و خوشك توکیان لە سەدام و حیزبی بەعس دەکرد. ئەو قسانەیان دەگوازرانەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، پاش چەند ڕۆژێ لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرا.

کاتێ دەست درێژی کردنی حکومەتی سەدام، درێژەی کێشا، سەدام کەوتە حاڵەتی نیگەرانیەوە. ترسی ئەوەی لێ نیشت کە نەتوانێ لەم جەنگەدا، بۆ ماوەیەکی دوایی نەهاتوو بەردەوام بێ. بە خەیاڵی خۆیشی وای بۆ نەدەچوو ئەم شەڕە، ئەو ماوە درێژە بکێشێ. هەرچەندە (ئەندامەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق) بێدەنگ بوون لە ئاست بڕیارە ناو بەناوەکانی سەدام دا، دیاربوو ئەوانیش هەمان ترسیان لێ نیشتبوو، بەڵام سوودمەندبوونیان لەو ڕژێمە و نەوێرانیان لە دەربڕینی هیچ بۆچوونێك. وای لە سەدام کرد کە نرخی هیچ ئەندامێکی حیزبی بەعس و سەرۆك کۆمار نەزانێ، بایەخیان پێ نەدا، و لەسەر سیاسەتەکەی خۆی بەردەوام بێ. لەهەمان کاتدا بیری لە چارەسەرێك دەکردەوە کە کۆتایی جەنگەکەی پێبێ و بەمەرجێ هیچ لە پلەو پایەو دەسەڵاتەکەی، کەم نەبێتەوە.

هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە زۆر قوڵەوە کاردانەوەی تایبەتی هەبوو.

ئێوارەیەك پاش شێوان(حەمە سەعیدی)برای خێزانەکەی جەلال، پێکەوە دانیشتبوون. باس هەر باسی گەرمەی شەڕو دوا دەنگ و باسەکان بوو،



حەمە سەعید دیاربوو زۆر گەشبین بوو، وتی: (بەخوا کاك جەلال دەڵێن پێشمەرگە لەو چیای(خاڵخاڵان)ە، هێڵە دەکا بە سوپای عێراق و حەشریان پێ دەکا. حەیفە پیاو لەم زەماوەندەدا بەژدار نەبێ) جەلال هاتە قسە(ئێ باشە دەڵێی چی؟)

- دەڵێم من بەتەواوی بڕیارم داوە بەرەو شاخ بڕۆم.

جەلال هەندێ ڕاماو بێدەنگ بوو، حەزی دەکرد کە خۆیشی بڕیارێکی وا بدا. بەڵام ئەو حەزەی دەرنەبڕی نەوەك توانای جێبەجێکردنی نەبێ.

حەمە سەعید لەسەر قسەکەی ڕۆیی(من لەوانەیە سبەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکما دەرچین. ئەمانەتی ئەندامانی خێزانەکەم، تاڕادەیەك با لە ئەستۆی تۆدابێ.

حەمە سەعید ژنی نەهێنابوو، مەبەستی لە خێزانەکەی دایکی و خوشکەکانی بوو، کە هەردوولا لەیەك خانوودا دەژیان. جەلال بێ سێ و دوو وتی: خەمت نەبێ کەسی تۆ کەسی منیشن. خوا حەزکا پاش ماوەیەکی کەم لایەك بەلایەك دەبێ و بەسەر بەرزیەوە دەگەڕێنەوە.

ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دوایی حەمە سەعید بڕیارەکەی خۆی جێبەجێکرد و خواحافیزی کرد و بە ئومێدی گەڕانەوەیەکی زوو.

★ ★ ★

عزیز لە بەرەکانی جەنگدا لەسەر چالاکیەکانی بەردەوام بوو. ناو بەناویش ئەگەر کەسێکی دەس بکەوتایە کە بەرەو پێنجوێن و مەریوان بڕۆیشتایە نامەیەکی لەبارەی سەلامەتیەوە دەنارد بۆ خێزانەکەی، سا ئەو نامەیە بە نووسراو بوایە، یان هەر بەدەمی.

شوکری، ڕۆژانە لە چەن و چوون نەکەوت هەمیشە قسەکانی لەگەڵ قسەی کوڕەکەیدا یەکتری گیر نەدەبوون.

- بەو خوایە، ئەو باوکەت خۆی بە فەتارەت دەدا. کورە خۆ ئەم شەڕە، تەنیا لەسەر ئەو تاپۆنەکراوە. ئافەرم زەلام بێزار نەبوویت. دەدانیشە با یەکێکی دیکە جێگەت بگرێتەوە.

- جا ئەگەر، دایە، هەموو کەسێ بە قسەی تۆی بکردایە(گەنم گرد، جۆ بلاو) دەکراو دەستێکمان لە پاش و دەستێکمان لەپێش دەماینەوە.

- من لەم قسانەی تۆ تێناگەم، ئەڵێچی قسەی ناو دوعاو جادووە، ئەمە چی دەڵێی؟

- دەڵێم ئەوەی تۆ باسی لێوە دەکەی کارێك نیە بکرێ. باوکم بۆ ڕۆژێکی سنووردار دەستی نەداوەتە ئەم کارەی، خوا نەکا ئەگەر سەریشی تێ بچێ، پاشگەز بوونەوەی نیە.

- ئەی ئێمە گوناهمان چیە؟

- ئەمە تەنیا ئێمە نین لەم بارودۆخەدا دەژین، ئەمە شتێکی گشتیە، زۆربەی خێزانە کوردی گرتووەتەوە. خوا ئەو کەسە بگرێ کە ئەم جەنگەی دووبارە دەست پێکردەوە.

مەسەلەی دەستنیشانکردنی بەرپرسیاری هەلگیرسانەوەی ئەم جەنگە، بابەتێکی وابوو کە، بە ئاسانی نەتوانرێ وەڵامێکی پڕ وردەکاری لەسەر پرسیارێکی وا بدرێتەوە. هەندێ لایەن- لە ژێر هەر کاریگەریەك بووبێ- گلەیی ئەوەیان لە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول دەکرد، ناوەڕۆکەکەی ئەو گلەییە ئەمەبوو(باشە، سەدام سێ پارێزگای دا بە کورد، لە ژێر ناونیشانی حوکمی زاتی. چی دەبوو ئەگەر سەرکردایەتی کورد بەوە قایل بوایە و مەسەلەی کەرکوکی دوابخستایە بۆ دەرفەتێکی دیکە.

(ئایا ئەگەر وای بکردایە ڕێگەی لەم جەنگە نەدەگرت و بیانووی سەدامی پووچەڵ نەدەکردەوە؟)



هەڵوێستێکی دیکە هەبوو بەپێچەوانەی ئەم بیروبۆچوونەبوو. ئەم هەڵوێستەی دووەم لەلای زۆرینەی گەلی کورد و توێژەکانی، ڕوون و ئاشکرابوو هیچ ڕێگەیەك نەبوو بەرپەرچی بداتەوە.

جەلالی برای عزیز لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێ، ئەم باسەیان تەتەڵەدەکرد. قسەیەکی وای کرد کە بەشێك لەو ڕۆشنبیرانە قایل بن پێی و دەست بەرداری بیروبۆچوونی خۆیان بن.

جەلال، لەبەرئەوەی مامۆستا بوو، شێوەی شیکردنەوەکەی بەجۆری وانە گوتنەوە بوو لە پۆلێکدا.

- براینە، ئێمە دەبێ ڕاستیەك هەیە، باش بیزانین و لێی وردبینەوە.

سەدام، کاتێ کەرکوکی نەخستە نێو چوارچێوەی حوکمی زاتی، ڕاستە لە پاشان کردیە بیانوو بۆ شەڕ هەلگیرسان، بەلام خۆ ئەگەر سەرکردایەتی کورد تەنیا بەو سێ پارێزگایە قایل بوایە و مەسەلەی کەرکوکی دوابخستایە. ئەوە ڕێگەی لە شەڕ فرۆشتنی سەدام نەدەگرت، چونکە لە بنەمادا سەدام ئامادەنەبوو لەم عێراقەدا جگە لە حیزبی بەعس حیزبێکی دیکە هەبێ و سەرکردایەتیەکی دیکە هەبێ جگە لە سەرکردایەتیەکەی خۆی. خۆی بە تاکە سەرکردە و پێشەوای هەموو عێراقیەکان دەزانی، ئامادەبوو هەموو عێراق وێران بکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو نیازەی، بۆ جێبەجێکردنی ئەو حەزەی.

- بابەتەکە ڕوون کردنەوەی فرەتری، دەوێ بۆ ئەوەی پێی قایل بن.

- دەڵێم ئەگەر ئەم بیانووەیش نەبوایە و کورد دەست بەرداری کەرکوکیش بوایە.

سەدام لەوانەبوو لە مێشکی خۆیدا چەندین بیانووی دیکەی ئامادە کردبوو.

- وەکو چی؟

- وەکو ئەوەی بڵێ: عێراق پارچەیەکە لە نەتەوەی عەرەب و زمانی عەرەبیش، زمانی قورئانە و، پێویست ناکا زیاتر لەم زمانە لە قوتابخانەدا، پێی بخوێنرێ. بەڵگەیش بۆ ئەم قسەیە نەهێشتنی خوێندنی کوردی و تورکمانی سریانی بوو،

لە کەرکوکدا پاش ئەوەیش بەرەبەرە بەبیانوویەك وانەکانی ئاین و مێژوو کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی حوکمی زاتی دەکرد  بە عەرەبی، دیاربوو ئەمە هەنگاوێك دەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو خوێندنی کوردی.

بیانوویەکی دیکە لە عێراقدا دەبێ یەك حیزب سەرکردایەتی کۆمەڵ بکا ئەویش بەپێی یاسا حیزبی بەعسە، بۆیە هەموو حیزبەکانی دیکە هەڵوەشێنەوەو بێنە ناو حیزبی بەعسەوە.

نموونەیش بۆ ئەمە، ئێمە دەزانین نووسراوی فەرمی هاتووە بۆ قوتابخانەکان دەڵێ جگە لە زمانی عەرەبی، نابێ نە مامۆستا و نە قوتابی لەنێو سنووری قوتابخانەکاندا کەس بە زمانێکی کە بدوێ. هەرچەندە ئەمە سەری نەگرتوو پەیڕەوی نەکرا، بەڵام ئەگەر سەری بگرتایە، ئەم فەرمانە هەموو گەلی دەگرتەوەو ئەوە یاساغ دەکرا کە کەس بە کوردی و تورکمانی لە شوێنە گشتیەکان و شەقامەکاندا بدوێ.

- باشە، پاش ئەوە پێشبینی چی دەکرا؟

- بیانوو دروست کردن زۆر ئاسانە. لە سروشتی مرۆڤدا هەموو چرکەیەك ئامادەیە.

نەك گەورە، هەتا منداڵیش ئەگەر گلەیی لەبارەی کردەوەبەکیەوە لێ بکەی، لە ئان و کاتدا یەکسەر بیانوویەك دەکاتە پاساو و بە ڕستەیەك دەیخاتە سەر بەڕە، جا ئەگەر ئەمە لە سروشتی هەموو مرۆڤێکدا هەبێ، چی دەڵێی بە کەسی سیاسی کە وەستایە لە بیانوو دروستکردن.



- کەواتە، ئەم جەنگە هەردەبوو ببوایە.

- چۆنی دەڵێی وایە. گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین خۆڕاگربین و پاڵپشتی شۆڕشەکەمان بکەین، درێژە بدەین بەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە، تا کاتێك سەدام بۆی دەردەکەوێ خۆی خستووەتە ناو فاقێکەوە، لێ ڕزگاربوونی، بۆنیە.

پاش چەند مانگێك لەبەر بوونی ئەو جەنگەی لە دوای(١١ی -٣ی- ١٩٧٤) وە دەستی پێکرد، توانای هێزەکانی سوپاو پشتگیریەکانی عێراق بەرەو لاوازی چوو. هەرچەندە چەك و تەقەمەنیەکی زۆری لە یەکێتی سۆڤێت کڕی بوو، بەڵام وادیاربوو بەشی بەردەوام بوونی ئەو جەنگەی نەدەکرد کە لە سەتان قۆڵەوە لەو کوردستانە بەرانبەر، ڕۆژانە ڕوویدەدا. چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە لە برەودان‌دا بوو. بۆیە ڕووداوەکانی دوایی وای پیشاندا کە سەدام بیری لە  بیری لە چارەسەرێك دەکردەوە کە بەبێ بەکارهێنانی هێز ئەنجام بدرێ.

سیاسەتی حکومەتی عێراق لە سەرەتای کودەتای حەفدەی تەمووزی (١٩٦٨)وە ڕێگەی دووژمنایەتی ئێران و ئەمریکای گرتەبەر. ئەو سیاسەتە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەفزیۆنەکانی عێراق خۆی دەنواند.

وتاری سیاسی نێو قوتابخانە و زانکۆکان هەر بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆیشت.

لەڕێ پێوان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تایبەتی و گشتیدا هەر ئەو سیاسەتە، درووشمی یەکەم بوو، سەرەتاو بنەمای هەموو وتار و شیعر و کاری هونەری بوو.

حکومەتی بەعس، هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و سیاسی لە چنگی خۆیدا سنووردار کردبوو. خۆ ئەگەر کەسێك یان لایەنێك زاتی بکردایە باسی

چارەسەری ئاشتیانەی بکردایە، لەو بارەیەوە، لەوانەبوو بە خائن تۆمەتبار بکرایە و ناوی لێ بنرایە هاوسۆز لەگەڵ(ڕوخێنەران)دا.

ئەو شتەی فرەتر هێزەکانی سوپای عێراقی پەرێشان کردبوو، بەتایبەتی هێزەکانی نیزیك بە سنووری ئێران، ئەو تۆپخانە ئێرانیە بەکارانەبوو کە لەسەر سنوورەوە گوللە تۆپیان دەهاویشتە هەندێ سەربازگەی حکومەتی عێراق.

سەدام پیاوێکی فێڵ بازبوو. گوێی لەوەنەبوو بڕیارێك بدا یان دەرکا لەگەڵ سیاسەتی پێشووی نەگونجێ. بۆیە زۆرجار پاساوی دەهێنایەوە بۆ هەر بڕیارێکی لەو جۆرە.

لە مانگی ئازاری ١٩٧٥ دەنگۆیەك بڵاوبووەوە، گوایە شەڕ و تەقەکردن لەنێوان حکومەت و پێشمەرگە، لە هەردوولاوە ڕاگیراوە.

جەلال، دەوامەکەی لە ڕۆژێکدا لە پاش نیوەڕۆوە دەستی پێ دەکرد. پێش نیوەڕۆ لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانەوە لە ماڵی خۆیان لە ناکاو گوێی لەم هەواڵەبوو(بڕیار وایە لەمڕۆوە لە سەعات ئەوەندەوە تەقەکردن لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق ڕابگیرێ. ئەمەیش بەرێکەوتنی هەردوولا) هەواڵە مێشکی هەژاند. بەلام نەیتوانی لێکی بداتەوە. یەکەم هیچ دەنگ و باسێك لە ئارادا نیە بۆ هیچ وتوویژێك لەنێوان حکومەت و شۆڕشی کوردستان. دووەم گوایە ئەم شەڕ ڕاگرتنە بە چ مەرجێکە و چی لە دوای ڕوودەدا؟

نیوەڕۆ کەوتەڕێ بەرەو ئامادەیی (ئیمام قاسم) یەکسەر چووە ژووری بەڕێوەبەرەوە. بەڕێوەبەرەکە پیاوێکی کامڵی بە ئەزموون بوو. یەك دوو مامۆستای دیکەی لەلا دانیشتبوون. پاش ڕۆژباش و دانیشتن هەستی ڕاگرت تابزانێ ئایا ئەو هەواڵەی کەبیستی، گەیشتووەتە لای ئەمانیش؟



پاش چەند خوولەکێك ئەو کەسانە هیچ لەوە نەدەچوون هەواڵێکی ئاوا گەورەیان بیستبێ، بەڵگەیش بۆ ئەوە ڕۆژانی پێشوو سەر زمان و بن زمانیان لەنێوان یەکا ڕووداوەکانی ڕۆژانەی کوردستان بوو. دەستەی مامۆستایان هەر هەموو لە نەتەوەی کورد بوون، خۆ ئەگەر یەك دوو تورکمانیشیان تێدا هەبووایە لەو جۆرە کەسانە بوون مرۆڤ تر نەبوو بارودۆخی سیاسی، لەکاتی ئامادەبوونیاندا، تاوتووێ بکا.

چەند خوولەکێك ڕەت بوو، جەلال خۆی نەگرت، ڕووی دەمی کردە مامۆستا ئیحسانی بەڕێوەبەر(مامۆستا، من پێش سەعاتێك، لە ڕادیۆوە گوێم لێ بوو شەڕی کوردستان ڕاوەستاوە. هەردوولا تەقەیان ڕاگرتووە)

- بەڕاستتە؟! چۆن؟! ئێمە شتی وامان نەبیستووە؟

لێکدانەوە و ئەمدیو ئەودیو کردنی ئەم هەواڵە شتێکی ئاسان نەبوو هەر هەموو سەریان سووڕما.

- بەخوا، حەیفە جارێکی دیکە کورد لەگەڵ ئەم کابرایەدا ڕێك بکەوێتەوە.

ئەم قسەیە دیاربوو لە بنەمایەکی تێنەگەیشتنی ئەم هەواڵە گرنگەوە بوو. چونکە لە ڕاستیدا ئەمە لە ئەنجامی ڕێکەوتنی کورد و حکومەتی عێراق نەبوو. بەڵکو لە ئەنجامی بەیەك گەیاندنی سەدام و شای ئێران و نوێنەری ئەمریکا بوو لە ژێر چەتری میوانداری حکومەتی جەزائیر. کە(هەواری) (بومدیەن)ی سەرۆك وەزیرانی بوو. یەکەم خاڵی ئەم ڕێکەوتنە جەنگ ڕاگرتن بوو، دوایش کشانەوەی تۆپخانەکانی ئێران بوو لەو سنوورانەدا. جگە لەوەی سنووری(شەتولعەرەب) لەنێوان عێراق و ئێران دەستنیشان بکرێ بەگوێرەی داواکاریەکانی لایەنی ئێرانی لەو شوێنەدا. هەروەها دانی دەسەڵات بە ئێران کە ماوەی بیست کیلۆمەتر لە سنوورەوە بەرەو ناو

عێراق و گواستنەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەرەو ناوچەکانی تری عێراق.

وادیاربوو لە ژێرەوە بەسەرکردایەتی کورد ڕاگەیەندرا بوو کە دەبێ شەڕ ڕاگرێ و لەم بارەیەوە فەرمان دەرکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. بۆ ئەوەی لەلایەن ئەندامانی هێزی پێشمەرگەوە کاردانەوەیەکی وانەبێ بە ئاراستەی بەردەوام بوونی شۆڕش بێ، یەکێ لەو مەرجانەی لەو گرنگرەیەدا بە حکومەتی عێراق ڕاگەیەندرابوو کە دەبێ لێ بووردنێکی گشتی بۆ هەموو گەلی کورد دەرکا، بە چەکدار و بێ چەکەوە.

ئێرانیش دەرگای سنووری والابکاتەوە، بۆ ئەو کوردانەی دیانەوێ، لە عێراقەوە ڕووبکەنە ئێران.

هەواڵی ئەو کۆنگرەیە و ئەو ڕێککەوتننامەیەی تێدا مۆرکرا دەنگدانەوەیەکی وای لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا بەرپاکرد کە توانای هیچ مێژوو نووسێك نەبوو بە ئاسانی وێنەی بۆ بکێشێ.

گرنگترین کاردانەوەی ئەو هەواڵە و ئەو فەرمانە، مەسەلەی چارەنووسی ئەو هەزارە پارچە چەکەی کە بەدەست پێشمەرگە و خێڵەکانی کوردەوە بوو. حکومەتی عێراق هەواڵیدا لەو بارودۆخەدا بڕیارێکی وا دەرنەکا کە مایەی توونـد و تیژی و هەستی یاخیبوون ڕووبدا. بۆیە دەرگای خستە سەر پشت بۆ خۆبەدەستەوەدانی هەموو چەکدار و نا چەکداری ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵات. بە هەزاران کەس بەرەو شارەکان و گوندەکانی خۆیان بوونەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگریەکیان لێ بگیرێ، یان لێ پێچینەوەیەکیان لەگەڵدا بکرێ.

هەروەها سەتان بازگەی سەربازی دانرا بۆ وەرگرتنەوەی چەکەکان. هەموو ڕۆژێ لە تەلەفزیۆنەکانەوە وێنەی ئەو چەك تەسلیم کردنە پیشان دەدرا.



شین و شەپۆڕ بۆ کۆتایی هاتنی شۆڕش لە زۆر ماڵە کوردەکاندا، کەم و زۆر ڕوویدەدا. لە هەندێ ماڵدا گریان و فیخانەکە دەگەیشتە پلەی شیوەن. بەتایبەتی ئەگەر کەسانێك لەو ماڵانەدا هەبووبێ کە سەردەمێکی زۆر درێژ بوو پەیوەندیان بە شۆڕشەوە هەبوو یان لەو حیزبانەدا کاریان کردبێ، کە سەر بەو شۆڕشە بووبن خەم و خەفەت و نەهامەتی و بێ ئومێدی لەسەر ڕووخساری ڕێژەیەکی زۆر دەخوێندرایەوە. هەر دوو کەس بگەیشتنایە یەك، لە جیاتی سەلام و مەرحەبا بە وشەی داخ و مەخابن و هەناسە ساردیەوە یەکتریان دەدواند.

بەرەبەرە پێشمەرگەکان بەبێ چەك گەیشتنە کۆڵانەکانی شارەکان دایك و خوشك و کەسوکار، بەدەنگی گریانەوە باوەشیان بۆ دەکردەوە.

نموونە زۆرن ناتوانرێ باس لە هەموو بکرێ.

چێشتەنگاوێك حەمە سەعید بە چاکەتێك و شەرواڵێکەوە خۆی کرد بە حەوشا. یەکەم کەس گەیی پێی، دایکی بوو، بەڵام لە جیاتی ئەوەی دگریانەکە لە دایکیەوە دەست پێ بکا. ئەمەی نەکرد بەڵکو ویستی دڵی کوڕەکەی بداتەوە. فرمێسك لە چاوی حەمە سەعید گەیشتە سەر ڕوومەت، دایکی باوەشی لێداو، بە گەرمیەوە وتی: (قەیناکە کوڕم گوێی مەدەرێ خۆ ئێوە کۆڵتان نەداوە، مەسەلەکە لەوە گەورەترە کە بە دەست ئێوەبێ)

لە شاری مەریواندا، خێزانە کوردەکانی دیووی عێراق، جوولە و هەرایەکی نائاساییان، لە نێواندا بەرپابوو، باسکردن لە شەڕ ڕاگرتن، تێکەڵاو بەگریان و ئاخ و ئۆف بوو ئەندامە پێشمەرگەکانی سەر بەو خێزانانە بەرەبەرە، ڕووەو لای خێزانەکانیان دەبوونەوە. ئەوەیش پاش تەسلیم کردنی چەکەکانیان بە خاڵی سەربازی سنوورەکە، یان بە فرۆشتنی ئەو چەکانە یان بەفڕێدانیان. هەندێ لەو خێزانانە کەوتنە خڕکردنەوەی شتوومەکی

ماڵەکانیان بۆ گەڕانەوە بۆ دیووی عێراق، ئەوەیش پاش بیستنی بڕیاری لێ بووردن. چەند خێزانێکی دیکە دوو دڵ بوون لە بڕیاردانی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، وایان بە باشتر زانی کە ماوەیەك ئارام بگرن. لە وتووێژی نێوان ئەو خەڵکەدا زۆر شت ڕوون دەبووەوە.

- ئێمە، بەخوا هیچ ئومێدێکمان نەما. لە سبەی زووتر نیە خۆمان دەگەیەنینە پێنجوێن و لەوێشەوە بەرەو شوێنی خۆمان دەچینەوە.

- ئەی ئێوە ترستان نیە لەوەی تووشی ئازاردانێك بن لەلایەن دارز دەستەی عێراقەوە؟

- تازە ئێمە گەیشتینە سەر سفر! چی ڕوودەدا، با ڕووبدا. خۆ هەر لە وڵاتی غەریبی نامێنینەوە.

گەنجێك هەڵی دایێ: بەخوا من هەر، لە ئێران دەمێنمەوە، هەوڵ دەدەم بچمە هەردەران.

خێزان و منداڵەکانی عزیز گوێڕایەڵی هەموو دەنگ و قسەیەك بوون. تا ئەمانیش بڕیارێکی خۆیان بدەن. بەبەر چاویانەوە چەندین پێشمەرگەیان دەدی دەگەیشتنە لای خێزانەکانیان، بە هەنسك دانەوە، کەسووکارەکانیان دەیانگرتنە ئامێزی خۆیان. توێژی منداڵان کەمتر، لەو بارودۆخە تازەیە تێدەگەیشتن. بۆیە بەخۆشیەوە دەکەوتنە ماچکردنی باوکان یان برایانی گەورەیان.

شوکری کەوتە قسە(کوڕەکەم، کچەکانم، شتوومەکەکانتان کۆکەنەوە چی بزگوڕێکمان هەیە، یارمەتیم دەن لە ئامادەکردنی، بۆ ئەوەی ئەگەر باوکتان بەخێر گەیشتەجێ، بێ سێ و دوو، بەرەو کەرکوك دەکەوینەڕێ)

ڕۆژی یەکەمی بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەڕ ڕاگرتن، عزیز لە بەرەکانی جەنگدا بوو. کاتێ(بێتەلی) بەتالیۆنەکەی فەرمانی سەرکردایەتی بە شەڕ



ڕاگرتن، ڕاگەیاند لە یەکەم خوولەکاندا بەڕاستی ئەو هەواڵە باوەڕی نەهات چەند کاتژمێرێکیش کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی دەووروبەریدا. ئەو کەسانە هەندێکیان باوەڕیان بە هەواڵەکە هات بڕێکیشیان هاوڕابوون لەگەڵ عزیزدا.

- باشە کاك مەلا، ئێمە ئێستا چی بکەین، فەرمانت بەچیە؟

عزیز وەڵامێکی یەکسەری لا پەیدانەدەبوو، بۆ پرسیاری هەڤاڵەکانی.

هەندێ ڕاماو خەم دایگرت و بە ناچاری کەوتە قسە: (براینە ئێمە، لە خۆمانەوە ناتوانین یەکسەر، لەم بارەیەوە هیچ بڵێین. چاوەڕێ دەکەین ئەگەر فەرمانەکە دووبارەبووەوە، یان کەسێك لە سەرکردایەتیەوە گەیشتە لامان، ئەوسا قسەی خۆمان دەکەین) عزیز ترسی لەوەبوو ئەگەر خۆی دوابخا لە دەربڕینی بڕیارێ، پێشمەرگەکان هەندێکیان زاتی ئەوە بکەن، یاخیبن و بەبێ هیچ فەرمانێك جوولەیەکی خەتەرناك بکەن، یان لێك بترازێن بەتایبەتی لەکاتێکا چەکیان بەدەستەوەیە. ئەو ڕۆژە دانی ئێوارە چەند کەسێك لە سەرکردایەتیەوە گەیشتنە لای ئەمان. هەندێکیان بێ چەك بوون. دیاربوو چەکەکانیان بە پارەیەکی کەم فرۆشتبوو بە گوندیەکان. ئەو کەسانە هەواڵەکەیان بەڕاست و دروستی دووپات کردەوە. ئیتر ماوەی هیچ خۆ دواخستنێکی ئەوتۆ نەما بۆ چاوەڕوان کردن.

هەواڵی چەك فرۆشتن و چەك شکاند و چەك کۆکردنەوە گەیشتە لای ئەمانیش بۆیە عزیز بە هەڤاڵەکانی ڕاگەیاند کە ئەوان سەربەست لە بڵاوبوونەوە و چۆنیەتی هەڵسووکەوتیان بۆ چارەنووسی چەکەکانیان. پێشمەرگەکان بەرەبەرە بەدەم گریان و فرمێسك ڕشتنەوە باوەشیان بەیەکتریا کرد و خواحافیزیان لە یەکتری کرد.

عزیز، لەو ساتەدا بەرچاوی تاریك بوو. باوەڕی نەدەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان تووشی ئەو شکستە دەروونی و نەهامەتیە بێت. بڕیاریدا خۆی بەپەلە سەر لە سەرکردایەتی بدا. کە گەیشتە ناو پردان و گەلاڵە و مەکتەبی سیاسی، هەر وێنەیەکی دەدی مایەی خەم باری بوو. لەلایەك پیاوانی خێڵەکان بە ولاغەوە هاتبوونە ئەو شوێنانە بۆ چەك کڕین. بە هەزاران چەك باردەکرا لە هێستر و گوێدرێژ و، ئۆتۆمبیل، بەرەو گوندەکانی دوور و نیزیك دەکرانەوە. لە دیووی ئێرانیشەوە سەتان کەس بۆ هەمان مەبەست لەو شوێنانەدا ئامادەبوون.

عزیز لەگەڵ چەند بەرپرسێك قسەی کرد. بە کورتی ئەمەیان پێ ڕاگەیاند(سەرکردایەتی دەچێتە دیووی ئێران. هەر کەسێك حەزدەکا لەگەڵیاندا بڕوات، هیچ ڕێگریەك نیە لە بەردەمیاندا. بەگوێرەی چەکەکان یانیش ئێستا موڵکی ئێوەیە، دەیفرۆشن، دەیشکێنن، دەیشارنەوە، دەیدەن بە خاڵەکانی سەربازی عێراق، یان ئێران. ئێوە سەربەستن لەم بارەیەوە)

بە درێژایی ڕێگەی گەڕانەوە و چوونی ڕووە و مەریوان هەر بیری لەوەدەکردەوە باشترین بڕیار چیە؟ (لە مەریوان بمێننەوە، یان سوود لە بڕیاری لێبووردن وەرگرم، خۆم بڕیاربدەم، یان بەگوێرەی حەزی ژنەکەم و منداڵەکانم بکەم)

بارودۆخەکە، ئەوەندە نالەباربوو، ئەو ڕێگەیەی لەو هاتووچوونەیدا بڕی، تەواوبووونی نەبوو. بەدەم ڕێگاوە تاك تاك و، کۆمەڵ کۆمەڵ پێشمەرگە بەرچاو دەکەوت. زۆربەیان هێشتا جلەکانیان نەگۆڕی بوو هەندێکیان بێ چەك بوون هەندێکیشیان هێشتا چەکەکانیان لە شان بوو.

عزیز، لەو بارە دەروونیەیدا، هەر ئەوەتا هەناسەی پێ دەدرا. نە ئاسمان هەڵی دەکێشا بۆ خۆی. نە زەوی قووتی دەدا. ڕێگاکە چرکە بە چرکە، بە



هەستی دژ بەیەك خۆی دەنواند. چرکەیەك، هێزی دەدایە پێیەکانی، بۆ ئەوەی بەپەلە بگاتە مەریوان. چرکەیەکی دیکە، لەشی خاو دەکردەوە، پێیەکانی هەنگاویان نەدەنا. (بە چ ڕوویەکەوە سەیری ئەندامەکانی خێزانەکەم بکەم. بە چ ڕستەیەك، لەگەڵیانا دەست پێ بکەم؟ دەترسم یەکەم وشە لە زاری شوکریەوە دەرچێ، ئەوە پێ بڵێ: عزیز، ئەی نەم وت؟) لاپەڕەیەکی دیکە مێشکی داگرت. (لەوانەیە قسەیەکی، وا، لەم کەسەوە بێ، شتێکی ئەوتۆ نەبێ. قسەی تاڵ، ئەوەیە کە بە هەمان گوێرە بێ، بەڵام لە کەسێکەوە بێ، لە ململانێی سیاسیدا، لە نەیارانمان بووبێ) جگە لەوان سەتان خێزان بەماڵ و منداڵەوە، خەریکی گواستنەوە و جێ گۆڕکێ بوون. هەندێ ڕووەو ژوور، هەندێ سەرەو خوار. لە دۆخی خۆیەوە تێگەیشت کە چەند ئەو چەکانەی بە شانی پێشمەرگەکانەوەن، چەندە گرانن. بەشێوەیەك ئازاری شان و مەچەکیان دەدا. لەوکاتەدا بەراوردی ئەو کێشەی چەکەکانیانی دەکرد لەگەڵ کێشیان لەپێش ئەم کارەساتەدا. سەری سووڕما لەوەی کە جاران پێشمەرگەیەکی نەدیت دادەدادی ئەوە بکا کە چەکەکەی قورسە!

ئەو هەموو هاموشۆکەرانە، ناسیاو بوایەن یان نەناس، سڵاویان بۆ یەکتری دەکرد. سڵاوەکان وەك ئەوە بوون تا بە یەکتری بڵێن(شەریکی خەمتانین بڕۆن خواتان لەگەڵ!)

لە گەڕانەوەدا ژمارەی چیاکان کۆتایی نەدەهات. بڵندی ئەو چیایانە دوو ئەوەندەی جاران بوو. دەتگوت چیاکان بەڕیزەوە ڕاوەستاون پێشمەرگە بەڕێ دەخەن و خواحافیزیان لێ دەکەن و هاوسۆزی خۆیان، بۆیان دەردەبڕن.

عزیز لەگەڵ خۆیا ناو بەناو قسەی دەکرد(دەمانگوت، هەتا خاوەن ئەم چیایانەبین، لەناوچین، مەترسیمان نیە. ئەوە بارەکەمان سەرەوخوار چوو، لە کاتێکدا شاخ و چیاکان لە شوێنی خۆیان چەقیوون، بەڵام وەکو گوتراوە کە زۆر قەواڵە بە تاڵە)

لەم چرکەیەدا هاتەوە سەرخۆی و گوتی: نەبەخوا ئێمە بەرامبەر هیچ زۆرێك نەبەزیووین. بەڵام بەرامبەر زل هێز و پیلانەکانیان، دەبێ ماوەیەك هەڵوێست بکەین. ڕۆژگار هەروا نامێنێ.

لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێك بوو لە فەرامۆشی بەخۆدان. واتە تەنیا بەزاربوو نەك بە دڵ.

تفەنگ و دەمانچەکەی بە نرخێکی هەرزان بەفیڕۆدا. کردیە دووعانە و ڕووەو مەریوان چوو. کە نیزیك ئەو شارە بووەوە ئەم گۆرانیەی بەبیرهاتەوە(قەڵای مەریوان، پاڵم داپێوە. قەڵاکەم ڕووخا، پاڵدەم بەکێوە؟!)

کە نیزیك ماڵەکەیان بووەوە، لە دوورەوە دیقەتیدا هەردوو کچە بچکۆلەکانی لە دەرگا ڕاوەستاون. دیاربوو لە چاوەڕوانیدابوون، کە ئەمیان بینی، بەغار بەپیریەوە چوون. نەیتوانی زاڵ بێ بەسەر فرمێسکەکانیدا.

باوەشی بۆ کردنەوە. تاوێك ماچیانی کرد. یەکەم پرسیار کە کچە بچکۆلەکەی هاتە سەرزاری، ئەمە بوو(باوە، کوا تفەنگەکەت؟!) ئەم پرسیارە فرەتر جۆشی بە فرمێسکەکانیدا.

هاتە ماڵەوەو کوڕەکەی و کچە گەورەکەی لە ئامێز گرت، و چاك و چۆنیەکی بە شەرمەوە لەگەڵ ژنەکەیدا کرد.

شوکری هەستی بەو شەرمەی کرد، کە یەکەم جار بوو لەسەر ڕووخساری ئەودا بیبینێ. بڕیاریدا کە دەبێ دوو ڕستەی وەها بهۆنێتەوە کە لەو شەرمەی ئەو کەمکاتەوە.



- پیاوەکە، هیچ گوێی مەدەرێ. خۆ تۆ بە تەنیا تووشی ئەم کارەساتە نەبوویتە. دوایش خۆ هەر هەموو دەزانن گیانی بەزین و کۆڵدان لە مێشك و دەروونی تۆدا نەبیستراوە. گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ ئێمە چی بکەین؟

کچەکان بەیەك دەنگ گوتیان(دەچینەوە بۆ کەرکوك)

عزیز سەیرێکی منداڵەکانی کرد. ئەمجا ڕووی دەمی کردە شوکری.

- ئەی تۆ، هیچت نەگوت.

- منیش هەر، وەك ئەوان.

ماوەیەك عزیز بێدەنگ بوو ئەو ڕۆژە هەتا بە تەواوی نەحەسایەوە و توونێتی و برسێتی خۆی نەشکاند. قسەی نەخستە سەر قسەکانی ئەوان.

پاش ڕاکشان، تاوێك خەوی پچڕ پچڕ، دانیشت و بانگیانی کرد لە تەکی دانیشن.

- ئێوە. نەزان نین، ڕاستە لێ بووردنی گشتی لە عێراقەوە بۆمان دەرچووە، بەڵام لەبەرئەوەی، من پلەی پێشمەرگایەتیم هەندێ بەرزە، ئەگەر ئەمڕۆ هەندێ چاوپۆشینیشم لەگەڵدا بکەن، وای بۆ دەچم کە ماوەیەك لەمەودوا من و کەسانی وەك من، لێ پێ چینەوەمان لەگەڵدا بکەن لەوانەیشە گرفتمان بۆ دروست کەن. خۆ ئێوە سەدام و حیزبی بەعستان بیستووە کە نە خاوەن قسە و بڕیاری خۆیانن نە بەروپشتیان بۆ هەیە.

- پیاوەکە، مەبەستت ئەوەیە ناوێری بچیتەوە بۆ کەرکوك؟!

- ڕاستیەکەی، وەك گوتت وایە.

منداڵەکان ڕووگەشی بەنیازی گەڕانەوە کە پێش چەند سەعاتێك بریسکەی دەدا، لەگەڵ ئەم قسانەی باوکیاندا بەرەبەرە بریسکەکە بەرەو کوژانەوە چوو، ڕوو گەشیەکەیش، بەرەو تەڵغی چوو.

- ئێ باشە ناچینە کەرکوك، دەچینە شارێکی تر.

- بۆ حكومەت دوور و نیزیكی نیە، پشووی درێژە. نەت بیستووە حكومەت كەروێشك بە عارەبانە دەگرێ؟!
كچە بچكۆلەكەی بەدەم پێكەنینەوە پرسی: بۆچی ئێمە كەروێشكین؟!
هەر هەموو دایانە قاقای پێكەنینێكی نائاسایی.
ڕەئوف برای پێش ئەوەی عزیز بگاتەوە مەریوان خواحافیزی لە شوكری و منداڵەكان كرد و گوتی: (لەوانەیە ئەمڕۆ یان سبەی كاكم بگاتەوە لاتان من دەڕۆمەوە بۆ كەركوك، لەوێشەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەركار و پیشەكەم)
شوكری لێی پرسی: لە هیچ ئەنجامێك ناترسی؟ ئەو وەڵامی دایەوە: بەخوا ئەم بڕیاری لێ بووردنە كە، شتێكی گشتیە و بە ئاڕاستەكردنی چەند دەوڵەتێكە. حكومەتی عێراق ناتوانێ پێشێلی بكات. دوایی من لێرە دانیشم چاوەڕێی چی بكەم؟!
بڕیاری كۆتایی گەڕانەوەو نەگەڕانەوە لای عزیز، خۆی بوو. بۆیە ژن و منداڵەكانیشی بەناچاری دڵیان دانا و بەرەبەرە ڕاهاتن. بەڵام هەرچەند خێزانێكی عێراقیان دەدی كە بارو بارگەیان بەستاوەو لە مەریوان بەرەو سنوور دەردەچوون ئەمان تاوێك حەزی گەڕانەوەیان دووبارە تازە دەبووەوە. بەجۆرێك دەگەیشتە ڕادەی فرمێسك ڕشتن. جاری وا هەبوو ئەو خێزانانە كەركوكی بوون، لە مەریوانیش فرەتر بوو بوون بە ناسیاوی ئەمان بۆیە چ بە نووسین چ بە زارەكی نامەی پڕ شەوقیان بۆ كەسوكاری خۆیان لە كەركوك، پێیانا دەناردن.
چەند مانگێك لە مەریوان مانەوە بەرەبەرە، تاك و تەرایەك نەبێ كوردی عێراق لەو شارەدا نەمان. ئەوانەی گەڕانەوە، گەڕانەوە، هەندێكیشیان لەلایەن حكومەتی ئێرانەوە یان بۆ ئۆردوگاكان نێردران، یان گوازرانەوە



شارەكانی قوولایی و ڕۆژهەڵاتی ئێران. هەر دوو سێ ماڵ و بۆ شارێك و بۆ شوێنێك دابەشكران. عزیز و خێزانەكەی بەر(نەیس بوور) یان(نەیشابوور) كەوتن و تیایدا جێنشین بوون.
پاش ماوەیەكی كەم هەریەك لە عزیز و كوڕەكەی، كارێكیان، بە فەرمی پێ سپێردرا. مووچەیان بۆ بڕایەوە. كوڕەكەی لە هەمان كاتدا دەیخوێند. خوێندنەكەی لە دوای ساتەكانی كارەكەی بوو.
لەو ماوەیەدا كچە گەورەكەی بەشوودا و، داخوازی كارەكەی لە كاتی خۆیدا پێشمەرگەبوو، ئەویش وەك ئەمان، لە هەمان شاردا دامەزرابوو.
ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی. ڕاستە تاڕادەیەك لەگەڵ كۆمەڵی ئێراندا ڕاهاتبوون، بەڵام چ بە نامە، چ بە ڕێگەی ئەو كەسانەی بڕیاریاندەدا بگەڕێنەوە عێراق، پەیوەندیان لەگەڵ كەسوكاریاندا بەتەواوی نەپچڕابوو. گرنگترین شت بەگوێرەی عزیز ئەوەبوو كە بزانێ ئایا مامەڵەی خراپ لەگەڵ ئەو كەسانەدا كراوە كە گەڕاونەتەوە عێراق و بەتایبەتی كەركوك.
هەمیشە بەدواداچوونی ئەم بابەتەی دەكرد. ئەوەندەی بیستبوو كە هەندێ لەو كەسانە وەزیفەكانیان گوازراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق. بۆ نموونە(حەمە سەعید)ی برای خێزانەكەی جەلال، كە مامۆستا بوو لە كاتی جەنگدا زۆر جار لە پێنجوێن سەردانی ئەمانی دەكرد، گوازرابووەوە بۆ(ناسریە) هەروەها بیستبووی كە هەندێك لە هۆزەكان بۆ ڕوومادی و شارەكانی تری عێراق گوازراونەتەوە.
بارودۆخی دەروونی كەسانی كورد لە دوای ئەم كارەساتەوە بە جۆرێك بوو كە كۆمەڵێك شێوازی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو. بابەتی ترسی سزادانی بەشداربووانی شۆڕش لایەنێكی زەق بوو. تا ماوەیەكی درێژ ئەو ترسە خاو بووەوە و نەڕەویەوە. سیاسەتی ئەو ڕۆژەی سەدام بەجۆرێك بوو كە نە

چەکدارە گەڕاوەکان شەرمەزار بکا و یان هەڕەشەیان لێ بکا، نە پەلە بکا لە دەست پێکردنی جێبەجێکردنی هیچ مەرامێکی دژ بە کورد، کە لە مێشکیدا خشتەی بۆ دانابوو. دیاربوو سەدام مامۆستای وای هەبوو کە وردەکاری ئەم بابەتەی تێ بگەیەنێ. یەکێ لەو وردەکاریانە، بەسەر زاری چەندین بەرپرسیاری حکومی و حیزبی، لەنێو کۆمەڵدا دووبارە دەبوونەوە.

یەکێ لەوانە ئەم ڕستەیە بوو کە دەدرا بەگوێی کەسانی بەشداربوو لە شۆڕشی ئەیلوول و لایەنە سیاسیەکانی پەیوەندیدار، بەو شوێنەوە. بۆ نموونە(ئێوە کۆڵتان نەداوە، نەبەزیوون. سەرکردەکانتان بەزیوون)

بە دووبارەکردنەوەی ئەم چەند وشەیە چەند مەبەستێکی دەپێکا، یەکەم دڵدانەوەو هێورکردنەوە و ترس لە دڵدەرکردنی ئەو هەزاران چەکدارانەی کە دەست بەرداری بزوتنەوەی چەکداری بوون. دووەم بەم قسانە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دیکەی کە پشتگیری ئەو شۆڕشەیان دەکرد، بکەونە حاڵەتێکی ئارامی دەروونی حاڵەتی دەست بەرداربوون لە کاری سیاسی و حیزبایەتی. لەلایەکی دیکەیشەوە هەوڵێك بوو بۆ ڕەشکردنی سەرکردایەتی کوردستان لەبەر چاوی جەماوەردا. تۆمەتی ڕوودانی ئەم کارەساتە، بخاتە ئەستۆی ئەو سەرکردایەتیە.

عزیز ئەم لایەنانەی هەڵوێستی حکومەتی عێراق، تاڕادەیەك تێگەیشتبوو هەندێ جار لەکاتی سەردانی کردنی کەسانێ کەمابوونەوە لە ئێران، ئەم بابەتە و چەندین بابەتی دیکەیان دەخستە بەر گفتوگۆ و لێکدانەوەی جیاجیا. وەکو ڕێگەیەك بۆ خەم بەبادان و ڕەواندنەوەی هەستی شکستی و غەریبی، نەیان دەتوانی لە چوار چێوەی ئەم باسانەدا دەرچنە دەرەوە و خۆ لێی ڕزگارکەن.



- ئەو کابرایە کە بەختی ڕەشی ئێمە و دۆخ و زەمانە کردنی بە خاوەن دەسەڵات لە عێراقدا، ڕاستە شایستەی ئەو پلەیە نەبوو بەڵام، تاڕادەیەك بە زیرەکیەوە توانی سوود لە هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکە وەربگرێ و بتوانێ ببێتە ڕێکخەر و سەرکردەی ئەو کودەتایەی کە لە چەند سەعاتێکدا(عبدولرحمن عارف)ی لەسەر تەخت لاداوە، بە فڕۆکەیەك بەرەو هەندەران بینێرێ. دیاربوو هۆی پشتگیری کردنی لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە زۆر بوون.

ئەم قسانەی عزیز، لەگەڵ ئەو خانەخوێیەدا، کردی کە ئەم بەخێزانەوە ئێوارانێك سەردانی ماڵەکەی کرد.

خانەخوێیەکە، کە پێشمەرگەیەکی کۆن و ڕۆشنبیر و خوێندەوار بوو، حەزی بە تاوتوێکردنی ئەم بابەتە قسانە هەبوو. بۆیە ناو بەناو بەژداری گەرمی ئەو قسانە دەبوو.

- من لەبیرم دێ مامۆستا جەلالی ئێوە. لە ساڵی کودەتاکەی ناوت هێنا ئەوسا لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا قوتابی بوو. ئەم مامۆستایە جارێکیان باسی لە هۆکاری ڕوودانی ئەو کودەتایە کرد. هەندێ لە بۆچوونەکانی هینی خۆی بوون هەندێکیشی لە کەسانی سیاسی ئەوسای بەغداوە وەرگرتبوو.

- هۆکارەکانی چۆن گێڕایەوە؟

لە ساڵی(١٩٦٧) (عبدولرەحمن عارف) سەردانیەکی پێشەوا، مەلا موستەفای بارزان کرد، و قسەی ئەوەی داپێی کە داواکارییەکانی لایەنی کورد جێبەجێ بکات و کۆتایی بە حاڵەتی چەکداری بهێنرێ. ئەمە یەکێ لەو شتانە بوو کە دەوڵەتانی هاوسێی عێراق پێی نیگەران بن و، نەهێڵن هیچ ڕێکەوتنێك لەنێوان کورد و بەغدایا سەربگرێ.

- ئەم دەوڵەتانە چ ترسێکی دیکەیان هەبوو لە مانەوەی حوکمی عبدولرحمن عارف؟

- عبدولرەحمن عارف پیاوێکی لەسەرخۆ و کەم دەسەڵات بوو. دەوڵەتەکەی بە ڕەشەبایەك تەفرو توونا دەبوو. لەو قۆناغەدا جگە لە هێزی کورد، دوو هێزی دیکە هەبوون لە نش و نماکردندابوون. هەر دووکیانیش جێگەی نیگەرانی بوون بۆ ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی دەووروبەر.

- ئەو دوو هێزە چی بوون؟

- جەلالی برات گوتی: پێش ئەو کودەتایە بە ماوەیەك هەڵبژاردنی یەکێتی قوتابیان بوو لە هەموو کۆلیجەکانی زانکۆی بەغدا. ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە زەنگی بە هۆش هێنانەوەی لێدا بە زۆر لایەن چونکە یەکەم هێز بوو، کە لە(٧٠) ی نوێنەرەکان سەر بەو حیزبە بوون. دووەم هێز کە براوەی ئەو هەڵبژاردنەبوو هێزە ئیسلامیەکان بوو. واتە مەترسی ئەوە دەکرا بیڕوخێنێ و شوێنەکەی بگرێتە دەست. بۆیە ڕۆژئاوا(وەك چاودێرەکان گوتیان) گەڕان بەدوای هێزێکی وەهاوە کە نە لە مان بن و نە لە ئەوان، لە هەمان کاتیشدا دووژمنی هەر دوو لایان بن. بۆیە بەعسیەکان بە سەرکردایەتی سەدام بوونە دار دەستی لادانی حوکمی(عبدولرەحمن عارف) و گرتنەوەی جێگەکەی.

بابەتی ئەم قسانە بوو بوونە مێژوو. بەکردەوە، زانینی هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبوو. تەنیا کات بەسەربردن و خەفەت بەبادان بوو.

حکومەتی بەغدا بە هەلی زانی کە بەرەبەرە دەست بکاتەوە جێبەجێکردنی پیلانە لە بن نەهاتووەکەی، بەتایبەتی سیاسەتی بە عەرەب کردن و گواستنەوەی فەرمانبەرەکان و کرێکارە کوردەکانی دامەزراوە فەرمیەکان بەتایبەتی لە کەرکوکەوە بەرەو خواروو ژوور. گرنگترین هەنگاو لەو



سیاسەتەدا ڕێگرتن لە دامەزراندنی هیچ کوردێك لە دامەزراوەکانی فەرمیدا، هەروەها قەدەغەکردنی نووسینی هیچ زەوی و زارێك و خانووبەرەیەك بەناوی کەسانی کوردەوە.

عزیز، ڕاست بوو ژیانی خۆی و ئەندامەکانی خێزانەکەی لە نەیسابووردا، ژیانێکی پڕ ئارامی و بێ گرفت بوو. بەڵام حەزی لەوە نەدەکرد وەك بەردی بن ئاو، سڕگوم بێ و لەبیری هەموو لایەنێك بچێتەوە. بۆیە ناو بەناو دەچووە(کەرەج) بۆ سەردانی کردنی ئەو سەرکردایەتیە کاتیەی چەند ئەندامێکی گەورەی پارتی لەو شوێنەدا سەرلەنوێ دروستیان کردبووەوە. دووان لەو کەسانە(ئیدریس و مەسعود بارزانی) بوون. ئەم دوو کەسە لەبەرئەوەی کوڕی مەلا موستەفا بوون، کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو لەسەر گرتنی بیرۆکەی، دووبارە بنیاتنانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش ئەوەی زۆربەی شانەکانی ئەو پارتە لە ڕۆژانی شەڕ ڕاگرتنەوە هەڵوەشایەوە.

ئەو سەردانەی بۆ ئەو شوێنە، هەر یەك جار نەبوو، بەڵکو بە حەزێکی ڕاستی پڕ دڵسۆزیەوە دەیوویست ناو بەناو، سەر لەو سەرکردایەتیە، تازەیە بدات.

لەو کاتانەدا ئەو سەرکردایەتیە دەیوویست دووبارە چەند شانەیەکی چەکداری بنێرێتە ناو سنووری کوردستانی عێراقەوە. بۆ ئەوەی بتوانرێ، چ لە کوردەکانی ئاوارەی ناو ئێرانەوە، چ لە شار و گوندەکانی کوردستانی عێراقەوە، بەرەبەرە کەسانێك بێنە، نێو ئەو شانە چەکداریانەوە، کە ئامادەییان هەبێ لە بەژداربوون، لە سەرلەنوێ هەڵگیرساندنی شۆڕش. دیاربوو پەیوەندی کردن بەو خەڵکانەوە کارێکی نهێنی بوو. کەسێکی وەك عزیز، یەکەم تەمەنی نەدەگونجا بۆ بەژداربوونی ئەوکارە، هەروەها نەدەکرا

منداڵەکانی بەجێ بهێڵێ لەو ولاتە غەریبیەدا بۆیە بە ئاشکرا داوای لێ بووردنی کرد لەو بەژداربوونە. بێجگە لەو حاڵەتە دەروونیەی شکست خواردەیەی هێشتا برینەکەی سارێژ نەبوو بوو.

چەند کەسانێك کە بۆ ئەو مەبەستە هاتنەوە دیوی عێراق، لەلایەن سیخووڕ و جاشەکانی حکومەتەوە کوژران.

یەکێ لە هۆیەکانی حەز نەکردنی لە گەڕانەوە بۆ عێراق ئەوەبوو شەرمی دەکرد، ئەو گەڕانەوەیە بەو شێوەیەبێ کە ئەو بارودۆخە سەپاندی بەسەریا. چونکە لەوەپێش خەونی بەوەوە دەدی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرکەوتنی یەکجارەکی بێتە کایەوەو لەگەڵ هەزاران پێشمەرگەدا، لە دەروازەی شارەکەیدا، لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی بکرێن. کەچی ئەو خەونە نەهاتەدی و بووە نك دڵی.

بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ عێراق ناو بەناو لەلایەن ژن و منداڵەکانیەوە دەدرایەوە بەرگوێی. ڕووداوێك ئەو بیرۆکەیەی نیزیك بەجێبەجێکردن کردەوە.

ڕووداوەکە، گەڕانەوەی زاواکەی و کچە گەورەکەی بوو. کە وەك پێشڕەوێکیان لێهات بۆ ئەو مەبەستە. کەسوکاری زاواکەی لە سولێمانی دادەنیشتن. پاش مانەوەیان لەو شوێنەدا، بۆ ماوەیەك سەردانی کەرکوکیان کردبوو کە بە گەرمی و دڵخۆشیەوە لەلایەن کەسوکاری ئەو شارەوە، ڕێزیان لێ گیرا. کاتێ هەواڵی ئەو ژیانە تاڕادەیەك ئاساییەی کەرکوك گەیشتە نەیسابوور، بووە فاکتەرێکی بەهێز بۆ بڕیاردانی گەڕانەوە لە ساڵی ١٩٧٨ عزیز بڕیاری گەڕانەوەیدا، بەتایبەتی کە زانی کە ماوەی بڕیاری لێ بووردنەکە بێ سنوورە، بەڵام کاتێ بە خێزانەوە گەیشتە خاڵی سنووری



عێراق و ئێران. پێیان ڕاگەیاندن کە ماوەی لێ بووردنەکە تەواوبووە و بۆیان نیە بپەڕنەوە.

ماوەی یەك مانگ لە مەریوان جێگیربوون. پاش ئەوەی لایەنی عێراقی و ئێرانی، بە بروسکە لەو بارەیەوە ئاگادارکران، بڕیارێکی تایبەتیان بۆ هات کە بپەڕنەوە. ئەو ڕۆژە خۆیان گەیاندە پێنجوێن، شەوێك لەوێ حەسانەوە. ڕۆژی دووایی بەرەو سولەیمانی و کەرکوك کەوتنەڕێ.

پێش ڕۆژێك لەو سەفەرەیان ئەو خێزانە کەوتنە گیروگرفتێکی دیکەوە. گرفتەکە ئەوەبوو، کە کوڕەکەی عزیز دەست بەرداری خوێندنەکەی نەدەبوو.

ئەوەیشی لێك دایەوە کە بەبێ بەڵگەنامە لەو تەمەنەدا چ کارێك لە عێراقدا دەتوانێ بکاتە پیشەی. بۆیە چووە ڕقەوە. چەندی باوك و دایکی هەوڵیان لەگەڵدا، تا، قایل نەبوو لەگەڵیاندا بکەوێتەڕێ.

بە ناچاری لێی گەڕان و بە دڵشکاویەوە عزیز و ژنەکەی و هەردوو کچەکانی دیکەی دەستیان بە سەفەرەکەیان کرد.

هەر لە سنوورەکە پەڕینەوە، هەزار و یەك خەم و بیرۆکە و نەهامەتی کەوتنە بەر دیدە و مێشکی عزیز. بە درێژایی ڕێگەکە لەگەڵ خۆیدا بڕگەکانی ژیانی خۆی دەهێنایەوە بەر چاوی. خۆزگەکانی بوو بوونە گوڵستانێکی سیس و ژاکاو. دنیا هیچ تامێکی خۆشی لە دەمیا نەهێشتبوو.

زۆرجار بەغیلی بەو پێشمەرگانە دەبرد کە لە کاتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەدا بە گوللەیەك گیانیان لە دەست دابوو لەشیان سارد بوو بووەوە(باشنیە، کاتێ خەڵکان ناویان دەبەن. وشەی- شەهید- یان- لێ دەنێن؟! لەوانەیشە شیعر و سرودیشیان بۆ بهۆننەوە. ناویان لە تۆماری سەربازیدا دەنووسرێ، کەسوکارەکانی هەموو شەهیدێك بەسەر بەرزیەوە و بە شانازیەوە ناویان لێ

دێنن. لەوانەیە وێنەیان هەڵواسرێ و، پەیکەریشیان بۆ بکرێ. داخەکەم ئەویشم چوو)

شوکری لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا بەچپە پێی گوت: پیاوەکە ئەوە چیتە لەبەرخۆتەوە لێو دەجووڵێنی. عزیز هاتەوە سەرخۆی و گوتی: هیچ.

ئەو وشەی هیچە پڕ بە پێست بوو بۆ ڕەنجی(هەژدە ساڵ) لە حیزبایەتی و زیندانی بوون و پێشمەرگایەتی و ئاوارەبوونی.

لە دەروازەی ئەم شارەدا فەرمانێکی وای پێ درا، کە خۆشیەکەی نیزیک بوونەوەی لە کەرکوکەوە، تاڵ کرد. خەمێکی تازە بووە سەرباری خەمەکانی کەڵەکەبووی ساڵانی پێشوو.

ئەم فەرمانە لەلایەن پیاوانی ئەمنیەوە پێی ڕاگەیەندرا بەرپرسیاری بازگەکە کەوتە قسە.

- تۆ و خێزانەکەت بۆتان نیە، لە کەرکوکدا جێنشین بن.

چەند چرکەیەك بیدەنگی، کەوتە نێوان ئەم فەرمانە و قسەی عزیز.

- هۆی ئەمە چیە؟ ئێ خۆم خەڵکی ئەم شارەم.

- ڕاستە، تۆ خەڵکی کەرکوکی، بەڵام هۆی ئەم فەرمانە لێرەدا وەڵامی نیە و پەیوەندی بە لایەنێکەوە هەیە، کە لە ئاستی من و تۆ، بەرزترە.

عزیز هیچی بۆ نەمایەوە بیڵێ. ئۆتۆمبیلەکە ڕووە و شار جوولەی کرد.

ئاگرەکانی باوەگوڕگوڕ و شۆڕاویان لێ دەرکەوت. بە تەواوی هەستی چەوسانەوەی نەتەوایەتی، بێ تاقەتی کرد. تاڕادەیەك لەو چرکە ساتەدا پەشیمانی بۆ گەڕانەوە هەموو لەشی داگرت. ئەو ڕستەیەی بەبیرهاتەوە کە چەندین جار لەم و لەو بیستوویەتی(ئەم کەرکوکە، هەتا نەوت لە ژێریا بمێنێ، هەوڵی دوورخستنەوەی کورد لێی بەردەوام دەبێ) قەناعەت بوونی بەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم کەرکوکە بە پارچەیەك لە کوردستان



دەژمێردرێ، لەق بوو. دەستەکانی خستە سەریەك. کە واتایەکی ئاشکرای دەگەیاند.

ئۆتۆمبیلێکی سەر بە لایەنی ئەمنی، کەوتە پێشیان. بۆ ئەوەی هەتا بازگەی کەرکوك- هەولێر، هاوڕێیان بێ تا لەوێدا، بە بازگەی سەر بە هەولێر بە فەرمی تەسلیمیان بکەن.

پێش ئەوەی بگەنە نێو کەرکوك عزیز لە ڕێگای شۆفێرەکەوە داواکاریەکی پێشکەش بەو لایەنە کرد( لە ڕێگاکەمان، پێش ئەوەی لە کەرکوك دەرچین گەراجێکی خاڵۆزایەکم هەیە، دەمەوێ لە ئاستی ڕاوەستین تاوەکو هەواڵی گەڕانەوەمان پێی ڕاگەیەنین) بە قسەیان کرد بۆ یەك دوو خوولەك. لەو شوێنەدا ڕاوەستان و ئۆتۆمبیلەکان کەوتنەڕێ.

کەرکوك لە پێش ئەو ساتەدا بۆ عەزیز و منداڵەکانی دایکێکی، بەسۆز بوو. وایدەزانی هەستی نێوان دایك و منداڵ، لە کاتی گەڕانەوەیدا دەیگرێتە خۆی. بەڵام ئێستا کە بەنێو شارەکەدا پاش ئەوەندە ساڵە، تامی ئەو پەیوەندیەی نەکرد. هیچ ڕستە و وشەیەکی پڕ دەم و، یان بێدەنگ نەبوو هەستی ئەوساتەی پێ بهۆنێتەوە.

پاش چەند ڕۆژێ لە هەولێرەوە بە تەنیا گەیشتە کەرکوك، تاوەکو بەپێی بڕیاری لێبووردنەکە هەوڵێك بدا بۆ گەڕانەوە بۆ سەرکارەکەی.

دووبارە خۆی دزیەوە و چووە ناو قاوڵغەکەی خۆیەوە (کاری کۆمپانیای نەوتم لە کیس چوو، خانووەکەم لێ زەوت کرا، گوندەکەی باو و باپیرم وێران کرا، ئەوە ئێستایش کوڕەکەم لەدەستچوو) لەگەڵ هەر خاڵێکدا دەنکێ لە دەنکەکانی تەزبیحەکەی دەستی ڕەت دەکرد.

کچەکانی ناوبەناو سەرنجی باوکیان بۆ لای ئەو دیمەنانە ڕادەکێشا کە لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە دیاربوون.

- کاکە، ئەوە دوو گۆڕە لەسەر ئەو گردەدا.

عەزیز بیری بۆ ئەوەچوو کە خاوەنی ئەو دوو گۆڕە، دوو شەهیدبن. لە بەرەی داکۆکی کردندا لە نیشتمانەکەیان کوژرابن.

(خۆزگەم بە خۆتان، هەر کەسێ لەم ڕێگایەوە ڕەت دەبێ سڵاوتان لێ دەکا و فاتیحاتان بۆ دەخوێنێ) نەیتوانی ڕێگا لە فرمێسکەکانی بگرێ.

عزیز، ئەو نووسراو و بەڵگە فەرمیانەی پەیوەندیان هەبوو، بە دەستنیشان کردنی کەسێتی شارستانی و عێراقی بوونی و گەڕانەوەی وەك پەناهەندەیەك بۆ عێراق، بەستووبوونیە یەکەوە و لە باخەڵی دای نابوون، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیدا، پیشانیان بدا. ئەو پیشاندانە لە سنوورەوە هەتا بازگەی دەروازەی کەرکوك، چەند جارێك ڕوویدا.

پاش یەك دوو ڕۆژ، نووسراوێکی فەرمیان دایە دەستەوە، فەرمانی گواستنەوەی بۆ هەولێری تێدابوو. نووسراوەکە، ئاڕاستە کرابوو بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی نەوت و غازی ئەو پارێزگایە.

پاش پرسیارکردن لە شوێنی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە. ڕووی کردە ئەو جێگەیەی کە لەو بەڕێوەبەرایەتیە بۆی دەستنیشان کرا، کە تێدا کاربکات.

ڕۆژێك لەو شوێنەدا ئامادەبوو پاش پرسیار لەم و لەو پێیان گوت: (کاکە، نووسراوەکەت ببە بۆ ئەو ژوورە، بیدە دەست کاك ئازادەوە. کە بەرپرسیاری ئەم بەنزینخانەیەیە). چووە ژوورەکە کەسێکی تاك و تەنیای لێ بوو، سڵاوی لێ کردوو، نووسراوەکەی لە گیرفان دەرکرد و دایە دەستییەوە.

ئەو کەسە نووسراوەکەی یەکالا کردەوە و لەگەڵ خۆیدا خوێندیەوە. ئەمجا سەری هەڵبڕی و چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە لەم نووسراوەدا، ناوی کەسێکی بەم تەمەن و سەر و سیمایەوەی تێدابێ. بۆیە زۆر بەڕێزەوە گوتی: "خاڵۆ



ببوورە، فەرمموو دانیشە". چایەکی بۆ بانگ کرد و وردە وردە (ئازاد) کەوتە دواندنی...

## چەند تێبینییەکی پێویست

١- زۆربەی ناوی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە، ناوی ڕاستی خۆیانە تەنها دوو کەسایەتی نەبێت، یەکێکیان کەسایەتی (ڕۆستەم)ە، کە ناوە راستییەکەی (صلاح)ە و لە هۆزی دەلۆیە، دووەم ناو (جلال)ە ناوە فەرمییەکەی لە پێناسەی باری شارستانیدا (جلیل)ە.

٢- سوپاسی ئەم زاتانە دەکەم کە هەندێ لە بیرەوەرییەکانی خۆیان خستە چەند بڕگەیەکی ئەم ڕۆمانەوە، یەکەم (رؤوف محمد شریف) دووەم (صلاح دەلۆ) سێیەم (تاریق عزیز شریف)، بیرەوەرییەکانی دیکە پەیوەندی بە نووسەری رۆمانەکەوەیە.

٣- سوپاسی (تاریق عزیز شەریف) دەکەم کە بەشێك لە ئەرکی چاپکردنی ئەم رۆمانەی خستە سەر ئەستۆی خۆی.

٤- سوپاس و ئافەرین بۆ لاوی زیرەك دیار دلێر سابیر کە رۆمانەکەی بۆ نووسیمەوە.



## نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

١- هەرچەندە لە پێناسەی باری کەسیایەتیدا نووسراوە لە ساڵی ١٩٤٣ لە کەرکوك لەدایك بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ساڵەکە ١٩٤١ە. هەشتەم منداڵی باوکییەتی کە پێکهاتبوون لە دوانزە کوڕ و شەش کچ.

٢- لە سەرەتای منالێیدا لە مزگەوتدا خوێندوویەتی.

٣- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە.

٤- بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبیدا لە زانکۆی بەغدا- کۆلێجی پەروەردە لە ساڵی ١٩٦٨- ١٩٦٩ وەرگرتووە.

٥- لە منداڵییەوە خویداوەتە خوێندنەوە. لە ساڵی ١٩٥٥ یەکەم پارچە شیعری بڵاوکردووەتەوە لە گۆڤاری (پەیام)دا.

٦- لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٤ ماوەی سێ ساڵ دەستگیر کراوە و دوو ساڵی لە نوگرە سەلمان بەسەربردووە.

٧- نووسینەکانی کورتە چیرۆك و ڕۆمان و یادەوەری و وەرگێڕان و ڕەخنە و زمان و سیاسەت لەخۆ دەگرێت زیاتر لە ٤٠٠ چوار سەد وتاری جۆراوجۆری بەعەرەبی و کوردی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوبووەتەوە.

٨- چوار کۆمەڵە چیرۆکی بە کوردی لە چاپ دراون.

٩- دوو ڕۆمانی لە چاپداوە.

١٠- کتێبی ناودارانی (کورد)ی لە تورکییەوە وەرگێڕاوەتە کوردی.

١١- کتێبێکی یادگارییەکانی خۆی بە چاپ گەیاندووە.

١٢- دوو کتێبی بە عەرەبی بەچاپ گەیاندووە، یەکەمیان کۆمەڵە وتارێکە لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە، دووەم وەرگێڕانی کۆمەڵێك کورتە چیرۆکی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

١٣- مینا ڕەنگینەکان/ کە پاڵەوانەکانی ئافرەتن.

١٤- رۆمانی مەلا غەریب سێیەم ڕۆمانە لەچاپ بدرێت.